# ڕامان

١٨٠

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ مایسی ٢٠١٢

• **خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

• **سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

• **بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

• **مۆتیڤ و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

• **بەرگ**
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان

## ● دەق


– ناوچەیەک لە ژووره دزراوەکە/ فەرید زامدار/ 3
– چارلی چاپلن/ بلّند باجەڵان/ 8
– من لە بەینی ئەم بۆشاییانەی خوارەوەم/ تەیب قادر/ 11
– وێنەیەک کوفلی/ بەرکەن بەرەح/ 13
– سروود بۆ شەیتان/ لە ئیسپانییەوە: قەرەنی جەمیل/ 14
– پشیلەکان لەگەڵمانن/ حەمەدەمین شامحەمەدی/ 15
– شەوی ماڵئاوایی خەونەکان/ ئەڵوەند تەڵعەت/ 19
– لە کۆڵانی تەنگەبەر/ تاهیر حامیدی/ 23
– ئارڤان/ لوقمان سلێمان/ 26
– بەردی ئەوین/ لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی/ 28


## ● هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێکی تێروتەسەل لەگەڵ (فەتاح ئەمیری)ی ڕۆماننووس/ ئا: خەبات ڕەسوولی/ 29


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– هەستەشیعر لای عەبدوڵڵا گۆران/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ 49
– ناوەڕۆک و دەروونناسی شیعری نالی/ گەڵاڵ فەداکار/ 56
– پیرۆزی داروەدرەخت لە ئەفسانە و باوەڕی کۆن و میللیدا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 61


## ● وتار


– شیعرێکی نالی و چەند سەرنج و ڕوونکردنەوەیەک/ جووتیار تۆفیق هەورامی/ 72
– بەراوردێک لەنێوان دوو ئەخلاقدا/ فەڕۆخ نیعمەتپوور/ 75
– لێکۆڵینەک نوو د واریێ کوردۆلۆژی دە/ د. ئەکرەم ئونەن/ 78
– میکس–ی خان مەحموود و فەقێی تەیران/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 81
– سیمای ژن لە شیعری شاملودا/ لە فارسییەوە: سیما چۆمانی/ 86


## ● دۆسیە

**(دۆسیەیەک سەبارەت بە زاری-ی شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**


– زاری و ئاریشەی کۆمەڵایەتی/ ئەمین گەردیگلانی/ 92
– بەهارییەی زاری و چەند بابەتی نادیاری/ سەعید نەجاڕی «ئاسۆ»/ 96
– ئاوڕێک لە شیعری زاری/ ڕەحیم لوقمانی/ 100
– هەندێ لایەنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە شیعری زاری–دا/ فاتمە حیجازی/ 104
– وەسف و لێکچوان لە شیعری زاری–دا/ گەوهەر مەزهەر/ 109
– «زاری» و ڕەنگدانەوەی شاعیرانی کورد و فارس لە شیعرەکانیدا/ ئەحمەد یاسینی (پشکۆ)/ 114
– ناسینی زاری لە ڕێگای شیعرەکانییەوە/ عەتا ساڵح پوور/ 119
– ژیاننامەی زاری/ ماجید سائیب/ 122


## ● هزر و فەلسەفە


– فەلسەفەی کۆڕی ڤیەنناى پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی/ د. حەمید عەزیز/ 125
– نافەرمانی وەک بابەتێکی دەروونی و ئەخلاقی/ لە فارسییەوە: سەلاح موڕادی/ 132


## ● زمانزانی


– پێویستییەک بەنێوی زمانی زانستی/ ئەنوەر عەرەب/ 139


## ● مێژوو


– خەباتی سەربازێکی ون لە پەراوێزی کوردایەتیدا/ ئەحمەد باوەڕ/ 142


## ● هونەر


– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 146


## ● خوێندنەوەی کتێب


– کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) و چەند سەرنجێک/ د. فوئاد ڕەشید/ 151
– تاعوون یارییەکی سیزیفییە/ هاشم سەڕاج/ 155


## ● نرخاندن


– قورسایی گۆڤاری ڕامان/ یووسف عەبدولقادر/ 158


## ● سووکە لەنگەر


– لاپەڕە سپییەکانی یاداشتنامە/ سوارە نەجمەدین/ 160

# ناوچەیەک لە ژووره دزراوەکە

**لەناو چاوە نهێنییەکانم ترسە ڕەشەکان**
**لە کوێ بن، شتەکانی منیش لەوێن**

فەرید زامدار

(دەقێکی دزراوە)



ئەو لاپەڕە مردووەی
شەوێک لە شەوان
هیچم
لەسەر نەنووسی
لەو نوورە سۆزانییەی
لە سەرووی
فەزا
دەستکردەکان
هەڵدەچوو
پارچەیەک
سێبەرم دزی
ئەو
سێبەرەی
بە هەموو
دیوارێک هەڵناگەڕێ
باران نەبێ
کە خودا
لەگەڵ جوانییە
نهێنییەکان ڕێک دەکەوێ
جوانییەکی
بازنەیی
لە ناوچەکانی دیتنما
دەروازەکانی گومانێکی
تراویلکەیی
دەکاتەوە
جوانییە ترساوەکان
دەگەنە لوتکە و
ئاوڕ لە ڕۆخەکانی ناوچە باییەکان
نادەنەوە
لەگەڵ
درەختە بازنەییەکان
لەسەر خوانی ڕانی ئەسپێکی شێت
شتێک لە شەو دەخۆمەوە
هەست
بە پێکەنینی پەپوولە دەکەم و
گوێ
لە گریانی مێروولە دەگرم
ماسییەکە
لە کتێبە خاکییەکە دوورکەوتەوە

بۆشاییەکە
چووە ناوی
هەموو شتەکان کوژانەوە
بەردیش
قسەکانی خۆی ڕاگرت
خەونە
دزراوەکانی خۆی
لە ڕێگا
دزراوەکان فڕێ دا
لە ڕووبارە
کپەکانی ڕوخساری دایکم
پەڕیمەوە
شتێک بوو
لە شتە سەرشێتەکانی
منداڵی
دوو ڕوانینی ماسیانەم
هەبوو
لەناو
باغچەکانی چاوی دایکمدا
هاوڕێیەتی
فریشتە ئاوییەکان دەکەم
منداڵانە
لە ژوورەکانی دەستی دایکم دەنووم
دەمەوێ
پەی بە مەحاڵ بەرم
لەمەودوا
لەناو قەڵەمە ترسناکەکان و
خواردنەوەی
ئاوە
حەرامەکانی – ئاسمان و
وشە ڕفێنراوەکانی
مەحاڵ
مەلە دەکەم
بەیانیان
هەر خۆمم
نیوەڕوان هەر منم
ئێواران هەر خۆمم
نیوەشەوان
هەر منم
بێزاربووم
ئەوەندەی لەگەڵ خۆم
ئەوەندەی لەگەڵ خۆم بژیم
من
هەمیشە پێشوازی لە خۆم دەکەم
من
ئەو کاتە وەکو شیعر و
وەکو خۆم دەمرم
کە هەستی
جوانی و جوانکاری
لەلام
بمرێ
هاوارێکم
لێ هەڵدەستێ سەدای
لە ژیاندا نییە
هاوارێکم
لێ بەجێ دەمێنێ
لە جیهاندا نییە
هاوارێکم
کۆچ دەکات
لەسەر ڕێگاکاندا نییە
ماندوو بووم
بەردەوام هەر خۆم بم و
نەبم بە شتێکی تر
تۆ
سەرچاوەیەکی
لەمن
منیش
نشێوێکی بێ ڕێگام
لەتۆ
کاممان
دەبینە قووڵایی
ڕێگاکان
کاممانیش
دەچینە
هەورازی نەبینراوی
بۆشاییەکان
من
لەناو ئەو ڕێگایانە دەڕۆم
هێشتا
پێیەکانی مرۆڤ نەیناسیون
لەناو
ئەو جیهانە بزرانە دەژیم
هیچ
کەسێکی بزر
تیایدا نەژیاوە
من
لە هەموو دوورییەکانی ئەوان
خۆم دەبینم
چاوەڕێی ئەوانی تر ناکەم
لەناو
ڕوانینە ترساوەکانیان
منێکی تر
ببینن
دەستە هاوینییەکانم
لە ڕووبارە
ڕەشەکان

دەکشێمەوە
پەنجە
پاییزییەکانم
دەدەمە
بەر بارانێکی دەرەوەی
وەرزەکان
من هەندێ جار
ئەو ئەکتەرە دۆڕاوەم
کە خۆم
دەبینم
ڕۆڵی خۆم
لەبیر دەکەم
زۆرتریش کەرەستەکانی، ڕماندن و تێکشکاندن
زمانێکی دڕندە
درک پێبردن و
هەڵگەڕانەوە
خۆم
لە ئازادییە زنجیرکراوەکان لادەدەم
ئازادی و
خۆشەویستییە زیندانییەکان
لە دۆزینەوەی
مەوداکانی دیلییەتی مرۆڤدا هەن
لەوێ
چیرۆکی ڕوانینەکانی خۆم
دەنووسمەوە
ئەو شتانە دەبینم
هێشتا
هیچ
چاوێک نەیدیون
کە شتە بزرەکان
دەشکێنم
شتە دیارەکان ڕادەکەن
کە هاوینان
باران دەمرێ
من
لە پرسە و چلەکەیدا
تەنیام
لەناو
هەر هەڵەیەکدا
باڵای جەستە تاریکەکان
لە دایک بوون
ڕۆشنبیرییەکی تر بۆ زەینی مردن
تاوانەکانی
ڕەنگ و دەنگ و زمان
مێزێک و
قەڵەمێک و
چاڵێک
بانگی کردی

چاوێکی ماندوو
ئەگەر دیتت
چەند بە تەمای
ئەو تراویلکە چاوتیژە بووی
کە بە زمانەکانی
خوای بێ دەنگی بۆی دەرچوو
ئەو
هەموو ڕوخسارە چی بوون
لە گۆڕەپانەکانی ڕوانینتا
دەتژماردن
لە چوارچێوەی
نەخشەکانی شەوێک لە شەوەکانی
مەستی
دەرچووی
مۆمە
هاوخەمەکەت
بە ڕووناکییەکی
بێ ڕەنگ و
لەناکاو
لەناو
سرووتێکی شیعریتدا
بێ ئاگا داگیرسا
نەتدەزانی
چۆن بیر بکەیتەوە
ئاو
بە جلوبەرگی خاکییەوە
نەیدەبردی و
پێشوازی لێ نەدەکردی
دەیخواردییەوە
هەنگاوێکی سەوزت
بەرەو لێوارە شینەکان دەنا
خاڵێک
لە جەستەت پێ دەبوو
بەو
جەنگە بێ ڕەنگانەت دەگوت
لە کوێن
تا ڕاستییەکان بکوژین
ئەمڕۆ
لەناو بیرچوونەوەکانمدا نەبوون
شتەکانی
ژێرزەمینم دواند
شەو
خیانەتی لێکردبووم
دوێنێ
یادەوەرییەک بە تەنیشتما
ڕاگوزەرانە بە پەلە تێپەڕی
پێکی
بەنیوە بووی کچە قەرەجەکەی

برادەرمی ڕژاند
(٣٣٣)
ژمارەی ئەو بتانە بوو
بوزا
نەیشکاندبوون
بەهەشتێکی بریندراری هێنا
هەرچی
جوانی بوو، ماناکانی
بەبێ جێ بوون
ڕوانینە
درەختییەکان
منیان
لەبیر نەبوو
ماڵێکم
بۆ بیرکردنەوەی ئەوان
تێک دا
لەناو
سەبەتێکی زەیتوونی
خوێنێکی
سەوزم ڕژاند
چرایەکی کز
بۆ ڕووناکییەکی کۆن
خۆی دا بە کوشت
جوانی نوورێکی مەست و تواوەیە لە دەستمدا
هەمیشە
بە لێوارەکانی لێومدا دەڕژێ
لە نۆیەمین
چاوەڕوانیدا بێزار نەبووم
قەڵەمێکی
تیژ و نامۆم
گرتە سینگی شەو
کە فریشتە
کاغەزییەکانی پشت سەرم
دڕاند
سێبەرێکی تر
لە زستان کەمتر بووەوە
لە خاکی مردوواندا
قووڵتر و زۆرتر
دەچمە ناو گەمەکانی خوداوەند
ئەو
وەرزانەی خوێن دروستیان دەکات
یان
هەستی نادروستی من
من
لە هەموو وەرزەکان
ئەگەر هەشبم بە تەنیام
ئەو گۆرانییە
هی سەدەیەکی ترە
ئەو چوارشەممەیەی کە (زردەشت)ی تێدا کوژرا
پێغەمبەرێکی تر
هەڵدەلەرزی و پێدەکەنی
لای من
ڕۆژانی چوارشەمووان هەتاو هەڵنایێ
هەورە تۆراوەکان
لەسەر شەقامی ڕوانینە شێتەکانم
بارانە بزرەکانی گەردوون
بە خەندە نهێنییە ئاو، تێکەڵ دەکەن
پێکەنینەکانی خودا
لە چۆڵاییەکانم ڕەنگم دەنێژن و
بێهوودە لە دەرگاکانی قەبرە زستانییەکانم دەدەن
لەو، وەرزانەدا
هەموو ڕووە تاریکەکان
بە ڕوویاندا هەڵدەزنێن و
پێڵاوی مردووان لە پێ دەکەن
بەرگی شەوە درۆزنەکان لە شەوە ڕووناکەکان
لە ون بوونە بێدارەکان لەبەردەکەن
بۆنی گورگە ئەفسووناوییەکانی ئاسمان
لەسەر ڕێیە کورتەکانی ژێرزەمیندا
ڕاویان دەنێن
بۆنی گورگەکانیان
لەبیر نەبوو
خەونەکانیانم کۆ کردەوە
چونکە ژیان لە بێ دەنگییە ترساوەکان
لەسەردەمە کوژراوەکانی خەیاڵی ئەوان
لە وڵاتی برینەکانیش بەردەوام دەبن
هەتاویان تیا هەڵنایێ
ڕوخسارێکی کوژراو بەرانبەر
ئاوێنەی
ترسە ڕەشەکانی چاوەڕوانی تێدەپەڕێ
ڕوومەتگایەکی نادیار دەکوژێتەوە
ئێوارانیش
لەگەڵ ئەو ڕوخسارە جەنگاوەرییانە
دەنووستم و
بە تووڕەییش لەگەڵ تاریکییەکاندا
خۆم دابەش دەکرد
خۆشم دەویستن
لەناو جوانییە تواوەکانی زەمەندا
گەمەم لەگەڵ
باڵەکانی تەمەن دەکرد
شێتانە دەڕژامە ناو پەرداخێکی پڕ لە (مەی)
دیواری بەیانییە
کونبووەکانی
سەرە ڕێیەکانم دەدەی
سفرەکانی هەتاویش
خۆم بۆ خۆمم دادەنا
لەویش لە گوندە بێ ڕێیەکانی ئەو ڕۆژانەی

لە دایک بوونم
سەرخۆشانە، بەسەریاندا
دەڕۆیشتم
وەکو شەوێکی ژنانە، گیایەکی ڕەش
دایدەپۆشتم...
دەنگێکی سپی لە ماڵەکانی بێ دەنگیدا
ژیانی دەمژی و
وەکو هەتاوێکی ڕەشیش
بەدوای ڕۆژێکی مردوودا دەگەڕا...
جاران
کوڕی ساتەکانی خۆم بووم
ئێستا ساتەکانی ئەوان
ئەوانیش
ساتەکانی من
جاران
لە ئەسپێکی سەرمەست دەچووم
ئێستا
لە پشیلەیەکی کێوی
جاران
ئەوانی ترم لەبیر دەکرد و
لەسەر درەختە خوێناوییەکان
هەڵدەنیشتم
جاران
لەگەڵ حەزرەتی عیسا
لە شەقامەکانی ئاسماندا
پیاسەمان دەکرد
ئێستا
بە شەقامەکانی وڵاتی باران
دێینە خوارێ و
لە کونجێکی زەوییە زبردایکەکاندا
پێکێک شەرابی ئاسمانی
پێکەوە فڕ دەکەین
ئێستا گڕ لە جەستەی خۆم بەردەدەم
تا بتوانم
جگەرەیەک بۆ گەردوونێکی ڕاوەستاو
دابگیرسێنم
تا بە کۆتاییەکان بگەم و بگەڕێمەوە
چونکە زۆرجار
چرای ساتەکانی ناتەباییم
دەکوژێتەوە و
ناگەم بە سەرەتاکانی
جەستەی ئەو رووبارانە بووم
خۆم
لەناو ئاوە بێ ڕەنگەکان
دەشاردەوە
بریا
بەردەوام بە لێواری ئەو شەقامانەدا
دەڕۆیشتم

کە ژیانی تیا ڕادەوەستا
دەمویست
لە سەرووی مەرگی گەڕانێکی بێهوودەدا
دوای نەنووسینم
بۆ چرکەیەک
لە ناو سیمایەکی پڕ لە نوور
لە بێ ئاگاییدا دەنووستم
وەکو کائینێکی دۆڕاو
لەناو سەما نوورانییەکاندا
لە سەمایەکی دۆڕاوتری جەستەیەکی نەبینراو
لەناو شوێنە شووشەییەکانی بوون
بێ خۆم و بێ بیرەوەرییەکانم دەژیام..
لەناو کۆمەڵێک دەنگی نووستووی
منداڵە بێ پێیەکانی زەمەن هەڵدەستام
لە جەژنی باراندا
تەماشای گوندەکانی هەورە پیرەکانم دەکرد
جەژنێک بێ ئاگا لە دەرەوەی خۆم
لەناو سێبەرێکی سپیدا
جوانییەکی خەتەر و دڕندە، دەخوڵقا
لەسەر لێوی خەیاڵێکی ڕەشتاڵە
درەختێکی منداڵم
ماچ دەکرد
دۆستە خەیاڵییەکەم لە دوورەوە
وێنەی چەند سروشتێکی
ناتەواوی بۆ دەکێشام
لە سنوورە دڕکاوییەکاندا
هەڵم دەگرتنەوە
خیانەتم لەگەڵ گوندە دزراوەکاندا نەکرد
ئاوڕ لەوانەی لەناو چوارچێوەکاندان نادەمەوە
لە دارستانە چڕەکانی دەنگ
کەمێک لەگەمە دێرینەکانی
فیکر و خەیاڵ
لە گێژەنی خەتاکانم هەڵ کەنی
بە خەونە جوانەکانی چاوی ئەو درەختە ڕەشبینە
هەڵ نەخەڵەتام
لەو چاوە دوور و خواییانەش
کە لە دوورەوە ترس بارانیان دەکردم
لە نزیکەوەش خوداییانە سەیریان دەکردم

**٢٠١٠-٢٠١١**
**عەممان**

# چارلی چاپلن

**بڵند باجەلان**

(١)

لە پەنجەرەکەوە تەماشای کرد
کوڕانێکی کەڵەگەتی بینی
لە سەفەر دەگەڕانەوە
دەیانزانی ڕێگایەک نەماوەتەوە
جگە لەو ڕێگایەی حیکایەتی نەورەسێکە
لەسەر بەردەنووسی گۆڕەکەی نووسراوە:
(ئەمە گۆڕی هاملێتە، یان شکسپیر؟)
لە دەرگاوە تەماشای کرد
کچێکی سپیی بینی
سەفەری دەکرد و گۆرانی بۆ دەگوت:
– بگەڕێوە هەمان ژوور
هەمان نێرگەلە بکێشە
هەمان لیمۆ بخۆ
سواری هەمان شەمەندەفەر بە
لە هەمان وێستگە دابەزە
لەگەڵ هەمان ژن بخەوە
لە هەمان گەرماو خۆت بشۆ
درۆم لەگەڵ کردی
هەمان گۆرانی بچڕەوە.



(٢)

لەژێر ئەو خاکە لماوییەدا
جەستەی خاک بە بزمارڕێژکراوی نێژراوە
کوندەبەبۆی زلی مەرگیش
تابووتی باوکمم نیشان دەدا
دایکم بە ئاسوودەیی لەناوی خەوتووە
خەون بە پڵنگەکەی کلیمانجارۆوە دەبینێ.

(٣)

مەرجان دەبارێ
سمۆرەی لە خواترس و دارستانی کوفرستان بە یەکەوە
تەڕ دەکا
لە ناوەڕاستی بازنەی نۆڤلێتدا
هۆزانڤانێکی گڵین
چاوە کز و ڕەشەکانی
لەنێو دۆزەخی چاوەکانی دەسووتێن
غەزەلنووسیش پێدەکەنێ و

زەردەخەنەکانی دەگرییێن.

(٤)

شەڕ سێکس لەگەڵ ئاشتی دەکا
تێنووس لەگەڵ وتارنووس
ئاڵا لەگەڵ سرووودی نیشتیمانی
وڵات لەگەڵ خۆی
دەروونناس چاویلکەکەی داگرت:
– عیشق کلیلی هەموو قوفڵەکانە.
کاغەزێکی زەردم لە دەروونم دەرهێنا و لەسەرم نووسی:
(ئەی کێ قوفڵی عیشق دەکاتەوە؟)

(٥)

من شێتم
یان شێتی منە؟
لە زەوی دەژیم
زەویش لە مندا مردووە
ئامینە تاقانەکەی دایێ
لە کفنە خوێناوییەکەت وەرە دەرەوە
بەرەو دوورترین خاڵ ڕابکە
پشیلەی کلک سووتاو
برسییە و کفنەکەت دەلێسێتەوە
دەگریێ و فرمێسکەکانی پێدەکەنن.

(٦)

بە تەنیایی بیری لە ماناکانی تەنیایی دەکردەوە
فاڵچی هات و تەماشای ناو لەپی کرد
سێوێکی ڕزیوی پێدا
فاڵچی دوایین کەس بوو بیبینێ
فاڵیش دوایین کتێب بوو بیخوێنێتەوە
خەنجەریش دوایین درەخت بوو لە دڵی بچەقێنێ.

(٧)

بلیتی شەمەندەفەر دەخەمە ژێر پێم
بلیتم بۆ چییە
کە هیچ جێگەیەک نەبێ بۆی بچم؟
جانتاکەم لە وێستگەی شەمەندەفەر بەجێ دێڵم
جانتام بۆ چییە
کە هیچ خەونێکم نییە لەناوی هەڵیگرم؟
دڵم لەبەر ڕۆشنایی مۆمێکی کزدا سەردەبڕم
تازە دڵم بۆ چییە
کە ناتوانم چیتر چەقۆی لەسەر بچەقێنم؟

(٨)

تا کۆتایی شەقامە خوێناوییەکانی خوێن
شمشێری ژەهراوی
قەڵغانی تۆزاوی
کۆنە شەیپوور و مەنجەنیق
ڕیزکراون
بۆیە سیمرخەکانی مێژوو لەسەرابدا دەرکەوتنەوە.

(٩)

خوێن لەچی پێکدێت؟
لە خڕۆکەی سوور
خڕۆکەی سپی
پەڕەکانی خوێن
لە دیدی ئاوەوە
لە خوێنی نەورەس
جیهانبینی شۆپنهاوەر
گەمەی کۆتر
لە دیدی خوێنەوە.

(١٠)

دەستکێشە ڕەنگاوڕەنگەکانی شازادەکەمم بدەنەوە
چەند جووت دەستکێشی کون کون
لەسەر تەریقەتی دارسێو وەرم گرتن
لەسەر مەزهەبی سێو دۆڕاندمن.

(١١)

چاکەکان بە مەرەکەبی خراپەکان دەنووسینەوە
لە حیکمەتی بارینی ئەو بەفرە ناگەین
تۆفان دەکاتە خەڵاتمان
لەو تۆفانەش ژیانی پێیە.

(١٢)

ڕوحی زین عاشقی ڕوحی من بووە
کە ڕوحی بەکۆیە.

(١٣)

لەودیو سنوورەکانی مندا
سەما دەکەن
هەرکە ئەسپەکە بە سواری من دەگاتە من
کتێبەکان دەخوێننەوە
پرتەقاڵەکان بە ئاوی لیمۆ دەشۆنەوە.

(١٤)

تەق تەق تەق
دەرگا بچووکەکەتان کردەوە
منتان بینی
شێرە بەفرینەم دروست دەکرد.
گرم گرم گرم
دەرگا گەورەکەم کردەوە

شێرە بەفرینە دروستی دەکردن.

(١٥)

ئەوە من نەبووم دەگریام
ئێوەش نەبوون
من نەبووم لە خاچ دەدرام
عیساش نەبوو
بە میکانۆ تەیرێک دروست دەکەم
تەلەفۆن بۆ ژمارە (تابووت تابووت مردن نەمردن ٤٤٤)
بکا
جێناوێک وەڵام دەداتەوە
من ئازاد و
ئێوە بەرەڵلا دەکا
عیساش لە خاچەکەی دادەبەزێ:
– ئەز لە خاچ نەدراوم
خاچ لە من دراوە.

(١٦)

لە کاتی شیکردنەوەی هەناسە ساردەکان بە هەناسە گەرمەکان
غەمێکی ئەبەنووسیی قژلوولی خەندە لەسەر لێوم
لە چاوانی خۆشییەکی غەمباردا بینی
بارگەی خۆی
لەسەر زەمینی فەنابوونەوە
بەرەو خاکی ژێر پێی
خائینێکی تری نیشتیمانی کەروێشکان دەگواستەوە
شیعر دەنووسین و دەبینە بەرخۆکە
پاش ئەوەی
پێنووسەکانمان لە کێڵگەی مشکاندا
ون دەکەین
دەبین بە زیوان و لە ڕوحی دەریادا
لە خۆمان دەپارێینەوە
خۆی نەکاتە خۆراکی ماسییەکان
دوای ئەوەی
لە ڕووبارێکدا دەخنکێین
دواجار دەبینە خۆراکی ماری گۆڕستان.
ئیتر پیاوان هەلهەلە لێدەدەن
ژنان یاری بە چەقۆ دەکەن
کەرێک لە پاسەکە دادەبەزێ
مەیموونەکە دەمیاوێنێ.

هەولێر – ٢٠١٠

# من لە بەینی ئەم بۆشاییانەی خوارەوەم

**تەیب قادر**



**بینینەکان**

بینیت بەیانیم لە دەرەوە کەوتووە و
نیوەڕۆم بێ ئیشە و
ئێوارەشم ڕەق ڕەقە
تەمای تامی ڕۆیشتنم لێ ڕژاوە و
دنیا بارانی کون کون کردووە

بینیت سەرم کاتەکان پێ نازانێ
لەنێو دارشتنێکی کۆندا دەڕوا
پەنجەی براوم تا ئەژنۆم هاتووە
کۆڵانەکانی تەمەن لە دەرەوە متبوون و
لە ژوورەوە خەویان لێ کەوتووە

بینیت با لەنێو پێڵاوەکانم زیاتر سەرناکەوێ
کراسەکەم لە سینگم خۆی شاردۆتەوە
هەتا دوێنێ پێم ناکرێ بڕۆم
ئەمڕۆیش بەشم ناکات و
سبەیش درەنگ درەنگ دێ
بینیت نەڕۆیشتن خۆی لە قاچم لوول داوە

بینیت چەندە بێ کردنەوەم
چەندە بێ دانیشتنم
چەندە ڕۆیشتنم
چەندە لەنێو کیلۆ هەنجیری شینی کوژراو دەچم

**وردە ئاسنەکانی پەرێشانی**

وەک بلۆکێکی ڕووت ڕووت
وەک بەیانی ئاوێک
وەک پەلکی ڕەزێک
وەک ڕەنگی باینجانێکی تەنیا
سادەم
سادە

کە سادەیی دڵی گەرم دەبێ
شەقام زۆر زۆر دەبێ بۆ پیاسەی شین شین

وردە ئاسنەکانی پەرێشانی دەستیان ڕەنگی نەرمی لێ
دەنیشێ
بە ئاسانی هەڵمی سڵاو دەچێتە گوێچکەی کیلۆیەک
چیمەنتۆ

دەرگای سادەیی تەنها بە ڕۆیشتنی
سووک
سووک دەکرێتەوە
تەنها کلیلی سڵاو کردنەوەی پێ دەزانێ،
برا من
سادەم
سادە
سادە هەندەی بەردێکی مۆر

بەجێ دەمێنم لە دەستی قسەیەکی شل
خۆم پێ نایەتەوە و نایەتەوە
تەنها بە گۆڕینی ئێوارە نەبێ

بە گریانی بارانێکی فێنک
ڕۆیشتنم غەمبار دەبێ
پرچم دەقوپێتەوە و کاتم نامێنێ بۆ خەوتن

کە کۆترێک ڕێگای پشووی سارد دەبێتەوە
من لە خۆمەوە زەوقی خوێندنەوەی ئێوارەم تێک دەچێ

**دەستی هەنجیر**

دەڕۆم دەبمە جیرانی سێبەرێکی
ناسک ناسک
وەک ڕۆیشتنی دەنکێ بارانی شین
وەک فڕینی کۆترێکی نارنجی
لە تەک خۆخێک، ماڵێک بە کرێ دەگرم
ماڵێک تیایا سینگی مانگم لێ دیار بێ و
گەرمی دەستی هەنجیرێک جێگیرم کا
گەمەی بەردەوامی دوو سێ کەروێشک بمخافڵێنێ و
سێبەری فانۆسێک ئێوارەم بۆ بێنێتە ماڵەوە

دەڕۆم دەبمە جیرانی عەترێک بۆنی شەوێکی درێژ درێژی
لێ بێ
شەوێک ژەهر شیرین بکات و
شەوێک دنیا درێژتر و درێژتر بکاتەوە و
لە دابەشکردنی تەمەن بەسەر مرۆڤەکاندا شارەزا بێ
شەوێک ڕەش ڕەش، جوان جوان
لە بەرگێکی سپی سپیدا خەبەردار بێ
دەبمە جیرانی چرایەکی فێنک
قەڵەباڵەغی بەخێو دەکەم و
باران دەفرۆشم و
دەمەقاڵەی پرتەقاڵ لەگەڵ گەرما خاو دەکەمەوە
دەبمە جیرانی سەفەر
بەپێی هەور دەگەڕێم و
چەند سەعاتێک دەدەمە بڵندیی

**سێبەرێکی نەرم**

تەنیایی دەجووم و
قەڵەباڵەغی دەتفێنمەوە
لەو ڕۆژانە
سێبەرێکی نەرم نەرم ڕادەکێشم و
شتێکی ناسک، شتێک ناسک ناسک
پێم دەڵێ: ئێستا کاتیەتی
دەی
تەنیایی بتفێنەوە و
قەڵەباڵەغی بجوو

**لەتێک باران**

من لە ئاسمان بەردەبوومەوە و
باران بە وشکی لەسەر
پەڕە کاغەزێکی باریک دەڕۆیشت

# وێنەیەک کوفلی

بەرکەن بەرەح
(ستەنبۆل)

بەرفێ دیل گرتیە چارمەدۆر
گور کشیایە قالکێ خوە
هەکە نە ژ ڤیزە ڤیزا باگەڕا جرنەخوەش بوویا
وێ دەنگێ هێلما وە بهاتا بهیستن
هیڤ مەلوول مەلوول دتەیسە
عەورێن تۆلاز دلەرزن ل ژۆر
دبەرزە تتوونا بەدلیسێ
خوە ڕەحەت دکە ژ خەوا کۆر.
دیا وی تێ مێڤانیا دل
باڤ پەیکەرەکە ژ بەرفێ
نیڤکەنەکە خوە بەرددە ل سەر لێڤ
ژ جڤینەکە غەمبارا ل باژێڕ

دووهـ بوو پەرپتی مینا مریشکەک
بازێ دەشتا ڕحایێ ل کێلەک
بیرانینەک ئاگرین
و وێنەیەک ئێنیقول
ما دیاری
کۆڤانی ل سەر ژاڤێن بەلەک
ژ جهێ خوە ڕابوو
بەرێ خوە دا بێ
ڤیزینەک بێبەخت خورجی
ڕوونشت ل سەر کەزەبێ.
لووتکەیا خیالان ڕووخیا
ژ خەون هلپەکیا خۆرتەکی چەپگر
دایکەک دلڕێت ل دیلۆکێ.
د نووچەیێن سبەهەک ڕەش دە
قوفلێن وێنەیێن دوسبێ.



ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا کۆشعرا ب ناڤێ (شاگرتێن ئەڤێنێ) ڕووپەلێن (٣١-٣٢) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل چاپخانەیا (ئەنگن ماتباجلک) ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن (سی ٢٧)ە، و ژ ڕێزبەندا هەلبەستان ژی هەژمارا (١٥)ێ وەرگرتییە.

**«ڕامان»**

# سروود بۆ شەیتان


لیۆپۆلدۆ ماریا پانێرۆ
له ئیسپانییەوە: قەرەنی جەمیل


تەنیا بەفر
به گەورەیی گورگ
به گەورەیی شـەیتان دەزانێ
براوەی بەردی ڕووت
ئەو بەردە ڕووتەی کە هـەڕەشـە لـە مرۆڤ دەکا و
بەبێ هوودەیی پەنا بۆ شـەیتان دەبا
خودای شـیعر، هـی ئەو کونە
لـە لاپەڕەدا
کە حەقیقەت
وەک ئاوی مردوو دەڕژێتە خوار.

## هێمنی

بۆ مارتین هایدگەر

تەنیا دوو شت هەیە: ڕوخساری شێواوم و
ڕەقایی بەرد.
ویژدان تەنیا ئەو کاتە دەسووتێ
کە مرۆڤ دژی وەستاوە:
ئاوایە، هەموو زانیاری و
ڕەحمی هەموو شێوەیەک
برینێکە،
تەنیا ئەوەی کە دەگری نەمرە.
شەویش، دایکی حیکمەتە
شێوەیەکی بێ کۆتایی هەیە لەگریان.

## سرووتی نێوڕۆتیکی کەللەڕەق

سرووتی ماڵی ڕووخاو
هی ئەو لاپەڕەی کە لەمرۆڤەوە بەجێ ماوە
هی ئاسمان کە مرۆڤ تێیدا دەفڕێ
وەک هیچ پێشکەشە بە خواوەندەکانی ئاگر.



**لیۆپۆلدۆ ماریا پانێرۆ، لە ساڵی ١٩٤٨ لە مەدرید (ئیسپانیا) لە خێزانێک کە باوک و براکەی شاعیری ناوداری ئەم وڵاتەن، لە دایک بووە، مرۆڤێکی سەرشێت و یاخییە، زیاتر لە دە ساڵ لە نەخۆشخانەی دەروونی، یان شێتخانە ژیانی بردۆتەسەر، خاوەنی دەیان دیوانی شیعر و پەخشان و بابەتی هەمەجۆری ئەدەبییە.**

**سەرچاوە:**

**Leopoldo Maria Panero, Orfebre, VISOR MADRID 1994, Espana.**



# پشیلەکان لەگەڵمانن

**حەمەدەمین شامحەممەدی**
**(بۆکان)**

بێ ئەوەی بێڵم زۆری لە سەر بڕوا و لەوەی کە هەبوو و ڕوویدابوو پتری پێوەنێ، ئیزنم پێدا بچێتەوە شوێنەکەی خۆی، بەڵام بۆ دەرسی ئینشا کوتبووم دەبێت حەکایەتێکی خۆماڵی یانی ئەوەی لە ماڵبەندی خۆمان ڕوویداوە و جێگای سەرسوڕمانە بنووسنەوە، هەر کەسەی شتێکی دەنووسییەوە، تەنانەت هی وابوو برێک لە حەکایەتی ئەمیر ئەرسەلانی دەنووسییەوە، بەڵام سالار کە دەمزانی بەهۆی، قوون بە گێچەڵی مامیەوە، زۆر کەس دەناسێ و بیستراوەی زۆرە دڵخۆش بووم کە شتێکی باشم بۆ دەگێڕێتەوە؛ جارێ هەر لە سەرەتاوە زۆر بە ئاشکرا گلەیی و گازندەی هەڵڕشتبوو، ئەسڵەن تەواو تەواو لەم ژیانە ماندوو ببوو؛ کوتبووی:

" باوەڕ بکە ئاغا، ئەڵێی مستێک خوێت لە چاوم کردووە. هەر نەخەوتووم تا درەنگانێ بە دەم میوانەوە بووم. کەڕەی بەیانیش هەڵیانساندووم. تاژی، ئەسپ و کەلوپەلی ڕاوم بۆ ئامادە کردوون دواتر سەرخەوێکم شکاندووە. بریا دایکم قەتی شوو نەکردایەتەوە و سایەی کەسمان بە سەرەوە نەبایە."

گەلێک دڵم پێی سووتا...

نووسیبووی: ئەمە حەکایەتی خاڵی باوکمە، ئاغایەکی توندە تەبیعەت و ڕاڕا، دەیانکوت باوەڕی بە کەس نەبوو، تەنانەت بە کوڕی خۆی، بە باوکی خۆی، بەڵام لێزان بوو. دەگێڕنەوە ساڵانێک لەمەوبەر، کاتێک بە هارە هاڕ خۆی دەکاتەوە بەناو دێدا ئەڵێت: "ئەمەتان دیوە بۆ خۆم گازۆڵم بە گەروویدا کردووە و خۆم بۆ یەکەم جار گوێم لە هارە هاڕی ماتۆڕەکەی گرتووە. تەراکتۆرە! خەڵکینە تەراکتۆر! ئیدی کەڵەکانم دەحەسێنەوە، لەمەو دوا دەتوانم جاروبارە شەڕە کەڵێک وەڕێخەم. بەسەری بابم دەتوانم کەڵی عەلی خانی یەک شەوەی پێ ببەزێنم." لەوە دەچوو ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژی بێ چون بە دەم گەورە و چکۆلەوە پێکەنیبوو.

هەر لە شار وەدەرکەوتبوو سەری کردبووە نێو گۆرانیەکانییەوە و تێی چریکاندبوو. مەگین ئەو کاتانەی دەگەیشتە گوندەکانی سەر ڕێگا دەنا هەر دەنگی لەنێو هارە هاڕی تەراکتۆرە سووردا پەنگی دەخواردەوە. بە لای پێنج دێدا

تێپەڕیبوو، خەڵک بەرەو پیری هاتبوون، پیرۆزبایییان لێکردبوو. زۆر جار لە خۆشییان هەستابووە سەر پێ. دەنکە دەنکە نوقڵی ئاوقەی منداڵان کردبوو، کوتبووی: بیخۆن نۆشی گیانتان بێت. بیخۆن...

بەڵام ئەو بۆ هیچ پیاوماقووڵێکی ڕانەگرت، لەفزی لە لەفزی کەسیان نەگەڕا و ئەمە وای کرد زۆر ژن و پیاو سینگی لێ بکوتن و ناهومێدیی هەتا هەتایی بۆ بخوازن. هەڵبەت لەوە دەچوو ئەم تووک و نزایانە هێندەش عەفوایی نەبووبن. چون دووای ئەوەی شێوان بەسەردا هات و چرای تەراکتۆر، جادەی چۆڵ و بێ دەنگی بۆ ڕووناک کردەوە، ترس و خۆفی لە مێژینەی ئەو چۆڵگەیەی لە دڵ ئالاّ؛ وەها کە بە گەیشتنەوەی بەر دەروازە، دووتاییە گەورەکەش هێشتا لە کۆڵی نەبووبووەوە. ئەم ترسە وای کردبوو کە لە هەندێک شوێن زۆر بە توندی گازی داتێ و لە تاریکی خۆی دەرباز کا.

چرا زارکی درگاکەی درەوشاندەوە و چاوی دەست و پێوەندان و مەڕێکی بە شەوارە خستبوو. مەڕ زرمەی هات و لە عەرزی درا. تیژی چەقۆ گەرووی هەڵبڕی و خوێن بەرەو تەگەری تەراکتۆر شۆلاوگەی بەست. سەری لێ کراوەی سێ جار بووە بەلاگەردانی بووکی سوور و ئاغای خاوەنی.

لەگەڵ چوونە ژوورەوەی تەراکتۆرەکە، مقۆ مقۆ کەوتە نێو خەڵکی ئاوایی و ماڵی خزمەتکارانی ئاغا. ئەوەی پێی خۆش بوو لەو عاجباتەی ئاغا تێ بگا و قازانج و زەرەرەکانی لە زمان ساحەبەکەیەوە ببیستێ، وردە وردە لە دەوری گڕی چراتۆڕی سەر تەراکتۆرەکە وەستان و ڕەسووئاغاش پەرییە پشت فەرمان. ویستی قسەکانی لە دڵی دەراوێ و بەشە گۆشتەکانیان بداتێ. شتێک لە دڵی تاریکایی سەرووییانەوە کەوتە خوارێ و ڕاست لە سەر سوورایی کاپووتی تەراکتۆرەکە نیشتەوە. هەندێک لە ژنان هەستیان کرد کەسێک بەسەر دیواری دڵیاندا هەڵدەگەڕێ و برێک لە پیاوانیش دەست بەجێ گوللەبارانیان وەبیر هاتبووەوە. ئەمە سەرەتایەک بوو لە بیر ئاڵۆز کردن، لە تۆقاندن. ئەم جار بە پێچەوانەی یەکەم تەقە لە لای ڕاستەوە وینگەیەک هات و شریخەی لە چرای چەپەی تەراکتۆرەکە هەستاند. کۆمەڵێکی زۆر لە دەست و پێوەندی بن دیوار و سەیرکەرانی لێوار گوێسوانەکانی پرینگاندەوە و لە تاریکیدا نوقم کرد. ئەم شریخەیە ترسێکی گورچووبڕی بەسەر حەشیمەتدا بەشییەوە. ئاغا وەک ئەوەی بە گڕ ویشک هەڵاتبێت توانایی دوورخستنەوەی مێشوولەکانیشی نەبوو. نەیدەزانی دەبێت چ بکات. لە حەپەساویدا نەیدەتوانی یەکیان جیا بکاتەوە و وەبەر جنێوانی بدا. هەستی بەوە کردبوو زمانی گۆی قسە کردنی نەماوە، دەنا حەتمەن و لە هیچ و خۆڕایی کەسێکی دەدیتەوە و دەیکردە گەپجاڕی خۆی. دەیویست یەک بە خۆی بنەڕێنێت و بڵێت: دادەی بزانم کامە حیزباب ئەونە بە جەرگە ئەتوانێ سەر بخاتە سەرم؟ دەی ئەگە پیاوە بێتە پێشۆ!

بەڵام هەر چی کرد کەسی هێندە ئازای نەدیتەوە کە فکری تۆڵە سەندنەوەی هاتبێتە مێشکەوە؛ ئەمە بوو زمانی کراوە و لە دەستوپێوەند خوڕی: ئادەی هەر ئێستە چوار دەورەی ئەم قەلایەم بۆ بگرن، هەرکەستان دی سەگی پێوە نێن! لێگەڕێن با تەواو بێ لەزەتی کا جا خۆم ئەزانم چیی بەسەر دێنم!

لێرەدا من زۆر لە سەر ئەوە نارۆم داخوا کێیان تاوانبار کرد، یان بە دڵ دەیویست پێی کێ بێنێتە نێو کێشەکەوە، چون هەرچی بکردایە هەر هەتا بانگی شێوان بڕی دەکرد و دیسان هەمان ترس و هەمان مەرگ. ئاغاش وەک منداڵ گڕووی لەوە گرتبوو کە ئێستەردەم، بابم مرێ و دایکم مرێ هەر دەبێت لە تەنگەی بانگی نوێژی شێواندا تەراکتۆرەکە تاقی کاتەوە. چون بۆی دەرکەوتبوو هەر کەسێکە بە دەنگی هاڕە هاڕی عاسی دەبێت و دوژمنایەتی خۆی دەر دەخات. دەیکوت: نا، دەست هەڵناگرم تا بۆم دەرنەکەوێت کێ ئەم کارە ئەکات دەست هەڵناگرم. یانی من وام لێ هاتووە بەرەڵلایەکی قوون هەڵدڕاو ترسم وەبەر بنێ و ئاواییەکەم بیبیا بە یەکا، نا ...

ئاوا بوو کە جاڕیان دا هەموو خەڵکییان کۆ کردەوە، بەڵام مەترسی زیاتر ببوو. ئەمە بە ئاشکرا لە زبتە زبتی چاویاندا دیاری دەدا، لە چپە چپیان بە گوێی یەکدا. یەک ناگا چاوە زەقەکانی ئاغا، لەگەڵ هاڕە هاڕی تەراکتۆر بە سەر سرتە سرتەکاندا زاڵ بوو، کەچی نەیتوانی توزقاڵێک لە ترسی دڵیان کەم کاتەوە.

بەشێک لە حەسار وەک زارکی زاخەیەکی گەورە دەبریسکاوە و دەوروپشتی لە ڕەشاییەکی خەستدا نوقم ببوو. کەس توانایی ئەوەی نەبوو بارستە و بەرینێکی بۆ دیاری کات. هەر ئەمە بوو کە وای کرد، خەڵکەکە هەست بکەن ئەستێرە دوور دوورەکانی ئاسمان دەنکە دەنکە دەوەرێنە خوارێ و تیژ تیژ خۆ بە سەر دڵی تەراکتۆر و ئاغا و دەست و پێوەندانیدا دەدەن.

دواتر لە بن دیواران و سەر کانی دەیانگێڕاوە:

– وەک برێشکەی سەر ساج هەڵئەتۆقین و بەم بەراوبەردا ئەپرژان.

– وەک پەڕەسێلکەکانی ئەبابیلکە، چ بوون؟! ئەوانەی بەردیان بە دەنووکیان ئەبردە ئاسمان و بە سەر لەشکری فیلەکاندا بەریان ئەداوۆ...

– ئەوشۆکە کەس بێ نەسیب نەبوو. بەردەبارانێکی بە غوڕەم بوو.

وابوو هەر کەسەی لە بیری خۆیدا بوو. هەر ئەوندەیان پێ

دەکرا کۆم بنەوە و دەستیان بکەنە قەڵغانی سەریان. یان بە پەلە خۆ باریک بکەنەوە و بە بن دیواراندا بۆی دەرچن. تێکەوە ئاڵان و سەر لێ شێواوی ئەو وەختانەی وەبیر دێنانەوە کە تەیارە ڕەشەکە وەک بریقە ئەستێرەیەک دەخوشی و دیسان دەگەڕاوە و زرمە زرمی دەخستە هەناوی عەرزییەوە، بەڵام من دەڵێم بەردەبارانەکە سەرسورهێنەرتر بوو. چون کاتێ بەیانی ڕوون بۆوە زانیمان بە ئاغاوە چل و چوار نەفەر بریندار بوون؛ هەندێک لە بریندارەکان وا زوو چاک نەدەبوونەوە.

ترس باڵی بە سەر دێیەکەدا کێشا بوو. دێ وەکو وێرانەی لێ هاتبوو. ژنان مەگین قەترەیەکیان ئاو لە گۆزەدا نەمابا، دەنا کانییان لە خۆیان قەدەغە کردبوو. مەڕومالاّت سەربەخۆ سەریان نابۆوە و بەرەو مەزرا چووبوون. ترس لەگەڵ بە تین بوونی تیشکی خۆر گەرمتر دەبوو. ئاغا کاتی شێوان لە جیاتی ئەوەی وەک دوو شەوی ڕابردوو بە پۆزێکەوە لەسەر سەندەڵی تەراکتۆرەکە پاڵ بداتەوە و وەهارە هاڕی بخات خێرا هەموو کێشک چییەکانی خواست. بە تووڕەیی لەگەڵیان دووا و کوتی: بڕۆن ملی خۆتان بشکێنن چاترە. وا دیارە هیچتان پێ ناکرێ. بڕۆن.

لێرەدا لاوەکان کە هەمیشە بە جەرگتر لە گەورەکانیانن بە ویستی خۆیان پووزەوانەیان هەڵکێشا و تێلایەکیان دەست دایێ. بەم جۆرە هەموو کووچە و کۆڵانەکانیان خستە ژێر چاوەدێری خۆیانەوە، بە خۆیان دەکوت: ئەم شەو مێشوولەش دەرناچێ.

هێشتا کەس بیری لە مەنزڵ و ماڵی ئەم دێوە سوورە نەکردبۆوە؛ هەر بۆیە کەپرێکی لە چرپییان بۆ دروست کرد، بەڵام لەوە دەچوو نوور و نێو چاوانی ئاغا وابێ. ئەگین بێ کۆتایە حەوت هەژدیها کەوڵ کەن و یەکە یەکەیان تێکهەڵکێشن و دێوە سوورەی تێدا حەشار بدەن، دیسان بەردەباران دەستی پێ دەکردەوە. لە پێستی حەوتەمەوە تا یەکەمی دادڕ دادڕ دەکرد و تەقەی لە ئازای گیانی ماشێنەکەی ئاغا هەڵدەستاند و جێی ساغی بۆ نەدەهێشتەوە. ئەمە بۆچوونێک بوو کە هەموو خەڵکی ئاوایی گرتبووەوە. وردە وردە بەرەو ئەو دەنگ و باسەوە دەچوون کە باوەڕ بێنن ئاغا تاوانی کارە ناشایستەکانی خۆی دەداتەوە، یان حەقی خۆیەتی سزا بدرێت.

ئاغا لە شەوی سێیەمەوە چووە دیوێکی بێ پەنجەرە. ڕووی کردە خودای خۆی و پاڕایەوە و لالایەوە بەشکەم ڕەبولعالەمین زگی پێ بسووتێ و لەوەی پتری ئازار نەدات. دەیکوت تۆبە دەکەم. شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ئیدی ئەم و ئەوە و ئەوان کارەی کە کردوومن نایکەمەوە. پەشیمانم!

بەڵام چون خودا دەیزانی ئەم دوعایانە هیچ پێوەندی بە ڕزگار بوونی لەم تەنگانەیەدا نییە ڕووی لێ وەرگێڕاو گوێی لێ نەگرت. ئاغا خەریک بوو ئیمانی دێنا کە خودا بە قسەی کردووە و بەردەبارانی لە سەر هەڵگرتوون، بۆیە هەر لەو شەوەدا یەکێک لە دەستوپێوەندان کە دڵنیا ببوو دەتوانێ بێ خەم بێ و بە ئیشتیا بحەسێتەوە، پەڕییە سەر جێگای ئاغا و بە سوڕاندنی فەرمانەکە جێ خەوەکەی خۆش کرد. سەری کردە سەر دەستی و مات بوو، خەو بردییەوە؛ بەڵام لە نەکاو زرینگە لە سەریەوە هات، تا ماوەیەک گێژ ببوو، پێی وابوو تەراکتۆرەکە بە هارە هاڕ بە نێو حەوشەدا دەخولێتەوە و خۆی بە دارودیواری ماڵی ئاغادا دەکوتێ. هەستی کرد هەموو وڵات وێران بووە. پڕ بە تاریکی قیژاندی و بە پەلە خۆی بەرداوە. ئەمەی کە کرد خوێن لە تەپڵی سەریەوە فیشقەی کرد و یەکێک لە کۆڵەکەکان و لایەک لە دەروازەی ڕەنگاند.

پاش سەرە گێژەیەکی خەست، وەها بەرچاوی ڕوون بووەوە کە دەیتوانی هەست بە هەموو جووڵە و تەکە و ورتەیەک بکات. ئەو شێوە سەبوونێکی سووری دیت وەک لوول خواردنی بلێسەیەک ئاودیوی حەسارەکە بوو. وەک گێژەڵووکەی ئاور سەروچاوی ئەوی لە تەنوورەی خۆیدا شاردەوە و شەپۆل ئاسا بەرەو دیوەکەی ئاغا هەڵکشا.

یەکێک لەو قسانەی لە نێو ژناندا زۆر بایی پێ دراو پیاوەکان گوێیان لێ کلا کرد، ئەوە بوو کە بلکەی مام بارام دوای ئەوەی بەو تەنوورە سەبوونەی باسی دەکات برینەکەی چاک دەبێتەوە، بە ئاشکرا دەنگی دەبیستێت کە کوتوویەتی"خاکتان بە تەوورەکە دەکێشین."

بلکەی مام بارام هەر ئەوندەی دەزانی و بەس. چون هێشتا ڕێی دەربڕین و شیکردنەوەی قسەکانیان پێ نەدابوو، ئەمەش هەر خۆی کوتبووی، بۆیە لە جوابی پرسیارە زۆر و زەوەندەکانی ورد و درشتی ئاواییدا دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی. بۆ وێنە: من، برایم، یان بلکەی کوڕی کاک بارام، کە کەڵەگەتتر لە هەموو خەڵکی ئاواییم، ژنەکەم...

ئیتر وای لێ دەهات تێکەڵ بەو پرسیارانە دەبوو کە لێیان دەکرد. دەنا کوتوپڕ وەک ئەوەی تاپۆیێکی دیبێت ملی بەنێو شانیدا دەبردە خوارێ، هەردووک دەستی بەسەریەوە دەگرت و خۆی لە سووچی دیوارێک حەشار دەدا.

دیسان خەڵکی تەگبیریان کرد چۆن بکەن نەهێڵن ئەم بەردەبارانە دەست پێ بکاتەوە، بۆیە لە کاتی شێواندا بڕیار درا هەموو ماڵێک دوو پارێزەری بۆ دانێن و چاودێرەکانی سەری کۆڵانیش بە یەکەوە لە پێوەندیدا بن. ئەمە وایکرد بە هەڵکەوت نەبایە هاتوچۆی سەگ و پشیلەشت نەدەدی. هیچ جووڵەیەک نەبوو، مانگ هەتا دەهات تریفەی ڕوونتر دەبووەوە. تیشکی دڵفەریحتر وڵاتی دادەگرت، بەڵام لەو کات و زەمانەدا هەموو شتێک لە بێ دەنگییەکی سەیردا بوو. یاساوڵەکان دەنگێکی وەکو نەورۆیان بیستبوو.

دواتریش چنگە پلّماسکێ و شەڕە پرمەی کۆڕە پشیلەیان دیتبوو، کە نەیاندەزانی لە کوێوە پەیدا بوون و لە کوێوە وەک تیا چوونی تکە ئاونگێک لە گۆماوێکدا ون بوون.

لەم شەوە بێ دەنگەدا ورتە ورتێکی بەردەوام هەبوو کە کوڵان بە کوڵان و بگرە ماڵ بە ماڵی ئاوایی دەگرتەوە؛ ورتەی بلکە لە پەستا دەیکوت: هێدی نییە شەو، هێدی نابێ، یاساولەکان تێپەڕیون،جەغزیان شکاندووە. من دەزانم هەر ئێستە بەردەکان لە کوشکەلان و کەندەلانە دەستاوەکان فڕکە دەکەن و تەق تەق لە ماڵی ئاغا دەدەرێن. من دەزانم ئەو بەرد هاوێژە بێ ویژدانانە ئەم شەو خەو لە چاوی خەڵکی دەزڕێن، ئاغا دەزڕێنن.

ئەمانە و زۆر شتی دیکە لە ڕێی یاساولەکانەوە تەشەنەی دەکردە نێو بیر و زاری خەڵکی و ئاغا، بەڵام ئاغا دەستبەردار نەبوو. هەر وەک شەوانی پێشوو پەڕیبووە سەر سەندەڵی و دەستی کردبوو بە قسە کردن. شەوێکی جیاواز بوو. ڕەعیەتەکانی لەگەڵ ئەوەدا کە پێیان وابوو ئاواتەکەیان هاتووەتە دی فرمێسکیان لە چاوان دەتکا. چون ئاغا نەیدەزانی دەڵێ چی، یان کەس نەیدەزانی بە چ زمانێک دەدوێ. سەیر بوو زیاتر لە بۆڵە بۆڵ دەچوو، یان بۆڕە بۆڕی حەیوانێک. هەستت دەکرد جاروبارە ملی وەک دڕندەیەک درێژ دەکاتەوە و ددانەکانی تیژ تیژ دەردەخات و دیسان...

لێرەدا بلکە یەک بە خۆی گوڕاندی دەنگی بە کۆڵانەکاندا گەڕاو پاش خۆکوتان بە قەدی شاخیدا گەڕاوە. بلکە دەستی دەکاتە پەرژینی سەری و بەرەو سووچی تەنیشت دەروازەکە هەڵدێت و پەیتا پەیتا دەڵێت تۆبە، خودایە! تۆبە خودایە!

ئەو بە چاو قووچاویش ئاگای لە دەوروبەری هەبوو. نێو دێیەکی چۆڵوهۆڵی دیت. خەڵکێکی ترساو کە بە چنگۆڵەکانیان سەروگوێلاکیان شاردبووەوە. ڕوونتر دیتی کە ئەستێرەکانی ئاسمان بە دەم بادەوەیەکی سەقەتەوە ڕێکەوتوون و زرمە زرم بە سەر سەربان و ڕێوبانی ئاواییدا دادەبارین. دەنگی خوشە ئەستێران لە بەربوونەوەدا هێندە بەرز و تۆقێنەر بوو ڕۆژی قیامەتی وەبیر ئەوانە دێناوە کە لە منداڵییەوە هەزاران جاریان هێنابووە پێش چاویان. ئەو کاتە وەختی تیاچوونی هەموو بوونەوەرێک بوو، بە تایبەت ئاغا.

بەرد هەموو شوێنیکی حەساری داپۆشی بوو. تا کازیوەی بەیانی بەرد داباریبوو. بلکە نەبێ زیروح بەدیارەوە نەبوو. کەس نەیدەزانی چەند بریندار و فەوتاویان بووە بلکە نەبێ، بەڵام ئەو زیاتر لە فکری ئاغادا بوو. تەنیا کەسێک کە توانیبووی لەو ڕازە سەر بە مۆرە بگات خۆی بوو. ئەو لە گەرمەی بەردە باراندا کە هیچ کەس نەیدەتوانی بە حاڵ سەر هەڵێنێت، یان زاتی ئەوەی هەبێت لە فکری دیتن و ناسینەوەی شوێنێکدا بێت بە هەست ئاغای دیبوو. کاتێک ملی درێژ کردبووەوە و بازیدابووە سەر دەستەکانی و دواتر پای لەسەر عەرزی یەک خستبووەوە لەو ماوە کورتەدا وەک پێستێکی دیت بەسەریدا کێشا بێ. گۆڕابوو. یەکەم سەروگوێ و چاو و تووکی لێ ڕووابوو. سەری زل و لمبۆزی لێ درێژ ببووەوە. دەستەکانی بە قورسایی تاشە بەردێک کەوتنە سەر عەرز و ئازای ئەندامی کەروێشکەیەکی کرد. هەردوو پا و کەفەڵی زرمەیەکیان لە زەوی هەستاند و قورسوقایم تێپەڕی. بۆڵە بۆڵی دنیای هەڵگرت. بلکە دوورونزیک بە دوویدا ڕۆییشت، بە دوو چەپۆک دەرگای باغە سێوەکەی خۆی تێکشکاند. بەرەو هۆدەی باغەوانییەکە چوو. بلکە دیسان هەستی بە شەپۆلە سەبوونەکان کرد. نەوڕۆ و پرمە و چنگە پلّماسکێ دەستی پێ کردبوو. ئاغا هەر جارەی هاشاولێ بۆ لایەک دەبرد، ڕادەوەستا و بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە؛ دەمی دەکردەوە و یەک ناگا پەلاماری پاشەوەی خۆی دەدا. بلێسەیەک خۆی لە کلکی ئاڵاندبوو. خێرا خێرا پێوەی دەخولاوە و لە گوێچکەی دەئاڵا و تێدەپەڕییەوە. ئاغا شەکەت بۆی کەوت. بلێسەکان لە دەورەی ساغ بوونەوە و وەک مرۆڤی ڕاستەقینە ڕاوەستان. زۆر بە قەڕاعەت جەستەی ساردەوە بووی منداڵەکەیان هێنا، لە حاست ئاغا دایاننا و دەستیان بە جریوە جریو کرد.

بلکە بۆی دەرکەوت ئەمە کوڕی یەکێک لە جندۆکەکانە و وەبەر تەگەری تەراکتۆرەکەی ئاغا کەوتووە. تەنیا کەسێک کە ئێستاش هەموو ڕۆژێک سەرێکی قەبران دەدا و بە بەردێک سێ تەقە لە کێلێکی ڕەشی زبر دەدات بلکەیە کە دەڵێت من ورچێکم دی بە زنجیرەوە لە قەبریان هاویشت. ورچێک و بێچووە جندۆکەیەک.

لەو ڕۆژەوە هەموو خەڵک بلکەی مام بارام بە شێت دەزانن، بەڵام هیچ ئاسەوارێکیان لە ئاغاش نەدیوەتەوە. من کاتێک ئەم حەکایەتەم خوێندەوە لەگەڵ ئەوەدا کەمێک لە وشەکانم بۆ ڕاست کردەوە، کوتیشم دەبێت دوو حەکایەتی جیاواز بێ کە تێکەڵاو بوون. بەڵام سالار دەیکوت ئەوە بەسەرهاتی خاڵی دایکمە و خۆم نووسیومەتەوە. هەرچی بێ نووسینەوەی چیرۆکەکەم لا گرینگ بوو، بەڵام ئەوەی چەندەی ڕاستە و چەندەی ئەفسانەیە قەی ناکات.



# شەوی ماڵئاوایی خەونەکان

**ئەڵوەند تەڵعەت**

ماوەی چەندین کاتژمێر بوو بەبێزاری و شەکەتییەکی زۆرەوە لەسەر جێخەوەکەی بەجلی ژێرەوە لەسەر پشت پاڵکەوتبوو، هەردوو دەستەکانیشی لەسەر سەرینەکە خستبووە ژێر سەری و بەبێ چاوترووکاندن سەرنجی خاڵێکی بن میچی ژوورەکەی دەدا، هێشتاش سفرەی خوانی نیوەڕۆی کۆنەکردبووەوە کە لەسەر پارچەیەک پەڕی ڕۆژنامە دەفرێکی ستیلی قۆپاو داندرابوو، کە چەند دەنکێک نۆک لەناو ڕۆن و دۆشاوی تەماتەی لەناو مابووەوە و مێش تێی ئاڵابوو، لەگەڵ پارچەیەک نان و دۆلکەیەکی باغەی چڵکن و پەرداخێک، ئەگەرچی بەرەبەری عەسربوو، بەڵام هێشتا هەوا فێنکی نەکردبوو، بایەکی گەرم و وشک لەپەنجەرەکەی ژوور سەریەوە دەهاتە ژوورەوە و ڕاستەوخۆ بەر دەموچاوی دەکەوت، ئەویش بەهۆی ئەوەی جێخەوەکەی ڕێک لەبەردەم پەنجەرەکە دانابوو. لەوکاتەدا هەستی بە بێزارییەکی زۆر دەکرد لەبەرئەوەی ماوەی دوو ڕۆژ بوو نەچوبووە دەرەوە، مەگەر تەنها لەبالکۆنی ماڵەکەی تاوێک بوەستابایە و سەرنجی جموجۆڵی خەڵکی سەر شەقامەکەی خوار باڵەخانەکەی بدایە. لەپڕ بیرێکی خێرا بە مێشکیدا هات و بڕیاری دا بچێتە دەرەوە و پیاسەیەک بکات، باشترین پیاسەش ئەوەیە بەپێیان تا ناو بازاڕی میوەفرۆشەکان بڕوات، خێرا هەڵسایەوە و پانتۆڵ و کراسێکی لەبەرکرد و لە بەردەم ئاوێنەکە دەستێکی بەپرچیدا هێنا بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەسەر بێت، بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و دەرگاکەی نیوە ئاوەڵا کرد، بەڵام لەپڕ وەستا و چەند چرکەیەک لەشوێنی خۆی وشک بوو! پاشان دەرگاکەی داخستەوە و گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و پشت لە پەنجەرەکە لەسەر جێخەوەکەی دانیشت و قاچەکانی شۆڕکردەوە. دیاربوو بیرۆکەی پیاسەکردنەکەی زۆرباش نەبوو، دەستی کردەوە بەبیرکردنەوە بۆ ئەوەی کارێک بۆ خۆ سەرقاڵکردن بدۆزێتەوە، بەدەم بیرکردنەوە چاویوە، بە سەرجەم کونو قوژبنی ژوورەکەی دەگێڕا، ئەو ژوورەی هەرکەسێک لەگەڵ یەکەم بینین، دەیزانی ئەوە ماڵی پیاوێکی سەڵتی تەمبەڵ و بێزارە، کە ڕێک لە ژێر پەنجەرەکە جێخەوێکی چڵکن دانرابوو بۆنی ئارەقەی لێدەهات، کەمێک لەولاوەتریش لە قوژبنێکی دیوارەکە

عەسقییەکی جل هەڵواسین دانرابوو، چەند کراسێکی ڕەنگاوڕەنگی چڵکن کە میلوانەکانیان لەگەڵ ئارەقە زەرد دەچووەوە، لەگەڵ چەند پانتۆڵێکی ئوتوونەکراوی پێوە هەڵواسرابوو، ڕێک لە بەرانبەر جێخەوەکەش لەوبەرەوە مێزتەوالێتێک دانرابوو، کە درزێکی خواروخێچ لەناوەڕاستەوە ئاوێنەکەی دەکرد بە دوو بەش، لەسەریشی شووشەیەک بۆن و شانەیەکی چڵکن دانرابوو، لە تەنیشتیشی دۆڵابێکی دووچاوەی شلۆق دانرابوو، لەسەر دۆڵابەکەش دوو ڕۆمانی (کافکا) و لەتەنیشتیشی دەفتەرێکی بەرگ ڕەش دانرابوو کە قەڵەمێکی لە ناو هەڵگیرابوو، بەبینینی دەفتەرەکە بیرۆکەیەکی نوێ بە مێشکیدا هات و لەبەر خۆیەوە گوتی: ڕەنگە خۆخەریک کردن بە نووسین باشترین کار بێت بۆ سەرقاڵ بوون، بگرە زۆریش باشترە لەو بێ سەروبەری و ژاوەژاوەی ناو بازاڕی میوە فرۆشان.

به گورجی ڕاپەڕی و دەفتەر و قەڵەمەکەی هێنایە سەر جێخەوەکە و کەوتە بیرکردنەوە، پاشان دەستی بەنووسین کرد و نووسی (لەوانەیە هیچ شتێک بەقەدەر ژیانی مرۆڤ)، دەستی هەڵگرت و بەخێرایی چاوێکی بەدەوروبەریدا گێڕاو دەستی برد بۆ پاکەت و چەرخەکەی، کە لە لێواری پەنجەرەکەی دانابوون، دوای ئەوەی جگەرەیەکی داگیرساندو مژێکی قووڵی لێدا و دەستی کردەوە بەنووسین: لەوانەیە هیچ شتێک بە قەدەر ژیانی مرۆڤ بێ لەم گەردوونەدا مانا نەبێت، بێ مانایییەک کە هەموو مرۆڤێکی ژێر دەخاتە پێکەنین. گاڵتەجاڕی ژیان ئەلێرەوە دەست پێ دەکات کە تۆ دەخەنە ناو دنیایەکەوە بەبێ ئەوەی کەسێک پرسێکت پێ بکات! لەوەش خراپتر ئەوەیە کە کەسانێک جڵەوی ژیانت دەگرنە دەست کە نابێت ئەم مافە جگە لەخۆت هی هیچ کەسێکی تر بێت. تراژیدیای ژیان لەوێ دایە تۆ کاتێک هەست دەکەیت کە خۆت نەبوویت، بەڵکو لەلایەن چەند کەسانێکی ترەوە ئاراستە کراویت، کە تەواوی وزە و توانایی و گەنجێتیت لەدەست دەدەیت، گاڵتەجاڕیش ئەوەیە کە تۆش دەرس وەرناگریت، بەڵکو زۆرترین هەوڵ دەدەیت تا زۆرترین کەس بکەی بە کۆیلەی ویستەکانت.

مژێکی قووڵتری لە جاری پێشوو، لە جگەرەکەی دا و دووبارە دەستی کردەوە بەنووسین:

من لێرەدا هەوڵ دەدەم یاداشتەکانی ژیانی ڕابردووی خۆم بنووسمەوە، بۆ کەس نا، بۆ خۆم. هەمان کاری سەردەمانێکی تەمەنی گەنجێتیم، بەڵام ئەوەی ئەم جارە دەینووسمەوە خەون نییە، بەڵکو واقیعە و بەشێکە لەژیانی ڕابردووم. ئەم یاداشتە تەمەنی منداڵیم ناگرێتەوە، لە بەرئەوەی لەو تەمەنەدا شتێکم نییە شایەنی گێڕانەوە بێت، منداڵێکی شەرمن و ترسنۆک لە خێزانێکی قەرەباڵغ، هەمیشە لە پەراوێزی هەموو ڕووداوەکان بووم، تەنانەت ئەوانەشی کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە منەوە هەبوو. تەمەنی هەرزەکاریشم نا، لەبەر ئەوەی لەوێشدا وەکو هاوتەمەنەکانم لە تەمەنی خۆمدا نەژیاوم، چونکە دەبوو بەگوتەی باوکم کەسێکی ڕەوشت بەرز بوومایە و پیاوانە هەڵسوکەوتم بکردایە، ئەمەش بەلایەک کە هەمیشە بەزمی گاڵتەپێکردن و ڕابواردن لە ناو هاوتەمەنەکانم بە سەر مندا دەشکایەوە، سەرباری ئەوەش شەرمنییەکەم وەکو گێژ و گەوجێک منی لای خەڵکی دەناساند. ئەوەی دەیگێڕمەوە لە ساڵی یەکەمی خوێندنی پەیمانگام بوو، ئەوکاتە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بووم، خولیا و هیوای تازەترم هەبوو بۆ ژیان، بەڵام هێشتاش هەر شەرمن و ترسنۆک.

جگەرەکەی لە بەینی لێوەکانی بە دەمەوە گرت و کەمێک دەفتەرەکەی بەرزکردەوە دەستی کردەوە بە خوێندنەوەی ئەوانەی کە ئێستا نووسیبووی، دوای ئەوەی لە سەرەتاوە تاکۆتایی هەمووی خوێندەوە، مژێکی تری لە جگەرەکەی دا و دەستی کردەوە بەنووسین:

دوایین تاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵم کەوتە ناو مانگی شەش، ئەوکاتەش پلەی گەرما بە ڕادەیەکی زۆر بەرز ببووەوە، بەجۆریک تا ئەوکاتەی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بوومەوە، هەموو گیانم ئارەقەی کردبوو. بە خێرایی لە هۆڵی تاقی کردنەوە هاتمە دەرەوە، لەبەرئەوەی کراسەکەی بەرم بەهۆی ئارەقەوە تەڕببوو، هەستم بەبێزارییەکی زۆر دەکرد، لە هەمان کاتدا دڵخۆش بووم لەبەر ئەوەی لەژێر باری قورسی تاقیکردنەوەکان ڕزگارم ببوو، بڕیارم دا بەبێ دواکەوتن ملی ڕێگا بگرم و تا ماڵەوە نەوەستم، سەرم شۆڕکردبووەوە و بەدەم ڕێگاوە سەیری بەر پێیەکانی خۆم دەکرد و بە خێرایی بەناو داڵانەکە بەرەو لای دەروازەی دەرەوەی بەشەکەمان دەڕۆیشتم، بێ دەنگی باڵی بە سەر کەشوهەوای داڵانەکە کێشابوو، جگە لە تەپەی دەنگی پێڵاوەکانم لەگەڵ وششەی دەنگی ئەو پانکانەی لە ژووری مامۆستاکان دەهاتە دەرەوە کە سێ ژوور بوون کەوتبوونە کۆتایی داڵانەکە هیچ شتێکی تر نەدەبیسترا، بە پێش ژووری مامۆستاکاندا تێپەڕ بووم و چەند هەنگاوێک دوورکەوتمەوە، لە ناکاو دەنگێکی ناسک هاتە بەرگوێم و دوو جار بانگی کردم، دەنگەکە لە ژوورەکەی ناوەڕاستەوە هات کە دەرگاکەی بە نیوە کراوەیی هێڵرابووەوە، سەرەڕای ئەوەی دەنگەکە ئەوەندە ناسک بوو کە زیاتر لە ئاوازێکی مۆسیقا دەچوو، لەگەڵ ئەوەش هەر ڕایچڵەکاندم، بەڵام نازانم چۆن بوو گەڕامەوە و خۆم بە

ژووریدا کرد.
دوایین مژی لە جگەرەکەی دا، کە لە جارەکانی پێشتر کەمێک قوولتر بوو، پاشان قونکەکەی لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە دەرەوە و خێرا گەڕایەوە سەر نووسینەکەی:
کاتێک چوومە ژوورەوە بینیم فریشتەیەکی خودا لە پشتی مێزەکە، کە کەوتبووە لای سەرەوەی ژوورەکە دانیشتووە و بە خەندەیەکی نازاوی لێم دەڕوانێت، ڕاستییەکەی ئەوە فریشتە نەبوو، بەڵکو مامۆستاکەم بوو، بەڵام لە جوانیدا وەکو فریشتە وابوو، پرچی ڕەش و خاو و پڕ، دوو چاوی ڕەش و گەورە، دەموچاوێکی خڕ و ڕوومەت گۆشتن و ڕەنگی پێستی ئەسمەرێکی خوێن شیرین. ئەمانە هەمووی وەسفی ئەو بوون، کە بە سیحری جوانییەکەی تاڕادەی بە بتبوون لە جێگای خۆم وشکی کردبووم، من لەو دەمەدا خەریک بوو لەناو ئارەقەی خۆمدا بخنکێم، هەناسە سوار و واقوڕماو چاوم زەق کردبووەوە و سەیرم دەکرد، ئەویش زۆر بەئارامی بە خەندەیەکی بەردەوامی سەر لێوانی، ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانابوو هەردوو دەستیشی خستبووە ژێر چەناگەی و چاوی تێبڕیبووم، لەوکاتەدا دەمم داپچڕی و ویستم شتێک بڵێم، بەڵام چەندم کرد نەمتوانی یەک وشەش دەرببڕم، بۆیە کوڵم دا و بەناچاری دەمم داچەقاند و لەبەردەمیدا وەک پەیکەرێکی بێ گیان وەستام و سەرنجی قۆڵ و باسکیم دەدا، کە کراسێکی نیوقۆڵی ڕەشی پۆشیبوو لەجوانیدا دەتگوت مانگە لە ئاسمانێکی تاریکدا.
لە ناکاو هەمان ڕیتم و ئاوازی پێشوو ڕایچڵەکاندم، وەرە پێشەوە، بۆ لەوێ وەستاویت؟
وەک ڕۆبۆتێک کە قورمیش کرابێت لەگەڵ قسەکەی ئەو، ڕاستەوخۆ چەند هەنگاوێک تا بەردەم مێزەکەی چوومە پێشەوە، بە نزیک بوونەوەم ئەویش دەستی لە ژێر چەناگەی لادا و لە کەلێنی کراسەکەی کە قۆپچەی یەکەمی کرابووەوە نێوان مەمکەکانی دەرکەوت، ئەو دیمەنە زیاتر وروژاندمی و ئیتر ئەو جارە ئارەقە بە هەموو شوێنێکی جەستەمدا دەچۆڕایەوە، ئەویش هەر بە ئارامییەکەی خۆی سەیری دەکردم و پێدەکەنی و هەردوو دەستەکانی لەسەر مێزەکە دانابوو و بە پەنجەی دەستی لەدوای یەکتری مێزەکەی دەکوتا پاشان بە هێواشی دەستی لەسەر مێزەکە بەرەو لای من خزاند و دەستی ڕاستی گوشیم، لەوکاتەدا وەک ئەوەی کارەبایەکی بەهێز لێمی دابێت، تەزوو بە هەموو گیانمدا تێدەپەڕی.
هەوای ژوورەکە خنکێنەر بوو، تەنگە نەفەسی کردبوو، سەرێکی لە پەنجەرەکە دەرهێنا، بینی هەوا کەمێک فێنکی کردووە و جموجۆڵی ڕێبواران لەسەر شەقامەکە دەستی پێکردۆتەوە، لەپڕ دیسان بە بیریدا هات دەست لە نووسین هەڵگرێت و ئەو جارە بەرەو پارکەکەی نزیک ماڵیان بڕوات و هەوایەکی پاک هەڵمژێت. دەفتەرەکەی هەر بەکراوەیی لە سەر جێخەوەکەی بەجێهێشت و بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت، دەستی لەسەر دەسکی دەرگاکە داناو خەریک بوو بیکاتەوە، بەڵام دیسانەوە وەستا. دیاربوو لەم بیرۆکەیەش پەشیمان بووەوە، جارێکی تر گەڕایەوە سەر جێخەوەکە و قەڵەمەکەی بە دەستەوە گرت و ماوەی چەند خولەکێک سەری بەسەر دەفتەرەکەیدا شۆڕکردەوە و نیگای چاوەکانی لەسەر نووکی قەڵەمەکە وردکردەوە، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دوای ئەوەی کەمێک لەسەر جێخەوەکەی، خۆی ڕێک خست، دووبارە دەستی بە نووسین کردەوە: تا بەر لەو دەمەش من بایەخێکی ئەوتۆم بەو خەونانە نەدەدا کە شەوان دەمبینیت، بەڵام ئیتر لەمەولا خەون بوو بە بەشێک لە ژیانم، یان باشتر بڵێم هەموو ژیانم بوو بە چەند خەونێکی دووبارە، لەگەڵ خەونەکانم دەژیام و لەگەڵ خەونەکانم بیرم دەکردەوە، بە جۆرێک بەیانییان زوو هەڵدەستام و چەند کاتژمێرێکم تەرخان دەکرد بۆ بەبیر هاتنەوەی خەونی شەوی ڕابردووم، پاشان نووسینەوەی لەسەر دەفتەرێک کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەم کردبوو، شەوانیش زوو دەچوومە سەر جێگای نووستنەکەم و تا ئەوکاتەی خەو دەیبردمەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ خەونی ئەمشەوم دەبێت چۆن بێت، لەڕاستیشدا هەموو خەونەکانم تاڕادەیەکی زۆر لە یەک دەچوون و دووبارە بوون، کە ئەو خانمە مامۆستایەم ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕا کە هەمیشە مامەڵەیەکی جیاوازتری لە بەرانبەر من دەنواند، زۆربەی کاتەکان هەستم دەکرد میهرەبانانەتر لە قوتابییەکانی تر مامەڵەم لەگەڵ دەکات، هەندێک جاریش بە ئاشکرا هەستم دەکرد بە چاوێکی بەزەیی پێدا هاتنەوە لێم دەڕوانێت، تەنانەت چەند جارێکیش بانگی کردوومەتە ژوورەکەی خۆی و زۆر بەمیهرەبانییەوە پرسیاری ئەوەی لێ دەکردم ئاخۆ بۆچی هەمیشە لەناو قوتابییەکاندا کز و مات و دوورەپەرێز دەردەکەوم، لەو کاتانەش من تەنها سەرم شۆڕدەکردەوە و هیچ وەڵامێکم نەدەدایەوە، ئەویش زۆر چاوەڕێی وەڵامی منی نەدەکرد و دەستی دەکرد بە ئامۆژگاری کردنم و وانەی خۆشی ژیانی بە گوێم دادەدایەوە. ئەوە یەکەمین ئافرەت بوو لە ژیانمدا وا بەوجۆرە بایەخم پێبدات، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هەستێکی وام لەلا دروست ببوو کە نەمدەتوانی لە چەند چرکەیەک زیاتر سەرنجی چاوە گەش و جوانەکانی بدەم، سەرم بەرەو خوار شۆڕدەکردەوە و هەر چرکەیەکم لەلا سەعاتێک بوو، لەو کاتەدا تەنها ئاواتم ئەوە بوو کە زوو

ئیزنم بدات و لەو بەزمە ڕزگارم بێت، هەر لەبەر ئەوەش ئەگەرچی بە هۆی شەرمکردنەوە بەتەواوەتی ئاگام لە هەموو قسەکانی نەدەبوو، بەڵام هەر بەسەرلەقاندنی ئاماژە، بە بەڵێ قسەکانیم دەسەلماند.

هەرشەوێک جۆرە خەونێکم دەبینی لە هەموو خەونەکانیشم مامۆستاکەم بە ڕوویەکی گەش و جوان بە خەندەیەکی دلڕفێن سەیری دەکردم، بەڵام ئەوە من بووم ڕۆڵەکانم دەگۆڕان، شەوێک ڕۆڵی ئەفسەرێکی پاڵەوان، شەوێکیش ڕۆڵی مۆسیقاژەنێکی بە ناوبانگ و شەوێکیش ڕۆڵی سەرۆکی پارتێکی گەورە، کەم شەوان خەونی وام دەبینی کە مامۆستاکەم بەڕووتی و بە هەمان خەندەی جارانی بەرەو لام بێت، بەڵام نازانم بۆ هەرکاتێک دەمویست لێی نزیک ببمەوە خەونەکەم دەپچڕا و بە ئاگا دەهاتمەوە، لەوکاتەشدا هەستم بە ترسێکی زۆر دەکرد و ئارەقەی سارد بە ناوچەوانمدا جۆگەلەی دەکرد.

بە درێژایی سێ مانگی پشووی هاوین دەستپێکی هەموو کارێکی ڕۆژانەم ببوو بە نووسینەوەی خەونی شەوی ڕابردووم، خۆ ئەگەر بمویستبایە دەمتوانی بیکەمە ڕۆمانێک، بەڵام کێ ڕۆمانی گەمژەیەکی وەکو منی دەخوێندەوە!، نازانم بۆچی ئەم کارەم دەکرد، بەڵام هەستم دەکرد بەو کارە زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، تەنانەت ئەو شەوەشی ڕێک بکەوتبایە خەونم نەدیتبایە ئەوە بەیانییەکەی بۆخۆم چیرۆکێکم دروست دەکرد، هەمان چیرۆکەکانی خەونەکانی پێشوو، بەڵام ڕۆڵێکی جیاوازترم بۆخۆم هەڵدەبژارد، بەڵام دوایین شەوی پشووی هاوین، کە بۆ بەیانی یەکەمین ڕۆژی دەست پێکردنەوەی دەوامی پەیمانگام بوو، چەندم کرد نەمتوانی بخەوم تەنانەت هەر کاتژمێرێک لە نیوەشەو دەچووە پێش، زیاتر هەستم بە نائارامی دەکرد و دڵم خێراتر لێی دەدا، وەک ئەفسەرێکی سوپا کە لە چاوەڕوانی شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا بێت ترس و دڵەڕاوکێ هەموو هەست و هۆشی داگیرکردبووم، هەر لەگەڵ ڕۆژهەڵاتنیش خێرا کەوتمە خۆسازدان، ڕیشم تراشی و جلێکی تازەو جوانم لەبەر کرد و بۆنێکی خۆشم لە خۆم دا، ئەمە یەکەمین جارم بوو لە ژیانم وا بە خولق و خۆڵەوە بچمە پەیمانگا، لەوێش هێزێک لە دەرەوەی ویست و دەسەڵاتی خۆم پاڵی پێوەدەنام بۆ ئەوەی بچمە بەشەکەمان، تەنانەت گرووپێک لە هاوپۆلەکانم لە ناو گۆڕەپانەکە وەستابوون و خەریکی تەوقەکردن و یەکتر ماچکردن بوون، نەچووم بەلایاندا و بە خۆگێل کردن بە خێرایی بە بەردەمیاندا تێپەڕبووم و خۆم بە دالآنی بەشەکەماندا کرد، لەوێش گرووپ گرووپ کچ و کوڕ وەستابوون و بەدەم گاڵتەکردن و پێکەنینەوە غەڵبە غەڵبێکی زۆریان دروست کردبوو، چەندین جۆر بۆنی خۆش و جیاواز جیاواز دالآنەکەی پڕکردبوو، منیش بەدەم ڕۆیشتنەوە چاوم دەگێڕا و سەرنجی خەڵکەکەی ئەوێم دەدا، تا ئەو دەمەش تاڕادەیەک هەستم بە ئارامی دەکرد، بەڵام لە ناکاو دڵم خورپەی کرد و وەک ئەوەی ئاگرێک لە ناخم بەربووبێت، ئۆقرەم لێبڕا

ئەویش دوای ئەوەی ڕوخساری مامۆستاکەم بینی، کراسێکی سپی نیوقۆڵ، لەگەڵ تەنوورەیەکی ڕەشی کورت و پێڵاوێکی بنبەرز، نینۆکی دەست و پێیەکانی بە بۆیەی سوور ڕەنگ کردبوو کە جۆرێک لە ڕێکخستنی دروست کردبوو لەگەڵ گوارەکەی گوێی کە ئەویش ڕەنگی سوور بوو، بە لەشو لارێکی جوان بە هەمان ئەو خەندەیەی کە شەوانە لەناو خەونەکانم دەمبینی، بەرەو ڕووم دەهات و هێشتا بەتەواوەتی لێم نزیک نەببووەوە بە هەمان دەنگی ناسکی کە شەوانە لە ناو خەونەکانم لەگوێم دەزرینگایەوە سڵاوێکی کرد، لەو دەمەدا کەمێک گوڕوتینم بە خۆمدا و دەمم داپچڕی ویستم وەڵامی بدەمەوە، بەڵام لەناکاو دەنگێکی زبر و ناخۆش لە پشتمەوە بەرزبووەوە و بەگەرمی وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی سەیرم بکات بە تەنیشتمدا تێپەڕی بەدەم ڕۆیشتنەوە کەوتە گفتوگۆ و هەواڵپرسین لەگەڵی.

لەوە زیاتر نەیتوانی درێژە بەنووسین بدات، قەڵەمەکەی فڕێدایە سەر زەوییەکە و بە دەم هەڵکێشانی ئۆفێکەوە بە دەنگی بەرز گوتی: هەر بەڕاستی لە خەون بێزارم لەوەتەی بەبیرم دێت لە ژیانی خۆمدا، یان خەونم بینیوە، یانیش خەونم نووسیوەتەوە، باشە چۆن بتوانم بە ئارامی بخەوم بەبێ ئەوەی خەون ببینم؟، لەپڕ بیرێکی نوێتری بەمێشکدا هات، بەدەنگێکی نزم کە جۆریک لەرزینی تێدابوو گوتی:

ڕەنگە بتوانم لە خەوێکی ئەبەدیدا شتێکی وا بەدەست بهێنم، قەڵەمەکەی لەسەر زەوییەکە هەڵگرتەوە و لەسەر بەرگی ناوەوەی دەفتەرەکەی نووسی:

ئەم شەو شەوی ئاسوودەییە، ئەم شەو شەوی ماڵئاوایی خەونەکانە، ئەم شەو کەسێک دەمرێت.

**٢٥ی نیسانی ٢٠١١**



# له کۆڵانی تەنگەبەر

**تاهیر حامیدی**
**(سەقز)**

(١)

له خرمەی شووشەی پەنجەرەکەیان داچڵەکاین. وەها بە پڕتاو خۆم گەیاندە بەرپەنجەرە، تووشی ژانەسەر بووم. تائێستا قەت وەک دوێ شەو تێک هەڵنەچوون. هێواش سەرم بردە ئەودیو و بە تاریکایی نێو گەڕەکدا چاوم گێڕا و بڕێکی پێ چوو، هەتا چاوم بە تاریکایی داهات. ئەم سەراوسەری ئەو حەسارە بەرینەی کرد بە چوار شەقاو. دیار بوو خرمەی شووشەکە ئاوا خستبوویە هەڵەداوان. وایدەزانی دەمی لەسەر پشتیەتی. هەتا بەو هەموو پێپلیکانانەدا دەهاتە خوارێ ئەم دەیتوانی کلیلەکانیش بپشکنێ و قفڵەکەش هەڵگرێ، کەچی وەها خۆی دا بە درگا سێ تایبەکەدا لەوانە بوو لە گرێژەنە دەری بێنێ. ئەویش تەپوکوت بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ و بەم لاولادا هەڵی ڕوانی.

هەر چاوی بە فەیزەی باوکی کەوت، لنگێک لەم دیو و لنگێک لەو دیوی درگا خەریکی داگەڕانە، لە یەکێک لە گیرفانەکانی سەر دوولنگەکەی چەقۆیەکی دەرهێنا و هەڵی کوتایە سەری. دەنگ بۆڕی وام لە تەمەنی پازدە و شازدە ساڵاندا قەت نەدیوە. گوێم بۆ بڵدەبڵدی دەم هەڵاتنەکەیەوە هەڵخستبوو، کەچی هیچی لێ حاڵی نەبووم. نەمزانی بێجگە لە ئێمە، باقی دراوسێکانیش لە پشت پەنجەرەکان گوێیان هەڵخستووە و مڕەیان لە خۆیان بڕیوە فەیرۆزیش هەر بەو نەزمە بە درگادا هەڵگەڕا و لەبەر چاومان ون بوون.

تازە خەریک بوو سرت و هۆری خەڵک پەرە بسێنێ، زاق و زروقی دایک و خوشکەکانی وا بەرەو حەسار دادەگەڕان لە کوتوپڕدا خەڵکی بێ دەنگ کردەوە.

دایکیان لەو چەپکە کلیلەی وا بە پشتوێنەکەیەوە شۆڕی کردبوونەوە، خێرا کلیلی درگای حەوشەی خانەکەی دۆزییەوە و دوای کردنەوەی درگای حەوشە سێ قۆڵی بە شوێنی ئەواندا تێیان قوچاند.

نیو سەعاتی پێ نەچوو، چاوترووکانی چرای ماشینی پۆلیس وا هەتا نزیک درگای خانەکە، نزیک بیۆوە هەمدیسان سرتەی لە خەڵک چنی و هەراووریای ئەوان بە شوێن شەوقە سوور و شینەکەدا دەستی پێ کردەوە. فەیزە تەقیلەی لێ لار ببوو و ژن و دوو کچەکەی دابووە بەر. دەهات بە زللە لە گوپی خۆی دا و بە حاڵ لە ڕوومەتی کەوتبوو، قەپی لە قامکی خۆی دەگرت. کچە چکۆلەکەی بە دەنگێکی زیقەوە قسەیەکی پێکرد و ئەم بەردێکی زلەی لێ هەڵگرت و بۆی خست. بیگرتایێ سەری دەپلیشاند. بە زللە و پاڵ تێوەنان هەر سێکیانی کرد بە ماڵدا. بە شوێن بێ دەنگ بوونی ئەواندا خەڵکیش بێ دەنگتر بوون و لەبەر پەنجەرەکان خۆیان دزییەوە.

سرتە بێ و لە ماڵی ئەوانیشەوە هەڵنەستاو من لە باتی ئەوان بوومە قەرەوڵی خانەکە و دەمەوبەیان سێبەری فەیرووزم دی بێ چرکە و بە دزە دزە بە درگاکەی پشتەوەی خاندا هەڵگەڕاو خۆی خستە ژوورێ.

(٢)

هێندە پڕووپووچن وادەزانم هەرنیشن. دایکت لە کۆڵیان نابێتەوە و هەر بەحاڵ ورتەیەکیان لێ هەڵدەستێ، ئەم دەچێتە پشت پەنجەرە و سەیریان دەکات. ئاخری دەزانم ئەمیش بەرپلاری جنێو دەکەوێ. بڵێ چیت بەسەریانەوە داوە؟

تۆ لێرە نیت و ئەمە گریمان ساڵی دوو، یان سێ جار لە ماڵی ئێمە شەوت دووراند بە ڕۆژەوە. تۆ نازانی ئەو ڕۆژە چی بە دانەیەک لە دووکاندارەکانی نێو حەساری خانەکە کرد. وەها بە هەڵمەت و جنێوەوە ئاوقەی بوو چاوە شووشەکەی خەریک بوو لە چاوگە دەرپەڕێ. عەلی خان لە خۆوە فەیزەی نەکردووەتە قەرەوڵی حەسار و خانی خۆی. تۆ خۆت خانووی خۆت هەبێ و بێ منەت لە ماڵی خۆتدا لاقی حەسانەوەی لێ ڕاکێشی، بۆ دەبێ بیدەی بە کرێ و خاووخێزانت بێنیتە نێو ئەم هەمموو دووکاندارانە و لەو سەرە هەڵیان نیشێنی؟ قەت بەوە ڕازی نیم کارت پێیان دابێ و تەنانەت بە دزێنی و تەلەفۆنیش لای عەلی خان ناویان بدرکێنی، کەس لەم گەڕەکەدا پیاو نییە تۆ نەبێ؟ ئەو خەڵکە پێیان قەڵس بن مشووری خۆیان دەخۆن!

هێندێک لەمەوپێش لەگەڵ یەکێکی دیکە لە دووکاندارەکان قسەیان لێک هەڵبەزی. ئەمجار باوکە خۆی لە قڕە دزییەوە و فەیرۆزی کوڕی وای دەنواند ناهێڵن لە ماڵ دەرپەڕێ بۆیان و هەر لە پەنجەرەکەوە ئەوەی بەسەر زاریدا دەهات نەیدەگەڕاندەوە. جنێوەکانت لەسەر نان دابنایە سەگ بۆنی پێوە نەدەکرد. پێم وابێ سەد جار داری لە کوێ و کوێی ئەو پیاوە ڕیش سپییە کوتابێ و ئەو و سەرجەمی خەڵکیش ڕوویان کردبووە سەرێ و بەرانبەر بەو، کڕومات چاویان دەترووکاند.

(٣)

چاومت دیوە؟ بۆ لە خۆوە چاو ئاوا دەماسێ؟ دوێ شەو هەتا سبحا خەو نەچووەتە چاوم! زوو زانیم بەوەیدا ماڵی باوکت بێ دەنگن و هیچیان پێ ناڵێن تۆ لەوێ نەماوی. لێرە بوایەتی قەت ئاوا قەبووڵت نەدەکرد. ئەو جانەوەرەی کوڕیان بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو وا دەچووە حەوشەی خوارەوەی خانەکە و لەوێ دەنگی لێ بەرز دەبووەوە؛ ئەمجار لە درگا چکۆلەکەی پشتەوە هاتبووە ژێر پەنجەرەکانی ئەو ڕیزەی ئێمە و بەرەو ژوور دەینەڕاند. دایکی هەر لێی دەپاڕاوە و باوکیشی لە تەنگەبەرایی ئەوسەری کۆڵاندا گازی لە دەستی خۆی دەگرت و بەدەست و ڕانی خۆیدا دەدا. دارودیوار لەبەر دەنگی دەلەراوە و کەسیش پێی سەیر نەبوو. ئەونەی پێ نەچوو ژنان بە لەنجەولار لە ماڵ هاتنە دەرێ. بە پارێزەوە خۆیان خستە ناوقوولە و هەراهەراوە و کوڕەیان تەخسیربار دەکرد. ئەویش دە ئەونەی تر دەنگی هەڵدێنا و ناوی شێخ و پیری دەکرد بە ناونجی. زۆری پێ سەیر بوو هیچ کەس باوەڕی پێ ناکات و حەقی پێنادەن. زوو زوو دەینەڕاند: «کوڕە بیکەن بە خاتری کێ و کێ با ئەو دارودیوارە نەدەمە بەر چەقۆ بۆ باوەڕم پێ ناکەن؟!»

هەر نانی شەو دەخوات لە ماڵ دەردەپەڕێ و دەگاتە نیوەشەو پەیدا دەبێتەوە و ئێمەش چاوەڕوانین قوولە و هەرایان لێ بەرز ببێتەوە. نەک بڵێی هەروا گوێمان نەهەڵخستبوو! دە جار زیاتر زەنگمان لێدا و بە ڕاستی بە ڕوویەکی خۆش و لێدوانێکی شیرینیشەوە جوابیان دەدایەوە، بەڵام کەس بە پیرەوە نەدەهات. ئاخری یەکێک لە تەلەفۆن چییەکان لێی جووڕا و گوتی: «ئەمە قڕەی بنەماڵەییە و زۆر فڕی بە ئێمەوە نەداوە. خۆیان لە یەک ساغ دەبنەوە و ئاو بەسەر ئاوردا دەکرێ».

تەنیا دۆلار، تەنیا دۆلار، پڕ بە گیرفانی خۆت دۆلارت

هەبێ و بچیـتـە ئەو وڵاتە ڕۆژئاواییـانە. بچی و لەوێ ڕابـبوێری. ئـەوە ژیانە ئەوان دەیکەن. هەمـوو شـتێکیـان لەسەر جێی خۆیەتی. چیت لەم شیڕوهۆرە داوە. ئارامیان لێمان هەڵگرتووە.

تۆ بلێی لە خۆیان سەیرتر کێیە؟ ئەمان شەڕیان کرد و تەواو بوو. هەتیوە سەری خۆی هەڵگرت و بەو نیوە شەوە ڕۆیشت. باوکی هەر بە حەساری خاندا هاتوچۆ و لێو و دەست کرۆشتنی بوو و دایک و خوشکەکانیشی چوونە ماڵێ، کەچی ژنانی گەڕەک چەندێ دوای ئەوەش هەر خەریکی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و دەرخستنی پێچوپەناکانی ڕووداوەکە بوون! بە هیچ بارێک نەدەڕۆیشتنە ماڵێ، بە کۆڕ هەتا بەری بەیان لەو بەرەدا دانیشتبوون و خەویان لێمان تاراند.

(٤)

سێبەرەکان بە کۆمەکۆم لە پەنجەرەکەی پشتەسەرمەوە دێنە ژووری و بە ناقاییلییەوە خۆیان دەکوتن بە دیوارەکەی بەرانبەرمدا. دەست و مەچەکێکی قەوی و قۆڵ پرچێکی فەریکەی لەخۆیەوە ئاڵاندووە. چەند کەسی دیکە پشوویان سوار بووە و بە پڕتاو لە هاتوچۆدان. بە هەمووویانەوە تێدەکۆشن پرچی لە دەست داماڵن و دەربازی کەن. دەستێک حەوا دەکەوێ و قامکە کەڵەی دەتەپێتە سەر زامنێکی شەرمەزار. کرتەی زامن زیرەی کەرۆیشکێکی بەر لە سەربڕینی بە شوێنەوەیە. زیرە لە جەرگ کار دەکات و لە ئێشی چەپکە قژی هەڵکەندراو ناترسێ. وادیارە مشتوو بۆ سەربڕین و لووت و گوێ کردن یارمەتی نادات.

شەوقی پشت سەریان لە پای چەند خولەک لەوە پێش چاوکراوەترە. نایەوێ ئیدی سرپۆشیان بۆ بکات. هەر چۆن دەکەونە بەر لێزمەی درەوشانی، ڕاستەوخۆ هەڵی دەگرێ و دەیهێنێتە سەر پەردەی دیوارەکەی بەرانبەرم.

دوو دەستی پیاوانە لێفەیەکی چڵکن بە هەردوو دەست بەسەر دەمی چەقۆدا دەدەن. لەپی دەستی پڕ لە مشتوو بێ مەیل نییە شل ببێتەوە. زیرەی دوو ژنی دیکە و خۆ ڕنین، لە ئەستووری لێفە و قەوەتی دوو دەستی پیاوانە بەهێزترە بۆ لە دەست داماڵینی چەقۆ.

هەڵبوونی لامپەکان سێبەری سەر دیوار هەڵدەلووشێ. پێخەف نامگرێتە خۆیەوە و دایکم بووەتە لەمپەری لە ماڵ دەرپەڕینی میوانەکەی ئەم شەویان. میوان گوێ بە تکاو پاڕانەوەی خانەخوێ نادات و بە پلیکانەکاندا دادەگەڕێم. خەڵکی گەڕەک لەژێر دەمامکی تاریکیدا بە ڕیز خۆیان مەڵاس داوە. چاویان بڕیوەتە پەنجەرەکانی سەرێ و سرت و هۆڕیانە.

– دەیەوێ خوشکەکەی لەسەر قسەکردنی تەلەفۆنی لەگەڵ کوڕاندا سەر ببڕێ.

– داوای بەشەماڵ لە باوکی دەکات و دەیەوێ لێیان جیاببێتەوە.

– هەر چاوی بە باوکی هەڵنایێ و پێکەوە نالکێن.

– هێشتا سەربازی نەکردووە و داوای ژنیان لێ دەکات.

– باوکی بە نۆکەری عەلی خان دەزانێ و دەیەوێ بچنەوە ماڵە بەکرێ دراوەکەی خۆیان.

لەنێو سرتە و ورتەورتی تەنگەبەرایی کۆڵاندا ئاگایان لێ نییە لە ماڵ دەرباز بووە و لەولاوە بەنێو حەساری خاندا ماڵی بەجێ هێشتووە. بە نیانی و بێ قسە و دەنگ کۆڵان بەجێ دەهێڵم و لەوبەرەوە دەچم بەرەو درگای سێ تایی حەسار. هەست بە لووشکەلووشکی پیاوێک دەکەم لە تاریکاییدا هەڵتووتاوە و لە تەنیاییدا دەستم بۆ درێژ دەکاتەوە و یارمەتی لێم دەوێ. تکا دەکات بچم بە شوێنیدا و بیهێنمەوە. نەهێڵم بڕوات. سەری دەنێتە نێو لەپی دەستی و زۆرە زۆر دەگری: «فەیرۆز بەجێمان مەهێڵە. توخوا ڕۆڵە بەجێمان مەهێڵە. فەیرۆز ماڵمان بێ تۆ... فەیرۆز..».



# ئارڤان

**لوقمان سلێمان**
**(عەفرین)**

وەلا من ژ دیا حسێن پرسی؟ خوەدێ خێرکە ئەڤ چ ب تە هاتیە ئەڤ تە خێرە چقاس پۆزێ تە خوارە مرۆڤ دبێژێ مە نانەک خواریەو تە قەتەک خواریە....!؟

دیا حسێن گۆت: ما چ خێرەو چ حال، ئیرۆ سەرێ مەهەکیە تو ژ مالا خوە دەرکەتی تو نابێژێ ئەز خوەدی مالم خوەدی زارۆکم ئەڤ زارۆک مرنە مانە برچینە، تێرن تازینە ما تو باڤێ خەلکێیی سەرێ یەکی بێشێ زارۆکەک ژ بەر یەکی هەرێ تێ ب وان ڤە ببەزێ...!؟ تو دزانێ ژ دە رۆژان ڤە دووڤێ مشک د مالا مە دە سپی نابێ.

وەلە من دەستێ خوە ب سەرێ وێ دە ئانی.. هوون دزانن دەما کو مێر دەستێ خوە ب سەرێ خانما خوە دە تینێ. نەخاسم کو ژ زوو دە ژ مال دەرکەتبێ و یەکێ وەکا باڤێ حسێن... وێ چاخێ خانم هەر تشتی ژ بیر دیکێ و یا دی هوون دزانن ئەز ب خوە نابێژم هوون دبێژن هوون ب کەیفا خوەنە. وەلە من ژێرە گۆت: نها ئەڤ قاس خەیدا تە ژ بەر ڤێ یەکێیە...؟

دیا حسێن گۆت: ما ژ ڤێ مەستر هەیە؟ کا ژ من رە بێژە دەما کو زارۆک برچیبن و تشتەک نەبێ کو تو بدێ وان و ئەڤ زارۆکێ هوور و نەخاسم سالەک وەکا ئیسال نەکار نە.... ها

من گۆت: ما چاوە ژ ڤێ مەستر نینە.؟!

دیا حسێن گۆت: کا چ ژێ مەستر هەیە کو مرۆڤ وەرێ مال و زارۆکێ مرۆڤ ژ نێزا بگرین و خوارن نەبێ مرۆڤ بدێ وان...؟

من ژێرە گۆت: ئەزێ ژ تە رە بێژم چ! مەستر هەیە ژ برچی بوونێ..

دیا حسێن گۆت: دەکا بێژەوەکا چ...!

من گۆت: مەیزێ ژ ڤێ خرابتر ئەوە کو مرۆڤ د وەلاتێ خوە دە بیان بێ و وەلاتێ مرۆڤ ل بەر چاڤێ مرۆڤ وەرێ دزین و ملەتێ تێدە وەرێ پەرچقاندن ل بەر چاڤێ مرۆڤ و ل بەر چاڤێ جیهانێ و کەس دەینەکە...!؟ ئەڤ یەک.

یا دی دەما کو ل بەر چاڤێ تە و بناڤێ کوردیتییێ ملەتێ تە وەرە فرۆتن و تو نکاربە تشتەکی .. تو دزانە بندەستی ژ

هەر تشتی نەخوەش ترە بلا مرۆڤ بێ.عول بە، بلا مرۆڤ برچی با بلا مرۆڤ بێ خانی بە لێ بلا وەلاتێ مرۆڤ نەوێ دزین و مرۆڤ نە بندەست بە.. دیا حسێن بندەستی پڕ نەخوەشە. تو دزانێ ژ کوراهیا دیرۆکێ ڤەب هەزارا کوڕێ جامێرا خەلکێن مێرخاس و ب ناڤ و دەنگ دا کو بندەست نەبن خوەکوشتنە. لێ دێمەک تو خوەشیا ئازادیێ نزانێ. لێ ئەو ژی ڕاستە ژ بەر تە ئازادی نەدیتیە. ژ بەر کو ئازادی ژی نە ب هێسانی تێ... لەیسە. چیرۆکا مە نە ئەڤە ئەمێ وەرن سەر چیرۆکا خوە.

من گۆت: کا تە ئارڤانێ خوە چ کریە، ئەزێ ژ تە رە هەڕم ئێش تەڤلی ئەز نەیێ چوونا ئێشم...

دیا حسێن گۆت: ژ دە ڕۆژان دە من چێکریە..ئێ هوون د زانان من نەخچ خچەو نەکچ کچەکا ئەزێ چاوە هەڕم ئێش. وەلە ئەز کێلیکی مام رامیام. من د سەرێ خوە دە بر و ئانی. وەلە من دا خوە ئەز ڕابووم شپیا سەکنیم ,من دەستێ خوەکرن کێلا خوە دە و من بهنەک ژ کوراهیا دلێ خوە کشاند و ئەز ژ مال دەرکەتم. من بەرێ خوە دا بێندەرێ گوند..!؟

دیا حسێن ل پەی من دەرکەت. باکرە من کا تێ چبکێ تێ ب کو دە هەڕێ..! من دەینەکر ئەز چووم. ئەز ل وان دەرا گەڕام ل ڤی ئالی ل وی ئالی وەلە من میرۆستانەک ژ بنێ پنەک بەرەڤران دەرخست و من ئانی ل بەر گهێ مالێ گرێدا.. ب سەرێ وە گۆتنا نەوەیی د دەڤێ من رە دەرناکەڤە. چاخێ کو من ئەو میرۆستان ئانی ل بەرگهێ مالێ گرێدا.. یابۆ ژنکێ خوە دینۆ مینۆ کر گۆت: تو کەنێ خوە ب من دکێ ئەڤ چیە تە ئانی و ب تەپا ب سەرێ خوە کەت.. خوەدێ وەکالێ من و وە بێ تونە مابوو ئەز ژنکێ ل سەر وێ گێرکێ بەردم. لێ خوەدێ ستران و ب کوتەکێ و هەفتێ بەلایی من ئەو ڕازیکر. من گۆتیێ: کا بسەکنە کەچکۆ ئەزێ ژ تە رە بێژم. وەلە ئەزێ ژ تە رە بێژم. هوون دزانن من شەش مەها ل بەر وێ دایەتا کو من ئەو ژنک ڕازیکریە هەردوو چاڤێ من و باڤێ من دەرکەتن.. یابۆ ئەز ژ وەرە دبێژم ما نەچێترە کو ئەز هەڕم دەڤێ خوە ل بەر جیرانێ خوە خوار بکم تا کو قانترێ خوە بدە من ئەزێ هەڕم ئێش و یان ددێ و یان نادێ من. چما ئەز ئارڤانێ خوە بێ منەتی ب میرۆستانێ نابن نە منەت و نەتشتەک مانە ئەو ژی خوەدێ چێکریەو قانتر ژی خوەدێ چێکریە... من ژ دیا حسێن رە گۆت: ما ژ بیرا تە چوویە وێ سالێ دەما کو مێڤانێ مە هاتن و تە چوو کەڤچیێ چایێ یێ تەڤدانێ ژ جیرانا خوەست. مانە جیرانێ مە ژ تەرە گۆتن: ئیرۆ سێ ڕۆژە کەڤچیێ مە ل باژێرە و هێن نەهاتیەو دبن ڤێ هجەتێ دە نەدانە تەو ژ تە رە گۆتن وەلە بەریا تە مالا جیرانێ مە هاتن برن. ما ڕاستبوو کو کەڤچیێ چایێ دابوون جیرانا ما تە دیتیە کو کەس کەڤچیێ چایێ ژ جیرانا خوەستی

لەیسە.. وەلەمن تێرا ئارڤانێ خوە بێ منەت ئاڤێتە سەر پشتا میرۆستانێ و ئەز د سەردە ژی سوار بووم و من بەرێ خوە دا ئاشێ خوە. ئەز چووم لێ ئەز چ ببینم ڤا بهتر ژ بیست کەسا وێ ل پێشیا منن. و هوون دزانن ئاش ب خوەیێ ئاڤێ یە کا یابۆ ئەزێ چبکم. ما من گۆتبوو بلا ئاشێ ئاڤێ چێبکن. وەلە من بارێ خوە دانی و من میرۆیا خوە بر ب تایەک خەرنووفێڤە گرێدا و من هن گەنم دانی بەر و ئەز دەرباسی ئێش بووم. من دی ڤا یێ ئاشڤان ل ور ڕوونشتیەو شەبەشەک ل پێشیا ویە. و نیزیکی بیست زلاما ل دۆرا وینەو کێر ب کەسیرە نینە دا کو شەبەشێ خوەبشکینن. کێر بوهانەنە هەر کەس دکارێ کێرا وەرگرێ. کی دکارێ کێرا ب هەوینەیێ کو کێرەک د مالا ویدە هەبە وەک تەکسیک ل دەرێ مالا وی بێ... دووڤرە کێر قەدەخەبوون زلامێ کو کێر پێرە بهاتا گرتن خوەدێ ژ دیا وی دستاند. نەکێمی بیست سالان وێ خوەدیێ کێرێ وندا بووبا بێ کو کەس زانبێ ئەو ل کیژان زندانێ یەو ل جەم کیژان دەزگهیەو کەسی نەدوێری کو لێ ژی بپرسن و کێر ژی دهات گرتن. ژ بەر کو د وێ دەمێ دە گۆتن: سیستەم ب کێرا دکەڤن و هێرفاندن و کوشتارێ مەزن ب کێرا تێنەچێکرن. ملەت ژ ناڤێ کێرا دترسا. نەخاسم ژ سالێن شێستان و ڤردە. ژ لەوما پشتی کو سیستەمێ وەلات ب هەمی ڕەنگان ب دەستێ خوە کر کێر قەدەخەکرن. ما نایێ بیرا وە دەما کو جەمال ئەبدلناسر بزن قەدەخەکرن و کەسی نەما دکاری بزەنەکی ژ زارۆکێ خوە رە خوەدی بکێ. ژ لەوما یێ کو بزن خوەدی کربان دڤیبوو ئەو ل زندانێ بەو بزنا وی ل مال بە.. ما نە هوون دزانن نە یەکێ وەکا من با نەدکاری کێرا خوەدی بکەو کێر نەما بوون یا من ژی ب راستی نە کێر بوو لێ هەما من ژ خوە رە ئەڤ ناڤ لێ کربوو چمکی کێرا من کەڤن ببوو. و یا ڕەحمەتیێ برایێ من بوو.و وی ئەو کێر ژ بەیروودێ ئانیبوو. ما نە هوون دزانن چاخێ کو لەشکەرێ مە ل بەیروودێ بوو چڤاس مالێ لبنانیان دزین و چ ئانین سەرێ پیرەکێ وان.... هنا ژ من رە دگۆت: ئەڤ نەکێرە شەرمە کو تو دبێژێ من کێر هەیە ژ بەر کو ئەڤ مالێ دزیێ یەو تم چاڤێ خوەدی لێیە.... وەلە من کێرا خوە ژ بەریکا خوە دەرخست و من دا دەستێ ئاشڤێن. هوون دزانن کێرا من هێن یا ڕەحمەتیێ کالکێ من بوو و کالکێ من ئەو ژ یەکێ جۆرجی ستاندبوو و دابوو برایێ من و یێ جۆرجی ژی جارەکی ل بەر من گۆت: لێ د ئەزایا باڤێ من دە من دی زلامێ مەزن د گۆتن: ئەڤ کێر ژ ناڤ ڕۆسا هاتیە هنێ دی د گۆتن ڕاستە ئەڤ کێر ژ بەر مای یێ جەنگا قورمە. لێ ما چ کێربوو خوەدێ وە کالێ من و وەبێ ڤا ئەز کەتم شێست سالی هێن من کێرێ وەکا وێ نەدیتنەو دبێ کو ئەز نەبینم ژی.......



# بەردی ئەوین

**عیرفان نەزەر ئاهاری**
**لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی**
**(بۆکان)**

زەوی عـاشق بوو، ئاور پژێنی کـرد و هەزاران هەزار بەردی ئاورین چوو بۆ حـەوا. خـودا یەکـێک لەو هەزاران هەزار بەردە ئاورینەی دا بە من تا لەنێو سنگم داینێم و بیکەم بە دڵ.

ئێسـتـا هەر کـات ڕوحم دەبیـەسـتێ، بەردی ئاورینم سـارد دەبێتەوە، بە تەنیا بەردێکی لێ جێ دەمێنێ و هەر کاتیش کە عـاشـقم، بەردی ئاورینم گڕ دەگـرێت و تەنیـا ئاورەکـەی بەجێ دەمێنێ.

ببوورە کە ڕۆژێک بەرد و ڕۆژێک ئاورم.

ببوورە کە لە سنگمدا بەردێکی ئاورین هەیە.

**لافاوی ئەوین**

عـاشق بوو، ئەوین دڵۆپ دڵۆپ لە پشت دڵیدا کۆوە بوو، تاکو ڕۆژێ دڵی درزی دا و ئەوین لە درزی دڵییەوە ڕژایە دەر. لافاوێک لە ئەوین هەستا و ئەوین دنیای لەگەڵ خۆی برد.

بۆ سبەینێ خودا دیسان دنیایەکی تازەی ئافراندەوە.

...

بەڵام خەڵک نازانن دنیا بۆچی ئەوەندە تازەیە، چونکە نازانن هەمـوو ڕۆژێ کەسێک عـاشق دەبێت و هەمـوو ڕۆژێ لافـاوێک لە ئەوین هەڵدەستێ و هەمـوو ڕۆژێ ئەویـن دنیـا لەگـەڵ خـۆی دەبا و خـوداش هەمـوو ڕۆژێ دنیـایەکی تازە دائافرێنێ!

**ڕەنگی ئەوین**

درگا و دیواری دنیا ڕەنگاوییە. ڕەنگی ئەوین. خودا دنـیـای ڕەنگ کـردووە. ڕەنگی ئەوین، ئەم ڕەنگەش هەمـیـشـە تازەیە و هەرگـیـز ویشـکەوە نابێت. بە هەر لایەکدا بڕۆی، بەرگـەکـەت لە سـووچێک دەکـەوێ و ڕەنگاوی دەبێ، بەڵام خۆزگە ئەوەندەش بە پارێز نەبایەی، دڵخۆش بـەو بێ ترس تێپەڕە، چونکە خـودا کەسێکی خۆشتر دەوێ کە بەرگەکەی ڕەنگاویترە!

**سەرچاوە: ماڵپەری تایبەتی عیرفان نەزەر ئاهاری (www.nooronar.com).**



## فەتاح ئەمیری:
## من دە ساڵان گوێم هەڵخست فێری ئەوە بم خەڵکی لادێ چۆن قسان دەکەن، بۆ ئەوەی ڕۆمانێکیش بنووسی دەبێ زۆرت ڕۆمان خوێندبێتەوە.

**ئا: خەبات ڕەسووڵی**

پتر لە پێنج سەد ساڵە کە ڕۆماننووسین و ڕۆمان خوێندنەوە لە ئەوروپا بۆتە کولتوور و تائێستاش سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و کێشە و گرفتی ڕۆژانەی خەڵک و گۆڕانی ژیان بەشێوەیەکی گشتی لە سەدەی نوێدا، ئەو کولتوورە هەروا پارێزراوە و بەرگ و ڕەنگێکی نوێی وەرگرتووە.
هەنووکە بە هەزاران کتێبخانەی ئەلیکترۆنی بەچرکە ڕۆژانە خزمەت پێشکەشی خوێنەران دەکات و بە ملیۆنان کتێبیش لەسەر ئینتەرنێت دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت. مێژووی ڕۆمان بە شێوازی نوێ لەلای گەلانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و لەلای گەلی کورد بە تایبەتی هێندە کۆن و لەمێژ نییە، بەڵام ڕۆژهەڵات کانگای ئەفسانە و حەکایەت و بەسەرهات و بەیت و ڕووداوی سەیرو سەمەرەیە و ئەو چیرۆک و حەکایەتانە بەشی سەدان ڕۆمانی جیهانی قسەیان بۆ گوتن پێیە. ئەوە بێجگە لە ژیان و مێژووی نوێی ئەو ناوچەیە و دنیا کە هەوێنێکی بەهێزن بۆ نووسەران و ڕۆماننووسان. ڕۆمانەکانی کاک فەتاح ئەمیری سەر بەو قوتابخانەیەیە کە گرینگی بەو سامانە نەتەوەییە دەدەن و هەوڵی بە ڕۆژ کردنەوە و پاراستنی ناوەرۆک و زمانی کوردی دەدەن.
بەخۆی دەڵێ دە ساڵان دانیشتم تەنیا گوێم دایە بەساڵاچووانی گوندەکانی موکریان بۆ ئەوەی وشەیان لێ فێربم و کەڵکیان لێ وەربگرم. بەرهەمی ئەو خۆ ماندووکردنانە (هاوار بەرە) و (میرزا) و (زیندەخەو)ن، کە سەرەڕای ناوەرۆکی دەوڵەمەندیان بوونەتە هەنگوینی وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی و کورد گوتەنی خوێنەر بە خوێندنەوەیان چاو و دڵی ڕوون دەبێتەوە.
گۆڤاری ڕامان بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کاک فەتاح ئەمیری بکات و ئەویش بە دڵێکی ئاواڵەوە پێشوازی لە داواکەمان کرد.

**رامان:** سەرەتا پێمان باشە بزانین لە کوێ و لە چ ساڵێک لە دایک بووی؟

**فەتاح ئەمیری:** من ڕۆژی (١/١/١٣٢٥) هەتاوی واتە ساڵی (١٩٤٦)ی زایینی لە گوندێکی سەر بە شاری بۆکان بەناوی (مەنیچێر) هاتوومەتە سەر دنیا و لە دایک بووم. ئەو ڕێکەوتە، ڕێکەوتی سەر ناسنامەکەمە، بەڵام ڕەنگبێ هەڵەبێ، لە ساڵەکەی دڵنیام جا مانگ و ڕۆژەکەی نازانم تەواوە، یان نا. باوکم ناوی (حاجی عەلی خانی ئەمیری) بووە و دایکم ناوی (سارا خانمی شەمسەدینی) بووە. باوکم لە تایەفەی بوداغ سوڵتانە و دایکیشم نەوەی شێخی بورهانە.

**رامان:** بەو حەسێبەی لە هەردوو لاوە لە بنەماڵە بەناوبانگەکان و دەست ڕۆیشتووەکانی، دەبێ پێش ئێوەش کەسانێک هەبووبن خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووبن و شتیان لەپاش بەجێ مابێ؟

**فەتاحی ئەمیری:** بەو شێوەیەی ئێستا ئێمە مەبەستمانە، واتە ڕۆمان و شیعر و پەخشان، یانی بەرهەمێکیان لەپاش لێ بەجێ مابێ، پێم وانییە ئەوەمان هەبووبێ، بەڵام بنەماڵەی ئێمە، بنەماڵەی دایکم و باوکم زۆر خوێندەوار بوون، باوکم لە سەردەمی خۆیدا پێم وایە لە موکریان کەمتر کەسێکی ئاوا شارەزا و میرزا هەبووبێ، تەنانەت من لە بنەماڵەی خۆمانم بیستووە کە باوکم سۆفی بووە و موریدی مەولانا سادق بووە، مەولانا سادق پیاوێکی مەرزینگ بوو کە ببووە خەلیفەی شێخی بورهان. دوای شێخ، مەولانا محەمەد سادقی مەرزینگ کە پردی قەڵاتاسیان کە دەکەوێتە نێوان عیراق و ئێرانەوە، ئەو دروستی کردووە، پێم وایە ئێستاش دەبێ مابێ، من بەخۆم نەمدیوە، بەڵام وەک بیستوومە ئەو پردە هەرماوە، یان ڕێگای بەسری کە لە مەهاباد ڕادێ ئەو دروستی کردووە. بە کورتی مەولانا پیاوێکی گەورە بووە، مەولانا جارێکی بە باوکمی کوتووە نامەیەک بۆ (دەرباری ڕەزاشا) بنووسە، بەڵام نامەیەکی ئاسایی بنووسە زۆر پێداهەڵگوتن و شتی لەگەڵ نەبێ، باوکم کاغەزێکی زۆر زوو بۆ نووسیوە، نازانم باسی چ بووە، نامەکەیان ناردووە بۆ تاران، کە لە دەربار چاویان لێ کردووە. وەک من بیستوومە، دیتوویانە لەناو دەرباری شادا میرزای ئاوایان نییە کە بتوانێ نامەیەکی لەو چەشنە بنووسێ، ئەو نامەیەش کە زانیویانە لە موکریانێ ڕاهاتووە و بەهۆی ماڵی (فەرمان فەرما) کە هەر دەکاتە قاجاری کۆن ویستوویانە بزانن نووسەری ئەو نامەیە کێیە؟ یەکێک لەو (فەرمان فەرما)یانەی لەگەڵ مەجیدخانی میرموکری حاکمی میاندواوی ئەوکات نێوانی خۆش بووە و خزمایەتییان هەبووە. نامە دێنێ و دێ بە مەجیدخان دەڵێ ئەو نامەیە پێت وایە نووسەرەکەی، یان بابڵێین میرزاکەی کێیە؟ ئەویش دەڵێ وەڵڵا مامە. دەڵێ جا ئەوە شانس ڕووی تێکردوون. ڕەزاشا ئەمری کردووە نووسەری ئەو نامەیە ببینە و بیهێنە تاران و مانگێ چوارسەد تمەنیشی پارە بدەنێ. چوار سەد تمەن، دراوی سپی ئەوکات زۆر بوو. مەجیدخان دێتە لای باوکم و دەڵێ مامە، ئەگەر ئەتۆ هەستی بچییە ئەوێ ئاغاوات و دەرەبەگ و ئەوانەی لە ئێمە بەهێزترن تازە پێمان ناوێرن، بێجگە لەوەی تا دنیا دنیایە بەخۆت و منداڵ و بنەماڵەکەت جێتان دەگۆڕێ و بەختەوەر دەبن، باوکم بزەیەکی دێتێ و دەڵێ ڕۆڵە، ئەگەر پەهلەوی تاج و تەختەکەی بدا بە من، بە دەقیقەیەک قسە کردن لەگەڵ مەولانا سادقی ناگۆڕمەوە. خولاسە ناچێ، یانی باوکم تا ئەو ڕادەیە خوێندەوارێکی باش بووە. مامۆستا هێمن لە پێشەکی تاریک و ڕووندا دەڵێ عەلی خانی ئەمیری، یەکێک لەو کەسانە بوو کە، ئەگەر گرفتێکمان بوایە دەچووینە لای و بۆی چارەسەر دەکردین. کە لەوێ لەگەڵ مامۆستا هەژار و ئەوان فەقێ بووە. خولاسە من زۆری لەسەر ناڕۆم با نەبێتە تاریف کردن لە باوکم و لە دەرئەنجامدا تاریف کردن لە خۆم، ئەمن هیچ کەڵکێکم لە باوکم وەرنەگرتووە، چونکە من نۆ مانگم تەمەن بووە، باوکم کۆچی دوایی کردووە و نەمدیتووە، ئەگەر دیتبێتیشم منداڵێکی نۆ مانگە هیچ هەست و ئاگاییەکی نییە. بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت لە بنەماڵەی ئێمەدا کەسی خوێندەوار زۆر بووە، بەڵام وەک بەرهەم هیچیان لێ لە پاش بەجێ نەماوە.

**رامان:** باشە لە پاش ئەوان کتێبخانەکانیان چی؟ مەبەستم کتێبی خۆیان نا کە نووسیبێتیان، ئەو کتێبانەی کە خوێندوویانەتەوە چییان لێ مابووەوە؟

**فەتاح ئەمیری:** کتێبخانەی باوکم وەختایەکی ئەمری خودای کردووە، وەک من بیستوومە سەدوچل کتێبی دەستنووسی هەبووە، ئەوە بێجگە لە کتێبی دیکە کە یەکجار زۆر بوون، بەڵام کە باوکم دەمرێ و تەنیا کوڕیشی هەر ئەمن بووم و منیش مەلۆتکەیەک بووم، هاتوون کوتوویانە بۆچی مۆرکە لێی دا و مشک بیخوا و ئەوانە هەموویان فرۆشتوون، یەکجار زۆر هەرزانیش فرۆشراون. کتێبخانەیەکی زۆر گەورە کە لەو کتێبخانەیە تەنیا کتێبێکی (تەفسیری حوسێنی) چاپی پاکستان بۆ من ماوەتەوە کە ئەو کتێبە نزیک سەد ساڵە لە ماڵی

ئێمەدایە. منیش وەک یادگارێک ڕامگرتووە. من لە تەواوی یادگارییەکانی باوکم، بەرماڵێکی ساکار و گۆچانێک و ئەو کتێبەم وەگیرکەوتووە. دوای ئەوەی باوکم ئەمری خودای کرد، تەمەنم شەش ساڵان بوو کە دایکیشم کۆچی دوایی کرد، پاشان مامێکم هەبوو، ئەو مامەم جێگای دایکم و باوکمی بۆ من پڕ کردبووەوە، کەچی ساڵێکی پێ نەچوو ئەویش فەوتی کرد. باپیرم، یانی بابی دایکم بە دووی مامم مرد، پوورم یانی خوشکی دایکم ئەویش مرد، ئەوکات مرۆڤەکان هێندەیان تەمەن نەدەکرد، بۆ نموونە نەخۆشی سیل ببووە ملۆزمێک لەسەر خەڵکی، عیلاجی نەبوو. دوای شەڕی جیهانی دووەم ئەو سەردەمەی کە ئەمن وەبیرم ماوە، وڵاتی ئێران یەکجار شپرێو ببوو، دەواودەرمان وەگیرنەدەکەوت، نۆبەتەیەک هات، بڵێین تاوتێ کە لە فارسیدا پێی دەڵێن (تبی مالاریا)، هەموو دنیا بەهارانە خەڵک تاوتێی دەگرت. خەڵکەکە بەشیان کردبوو، ڕۆژێکی دەکەوتن لە ماڵێ، ڕۆژێکی دەچوونە سەر کار و مەزرا، یانی کابرا بەیانی لە خەو هەڵدەستا دەیگوت ئەوڕۆ ڕۆژی نۆرە نۆبەتێمە، دەرمانی نۆبەتێش شتێک هەبوو بە ناوی (گەنەگەنە) کە ئەویش هیچ نەبوو وەک بزانم بەخۆشی ژەهربوو، خراپتر بوو لە نۆبەتێی. خەڵک دەرمانیان نەبوو، ناچار دەچوونە لای مەلایەک، سەیدێک نۆبەتێی بۆ دەبڕین، چەند گرێی لە بەنێک دەدا و وەک سەعات لە دەستیان دەکرد، ئەوە دەبوو بە دەرمان، یان شتی سەیر سەیرم دیوە بۆ نموونە فێڵیان لێ دەکرد، لەوانەیە هەندێک کاریگەریی دەروونیشی هەبووبێت، کابرا دەچوو هەرای لە بۆرە سوار دەکرد، یانی کەسێک کە ئەسپێکی بۆرەی هەبوایە، یەکێک لە عیلاجەکانی ئەوە بوو بچێ لێی بپرسێ بڵێ بۆرە سوار دەرمانی شەوتێی چییە؟ شەو تێی، یان نۆبەتێیەک کە شەوانە دەیگرێ. جا ئیدی بۆرە سوار بە خۆی و ئینسافی خۆی هەر دەرمانێکی پێ کوتبا، یەکێک دەیگوت کەشک بخۆ، جاری وابوو شتی خراپیشیان دەگوت بۆ گاڵتە و جەفەنگ، یانی جێیەک نەبوو لە نوشتوو بەدەر و لەو فێڵ و کەڵەک و کولەکانە زیاتر خەڵک ڕووی تێبکات. ئاوانەش هیچی ڕیشەیەکی زانستیان نییە، بەڵام کاریگەری دەروونییان هەیە. کابرا دەیکوت مەلا کێ، یان سەید فلان نۆبەتێی بۆ من بڕی یەکاوێەک چاک بوومەوە.

**جیاوازی مێژوو و ڕۆمان ئەوەیە کە لە ڕۆماندا ناوەکان ئی خۆیان نییە و گۆڕاون، بەڵام ناوەڕۆکەکان ڕاستن، لە مێژوودا ناوەکان ڕاستن ئی خۆیانن، بەڵام ناوەڕۆکەکە ڕاست نییە.**

**ڕامان:** پاش کۆچی دوایی خزمە نزیکەکانت تۆ لەلای کێ مایتەوە؟

**فەتاح ئەمیری:** من پۆلی یەکەمی سەرەتاییم لە گوندێکی نزیک گوندەکەی خۆمان بەناوی دەوەشاری کە لە موکریان یەکەم گوند کە قوتابخانەی لێ دانراوە (کەلبە ڕەزاخان) بووە، دووەم گوند دەوەشاری ئێمە بووە کە لەگەڵ گوندی (مەنیچێری) ئێمە چارەگێک بە پێیان مەودای هەیە. من پۆلی یەکەمم لەوێ خوێند، دیارە خۆی ئەوە بە پۆلی یەکەمیش ئەژمار نەدەکرا ئەوکات (تەهیە)یان پێ دەگوت. تەهیە هیچ نەبوو دەچووین فێریان دەکردین چۆن دابنیشین و چۆن جانتا هەڵبگرین و چۆن لە دەرکە بدەین پێش ئەوەی بچینە ژوورێ. سروود بخوێنینەوە و نووسینێکی سەرەتاییشیان فێردەکردین، ئەوە تەهیە بوو، پاشان دەبوون بە پۆلی یەکەمی سەرەتایی. یەکەمی سەرەتاییشم لە دەوەشاری خوێند، پاشان ئیدی دایکم ئاوای بەسەرهات، پاشان مامم ماڵی خۆی بەجێ هێشت و پەروەردەی ئێمەی وەئەستۆ گرت، من هێشتا پۆلی یەکەمیشم تەواو نەکردبوو، مامیشم کۆچی دوایی کرد. ئیدی وای لێهاتبوو من لە دنیادا کەسم نەمابوو. دوو خوشکم هەبوو مێردیان کردبوو، خوشکێکیشم منداڵ بوو ئەمنیان هەڵگرت بردیانمە مەهاباد، منداڵێکی دێهاتی، چاووگوێ بەستراو بردیانم لەوێ پێم بخوێنن، ئەوە ڕێک ساڵی (١٣٣٢) بوو یانی ساڵی کێشە و هەڵڵای دکتۆر محەمەدی موسەدیق بوو. ئەمن چوومە مەهاباد بۆ خوێندن.

**ڕامان:** هاوڕێکانی ئەو سەردەمی تۆ لە مەهاباد کێ بوون؟ پاشان کە چوویە مەهاباد لە ماڵی کێ مایەوە؟

**فەتاح ئەمیری:** لە ماڵی ئامۆزایەکم بەنێوی (سلێمان خانی ئەمیری) مامەوە، سلێمان خانی ئەمیری لە پێشدا یانی ئەودەمەی کە هەڵڵا هەڵڵا لە بۆکان پەیدا بوو، ئەو و حاجی قاسمی کەریمی و ئەوانە لە بۆکان هەڵڵایان سازکرد و لەگەڵ ئاغاکان دەستیان کرد بە دژایەتی. سلێمان خانی ئەمیری ئامۆزای گەورەم بوو، پیاوێکی زۆر باشیش بوو، ئەوەش لەگەڵ ئەوان هاوفکر و هاودەنگ بوو، ئاغاکان لێی قەڵس بوون و دەوڵەت لەوێ ڕایگواست. ڕۆیشت و چووە مەهاباد و لە مەهابادیش دوای تێکچوونی حکوومەتی دکتۆر موسەدیق کە ئەوە

دەبێتە ساڵی سی و دوو و ئەمن لەوێ بووم. وەختایەکی شا هەڵات و پاشان گەڕاوە و کودەتای (٢٨ مورداد) هاتە گۆڕێ کە بەداخەوە تا ئێستاش کاریگەری ئەو کودەتایە هەر ماوە و ڕەنگە تا زۆر ساڵی دیکەش ئەو کاریگەرییە هەروا دیاربێ، پاشان کاک (سلێمان)یان بۆ شاری شیراز دوورخستەوە، لەوێ ببووە بەڕێوەبەری پەروەردە، کە دووریان خستەوە چوو زۆری لە تاران هەوڵدا تا شیرازەکەیان بۆ کردە تەورێز، پێم وابێ دوو ساڵ لە تەورێز ماوە، بەڵام بنەماڵەکەی لە مەهاباد بوون، ئەمنیان لەلای ئەوان دانابوو. تا پۆلی شەشی سەرەتاییم لەوێ خوێندووە. ئەو سەردەمە، سەردەمێکی تراژیدیایی زۆر گەورەیە لە ژیانی مندا، منێک کە تاقە کوڕەی دایکم بووم، زۆر نازدار و تاقانە و بەڕێز و حورمەتەوە دەژیام، ئێستاش وێنەی ئەوکاتەم هەیە، ئەو جلوبەرگەی کە ئەوکات لەبەرمدایە ئێستاش ئەو جۆرە جلوبەرگەم نییە. ئەوکات هەموو شەوێک دایکم حەکایەتێکی بۆ دەکوتم تا خەوم لێ دەکەوت، هەر لەوەشەوە بوو کە من عاشقی چیرۆک بووم، بێجگە لە دایکم هەمیشە سێ چوار پرو‌پیرێژنیش لە ماڵی ئێمە هەبوون، ئەوە بۆ دوای ساڵی گرانییەکە دەگەڕێتەوە کە خەڵک پاش ئەوەش زۆر کەس نەیدەتوانی خۆی بژێنێت، دەهاتن ئێمەش ماڵێکی گەورەمان هەبوو، لەوێ دەمانەوە، ئەوانیش جار جارە لەبەریان دەپاڕامەوە حەکایەتیان بۆ دەکوتم.

**ڕامان:** لەو حەکایەتانە هیچیانت لەبیرماوە؟

**فەتاح ئەمیری:** زۆریانم لەبیرماوە و لە کتێبەکانیشمدا کەڵکم لێ وەرگرتوون، کاکە من بیری منداڵیم یەکجار تیژە، ڕەنگە باوەڕ نەکەن، بەڵام لەبیرمە پاپووچەیان لەپێ کردووم، لەبیرمە لە لانکێ دابووم. زۆرباش ئەو ڕۆژگارەم لەبیرە، چونکە خۆشترین کاتەکانی تەمەنم بوو. لە ئەوپەڕی خۆشیدا بووم. ئیدی ئەو خۆشییەم لێ تێکچوو، کە چوومە مەهاباد کەس بە هەندی وەرنەدەگرتم، لە کۆڵان شەڕە شەپ بکە لەگەڵ منداڵان و ئەمانە و ئیدی ئەو ڕێزوئیحترامەم نەما، بەڵام پەروەردەکەم لەسەرەتاوە چاکی جێگا گرت، یانی ئەو شەش ساڵەی سەرەتام تا دایکم مرد، پاشان تەنانەت تا مامیشم مابوو، وەزعم باش بوو، بەڵام دوای مامم ژیانم گۆڕا، ببوومە کەسێک کە وەختایەک کەس خۆی تێنەدەگەیاندم، تەنانەت کەس دەستێکی بەسەر سەرمدا نەدێنا، یان دڵخۆشیم بدەنەوە، لە ئەوپەڕی بێ حورمەتیدا ژیاوم. هەروەک تۆپێکی فوتباڵ هەرلێیان داوم. بەهەرحاڵ لەبیرمە ساڵی (١٣٣٢)، ئەوانەی لە مەهاباد موسەدیقی بوون، دوای ئەوەی حکوومەت هێزی گرتەوە و هاتەوە مەیدانێ، ئەوانەیان یەک یەک لە ماڵێ دەردەکێشا و دەیانگرتن. لە نەخۆشخانەی (شێر و خورشید)ی ئەودەمی ڕا کە پێم وایە ئێستا نزیک فەرمانداری مەهابادە، لەوێ ڕا دەتدی یەکێکیان لەماڵی دەردەکێشا بەشەپان وەپێش خۆیان دەدا بۆ نزیک مەیدانی مەلا جامی کە شارەبانی لەوێ بوو. پێت وایە کێ تێی هەڵدەدا، لات و بەڕەڵڵا و چەقۆکێش و ببوورن سۆزانی و ئەوانە بوون کە کودەتای (٢٨ مورداد) یان وەسەرخست، جنێویان بە خەڵکی دەدا. منیش قەتم شتی وا نەدیبوو، دیتبووم دوو کەس پێکەوە بەشەڕ بێن، بەڵام لە دێیەکەی ئێمە ئەوە نەبوو لێرەڕا تا ئەوسەری هەولێرێ کابرا وەبەر شەپان بدەن، ئەوەبوو کە لە پیاوێکم پرسی، کوتم ئەرێ مامە بۆ لەوانە دەدەن، بۆم ساغ نەدەبووەوە لەسەرچی لێیان دەدەن، کوتی ڕۆڵە تۆ چت بەوەی داوە؟ کوتم وەڵڵا پێم خۆشە بزانم ئەوانە چییان کردووە. کوتی بێ دەنگ بە ڕۆڵەگیان ئەوانە موسەدیقین. ئەوجار ئەوەم بۆ ساغ نەدەبووەوە کە موسەدیقی یانی چی؟ گوناحی موسەدیقی چییە؟ چونکە من لەبیرمە ئەودەمی کە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم و لە گوندی دەوەشاری بووم، مامۆستایەکمان هەبوو موسەدیقی بوو، فێرە شیعری دەکردین و دەیکوت:

**ازجان خود گذشتیم**

**باخون خود نوشتیم یامرگ یا مصدق**



یانی لەگیانی خۆمان گوزەراین، بە خوێنی خۆمان نووسیمان، یان مردن، یان موسەدیق. زۆر شیعری دیکەش، بەڵام هەر ئەوەندەم لەبیرماوە، ئەویش هەر لەو حاڵوهەوایە دابوو، موسەدیق پیاوێکی زۆر گەورە بوو، بەڕاستی ئەگەر ئاوای بەسەر نەهاتبایە بێ گومان ئێستا وەزعی ئێمەش بڕێک باشتر دەبوو لە ئێستامان، پیاوێکی گەورە بوو. لەو سەردەمەدا من لە مەهاباد دەژیام.

**ڕامان:** لە چ قوتابخانەیەکیان دانای؟

**فەتاح ئەمیری:** یەکەم جار لە قوتابخانەی پەهلەوی، منیان بردە پۆلی دووەم، ئەودەمی سۆبەکانمان ڕەژی بوون. قوتابخانەی ئەو سەردەم زۆر شپرێو بوو. مێز و کورسی هەمووی شکاو بوو، سێ منداڵیان لەسەر (ڕەحلەیەک) دادەنا. بە هیچ جۆرێکیش منداڵ هەدایان نەدەدا و دانەدەمەزران، ئەو لەوی دەکوتا، ئەو نووکی قەڵەمی بۆ ئەو دەبرد و ئەو لەوەی دیکەی هەڵدەقورینجاند. مەلاکان ئەوکات زۆریان لە قوتابخانەکان دەرسیان دەکوتەوە.

**ڕامان:** مەلا، یان مامۆستای قوتابخانە؟

**فەتاح ئەمیری:** مەلا، ئەوکات مامۆستای قوتابخانەمان نەبوو، پاشان مەلای وا هەبوو بووبوو بە مامۆستا، ئەوانە بەڕێوەبردنی پۆلیان نەدەزانی. بۆ نموونە یەکێکیان هەبوو دەچوو لەپشتەوەی قوتابییەکان لەناو پۆلدا ڕادەوەستا. کێبلێکی پێ بوو لە قۆڵی عەباکەی دەنا و ڕادەوەستا بزانێ کێ بەحاڵ و دووبەلا جووڵەی دێ، یان سرتەیەک دەکات وردە وردە لەسەرپێیان بۆی دەچوو، هیچیان نەیاندەوێرا ئاوڕ لە پشتەوە بدەن، چونکە مامۆستای لێیە. هەموو چاومان لە پێشەوە دەکرد، دەبوو نەجووڵێین تا کۆتایی ئەو یەک سەعاتە، مامۆستاش لەسەر پەنجان وردە وردە بۆی دەڕۆی، ئەگەر زانیبای ئەو لەگەڵ تەنیشتەکەی خۆی کێشەیەکیان هەیە، یان قسەیەک لە یەکتر دەپرسن. بە سەبرایی کێبڵەکەی دەردێنا، کە زۆر سەخت و ڕەق بوو، ئەگەر هەڵیدێناوە کە لێی بدا ئەوانەی پشتەوە دەیانگوت ئەها کوشتی. ئیدی هەموو هەڵدەهاتن، تا چارەگێک دە دەقیقە پۆل دەشێوا. ئەو مامۆستایانە بەخۆیان ئەو بەزمەیان ساز دەکرد. ئەوجار لەوە خراپتر ئەوە بوو سەریان پاک پاک دەتاشین. لەبیرمە هەر ئەو ساڵەی من چوومە قوتابخانەی پەهلەوی لە مەهاباد لە تەواوی پۆلدا دوو نەفەرمان کەچەڵ نەبوو، یەکیان موهەندیس حەسەنی خاتەمی بوو، کە ئەو کوڕە بەرپرسێک بوو، باوکی بەرپرسی دائیرەی سەرژمێری بوو، یەکێکیشیان ئەمن بووم، ئەمن زیپکەیەکم لەسەری هات، ئەمنیان بردە کن دکتۆر، دکتۆر کوتی نا ئەوە کەچەڵ نەبووە، هیچ نییە، دەرمانێکی بۆ دەنووسم چاک دەبێتەوە، ئەوانی دیکەش تێکڕا لە پۆلێکی سی و چەند نەفەری هەمووی کەچەڵ بوون، دەوامی قوتابخانەیان ڕاگرت. کەچەڵەکانیان سواری ماشێن کرد و بردیانن بۆ تەورێز سەریان لە بەرق دان، ئەشەعەیان لێدان، دوای دوو سێ ڕۆژان، هێنایانەوە هیچی تووکێکی بەسەریەوە نەمابوو، تەنانەت تووکی برۆشیان هەڵوەریبوو. کڵاوێکی نالەباریان دابوونێ، ڕۆنێکی بۆن ناخۆشیشیان دابوونێ کە سەریان پێ چەور بکەن، بۆگەنیوی مێشکی سەری من و ئەو بەدبەختەشی هەڵگرتبوو، ئەوکات حەمامی تیا نەبوو، ئەو هەموو خەڵکە دەچوو لە حەوزێکی ئاوی گەرمدا پێکەوە دەبوو مەلە بکەن و حەمام بکەن. زۆر پیس بوو، ئەوکات مەهاباد دوو شەقامی هەبوو، ئاوی بۆڕی هەر نەبوو. ئاویان بە تەنەکە ئاوێ لە کانییەکان ڕا دێنا. هەر بنەماڵەی ئەگەر کەسێکی هەبوایە، کەسەکە دەچوو بۆ ئاو هێنانێ، ئەگەر نەشیبوایە بە کرێی دەگرت، دوو جەڕەی ئاو بۆ بێنێ. هەر ئەو دەورانە و پێش ئەو دەورانەش ئەمن بۆکانیشم دیتووە، لە بۆکانیش دەهاتن لە حەوزە گەورە بە گۆزە و بە جەڕە ئاویان دەبرد بۆ ماڵان. کارەبا لەو شارانەی ئێمە هەر نەبوو. لە تەورێز کارەبام دیتبوو، منداڵ بووم نەمدەزانی تەنیا پێم جوان بوو. لە مەهاباد، ئەو شارە موەلیدەی هەبوو، شەوانە تا سەعات دوازدە کارەبای دەدا و سەعات دوازدە ئیدی دەکوژاوە تا سبەینێ ئێوارە. خەڵک هەژار بوو. ژیان خۆش نەبوو.

**لە ئەمریکای لاتین ڕۆمانێک چاپ بکرێ بەلانی کەمی ملیۆنێکی لێ چاپ دەکەن، ڕۆماننووسێک یەک ڕۆمانی چاپ بکرێ، کێشەی ئابووری نامێنێ، ئێمە خوێنەرمان نییە.**

**ڕامان:** هەرچەندە تۆ ئەوکات منداڵیش بووی، بەڵام ئەو ساڵانەی باسی دەکەی زۆر لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دور نەکەوتبوونەوە، خەڵک چۆن باسی کۆماری دەکرد، بارودۆخەکە چۆن بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەو شارە تووشی بارودۆخێکی نائارامی هاتبوو، سیمایەکی عەسکەرتاری بەخۆیەوە گرتبوو، مەئمووری زەمانی شا لە خۆڕا بیانوویان بە خەڵکی دەگرت. ئەودەمی لەشکری پێنج لە مەهاباد دابوو، گروهبان و ئەفسەر و سەرباز دائیمەن بە

شەقامەکاندا دەسووڕانەوە و کەلەگایەتییان لە خەڵکی دەکرد، هەتا دوایە (وەرەهرام) کۆی کردنەوە. وەرەهرام (سپەبودێک) بوو ناردیانە مەهابادێ، مەهاباد بە هەرحاڵ هەموو کات شارێکی هەستیار بووە بۆ حکومەتی ئێران. ئەو کە هات ئەو حاڵەتە سەربازییەی لەناو شار کەم کردەوە، هەڕەشەی لێ کردن کە بۆیان نییە لە شوێنە گشتییەکان وەدەربکەون، شەڕ بە خەڵکی بفرۆشن. باشی کۆکردنەوە خودا هەڵناگرێ. زۆری خزمەتی بە سابلاغێ کرد وەک من بیستوومە هاتووە هەموو فایلە سیاسییەکانی سووتاندووە. ئەو شەقامانەی ئێستا لە مەهابادێدا دەیانبینین دەکرێ بڵێین لەسەدا هەشتای کاری (وەرەهرامە).

کابرا ئەفسەرێکی ئەرتەش بوو، بەڵام دەهات شەقامی دروست دەکرد، ئاوی بۆری مەهابادی دامەزراند و بنیاد نا، ئیسفاڵتی هێنا، پێش ئەو ئیسفاڵت هەر نەبوو، ئەو شەقامەکانی ئیسفاڵت کرد. سەبارەت بە کۆمار خەڵک زۆر بەداخەوە بوون، بەڵام جووڵانەوەی کوردایەتی تاڕادەیەکی زۆر سست ببوو. حزبی دیموکرات و توودە هەبوون، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە بتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێ.

**ڕامان:** با بگەڕێینەوە سەر خوێندنەوە و نووسین، یەکەم کتێبێک خوێندبێتەوە چ بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** پێم خۆش بوو ئەو پرسیارەت لێ کردم. زۆرچاکم لەبیرماوە ڕۆژێکی بەهار بوو، دەورووبەری تاقیکردنەوەکانی وەرزی کۆتایی ساڵ بوو. لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم. پاش نیوەڕۆیەکی وەک بارگینی بێ ناڵ بە شەقامدا دەڕۆیشتم. تەمەنی منداڵی خۆشە. بریا مرۆڤ گەورە نەبووبا. ئەو گەورە بوونە لەناوچوونە. بە شەقامی شاپووردا دەڕۆیشتمە خوارێ، سەیرم کرد لە بەردەرکەی کتێب فرۆشییەک قەرەباڵغییەکی سەیرە، تێکەولێکەیە و خەڵک دەچێتە ژوورێ و دێتە دەرێ. بۆم ساغ نەدەبۆوە چ باسە. سەرەتا بیرم لەوە کردەوە کە ڕەنگە ئەو کتێب فرۆشە مردبێ، یان شتێکی لەو بابەتە. تووشی هاوپۆلییەکی خۆم بووم کوتم ئەوە چ باسە؟ کوتی لێرە کتێب هەڕاج دەکەن. کوتم هەڕاج چییە؟ کوتی: قوتوویەکیان داناوە پڕە لە پاکەت (زەرف) تۆ دەچی تمەنێکی دەدەیەی و پاکەتێک هەڵدەگری، کە هەڵیپچڕی، ناوی کتێبێکی لێ نووسراوە ئەو کاغەزەیان بدەیە ئەو کتێبەت دەدەنێ، جا ئیدی خۆت و شانسی خۆت.

ئەمن لەبیرمە کابرایەک پێش من کتێبێکی زۆر گرانبایی بۆ دەرچوو. نازانم کتێبێک بوو وەک (شەڕو ئاشتی) تولستۆی، شتێکی لەو بابەتە بوو، ئەمنیش هەر تمەنێکم پێ بوو، تمەنەکەم دا بە کابرای کتێب فرۆش کوتی ئا ڕۆڵەگیان، پاکەتێک هەڵبگرە. پاکەتێکم هەڵگرت نووسرا بوو (نرگس نوشته حسین قلی مستعان) (نەرگیس نووسراوی حوسێن قولی موستەعان). ئیدی نەمدەزانی ئەوە چییە. وەرمگرت و ڕۆیشتم. فەرمانداری ئەودەمی لە جێگای شارەداری ئەلانی مەهابادێ بوو، هەر خوارەوەی ئەو کتێب فرۆشییە، لەوبەری نیسێیەک بوو، ئێوارە بوو نیسێ بەسەر شاردا کشابوو. نەردە (موحەجەرە) هەبوو نەک نەردەی ئاسن، نەردەی دار، ئەنیشکم خستەسەر نەردەیەک و کتێبەکەم لێک کردەوە. دەستم کرد بە خوێندنەوەی سەیرم کرد زۆر چاکی لێ دەزانم و زۆر چاکیشی لێ حاڵی دەبم و زۆریشم پێ خۆشە. تا تاریک داهات و ئیدی چاوم نەیدی خوێندمەوە، بەشێکم لێ خوێندەوە، جا پێیدا دەهاتمەوە لەسەر ڕاوە، دووبارە دەمخوێندەوە. بردمەوە ماڵێ، ئەو شەوە بۆم تەواو نەبوو، بەڵام وابزانم بە دووسێ ڕۆژان ئەو کتێبەم تەواو کرد. ڕۆمانێکی باشیش بوو، بۆ ئەودەمی منداڵی من هەر زۆر باش بوو. کاتی تاقیکردنەوەکانیش بوو زۆر نەدەپرژامە سەر ئەوەی بیخوێنمەوە، بەڵام دوو سێ جارم خوێندەوە. لەسەریەک، جار لەگەڵ جارێ پتر



چێژم لێ وەردەگرت. دوای پازدە بیست ساڵ پاش ئەو ڕووداوە، ئیدی ئەوکاتەی کە من شەش دانگ وەدووی کتێب و کتێب خوێندەوە کەوتبووم. ئەوەم بە مێشکی داهات، ئەو حەکایەتانەی ڕۆژێکی دایکم بۆی دەکوتم، یان ئەو پیرێژنانە بۆیان دەکوتم وەک نیوەیەکی ون بوو، وەک بابەتێکی ون بوو کە لە ژیانم چووەتە دەرێ، لەوەی دەگەڕام، لەوەی گەڕابووم و نەزانیبوو لەچی دەگەڕێم. ئیدی هەستام چوومەوە لای ئەو کتێب فرۆشییە و کوتم لەو نووسەرە چی دیکەت هەیە؟ پێنج شەش کتێبی دیکەشی دامێ. ئەودەمی بە شەش قڕان، بە حەوت قڕان زۆر کەمی وابوو تمەنێکی بکەن، تەنانەت کتێبی دوو قڕانیشمان هەبوو کڕیم و هاوێنێ کاروپیشەم ئەوە بوو کە بخوێنمەوە و دواییش درێژەم پێدا، لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییی ڕا هەتا ئێستا کە شەست و شەش ساڵم تەمەنە هەر خوێندوومەتەوە. لەو دواییانەدا دەورێکم هەڵگرتبوو هەموو شەوێ کتێبێکم تەواو دەکرد، بە ڕەحمەت بێ ئاغای ساڵحی کە لەبۆکان کتێب فرۆشی هەبوو، ئێستا بەخۆی نەماوە کوڕەکانی هەیانە، جاری وابوو کتێبێکم لێ دەکڕی، شەوێ دەمخوێندەوە، نەمدەهێشت پیس بێ، سبەینێ دەچووم بۆی دەگۆڕیمەوە. ئەوەی لێ وەردەگرتمەوە و کتێبێکی دیکەی دەدامێ. ئەوەی لە مندا دروست بوو، حەزێکی توند بۆ چیرۆک و ڕۆمانی.

**ڕامان:** دیارە لە ئێراندا کە کوردی خوێندنەوە و کوردی نووسین قاچاغ بوو، بە دڵنیاییەوە هەموو فارسی بوون، یەکەم کتێبی کوردیت کەنگێ دیت؟

**فەتاح ئەمیری:** یەکەم کتێبی کوردی کە دیتم دەفتەرێکی دەستنووسی مامۆستا هێمن بوو، شیعرەکانی بوو. من لەگەڵ مامۆستا هێمن خزمایەتیم هەیە، باوکی من و باوکی مامۆستا هێمن ئاوەڵ زاوا بوون. یەکەم جار کە من چوومە شیلاناوێ مام هێمن سێ چوارێکی دیکەشی لەکن بوو، ئەو کاک عوبەیدەشی لەکن بوو، کاک عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان کە پێش چاوپێکەوتنەکە باسمان کرد. سێ چوارێک لە سابڵاغێ ڕا چووبووین. ئەو هەروا لەبەر شیعری بۆ دەکوتین، منیش کوتم مامۆستا ئەدی ئەتۆ دیوانێک، کتێبێک شتێکت نییە؟

**ڕامان:** مامۆستا ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** سێ چوار ساڵ پێش ساڵی (١٣٤٦ و ١٣٤٧)ی هەتاوی بوو.

**ڕامان:** یانی ساڵی (٤١ و ٤٢) (١٩٦٢ز) بوو.

**فەتاح ئەمیری:** بەخودای پێم وایە زووتریش بوو، مامۆستا هێمن ساڵی (٤٦ و ٤٧) هاتە دەرێ و هاتە دیوی باشوور و دوایە چووە بەغدا و لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا هاتەوە ئێرانێ. پێم کوت باشە ئەو شیعرانەت بۆ نەکردووە بە کتێب؟ کوتی بابە ئەوە ناکرێ، بەڵام ئەگەر پێت خۆشە من ئەو شەو دەفتەرەکەمت دەدەمێ بیخوێنەوە. بۆ شەوێک، ئەگەر باوەڕیشم پێ دەکەی هەر زۆر کەمیشی بۆ شی کردمەوە. کوتی ئەوە ئاوا دەخوێنرێتەوە و ئاوا دەنووسرێ، بە زەحمەت ساغم دەکردەوە.

**ڕامان:** یەکەم جار کە ڕێنووسی کوردییان فێرکردووی مامۆستا هێمن فێری کردووی؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەرێ وەڵڵا مامۆستا هێمن پێی کوتووم و هەر ئەوەندەش بوو، ئیدی کەسی دیکە پێی نەکوتووم. بەخۆم هەوڵم دا و فێربووم، پێشم وایە کەسێک کە لە ئێراندا فارسی خوێندبێ و کوردبێ، فێربوونی ڕێنووسی کوردی هێندە چەتوون نییە.

**ڕامان:** ئەو شیعرانەی ئەو شەوە خوێندتەوە هەمووی لە تاریک و ڕووندا هەیە، یان شیعر هەیە لەبیرت مابێ کە مامۆستا هێمن چاپی نەکردبێ؟

**فەتاح ئەمیری:** یەکێک لەو شیعرانەی کە ئەودەمی خوێندوومەتەوە و زۆرم پێ خۆش بوو (ژوانی ئاغا) بوو. ژوانی ئاغا لە دیوانەکانی زەمانی خۆیدا نییە، بەڵام ئەو ماوەیە (حوسێن ئاغای حوسێن زادە) گۆیا لە دەرەوە چاپی کردووە و ژوانی ئاغاشی تێ خستووە. ئەوێ ڕۆژێ یەکێک لێرە (لە هەولێر) پرسیاری لەمن کرد کوتی شیعرێکی وا لە چاپی ئاغای حوسێن پووردا هەیە. ئەوە پێت وایە ئی مامۆستا هێمنە؟ کوتم بەڵێ ئەرێ وەڵڵا من بەخۆم بە خەتی خۆی لە دیوانەکەیدا دیتوومە. من ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتم ئەو دیوانەم هەمووی نووسییەوە، هەرچەند زۆر بۆ من چەتوون بوو، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە ببینم ڕۆژنامەیەک بەناوی کوردستان لە تارانێ چاپ دەبوو، ئەو ڕۆژنامەیەیان نەدەفرۆشت، بۆ جەماعەتێکیان دەنارد. یەکێک لەوانە ئامۆزاکەی من بوو کە بۆیان دەنارد. پێم وایە ئەحمەدی مفتی زادە چاپی دەکرد. ئەوەش نەیاندەدا بە من لە ماڵێ بۆ ئەوەی نەوەک بیبەمە قوتابخانە، جار جار وەرگیرم دەکەوت و سەروگوێیم دەشکاند.

**ڕامان:** وەک بزانم کاک ئەحمەدی قازیش هاوکاری دەکردن؟

**فەتاح ئەمیری:** لەوانەیە، کاک ئەحمەد مامۆستای قوتابخانەی من بووە، پێم وایە دە ساڵ لەمن بە

تەمەنترە. جا بەو حیسابە لەوانەیە ئەویش هاوکاری کردبێتن. بە کورتی شتێکی زۆر چەتوون نەبوو و ئەمن لێم نەبوو بە مەتەڵ. فێربوونی کوردی زۆر لەبەرم ئاسان بوو.

**ڕامان:** یەکەم بەرهەمی ئەدەبیت بە فارسی، یان بە کوردی بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** لە فارسیدا من هەر ئینشام دەنووسی، لە دواناوەندی هەموکات نمرەی زۆر باشم لە ئینشا وەردەگرت، بەڵام دوایی کە ئامادەییم تەواو کرد و ماوەیەک چوومەوە دێ. ئەوەدەمی بەخۆم ئەو شتانەی پێم باش بوون دەمنووسینەوە. ئەمن زۆرتر گوێم هەڵدەخست بزانم خەڵکی ئاسایی دەڵێن چی؟ چونکە سەردەمی منداڵی و جحێڵیم لە سابلاغێ تێپەڕ کردبوو، بەڵام ئەو زمانەی کە ئەمن لە دێ گوێم لێ دەبوو، ئەو زمانە نەبوو کە لە شاری گوێم لێ ببوو. بۆ من شتێکی سەرنجڕاکێش بوو، ئێستاش هەوڵ دەدەم بە زاراوەیەکی پەتی شتەکانم بنووسم. پێشم وانییە لەو ڕێیەدا تەواو سەرکەوتوو بووم، چونکە ئەو خۆشترە لە زمانی من. ڕستەسازی کابرایەکی نەخوێندەوار، زۆر پتەوترە، ئەم لاو ئەولای تێدا نییە. ئەگەر ئەو کابرایە کێ بێ، کەسێک بێ کە لە گوندێکی دوور لە شاری بژی. تۆ سەیری ئەو بەیتبێژانەمان بکە، سەرت سووڕدەمێنێ، ئەوانە نەخوێندەوار بوون، کەچی چییان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە. من پێم وایە زمان بۆ نووسینەکەی نەبێ کە خوێندەواری دەوێ، دەنا بۆ گوتنەکەی خوێندەواری ناوێ، گوێ گرتن و گوێ لێ بوونی دەوێ.

**ڕامان:** یەکەم نووسینی جددی زمانی کوردیتان بۆ چ ساڵێک دەگەڕێتەوە؟

**فەتاح ئەمیری:** پێش ئەوەی دەست بکەم بە کوردی نووسین، ڕێنووسەکەی فێرببووم، دیارە ڕێنووسەکەش لەو ماوەیەدا ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە. ئەمن ئەوەدەمی بە ڕەحمەت بێ کاک سوارە ئیلخانی زادە لە ڕادیۆی کرماشانێ ئەو (تاپۆ و بوومەلێڵی) دەخوێندەوە کە ئێستا وەک کتێب چاپ کراوە، هەمیشە گوێم دەدا کارەکانی ئەو، شیعرەکانی مامۆستا هێمنیش زۆر سەیر ڕۆچووبوونە نێو ناخمەوە، هەتا ئەو ساڵانەش دەتوانم بڵێم بەشێکی یەکجار زۆریم هەر لەبەر بوو. لەو ساڵانەدا فێری ڕێنووس بووم، دیارە ڕێنووس بە هەوای ئەو سەردەمی، وانەبووم کە زۆرچاکی بزانم، بەڵام بەعەزە شتێک لە بەشی زارەکیدا وەک بەیت و گۆرانی و حەیران و ئەوانە هەندێکم نووسیبۆوە، ڕەنگە ئەگەر ئێستامابایە، شتێکی باشی لێ وەدەرکەوتبایە، بەداخەوە ساڵی پەنجاوچوار (حەفتاوپێنجی زایینی) گرتیانم، بێجگە لەوەش کۆمەڵێک نووسراوەی دیکەم هەبوو، کوردی بوون، ناتوانم بڵێم ڕۆمان بوون، یان کورتە چیرۆک بوون نا ئەوانە نەبوون، بەڵام کۆمەڵێک یاداشت بوون لە فۆلکلۆرم وەرگرتبوو، بەهیوا بووم ڕۆژێکی کۆیان کەمەوە و جێبەجێیان بکەم، ئەوانەشیان لێم گرت، هەرچی هەبوو لە تەلیسێکیان (گۆنییەک) یان کرد و لە سندووقی سەیارەیان نا لەگەڵ خۆم، ئەمنیشیان گرت و تا ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) دنیای ڕوونم نەدی. جا لەوێ لێیان دەپرسیم دەیانکوت ئەوانە چین؟ دەمکوت ئەوە کوردییە. پێیان وابوو عیبرییە.

**ڕامان:** لە بۆکان گیرای؟

**فەتاح ئەمیری:** لە شاری بۆکانێ گیرام.

**ڕامان:** لە زیندانی چ شارێک زیندانی کرای؟

**فەتاح ئەمیری:** لە زیندانی دەریای شاری ورمێ بەندکرام. لە پێشدا بردیانمە ساواکی مەهاباد، لەوێ پرسیاریان لێ کردم، نزیک پێنج شەش مانگ لە زیندانی ساواکی مەهاباد دا زیندانی بووم. دوایە بردیانمە ورمێ و لەوێش دوای (چواردە مانگ) دادگایی کرام.

**ڕامان:** ئەو سەروبەندەی کە گیراوی، سەروبەندی پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانە، لەبەر ئەوە لەوانەیە لەگەڵ زۆر کەسایەتی ناسراوی ناو زیندانی ئەوکات هاوبەند بووبێتی، کەسی وا لە زینداندا هەبوو؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەرێ وەڵڵا یەکیان مەلایەک بوو ئێستا لە ئێران کاربەدەستە.

**ڕامان:** کەسایەتییە کوردییەکان کێت لەگەڵ بوون؟

**فەتاح ئەمیری:** کەسایەتییە کوردییەکان ئەوانەی دەمناسین زۆرتریان ئی ساڵانی (٤٦-٤٧) بوون کە گیرابوون و تا ئەوکات نزیک دە ساڵ بوو لە زیندان بوون. ئەوانە زیندانی زۆریان درابوونێ، هەبوو پازدە ساڵ، هەبوو ئەبەدیان بۆ هاتبۆوە، لەوێ لەگەڵیان ئاشنابووم. دەڵێن ڕۆستەمی زاڵیان بردۆتە زیندانێ، ئەگەر هاتۆتە دەرێ (ڕەخشی) لەبیرچۆتەوە. بەڕاستی زیندان فەرامۆشگایە.

پیاوی زۆر گەورە و خوێندەوار لەو زیندانەدا زیندانی کرابوون. ئەمن لەگەڵ دوو دکتۆران لە ژوورێکدا بووم. لە زینداندا خەریکی ئینگلیزی خوێندن بووم. لەو دواییانەدا کە ڕێکخراوی خاچی سوور دەهات دەبوومە دیلماج، بەڵام دوایە کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و من هاتمەوە بۆکان، ئەوجار تورکی فێربووم، چونکە ئینگلیزییەکە

بەشـێـک نەبوو لە ژیانی ڕۆژانەم، ئێســـتـــا زۆریم لەبیـرچۆتەوە، پارەکـە لە ئەوروپا بووم، جـاروبارە ناچار بووم بە ئینگلیزی قـسە بکەم، بەڵام هەر دەتکوت (ئیبن سعوود) دەیلێ.

**ڕامــــان:** بگەڕێینەوە ســـــەردەمی منداڵیت، هاوپۆلییەکانت کێ بوون، ئەوانەی ئێستاش کاردەکەن و ناسراون؟

**فەتاح ئەمیری:** ناوی یەکیانم هێنا موهەندیس خاتەمی بوو، کاک حەسەنی قازی لە ئامادەیی لەگەڵمان بوو، ژیانی من و کاک حەسەن هێندێکیش هاوبەش بوو، ئەو باوکی مابوو، بەڵام باوکی لە (باکۆ) بوو، دکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی لە باکۆ مامۆستای زانکۆ بوو. زۆربەی ئەو برادەرانەی ئەوکات نەماون، یان لێرە نەماون، بەڵام هەموویان جێگەی شانازین بۆ من. بە تایبەتی کەسێکی وەک کاک حەسەنی سەیفی قازی.

**ڕامان:** کەنگێ بوو یەکەم جار کە بە شێوەی جددی دەستت بە نووسین کرد؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەمن یەکەم جار وەک هەموو کورد بە شیعر دەستم پێ کرد، بەڵام چەند کورتە چیرۆک و چەند وتارێکیشم نووسیبوو، ڕۆژێکی بە ڕەحمەت بێ مامۆستا هێمن کوتی شتێکت پێدەڵێم وەڵامم بدەوە. کوتم فەرموو. کوتی قەت شیعر مەنووسە. تۆ پەخشان چاک دەنووسی و زمانەکەت خۆشە، لە شیعردا قەت نابییە هێمن، بەڵام لە پەخشاندا زۆر لە هێمن وەپێشتر دەکەوی. دیارە ئەوە جوان نییە من ئەوە بەخۆم بیڵێم، بەڵام مامۆستا هێمن نووسینی منی زۆر پێ خۆش بوو، ئەگەر پەخشانی منی دەخوێندەوە دەگریا.

**ڕامان:** بێجگە لە مامۆستا هێمن، ئەدیبەکانی ئەو سەردەم کێی دیکە لە دەوروبەرت بوون و برادەرایەتیت لەگەڵ کێیان هەبوو؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەمن کە هاتمە بۆکان، مامۆستا حەقیقی زۆر لوتفی هەبوو و خۆشی دەویستم. مامۆستا حەقیقی شاعیر بوو، ئەمنیش ئیدی وەک باسم کرد خۆم لە شاعیران نەگەیاند، شیعرێکم بۆ مەرگی مامۆستا حەقیقی کوتووە، وەک دوایین شیعری ژیانی خۆم، شیعرێکیشم بۆ ژیلا حوسێنی کوتووە، مردنی ئەویش زۆر غەمباری کردم، زۆر کچێکی وریا بوو، قەڵەمێکی باش بوو. بێجگە لەوانە شیعرێکی وام نەکوتووە، پاشان لە بۆکان ئەنجوومەنی ئەدەبیمان دامەزراند.

**ڕامان:** با جارێ بۆ سەردەمی مەهاباد بگەڕێینەوە، لەوێ چۆن گوزەرا؟ لە ئەدیبەکانی ئەوێ کێ برادەرت بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** جارێ کاک ئەحمەدی قازی هەر قسەی ناوێ ئەو مامۆستام بوو، زۆر لەمێژە دەیناسم، بێجگە لەو مامۆستا سووتاو، مامۆستا قاسمی مۆیەدی زادە، کاک سەلاحی ئاشتی کە زۆر نێوانمان خۆشە، ئێستاش هەر بەینمان زۆر خۆشە، لە نووسەرەکانیش نەسرینی جەعفەری کتێبێکی هەیە بەنێوی (بڵێندو نەوی) ئەوە ناردی بۆ من پێشەکییەکەم بۆ نووسیوە.

**ڕامان:** ئەوانەی ناوت هێنان، ئی دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانن، پێش شۆڕش لەگەڵ کێ برادەرایەتیت هەبوو؟

**فەتاح ئەمیری:** من هەر منداڵی و مێرمنداڵیم لە مەهاباد بووم، دوایە چوومەوە دێ دە ساڵان لە دێ ژیام. ئەو دە ساڵە کاروپیشەم ئەوە بوو گوێ لە خەڵک ڕابگرم و بزانم خەڵک چۆن پێکەوە قسان دەکەن، هەروەها بەخۆشم جووتبەندە بووم و زەویم هەبوو، دیمەکارم هەبوو و دەمکێڵا.

**ڕامان:** ئاوا لە نووسین و خوێندنەوە دوورنەکەوتییەوە؟

**فەتاح ئەمیری:** بە پێچەوانەوە، لەو ماوەیەدا هەر زۆر نزیک ببوومەوە. پاییزان بەشی تەواوی پاییز و زستانم کتێب دەکڕی. دەچوومە ئەو شارانەی دەوروبەر و هەموو جارێ کتێبێکی زۆرم دەکڕی. کتێبەکان هەموویان فارسی بوون، یەکەم کتێبی چاپکراوی کوردی کە دیتوومە (مەم و زینی) مامۆستا هەژار بوو. کە کردوویەتییە موکریانی.

**ڕامان:** کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، ئەوکات لە کوێ بووی؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەمن لە مەهاباد بووم، کە لە زیندان ئازادکرام تا ساڵی (١٣٥٩)(١٩٨٠ز) لە مەهاباد بووم. دوایە خاکەلێوەی ساڵی (١٣٥٩) دەعوەتیان کردم و کوتیان تۆ فەرمانبەر بووی و گیراوی، پێت خۆشە بچییەوە سەر کارەکەی خۆت، یان خانەنشینت بکەین؟ کوتم وەڵڵا حەز دەکەم بچمەوە سەرکار، ئەوکات جحێڵیش بووم. ئیدی ناردیانم بۆ بۆکان، هەرچی دادوبێدادم کرد کە بابە ئەمن ماڵم لە مەهابادە، بۆچی دەمنێرنە ئەوێ؟ کوتیان ئێمە لەوێ پێویستمان بە تۆیە. بە کورتی بەو شێوەیە هاتمە بۆکان و لە وێ گیرسامەوە و تائێستاش هەر لەوێم. بۆکانم خۆش دەوێ، من ناڵێم زۆریش (جیهان وەتەنی) بیردەکەمەوە، بەڵام بۆ من ئەو بۆنوبەرامەی لە بۆکان هەیە، لە هەولێر و لە سنە و لە مەهاباد و لە هەموو کوردستان بێ جیاوازی هەستی پێدەکەم.

هرکەرا از هم زبانی شد جدا
بینوا شد گرچه دارد صد نوا

هەرکەس لە هاوزمانی خۆی جوێ بێتەوە، ئەگەر سەد نەواشی هەبێ یەک نەوای نامێنێ و لەناو دەچێ. مرۆڤ بە گوێ لێ بوون و بە قسەکردن دەژی. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، زۆر کەم کەس هەیە بتوانێ لە شاخێک بە تاقی تەنیا خانوویەک دروست بکات و بژیت.

**رامان:** کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، دۆخێکی تایبەت هاتە ئاراوە، تۆ ئەو بارودۆخەت چۆن دەدیت؟

**فەتاح ئەمیری:** تا شەش مانگ کە لە مەهاباد بووم، مەهاباد وەک بە هەشت وابوو، هەرچی کوتبات دەبوو، هەرچی نووسیبات دەبوو، کەس کاری بەکاری کەسەوە نەبوو، ڕاگەیاندنی کوردی بۆ یەکەم جار بە ئازادی ئیشی دەکرد. ئەمن لەبیرمە شەریف حوسێن پەناهی شاعیری دیوانی (ملوانکەی شین) لە ماڵی گەنجان (خانەی جوانان) ئەگەر مامۆستا هێمن پێشەکییەکەی بۆ نووسی من لەوێ ڕاوەستابووم. لە بۆکانیش هەروا بوو، ئەوانەی قەڵەم بەدەست بوون ئازادییەکی تایبەتیان بۆ ڕەخسابوو.

**رامان:** ئەو کتێبانەی ئەو سەردەمە هاتنە ناو بازاڕەوە، لەو کتێبانە چیت وەبیر ماوە کە خوێندبێتنەوە، ئەو کتێبانەی پێشتر قاچاغ بوون؟

**فەتاح ئەمیری:** گۆڤار و کتێبەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا زۆری گەیشتنە دەستمان، زۆر دەمێکیش بوو چاپ کرابوون، بەڵام کۆڕی زانیاری بەڕاستی خزمەتێکی باشی کردبوو. لەو ڕێگایەوە نووسەرەکانی ئێرەمان ناسی. یەکەم جار بوو ئەو سەروبەندە نووسینەکانی (حەمەی موکری) و (عەبدوڵڵا سەرڕاج) و (حوسێن عارف) و زۆری دیکەمان ناسی، بەڵام زۆرکەم کتێب لە باشوورەوە دەهات، چونکە ئەودەم کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت لە باشووری کوردستان وەزعەکە شپرێو بوو، نسکۆی شۆڕش هاتبووە پێشێ و تازە وردە وردە ئەو خەڵکەی کە پەڕیوەی ئێران ببوون، دەگەڕانەوە بۆ عێراق و هەزار دڵەڕاوکێ و هەلومەرجێکی ناخۆش ئێرەشی گرتبۆوە.

**رامان:** یەکەم جار چۆن لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنابووی؟

**فەتاح ئەمیری:** مامۆستا هێمن زۆری هەوڵ دا من بکێشێتە ناو گۆڤاری سروەوە کە تازە دایدەمەزراند، ئەمن نەچووم، تەنانەت هەندێکیش دڵی لێم ئێشا، بەڵام لەو سێ چوار ژمارەیەی مامۆستا سەرپەرشتی دەکرد چەند جارێک چوومە لای، پاش ئەوە مامۆستا ئەمری خودای کرد. دوایە دەستم پێکرد بە هاوکاری کردنیان و بە تەنیاش ستوونێکم بەناوی (سروەی ئازیز) بەڕێوە دەبرد، سروەی ئازیزیش وەهای جێ گرتبوو زۆر نووسەری گەورەش کە جاروبار کاغەزیان بۆ سروە دەنارد لە سەرەتاوە دەیاننووسی (سروەی ئازیز). من هەندێک کێشەی کۆمەڵگام دەخستە ڕوو، لەو کێشانەی کە باسی سەر نین، ئەوانم دەنووسی، بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، ئێمە بەخۆمان فێری خۆ سانسۆرکردن بووین، وام دەنووسی زەرەری بۆ پەز نەبێ. وەڵڵاهی زۆرم پێ خۆش بوو، ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو. مانگێک سروەی ئازیزیان بۆ نەچووبا گلەییان لێ دەکردم، پاشان دوایە سروە بە خۆی ڕۆیی بۆ سنە و لە سنە داخراو کۆتایی پێ هات.

**رامان:** کاریگەری سروە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت لەسەر گەنجەکان چۆن بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** گەنجی کورد لە ڕۆژهەڵات تاقە قوتابخانەیەک کە دیوبەتی گۆڤاری سروە بووە. هەموو نووسین و خوێندنەوە لە سروەوە فێربوون. پێشتر باسم کرد کوردێک فارسی خوێندبێ زوو فێری کوردی دەبێت. زۆربەی ئەو منداڵانە لە سروەوە فێری کوردی بوون، سەرەتا پازدە هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا دەنکێکی لە بازاڕ نەدەماوە، ئەوە تا ماوەیەکی زۆر هەروا بەردەوام بوو.

**رامان:** چ بیرەوەرییەکی تایبەتت لەگەڵ مامۆستا هێمن هەیە و تائێستا باست نەکردبێ؟

**فەتاح ئەمیری:** مامۆستا هێمن کەسێکی گەورە بوو، من زۆرم بیرەوەریم لەو هەیە، مامۆستا هێمن وەک پاڵەوانی ئەفسانەیی (ئارەشی کەمانگیر) دەبینم کە گۆیا ویستوویانە سنووری نێوان ئێران و توران دیاری بکەن، تیرێکیان داوەتێ گووتوویانە ئەو تیرە بهاوێ لە هەر جێیەکی وەئەرزی کەوت ئەوە سنوورە. سیاوەشی کەسرایی دەڵێ:

**(کەارش جان خود درتیر خواهد کرد)**

ئارەش گیان و ڕوحی خۆی لەو تیرە دەخاو دەیهاوێ. وەختایەکی تیرەکە دەهاوێ کە تیرەکە وە ئەرزی کەوتووە، ئارەشیش بەر بۆتەوە و مردووە. ئەمن مامۆستا هێمنیش ئاوا دەبینم. مامۆستا هێمن زۆری خزمەت بە ئەدەبی کوردەواری کرد.

**رامان:** بێجگە لە مامۆستا هێمن، لە ئەدیبەکانی نەوەی پێشوو لە کێی تر نزیک بووی و برادەرایەتیت

هەبوو؟

**فەتاح ئەمیری:** وەک باسم کرد مامۆستا حەقیقی زۆر ڕێزی دەگرتم، تەنانەت سەد غەزەلی، دیارە خۆی سەد و دە غەزەلە، لە شیعرەکانی حافزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەڵەچنییەکەی دا بەمن. زۆر بە وردی کارم لەسەرکرد، پێم وانییە بۆ نموونەش هەڵەیەکی ڕێنووسی تێدا ببینییەوە. لە ئینتیشاراتی سەلاحەدین بەناوی (شەونم) چاپ بوو. ئەو ناوەش هەر ئەمن بۆم هەڵبژارد. پێش ئەوەی بمرێ دە غەزەلی دیکەشی کردە کوردی، ڕەخنەی لێ گیرا کە وەرگێڕانی شیعرەکان دەقاودەق نییە، بەڵام ئەگەر خوێندبێتتەوە، مامۆستا حەقیقی دەڵێ من ئەو وەرگێڕانەم لە ڕووی (شەرحی سوودییەوە) کردووە.

ئەمنیش لە هەر جێیەکی بەشک و گومان بامایە، شەرحی سوودیم لە پەنابوو. لێکم دەکردەوە ئینسافەن زۆر بە ڕاستگۆییەوە وەریگێڕاوە. جا دوور نییە شەرحی سوودی لەگەڵ شەرحەکانی دیکە جیاوازی هەبێ، لەوانەیە جیاوازی هەبێ، چەندین شەرح لەسەر حافز کراوە.

**ڕامان:** لەگەڵ مامۆستا هەژار هیچ نێوان و برادەرایەتیت هەبووە؟

**فەتاح ئەمیری:** مامۆستا هەژارم لە ڕادەبەدەر خۆش دەوێ و پێم وایە زۆری خزمەت بە کورد کردووە، بەڵام بەداخەوە یەک جارم دیتبوو، ئێمە ئەگەر باسی شاعیر بکەین دەبێ بڵێین هێمن، ئەگەر لە زانابوون قسان بکەین، دەبی بڵێین هەژار، وەکو حافز و سەعدی، ئاوام دێنە بەرچاوی. سەعدی مامۆستا هەژارە، حافز مامۆستا هێمن-ە.

**ڕامان:** حەسەنی قزڵجی لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران گەڕاوە بۆکان، ئەوکات نەتبینی؟

**فەتاح ئەمیری:** بەڵێ دیتم، هەر ئەوکات لەو سەروبەندەشدا بووم (پێکەنینی گەدا)کەیم خوێندبووەوە. قەڵەمەکەیم زۆر بەدڵ بوو، کاتێک بیستم هاتۆتەوە بۆکان هەستام چوومە خزمەتی. دیارە ئەو منی نەدیبوو، بەڵام تایەفە و بنەماڵەمانی دەناسی. زۆری پێ خۆش بوو، لە ماڵی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەدی قزڵجی بوو. کەسێکی گەورە بوو. لێم پرسی کوتم مامۆستا چەند کتێبی دیکەت نووسیوە؟ کوتی سێزدە کتێبم نووسیوە، بەڵام ئەوانە لێم ون بوون.

**ڕامان:** ئەوانە هەمووی کورتە چیرۆک بوون؟

**فەتاح ئەمیری:** نازانم کورتە چیرۆک بوون، یان بابەت بوون. کاکە دەزانی چۆنە؟ بەدبەختی و ناچاری و هەژاری سەری لەو کابرایە شێواند، ڕۆژێکی لە مامۆستا هێمنم پرسی کوتم ئەرێ مەلاحەسەنی قزڵجی بۆ بوو بە توودەیی؟ کوتی وەڵڵا لە برسان. ئەوە ڕاستی ژیانی ئەو کابرایەیە. کە تۆ (پێکەنینی گەدا) دەخوێنییەوە جا دەزانی چەند شارەزا بووە، بەڵام کەس نەبوو نانی بداتێ، ئەوە زۆر جێی داخە، بەڕاستی داخم دێ کە دەبینم نووسەرێکی ئاوا باشی کورد لە هەژاریدا ژیاوە. هیچی نەبوو، هەروەکو مامۆستا هەژاریش لە چێشتی مجێوردا باسی دەکات، مەلا شوکور و مەلا حەسەنی قزڵجی و ئەوانە پێکەوە بوون. هیچیان نەبووە مەلا شوکوریان کردووەتە مەلای مزگەوتێکی عەرەبان، تا عەبا و مێزەرەکەیان فرۆشتووە، شۆرباویان پێ ساز کردووە.

**ڕامان:** تۆ یەکەم جار پاش شیعرەکان بە چیرۆک دەستت پێکرد، یان بە ڕۆمان؟

**فەتاح ئەمیری:** بەکورتە چیرۆک دەستم پێ کرد، بەڵام ئەمن زۆر زوو دەستم لە کورتە چیرۆک هەڵگرت. ئەو ماوەیەی من هەر دەمخوێندەوە و دەمخوێندەوە، ئەوە کەوتبووە سەر یەک و کەڵەکەی کردبوو، پێم حەیف بوو ئەو شتانە بە چیرۆکی کورت ببڕمەوە. دەمتوانی زۆر درێژدادڕی بکەم و بەخۆشم ئیشتیام لێ بوو. ئەوکاتەی بەرهەمەکانی (ئەلیکساندەر دۆما)م دەخوێندەوە، حەڤدە هەژدە هەزار لاپەڕەیە، گوڵم پێ دەکرد، کەیفم پێی ساز دەبوو. هەرچەند دنیای ئەورۆ ئەو دنیایە نەماوە، یان کاتێک بەرهەمەکانی (یەشار کەماڵ)م دەخوێندەوە. کاکە من نازانم ئێستا بڵێم چی، بروام پێ بکە هەرچی پێم شک دێ خوێندوومەتەوە.

**ڕامان:** ناوی یەکەم چیرۆکت چ بوو، لەبیرت ماوە؟

**فەتاح ئەمیری:** من لە کارەکانی سەرەتای خۆم ناڕازیم، لێم گەڕێ، با هەر ناویان نەهێنم، پێم باش نەبوون.

**ڕامان:** ئەی چی بەسەرەتای دەست پێکردنت دادەنێی؟

**فەتاح ئەمیری:** من دەتوانم بڵێم هاوارە بەرە سەرەتای منە.

**ڕامان:** ساڵی چەند دەستت بە نووسینی کرد؟

**فەتاح ئەمیری:** شەست و حەوت و شەست و هەشت دەستم پێ کرد.

**ڕامان:** نووسینەکەی چەندەی خایاند؟

**فەتاح ئەمیری:** نووسینی هاوارە بەرە نزیک سێ ساڵی خایاند، ساڵی شەست و نۆ تەواو بوو.

**ڕامان:** بۆ نووسینی هاوارە بەرە لەچی ئیلهامت وەرگرت؟ سوژەکەت چۆن هەڵبژارد؟

**فەتاح ئەمیری:** خودی ئاهەنگی هاواره بەره، ئەمن زۆر منداڵ بووم کە گوێم لەوە ببوو. هەر ئەو دەمەیش لە کابرای شمشاڵژەنم پرسی کوتم ئەوە چییە؟ کوتی هاواره بەرەیە. کوتم هاواره بەره چییە، بۆ ساز بووە؟ جا وەک ئەو دەمە بە زمانی پەتی خۆی منی حاڵی کرد. لە هەلومەرجێکی زۆر ناسکدا ئەو کوڕە شمشاڵژەنە و شوانە، بەڵام دەتوانێ بەرانبەری خۆی بە شمشاڵەکەی حاڵی بکات. جا ئەو بۆم بوو بە سوژە، ئەوەی کە ئەمن بتوانم بینووسم. ئەودەمیش ڕاستییت دەوێ، ئەمن زووم دەست پێکرد، ئەمن کە دەستم پێکرد لە دیوی ئێمە ڕۆمان زۆرکەم نووسرابوو. ڕۆمانی باشووری کوردستان دەگەیشتە ئەودیو، بەڵام نەک بە ڕادەی پێویست. تۆ بۆ ئەوەی ڕۆمانێک بنووسی دەبێ زۆرت ڕۆمان خوێندبێتەوە. جاری وایە تۆ دەبێ لانی کەم سەد ڕۆمان بخوێنییەوە جا ڕۆمانێک بنووسی. مرۆڤ هەموو کات دەبێ وەرگرتنی زیاتر بێ لە پێ دانی. ئەمن نەمدەزانی چی لێ بکەم، جاری وابوو دەمدی لەخۆوە نووسینەکەم بەرەو نووسینەکانی یەشار کەماڵ دەڕوا. دیاره ئەو پاڵەوانەی من زۆر لە پاڵەوانەکەی یەشار کەماڵ دەچێ، زۆر لە (حەمەدۆک) دەچێ. دەمدڕاند سەرلەنوێ دەستم پێ دەکردەوە. بۆ ئەوەی لە ئی کەس نەچێ. نازانم ئاخری لە ئی کەس چوو، یان نەچوو؟ بە هەرحاڵ من بەخۆم دژی ئەوەم کە مرۆڤ بیەوێ شتێکی وەکو ئی خەڵکی دروست بکات. دوایە ئەوکاتەی کلیدێری (مەحموودی دەوڵەت ئابادی)م خوێندەوە، لەوێدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە کوردە (گوڵ محەمەد) لە کوردەکانی قوچانە، هێندێک شت وێک دەچوێنێ. (یەشار کەماڵ) کوردە هەرچەند بە تورکی نووسیویەتی.

**ڕامان:** ڕاستە ساڵی شەست و هەشت و شەست و نۆ (١٩٨٩-١٩٩٠ز) ڕۆمانی کوردی نەگەیشتووەتە دەستی ئێوە، بەڵام خۆ تۆ فارسیزانێکی باشی و ئەدەبی فارسیش زۆر دەوڵەمەندە، ئەوە بێجگە لەو هەموو ڕۆمان و کتێبەی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی فارسی؟

**فەتاح ئەمیری:** بۆ تەواوی ئەوەی کە من نووسیومە سوودم لە ئەدەبی فارسی وەرگرتووە، هیچ قسەیەکی ناوێ، بەڵام هەر شتێک چێژی خۆی هەیە. تۆ کاتێک دەتەوێ بە زمانێک بنووسی، دەبێ بەو زمانەش بیربکەیەوە، ئەگەر من ڕۆمانێکی فارسی بکەمە نموونەی کاری خۆم، دەبێ بە فارسی بیربکەمەوە. وشەکان تێک دەچن ئەوکات دەبێتە وەرگێڕانی فارسی بە کوردی، ئەوە زۆر زەق و ناشیرینە. ئەمن قەت ئەوە ناکەم. نازانم لەوانەیە بە هەڵە دوو ڕستەشم بەو شێوەیە داڕشتبێ، بەڵام من وانیم زۆر دژی ئەوەم. ئەمن شتێکم دەوێ کە کاری خۆم بێ، بە بیرۆکەی خۆم و بە زمانی کوردی نووسیبێتم. دەنا من کتێبی فارسیم زۆر خوێندووەتەوە. وەختایەکی من کلیدێر و بەرهەمەکانی (یەشار کەماڵ)م خوێندەوە، دوایە چووم کتێبی (چراغی برفراز مادیان کوه) ئی مەنسووری یاقووتییە خوێندەوە، مەنسووری یاقووتیش هەر کوردە، بەڵام بە فارسی دەنووسێ، چاوم لێ کرد، ئەو سێ نووسەرە لێک دەچن، تەنانەت (حەمەدۆک) و (گوڵ محەمەد) ناوەکانیش لێک دەچن. کتێبی (چراغی برفراز مادیان کوه)یش ڕێک هەر لەوان دەچێ. وڵاتەکە یەکە، کولتوورەکە یەکە، با زمانەکە یەک بە فارسی نووسیبێتی، یەک بە تورکی نووسیبێتی، یەک بە عەرەبی نووسیبێتی، ئەو لێک چوونە زۆرجار لەوە ڕا دێتە پێشێ، هەر کەس کە بنووسێ مەگەر (عیلمی- تخیلی) (زانستی- خەیاڵی) بنووسرێ وەک (ژول وێرن) دەنا بیەوێ باس لە ئەو شتانە بکات کە لە دەوروبەرێتی، شوێن، بۆ هەمووومان یەک شوێنە.

**ڕامان:** هاواره بەره کێ بۆی چاپ کردی و لە کوێ چاپ کرا؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەو سەردەمەی من هاواره بەرەم نووسی و نزیک سێ ساڵیشی خایاند، هیوای ئەوەم نەبوو بۆم چاپ بکەن. دەمکوت دەینێرم بۆ سروە با هەر ژمارەیەک بەشێکی بڵاوبکەنەوە. ڕۆژێکی کاک سەلاحی ئاشتی هات، ئەوکات لە بوشێهر سەرباز بوو کە لە بوشێهرڕا دەهاتەوە بچێتەوە مەهاباد بە بۆکاندا تێپەڕ دەبوو، زۆرجار سەری لە منیش دەدا. دەچووە خزمەت مامۆستا حەقیقیش. دەهاتە لای منیش، کوتی ئەرێ ئەوە چ دەکەی، ئەو هەموو کاغەز و ماغەزە چییە؟ کوتم شتێکی ئاوایە. کوتی جا بۆچی نایکەیە کتێبێکی سەربەخۆ؟ کوتم وەڵڵا هەر دەمەوێ بیکەمە کتێبێکی سەربەخۆ، بەڵام بەڕاستی پێم وانەبوو بۆم چاپ بکەن، زۆری هاندام، من لەو لایەنەوە مەمنوونیم.

ئەوە دوای مام هێمن بوو، بەڵام ئاشنا و ناسیاوەکانی ئەو هەر لەوێ مابوون، بەشی سەرەکی بوون، بردم بۆ ئەوان و ئەوانیش لێیان قبووڵ کردم و دوایە بۆیان چاپ کردم، ئێستاش بێ کەموکوڕی نییە، نە کارەکەی من و نە کارەکەی ئەوان، بەڵام کاکە شت دەبێ لەگەڵ سەردەمی خۆی هەڵیسەنگێنی. ئەودەم ئەو کۆمپیوتەرەی ئێستا هەیە ئەوکات نەبوو، ئەگەر هەشبووبێ لە وڵاتی ئێمە نەبوو.

**ڕامان:** پێشوازی خەڵک لە ڕۆمانەکەت چۆن بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** پێشوازییەکە چاوەڕوان نەکراو بوو، لە ڕادەبەدەر پێشوازی لێ کرا. سێ هەزاردانەی لێ چاپ کرا، کەچی هەر وەئەرزی نەکەوت.

**ڕامان:** چاپی دووەمی کراوە؟

**فەتاح ئەمیری:** ناوەڵڵا.

**ڕامان:** کە هاوارە بەرەت چاپ کرد، چییان بۆ کرد، مەبەستم ئەوەیە کۆڕێکی تایبەتی بۆ گیرا، یان ڕەخنەگرەکان ڕەخنەیەکی تایبەتییان لەسەر نووسی، بەگشتی چی لەسەر نووسرا؟

**فەتاح ئەمیری:** هەندێک وتووێژم لەگەڵ کرا، یەکەم چاوپێکەوتن کەریم قەیومی لەگەڵی کردم. هەندێکیش ڕەخنە و نووسینیش هەبوو، بەڵام زۆرکەم بوو. ڕەخنە ئێستاش لەنێو کورددا زۆر بەهێز نییە. بە نیسبەت من ئەو ڕەخنەیەی کاک زاهیر ڕۆژبەیانی لەسەر بەرهەمەکانی منی نووسیبووی پێم خۆش بوو. پێم وایە لە هەموو ئەو کەسانەی لەسەریان نووسیوم، لە هەموویان باشتر توانیویەتی کارەکانی من هەڵسەنگێنێ.

**ڕامان:** دوا بەدوای هاوارەبەرە، میرزات چاپ کرد؟

**فەتاح ئەمیری:** میرزا ساڵی (١٣٧٢) (١٩٩٣ز) چاپ کرا.

**ڕامان:** کە هاوارە بەرەت چاپ کرد، دەستت کردبوو بە میرزا، یان پێش چاپی هاوارە بەرە خەریکی نووسینی میرزا بووی؟

**فەتاح ئەمیری:** هاوارە بەرەم بە سێ ساڵ نووسی، بەڵام میرزام بە شەش مانگ نووسی. هێندەیان هاندام بە شەش مانگان میرزام نووسی، ئێستاش میرزام لە هاوارە بەرە خۆشتر دەوێ.

**ڕامان:** ڕۆمانی هاوارە بەرەو میرزا باس لە گوند و ژیانی گوندە، بەڵام ڕۆمانی زیندەخەو باسی شارە، چۆن بوو بڕیارت دا شوێن بگوازییەوە، بۆ ڕۆمانی سێیەمت ستایلەکەشت تاڕادەیەکی بەرچاو گۆڕاوە؟

**فەتاح ئەمیری:** مرۆڤ ئەگەر لە دەستی بێ هەموو بوارێک تاقی بکاتەوە باشە. پێم وابێ ئێستا میللەتەکەمان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بڵێ من (شارستانیم) یانی خاوەنی (شارستانیەتم) پێم وایە مەسڵەحەت بوو لەو بوارەشدا خۆم تاقی بکەمەوە، ئەمن ئەوەیان سەرکەوتووتر لە ئەدەبی گوندییەکە دەبینم. من ئەدەبی گوندیم زۆر پێخۆشە، وەک باسم کرد من دە ساڵان گوێم هەڵخست فێری ئەوەبم بزانم خەڵکی لادێ چۆن قسان دەکەن.

**ڕامان:** خەمی پاراستنی وشە ڕەسەنەکان لە نووسینەکانتدا زۆر زاڵە، پێت وانییە بەهۆی گۆڕانی ژیانی سەردەمەوە ئەو ئەرکە ئێستا بڕێک لەسەر شانی نووسەرەکان سووکتر بووبێ، پێشتر ترسی توانەوەی کورد زۆر توندتر بوو، پاشان نووسینەکانمان تاکە ڕێگای بەرخودانمان بوون، بەڵام ئێستا تاڕادەیەک بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئەوە نەک بە مانای ئەوە کە وشە ڕەسەنەکان فڕێ بدەین، بەڵکو بەو مانایە کە ڕۆماننووسەکانمان زیاتر بیر لە لایەنەکانی دیکەی ڕۆمانەکە بکەنەوە تا ئەوەی تەنیا لە خەمی کۆکردنەوەی وشە و پاراستنی وشەدابن، یان لەوانەیە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی من، تۆ وەک شێوازێکی نووسین ئەوکارەت کردووە، حەز دەکەم باسی ئەوەشمان بۆ بکەی؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەوە شێواز نییە، ئەوە نووسینی کوردییە، ناتوانین ئەوە بە شێواز دابنێین، ئەگەر ئەتۆ بە شێوازی کاری تایبەتی منی دابنێی، کە جێ شوێنی منی پێوە دیارە و کابرایەکی دیکە ڕەنگە کە بیخوێنێتەوە یەکسەر بڵێ ئەوە نووسینی فەتاحی ئەمیرییە، ئەگەر خوێنەر بێ دەیبینێتەوە، چونکە ڕێگاکەم ئەوەبووە. ئەمن ئەو ڕەسەنایەتییە بپارێزم جا بۆچی، چونکە ئەوە کوردییە. بە بڕوای من کوردی ناڵێم بێ عەیبە، عەیبی هەیە، زۆر بابەتی وا هەیە ئێمە ناتوانین بەو زمانەی کە ڕۆمانم پێ نووسیوە بێنین بیاننووسینەوە. زۆر شتی زانستی هەیە کە ئێمە ناچارین پەنا بینەینە بەر وشەی بیانی و بێگانە، چونکە زمانەکەی ئێمە ڕەنگە ئەو کارانەی پێ نەکرابێ. ئێستا ئێمە زمانی (دیوانی)مان لاوازە، چونکە کارمان پێ نەکردووە.

**ڕامان:** زۆر کەسی دیکەش کوردینووسە، بەڵام هێندە بایەخ بە وشە ڕەسەنەکان نادات، من هەست دەکەم ئەو کارەی تۆ زۆرتر بە مەبەستی پاراستنی وشەکان بووە؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەمن لە هاوارە بەرەدا بە تایبەت هەوڵی پاراستنی وشەم داوە. واشم داناوە کە حاڵەتی (فەرهەنگ)ی نەبێ کابرا هەستێ بچێ پەنجا کتێبان بگەڕێ تا تێبگات ئەو وشەیە یانی چی؟ وام کردووە کە هەر لە خودی ڕستەکەدا ماناکەی وەدەربکەوێ، ئەگەر وردبووبیتەوە لە خوێندنەوەیدا بۆ کەسێک کە نازانێ ئەوە یانی چی؟ ئەمن وام ڕستەکە نووسیوە وەک شیکردنەوەی وشەکە، وشەکەم شی کردووەتەوە. من پێم وانەبوو بتوانین کارەکانمان ئاوا درێژە پێ بدەین، پێم وابوو پێشمان دەگرن، ئەمن زۆر دەستەواژەم لە هاوارە بەرە داهێناوەتەوە، تەنانەت جاری وابوو یەک وشەم نووسیوە

و کـۆمـایەکم (فـاریزە)یەکم داناوە. وشـەیەکی دیکەم نووسـیـوە و کـۆمـایەکم داناوە لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو شتانەمان تۆمار بکرێن. ئەو کارەم بە ئەنقەست کردووە، هەرچەندە ئەوە لە ڕۆمـانـنووسـینەکـەدا زەرەری پێ گەیاندووم.

**ڕامان:** پێت باشە نووسەرەکان دەبێ ئەو کارە بکەن؟

**فەتاح ئەمیری:** ئێستا بیست و چەند ساڵ لەوەپێش نییـە، بەڵام ئەگـەر بیـەوێ هەر دەقێک کە دەنووسێ لە وشـەی ڕەسـەن کـەڵک وەربگرێ، نە تەنیـا زەرەری نەکردووە، بەڵکو زۆریش قازانجی کردووە. بەختەوەرانە دیالێکت و بن دیالێکتەکانی کوردی هێندە دەوڵەمەند و بەربڵاون کە ئێمە هەر وشەیەکمان بوێ ڕەنگە لە یەکێک لە زاراوەکـاندا هەمـان بێ. پێـویسـتـمـان بە داتاشین و دروست کـردنی وشـە زۆر کـەمـە، ئەگـەر هەر وشـەیەک نەمانبوو، ئەوکات داتاشینەکەم قبوولە، بەڵام هەرکەس هەڵنەستێ وشـەیەک داتاشێ، بەڵکو شـوێنێکی وەکـو کـۆڕی زانیـاری ئەویش کـەسـانێکی شارەزا لە هەمـوو زاراوەکـان کـاری تێـدا بکەن، ئەگـەر وشـەکـەمـان نەبوو، ئەوکـات گـرفـتـێک نییـە، بەشـێـوەیەکی زانستی وشـە دروست بکرێت، بەڵام دەزانی چەندەمـــان زاراوە و بن زاراوە هەیە، ئێـسـتـا سنەیی، یان ئەردەڵانی بەخـۆی بن زاراوەیە، تەنانەت موکریانی کە بەخۆی چەند بەشیشـە، کەچی بەخۆی بن زاراوەیە و زاراوەیەکی سەربەخۆ نییـە، بەڵام بن زاراوەیەکی زۆر بەهێزە. ئێستا لە خودی بۆکاندا کە تۆ منداڵی ئەوێی، بەشی فـەیزوڵڵابەگـییـەکی وەکـو خودی شـاری بۆکـانێ قـسـان ناکـەن، ئەگـەر لە مـیـراوا گەیشتبیە شێخلەر زاراوە دەگۆڕێ. قسەیەکی مامۆستا هێمنم زۆر بە دڵە دەیگوت بۆ بنەمای زمانی کوردی دەبێ بچییە دێهـاتەکانی موکریان، لەنێوان بۆکان و مەهاباد لەو دێهـاتانەی ئەو ناوەندە، ئەلەوێ لە زمـانی کـوردی ڕەسـەن بگـەڕێی، بێی بە زاراوە و بن زاراوەکـانی دیکە ئەو بنەمایە دەوڵەمەند بکەی. زۆر شت هەیە، بۆ نموونە شکاک بە مـەڕ دەڵێ (پەز) تۆ چاولێ بکە (پەز) چەند لە شانان خۆشترە تا (مەڕ) یان بە یارەڵماسی (پەتاتە) دەڵێن (سێوک) زۆر خۆشە، یان (ئەز) لە جیاتی من، یان ئەمن، ئەوانە زۆر خۆشترن، ئێمە ئەو وشانەمان لە پێـشـدا لە مـوکـریان هەبووە، لە مـوکـریان شـیـعـرێکی فۆلکلۆریمان هەیە دەڵێ: ئەگەر زانیت ئەزم، نەتزانی دزم. وەکـو ئەوەیە شـەوێ دەچیـیـە سـەر نوێنی کـابرایەکی کە خەوتووە، دەچی بە مەبەستێک جا هەر مەبەستێک بێت، ئەگـەر وەخـەبەرهات دەڵێی ئەمن فـلانم، ئەگـەر نەیزانی دزی کـارەکـەی خـۆت ئەنجـام دەدەی. هەر لە مـوکـریان هەمـانە دەڵێ ئەزم ئەزم هەڵدەبەزم. دیارە پێـشـتـر ئەوانە لەو زاراوەیەدا هەبوون و ئێستا نەماون. لە فڕێدانی زۆر شت زەرەرمـــان کـــردووە و لە فـــڕێدانی زۆر شـــتـــیـــش قـازانجـمـان کـردووە، بۆ نموونە ئەو (ت)یەی کـە لە دوای ئاخر وشـە دەکـەوێ وەکـو: واناکـرێت، دەبێت، دەچێت، ئەوانە ڕەوانتـر بـوون ئێـســتـا بوونەتە واناکـرێ، دەبێ، دەچێ و...تاد ئەوە تایبـەتمەندی زمـانە، زمـانی زیندوو وشە وەردەگرێ و وشەش فڕێ دەدات. ئێستا ئەو هەمـوو وشە عـەرەبییـەی کە هاتوونەتە ناو زمانی فارسییەوە، هەموویان، یان بڵێین زۆربەیانیان گۆڕیوە.

خـۆ وەرگرتنی وشـە خـراپ نییـە، بەڵام لە زمـانێکی وەربگـرین کـە لەگـەڵ زمـانەکـەمـان هاوڕیشـەن، ئێـسـتـا کـــوردی و فــــارسی هەردووکـــیــــان زمـــانی (هیند و ئەورووپایی)ین، ئەوانە لە ئێـرانیش لە پەنایەکن، ئەگـەر ئێـمـە بگـەڕێینەوە سـەر (کـورووش) دەبینین دایکی کـورد بووە، باوکی فـارس بووە، یانی تێکەڵاوی ئەو دوو زمانە هەر هەبووە، پێش کورووش پادشاکانی دیکە کورد بوون، ئاخر ئەو کـوردە دەبێ زمـانی (دیوانی)یەکـەی بە کـوردی بوو بێت، کەوایە ئێمە ناتوانین بڵێین باوک لە کوڕ دەبێ، چونکە بە پێـچـەوانەکـەی ڕاسـتـە کـوڕ لە بابی دەبێ. لە ڕەوتی مـێـژوویەکی دوورودرێژدا زمـانی ئێـمـە وردە وردە پاشـاکـشـەی کـردووە و کـاری تێـدا نەکـراوە، زمـانەکـەی ئەوان خـــاوەنی هەبووە، هێـــز و پارەی لەپـشـت بـووە و کـاریان بۆ کـردووە، ئێـسـتـا زمـانی ئەوان بە قـەد دێوێکی لێ هاتووە. زمانە بە تەواوی مانا، هێشتا سەرەڕای ئەوە من ڕۆژێکی لەگـەڵ دکـتـۆر کـەزازی قسـەم دەکـرد، نازانم دیتـبێـتت، یان نەتدیبێ، دکـتـۆر کـەزازی مـامـۆسـتـایەکی زانکۆیە و زۆر بەناوبانگە، خەڵکی هەمەدانە.

**ڕامان:** ناوی تەواوی چییە؟

**فـەتاح ئەمـیـری:** وەڵڵا لەبیـرم چووەتەوە، پێکەوە سێ چوار سەفـەرمان بۆ ئەو کۆنگرە و فیـستیـڤاڵانە کردووە، جارێکیش پێکەوە هاتینە باشووری کوردسـتـان، دکـتـۆر کەزازی دەیگوت ئێمە دەبوو ڕێنووسەکەمان وەکو ئی ئێوە بێت. ئی ئێـوە دروسـتـتـرە، وەنەبێ ئێـمـە لە فـارس عـاقڵتربین. ئێمە درەنگتر دەستمان پێ کردووە. زمانی کـوردی ناڵێم کـێـشـەی نییـە کـێـشـەی هەیە، بەڵام لەو زمانانەیە کە زۆر کەم کێشە و گرفتی هەیە.

**ڕامان:** زمانی کوردیش کێشەی خۆی هەیە، ئێستا تۆ دەڵێی مامۆستا هێمن گوتوویەتی بۆ دامەزراندنی زمانی ستاندارد دەتوانین لە زاراوەی موکریانی ئەویش ئەوەی کە

لەنێوان بۆکان و مەهاباد قسەی پێ دەکەن کەڵک وەربگرین، بەڵام ئەو قسەیە زۆر زەحمەتە کەسێکی هەورامی، یان کرمانجی ژووروو، یان هەر زاراوەیەکی دیکە ئاوا بە ئاسانی قبووڵی بکات، تۆ پێت وایە بۆ دامەزراندنی زمانێکی ستاندارد دەبێ چ بکەین، ئایا دەتوانین بە بڕیارێکی سیاسی چارەسەری بکەین؟

**فەتاح ئەمیری:** نا کاکە هیچ سیاسەتمەدارێک ناتوانێ زۆری لە خەڵک بکات و بڵێ ئەوە زمانی تۆیە، چونکە ناکرێ، ئەوە هەر دەبێتەوە ئەو شتەی کە کابرای دوژمن و بەرهەڵستی تۆ پێت دەڵێ حەقت نییە بەو زمانەی خۆت بخوێنی، من چۆن دەتوانم بە کابرایەکی شکاک، یان هەرکی، یان هەورامی بڵێم تۆ نابێ بە زاراوەی خۆت بخوێنی و دەبێ بە زاراوەی من بخوێنی، ئەگەر بۆمان جێبەجێ بێ بەو شێوەیەی کە باسم کرد ئێمە زاراوەی کرمانجی خواروو بە تایبەت بن زاراوەی موکریانی بکەینە بنەمای کارەکەمان و بە زاراوە و بن زاراوەکانی دیکە دەوڵەمەندی بکەین و هەمووشمان لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین، ئەگەر زاراوەکانی دیکە قبووڵیان نەکرد، دەبێ بە زاراوەی خۆیان بخوێنن و بنووسن، شت بە زۆری ناکرێ، هەر جێبەجێش نابێ، ئێستا لای ئێمە لە ئێراندا زۆر هاووڵاتی تورکمان هەیە کە قورگیان بۆ زمانی فارسی دروست نەبووە، ئێمەی کورد فارسی زۆر چاک فێردەبین، یان بۆ نموونە هەر عەرەبەکان ئەو وشەی کە ئێمە پێی دەڵێین (وللالین) لە نوێژیدا، فارسەکان دەڵێن (ولزالین) ئەوان بە (زادی) دەڵێن ئێمە بە (لامی) دەڵێن، ئەمن ئی خودی عەرەبەکانم گوێ لێ بووە نە (زادە) نە (لامە)، شتێکە لە نێوان ئەو دووانە کە ئێمە بۆمان نایە، خۆ بە زۆری نییە، گەروومان نایکێشێ. ناکرێ تۆ خەڵک ناچار بکەی بڵێی، چونکە من ئەوەم پێ ڕاستە تۆش دەبێ وابکەی. دەنا من ئێستا ئەو پێشنیارەی خۆم پێ دروستە، بەڵام ناکرێ بە زۆر ئەوە بکرێ شتی وا ڕێکەوتنە. ئێمە فارسییان بە زۆری پێ خوێندین. کاک ئەحمەدی قازی یادی بەخێر دەیکوت ئەوەدەمی مەلایەک لە دێ هەبوو کە ئەوان منداڵ بوون ئەوکات دەرسی پێ کوتوون. دەیکوت کاک (مونتەقیمی) برای بە ڕەحمەت بێ نەماوە برای کاک ئەحمەدە، دەیکوت ئەویش لەگەڵ ئێمە دەیخوێند و پێیدا دەهات ئەو وشانەی ئاخریان (ی) و بە (ا) دەخوێنرێنەوە وەکو (کبری)، (موسی)، (عیسی) خۆی لە واقیعدا کە چاوی لێ دەکەی دەبێ کوبرا بە ئەلف بنووسرێ، کەچی (کوبری) دەنووسرێ، یان (عیسی) دەنووسرێ، دەیگوت بە هەمووان‌دا دەهات لەگەڵ ئەوەی دەگەیشتە (مرتضی) لێی تێک دەچوو، چونکە مەلا دەیخوێندەوە (مورتەلا)، دەیگوت ئەویش دەیگوت (گورنە تەڵە)، هەموو ڕۆژێ لەسەر (گۆڕنە تەڵە) لێدانێکی وێ دەکەوت. لە هەموو زاراوەکاندا کەسی زانا و بیرمەند و زمانزانمان هەیە، ئەوانە دەبێ لەسەر ئەوە کاربکەن و ساغ بنەوە، دەنا دەبێ هەر کەس بە زاراوەی خۆی بنووسێ و بخوێنێتەوە.

**ڕامان:** باشە ئەگەر هەر کەس بە زاراوەی خۆی کاربکات پەرتوبڵاو دەبین و ئەو یەک دەستییەی کە دەبێ نەتەوەیەک هەیبێ، نامێنێ؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەمن زاراوەکەشم قبووڵە، ڕێنووسەکە ئێستا گرفتە، هەر کەس بە ڕێنووسێک دەنووسێ، هێشتا ئەوە ستاندارد نەبووە. ئیدی ڕێنووس زۆر ئاسانە، کابرا چی پێ دەنووسێ کەیفی خۆیەتی، من ناتوانم بڵێم فڵانە زاراوە مافی نووسینی نییە، بەڵام ئەو بێ سەرەوبەرەییەی ڕێنووس، تەنانەت لە یەک زاراوەشدا ساغ نەبۆتەوە، هەر کەسەی بە کەیفی خۆی وشەکان دەنووسێ.

**ڕامان:** تۆ یەکێکی لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنی ئەدەبی بۆکان، پێم خۆشە باسی ئەو سەردەمەمان بۆ بکەی؟ چۆن دامەزرا، کاریگەرییەکانی ئەنجوومەن لەسەر پێشخستنی ئەدەبیات چ بوو؟ لە بەرەو پێشبردنی ئەدەبی کوردیدا ئەنجوومەن چەندە توانی بە ئەرکەکانی خۆی ڕابگات؟ کێ بوون ئەوکەسانەی ئەنجوومەنتان دامەزراند؟ بە چ مەبەستێک داتانمەزراند، حەز دەکەی باسێکی ئەوانەمان بۆ بکەی؟

**فەتاح ئەمیری:** من سەعیدی نەجاری (ئاسۆ)م زۆر چاک لەبیرە، چونکە ئەوەدەمی ئێمە چووین هەڵبژاردنمان بۆ کرد، سەعید نەفەری یەکەم هاتەوە، من نەفەری دووەم، زۆر چاکیش پێکەوە هاوکاریمان دەکرد، باش بوو لە قەدەر ئەوەی کە ئێمە دامانمەزراند، بەڵام ئێستا دەمێک ساڵە کە نە ئەمن چووم و نە سەعید چووە. بە خۆیان هەر هەیانە. هەندێک برادەری دیکەش لەگەڵ بوون، ئەوانیش، یان لە بۆکان نەماون، یان هەر نەماون. بەگشتی کارەکە کارێکی باش بوو، ئێستاش بەرهەمی زۆری داوەتە دەرێ، زۆر گەنجمان هەیە کە زۆر جوان دەنووسن. ئەوە وردە وردە چووەتە نێو بنەماڵەکانیش و ئەوانیش لەوان کەڵک وەردەگرن، بەڵام کێشەیەکی زۆر گەورە کە هەمانە ئەوەیە میدیاکانمان کە قسە دەکەن، قسەکانیان زۆر ستاندارد نییە. کاکە (هاوارە بەرە)یان لە ڕادیۆی کوردی تارانێ کردبووە چیرۆک، خەڵک زۆری پێشوازی لێ کرد، بەڵام کە بە خۆم گوێم دەدایە، گریانم

دەهات، چونکە نەیاندەزانی وشـەکـان بە دروسـتی گـۆ بکەن. بە هەڵە دەیانخـوێندەوە. بەڵێنیـشت پێ دەدەم لە مـاناکـەشی حـاڵی نین. ئەوەندەیان پێ نەکـرا ڕۆژێکی بانگی من بکەن ئەو وشانەی کە ماناکەی نازانن، بۆیان شی بکەمەوە، ئەو کتێبە فەرهەنگۆکی هەیە، هەر لانی کـەم سـەیری ئەویان کـردبایە باش بوو. تۆ چاو لە فارسەکان بکە سەرەڕای ئەو هەموو خزمەتەی بە زمانی خۆیان کردووە، ئێستاش فەرهەنگستانیان هەیە و هەر ڕۆژەی وشەیەک تەرجومە دەکەن کە لە لاتیندا هەیە و لە زمانی خۆیاندا نییە. ئێستا بە هێلکۆپتەر دەڵێن (بال گـرد)، بە کـۆمـپـیـووتەر دەڵێن (رایانە) و زۆر شـتی دیکەش. ئێمە ئەوەمان نییە. گلەییەکە لە ئێمە نییە، ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەستمان نایە، چونکە ئەو جـۆرە کـارانە پێـویسـتی بە بودجـە و بە جێگاوڕێگا هەیە، دەبێ زمـانزان و زمـانناسـەکـان کـۆ بکەیەوە و پارەی تێـدا سـەرف بکەی. ئەتۆ کـابرا لە دیاربەکر و کرمـاشانەوە بێنییە ئێرە، دەبێ جێی هەبێ لێی بخەوێ، دەبێ زۆر نەهێڵی کەموکوڕی هەبێ، جا بۆیە ئەوە ئێستا لە دەست ئێمە نایە.

**ڕامـان:** بۆچی ئەنجـومـەنی ئەدەبی بۆکـان و زۆربەی ئەدیب و نووسـەرەکـانی بۆکـان زیاتر بەلای چیـرۆک و ڕۆمـاندا شکانەوە و لەو بوارەدا زیاتر کـاریان کـرد؟ چ شـتێک بووە هۆی ئەوەی ئەو شـارە لە چاو شـارەکـانی دیکە لایەنگری چیرۆک و ڕۆمانی زیاترە؟

**فـەتاح ئەمـیـری:** پێم وایە لە خـۆشـەویسـتی مـەلا حەسەنی قزڵجییە.

**ڕامان:** تەنیـا ئەو هۆکـارەیە و پێت وایە ئەوەیە بووەتە ڕابردوویەک بۆ ئەو شـارە، کـە زیاتر چیـرۆکنووس و ڕۆماننووسی هەبێ؟

**فەتاح ئەمیری:** زۆر کار یەکەم جار لە بۆکان دەستی پێکردووە، هەر چیـرۆکنووسێن نییـە، ئێسـتـا چاو لە (فەیزوڵلاخانی ناهید) بکە لەوانەیە لە یەکەم کەسەکانی کـورد بێ کـە کـاری شـێـوەکـاری کـردووە، لە هەمـوو موکریاندا یەکەم کەسێک کە خەریکی وێنەگری بوون، ماڵی فەروخی بوون.

**ڕامـــان:** هۆکـــاری ئەو ڕچەشکێـنیـــانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**فەتاح ئەمیری:** ئەو شارە، شارێکی پڕ مێشکە، یەکەم کەسێک لە کوردستانی ئێراندا چیرۆکی نووسیوە، مەلا حەسەنی قزڵجی بووە، کتێبێکیان نووسیوە (از رمان تا ملت) (لە ڕۆمانەوە تا نەتەوە) دکتۆر بەختیار سەجادی نووسیویەتی، پێم وایە برێک کەم لوتفی کردووە.

**ڕامان:** چی وتووە کە بەم شێوەیە باسی دەکەی؟

**فەتاح ئەمیری:** لە کوردستانی ئێراندا مەلا حەسەنی قزڵجی یەکەم کەسە کە کـورتە چیرۆکی نووسیـوە. من قەت تەئیـدی حزبی توودە ناکەم، مەلا حەسەن توودەیی بووە،، یان نەبووە کـــەیفی خـــۆیەتی، من باسی چیـرۆکـەکـانی دەکـەم. من وەک ئەدیبێـک لەگـەڵ مـەلا حەسـەن-م. ئەو کابرایە دەروونناسی کۆمەڵگای کوردی بووە، من کوتم کە کتێبی دیکەشی هەبووە، بەڵام نەشی بوویێ هەر (پێکەنینی گەدا) بۆ ئەو کابرایە بەسە، بۆ تۆ پێت وایە کـەسـێکی وەک سـوارە ئیلخـانی زادە تەنیـا شیـعـری (خەوە بەردینە)ی هەبایە بۆ ئەو بەس نەبوو کە وەک شاکـارنووسێک بیناسین؟ پێت وایە هێـمن ئەگـەر هەر (ناڵەی جودایی) هەبایە، شاکار نەبوو بۆ ئەو؟

**ڕامان:** ئەو کـتـێـبـەی ناوت هێنا باسی چی دەکـات، چونکە ئەو کـتـێـبـە جـارێ نەگـەیشـتـووەتە باشـووری کوردستان و نەماندیوە.

**فـەتاح ئەمـیـری:** حەز ناکـەم لەوە زیاتر باسی بکـەم، دکـتـۆر بەخـتـیـار سـەجـادی هاوڕێمـە، من لەو دەمـەوە نەمدیوە، لەوانەیە ئەگـەر بیـبـینم بەخـۆی هۆکـاری خـۆی هەبێ بۆ ئەو شتانەی نووسیوبەتی.

**ڕامان:** بگەڕێینەوە سـەر زمانی ڕۆمانەکانت، تۆ ئەو کـاتەی دەست بە نووسین دەکـەی، چۆن دەڕوانیـــە نووسینەکانت، بەردەنگی تۆ لە باری زمانەوە کێیە؟

**فەتاح ئەمیری:** من حەزم دەکرد یەکێک لەو تەوەرانەی کـە قـسـەی لەسـەر بکەم ئەوەبێ، ئەو شـتـەی کـە من هێندێکی لێ شـارەزام زاراوەی مـوکـریانیـیـە. تۆ ئەو کـتـێـبـانەی منت خـوێندووەتەوە جا چاک، یان خـراپ زمانەکەی جیاوازی لەگەڵ نووسەرەکانی دیکە زۆرە، من ناڵێم چاکم نووسیوە، ڕەنگە من خـراپم نووسیبێ، بەڵام هەوڵم داوە بەو لایەیدا بکێشم ئەو شتانەی کە لە وڵاتی ئێـمـەدا باون و خـەڵک ئاوا قـسـان دەکـات بنووسم. لە ڕابردوودا، ئەگـەر تاریفی کەسێکیان کـردبا، دەیانکوت قـسـەی قـەڵەمی دەکـات، قـسـەی قـەڵەمی، یان قـسـەی خـوێندەوارانە، قـسـەی قـەڵـەمی ئەوەبوو کـە لە حـوجـرە ڕاهاتبوو، کـابرا دەهات دە وشـەی عـەرەبی، یان فـارسی لەناو ڕستەیەکی کوردیدا دەکوت، یان دەنووسی، بێجگە لەوەش کـابرای خـوێندەوار پێی عـار و پێی عـەیبـە بوو، ئەگـەر دانیشێ و وەکو منێکی شوانە وێڵە قسە بکـات. من کـوتم نەخـێـر کـەللە سـەری قـسـەکـان ناکـەمـە شووتییەکی. بۆ وام نووسی؟ ئەو کەسەی تۆ قسانی بۆ

دەکەی لێت حاڵی بێ باشە، یان سەری لێ بشێوێ. من دەتوانم بڵێم (ناڵەی جودایی) هەموو نەخوێندەوارێک لێی حاڵی دەبێ، بەڵام ڕەنگە (میرزا)ی من وانەبێ، چونکە من لەوەدا سەرنەکەوتووم. ئەوە خەتای منە کە سەرنەکەوتووم. ئەمن دەمەویست لەوەش پەتیتر بێ. وەک بەیتی (عەلی بەردەشان) من دەمەوێ کوردی قسان بکەم، هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە، فەڕەنسا نووسەری زۆر گەورەی هەیە، بەڵێ نووسەری زۆر گەورەی هەیە، گەردنم خوارە لەبەرانبەر ئەوەدا، بەڵام من لێرەدا ئەرکێکی دیکەم هەیە. جا ئەوە چۆنی وا لێهاتووە؟ پێش (سیف القضات) وانەبوو. خوالێخۆشبوو (سیف القضات) بەو جێگایە گەیشتووە، سەرەڕای ئەوەی کە مەلا بووە و حوجرەنشین بووە و ئاغا بووە و بەکورتی لە بارودۆخێکی باشدا بووە، بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ خەڵکی سەردەمی خۆی قەڵەمی قسە بکات و میرزایانە بنووسێ، کۆنە قەباڵەم دیتووە، کاتی خۆی نووسیویانە، پێیان وابووە بە فارسی نووسیویانە، بەڵام لە پەنجا وشە یەک وشەی فارسی نییە، وایان لێ کردووە سەری لێ دەرناکەی. کاکە دەی ئەوە کوێی بوو بە فارسی، یان هێندێک لەو شاعیرانە کە ناکرێ ناویان بهێنم، شیعریان گوتووە تەواو عەرەبییە، یان تەواو فارسییە. جا کاکە بۆ خۆت زەحمەت داوە هەر بە عەرەبی، یان فارسی شیعرت نووسیبایە. جەنابی (سیف القضات) هات هەموویانی فێری کوردی کرد. لەو قۆناغەدایە کە کورد شکڵی زمانی دەگۆڕدرێ. ئەو شیعرانەی کە ئەو دەستی پێ کردووە و ئەو نامانەی بۆ خەڵکی نووسیوە و ئەو قسانەی لە دانیشتنەکانیدا کوتوونی، لە پەتیترین وشە کەڵکی وەرگرتووە. دەڵێ:

**«قوربانی بەژنی هەر وەک نەمامان**
**کێ دی نەمامان بگرێ شەمامان»**

یان بۆ عەزیز ئاغای کولتەپە دەنووسێ:

**«عەزیز ئارەزووت هێرشی بۆ هێنام**
**فرمێسکم سوور بوو زەردی ڕووی لێنام»**

هەر لەو شیعرەیدا لە جێگایەکی باسی گرانی و قاتوقڕی و چەرمەسەرییەکانی خەڵکی دەکات دەڵێ:

«ئاغاوات شڕیانە، ڕەعییەت قڕیانە»

هاتووە چووە لە زاراوەی شارۆیرانیش کەڵکی وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی بە زمانێکی دەوڵەمەند و پەتی بنووسێ، زاراوەی ئەمڕۆی موکریان قەرزداری (سیف القضات)ە. دەبێ بڵێین قوتابخانە، قوتابخانەیەکە قوتابی وەکو مامۆستا هەژار و هێمن و حەقیقی و ئاوات و نووری و لە هەموویان پتر کە ئێستا یادگارێکیان ماوە مامۆستا هێدی پەروەردە کردووە.

من پێم وایە کەس لە زاراوەی موکریاندا وەک مامۆستا هێدی شارەزا نییە، وەختایەکی گوێم لە شیعرەکانی دەبێ، یان دەیانخوێنمەوە مەست دەبم، ئەو کابرایە هێناویە لەگەڵ خۆی، بەختەوەرانە بەرهەمیشی کەم نییە. ماوەیەک لەوەپێش لە بۆکان کۆڕێکمان سەبارەت بە مامۆستا هێمن هەبوو، کوتم کاکە ئێوە، ئەگەر هێندە هێمنتان خۆش دەوێ وەرن کەڵک لە وشەکانی وەرگرن، خۆ ئەو وشانە ئی مامۆستا هێمن نین، ئی ئەو نەتەوەیەیە، ئەمن چووم دۆزیومەتەوە. بە کورتی (سیف القضات) هێنای و لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا کردیە باو. پاش ئەو لەسەدا نەوەدی قەڵەم بەدەستەکان کاری (سیف القضات)یان پێ کارێکی گەورە بووە، کارەکەشی قورس بووە، مەلایەک کە لەحوجرە خوێندوویەتی و نیوەی وشەکانی عەرەبییە، بێت ئەو بڕیارە بدات و خەڵکیش قبووڵی بکات. هەر ئەو کارە لە زمانی فارسیدا فیردەوسی کردوویەتی.

**ڕامان:** لەنێو بەرهەمەکانی خۆتدا کامە بەرهەمت لەوانی دیکە زیاتر بەدڵە؟

**فەتاح ئەمیری:** دوو کتێبی یەکەمم دەچنە خانەی ئەدەبی گوندییەوە، بەخۆشم دەمزانی و عەمدەن ئەو کارەم کردووە، ئێستاش پێم وایە ئەدەبی گوند، ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەند و بەپێزە. کەمیش نین ئەو پیاوە زۆر گەورانەی من بە نیسێی ئەوانیش ڕا ناگەم، نووسەرێکی گوندین، بۆ نموونە گابریل گارسیا مارکیز لە چەند چاوپێکەوتندا کوتوویەتی من نووسەرێکی گوندیم. منیش حەزم لەو بوارە بوو و ئێستاش هەر حەزم لێیەتی، بەڵام لە (زیندەخەو) تارادەیەک هاتوومەتە نێو شارەوە، شارێکی تەواو شاریش نییە، ئێستا نەبووەتە شار، بەڕاستی ئێستاش شارەکانمان وان، ئەگەر لەبیرت بێ، لە زۆر جێگایاندا دایە خەیاڵ دەچێتەوە سەرگوند، بەسەرهاتی خۆی لەوێ دەگێڕێتەوە. لە مەجیدەگڕوێ دەچێتەوە سەر دێ باسی خۆی دەگێڕێتەوە.

ئەمن لە زیندەخەویشدا فلاشباگم بۆ گوند هەر لێداوە، بەڵام پێکهاتەی گشتی کتێبی زیندە خەو کتێبێکی شارستانییە، زیاتر ئەوم بە دڵە و لە هەموویانم پێ خۆشترە. پێم وایە هەروەک دەڵێین منداڵی چکۆلەتر لەوەی لەپێشدا لە دایک بووە خۆشەویستترە، لەوانەیە منیش تووشی ئەو دەردە بووبم، بەڵام پێم وایە ئەو شتانەی کە لەو ڕۆمانەدا هەن لەوانی دیدانین، بۆ نموونە

دەتوانم بڵـێم لەو ڕۆمـانەدا من چەند شـێـوازم تێکەڵ کـردووە، لەوێ ئوسـتـوورەسازی هەیە، فـلاشـبـاگی زۆر بەهێزی تێدایە، بەجۆرێک ڕەگی پۆست مۆدێرنی تێدایە، کـە نەریت شکێنیم کـردووە، ئەو شـتـانەم لەپەنا یەکـتـر داناوە و کۆی ئەوانە مەعجوونێکی دروست کردووە، بۆیە ئەو مەعجوونە توانیویەتی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، بێـجگە لەوەی من لەوێدا پەیامم داناوە، کـە دەبێ بخوێنرێتەوە تا دەرکی پێ بکەی. دیارە من وەک نووسەر نابێ باسی ئەو شـتـانە بکەم، بەڵام من زۆر کـارم لەوێدا کردووە، هاتوومەتە سەر دۆنادۆن، دۆنادۆن بیرۆکەیەکی زۆر کۆنە مرۆڤ کە مرد ڕوحانەتی دێتەوە ناو جەستەی مـرۆڤـێکی دیکە، باسی ئەوەم کـردووە، لێـرەدا حلوولی دووکـەسـە. ڕوحی تورکـێک دەچێـتـە نێـو جـەسـتـەی کوردێکەوە کـە ئەوە دەبێتە بنەمای سەرەکی ڕۆمـانەکە. ئازاد کـە پاڵەوانی سـەرەکی ئەو ڕۆمـانەیە چۆن دەتوانێ سـەر لەوانە دەربکات. لە هەمـووی گـرینگتـر لە ئاخرییـەکـەیدا ئازاد دەڵێ ئێـمە دەڕۆینەوە بۆ وڵاتەکـەی خـۆمـان لەبەرخـاتری ئەوەی ئێـمـە ئازادی فـێـری خەڵکەکـەمـان بکەین. ئازادی بەڕاسـتی شـتـێکی کـەم نیـیـە، فـێـربوونی دەوێ، دەرس وەرگـرتنی دەوێ. زوو وەرگـێر مـرۆڤ ناکەوێ، مـرۆڤ دەبێ قـەدری ئەو شـتـانە بزانێ. پێم وایە زیندەخەو لە ڕۆمانەکانی دیکەم باشترە، تەنانەت هێندەم پێ چاکـە نەمـوێراوە دوای زیندەخـەو دەست بۆ قـەڵەم بەرم و شـتـێکی دیکە بنووسم، چونکە پێم وایە ڕۆمـاننووس، ئەگـەر ڕووخـا، زۆر چەتوونە جێگای خۆی بگرێتـەوە. بەرهەمـێک کـە چاپ دەکـرێ، ئەگەر لە بەرهەمەکەی پێشتری نووسەرەکە بەهێزتر نەبێ، نـابێ لاوازتربێ، بۆیە جـارێ من دەسـتـم ڕاگـرتووە و نەموێراوە کارێکی وا بکەم.

**ڕامان:** کەواتە بە تەمانیت ڕۆمانێکی دیکە بنووسی؟

**فەتاح ئەمیری:** بۆ بە تەمابوون، هەموو کات بەتەمام. بەهەرحـاڵ من دەمـەوێ خـزمـەت بکەم و بەخـزمـەتیـشی دەزانم، بە خـاتری خۆشم نەبێ ئەمن ئەو کارە ناکەم، بۆیە منەتیش لەسەر کـەس ناکـەم، من بۆ دڵی خۆم دەنووسم، هەرکەسێکیش پێی ناخۆشە، خۆ زەرەرێکم لەو نەداوە، خۆ مـولـکم لێ داگیـر نەکـردووە، با نەیخـوێنێـتـەوە. من کەسێکم بۆ دڵی خۆم ئەوانەم نووسیوە، نووسین پیشەی سەرەکی منیش نییە، جێگاکەم بەتاڵ دەدیت، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتـان جێگای ڕۆمـانم بەتاڵ دەدیت، ئەگـەر ئێـمە چاو لێ بکەین تەنانەت ئەو ڕۆمانە دکتـۆر ڕەحـیـمی سـەیفی قـازیش لە ڕۆژهەڵات چاپ نەبووە، هاتووە لە بەغدا چاپی کـردووە، بەخۆشی لە باکـۆ ژیاوە. لەوانە بوو ئەو خەڵکە، ئەگـەر لە ئەمریکای لاتین ژیابان زۆر ڕۆمـانی چاکـیـان نووسـیـبـایە، بەڵام بەو مـەرجـەی کوردییەکەیان لەبیر مابایە نەک بە ئینگلیزی بنووسن و دوایە ئێمە پێمان وەرنەگێڕدرێ.

**ڕامان:** لەکـۆتایی حـەفـتـاکـانی کـۆچی بەولاوە، لە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان چیـرۆکنووسـەکـان حـەزیان لە نووسینی چیـرۆکی پۆست مـۆدێرن کـرد، تۆ بەرهەمی ئەو نووسەرانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**فەتاح ئەمیری:** یەکەم ئەوەی کە بەرهەمێکی هێندە زۆر نەنووسراوە.

**ڕامان:** ئەوانەی کـە نووسـراوە تا چەنـدە سـەرکـەوتوو بوون؟

**فەتاح ئەمیری:** سەرکەوتووشیان تێدایە، پیاو حەق بڵێ، من حـەزناکـەم ناو بێنم. ئێـمـە ناچارنین لە چوارچێوەی شێوازێکی تایبەتدا بنووسین. دەزانی پۆست مۆدێرن چییە؟ با من لەو بابەتە بدوێم. ڕۆشنبیرێک کە بتـوانێ بەتاڵاییـەک پڕ بکاتەوە، بەکـار و بەرهەمەکـانی، کـارێکی پۆست مـۆدێرنی کـردووە. من لەو بەرهەمـانەدا شتی وا نابینم، ڕاستـیت ناوێ، من نەمـدیوە کـەسێک توانیـبێـتی ئەو بەتاڵاییە پڕ بکاتەوە، ئێـمە لە ڕادەبەدەر بەتاڵاییـمـان هەیە، هیـچـیش پڕ نەبۆتەوە. ئێـسـتـا ژمـارەیەکی زۆر کـەم بەرهەممان بەدەسـتـەوەیە، ئەوانەی چاپکراون، بیـانهـێنینە گـۆڕێ، چەند دانەن؟ یەکـجـار کـەمن. بەراوردی بکە لەگـەڵ ئەوەی ئەمـڕۆ لە دنیـادا دەکرێ، ئێـمە چمان هەیە، ئێـمە زۆر بۆشاییـمـان هەیە. دەبێ ئەوانە پڕ بکـەینەوە. من لە پۆست مـۆدێرن ئاوا تێناگـەم کە کـابرا هێندێک نائاسـایی قـسـەی کـرد، یان جۆرێک نەریت شکێنی کرد ئەوە پۆست مـۆدێرنە. نەریت شکاندنیش هەلومەرجی تایبەتی خۆی دەوێ، یەکەم دەبێ حکوومـەت لێت قـبـووڵ بکات، دووەم دەبێ خـەڵک و کـۆمـەڵ لێت قـبـووڵ بکـەن، پاشـان ئەوەی دەیکـەی دەبێ بایەخی هەبێ. من شتی وا نابینم، بەڵام بێ هیواش نیم، هیوادارم کەسی گەورەمان لێ هەڵکەوێ، بتوانن ئێمەش لە ئاستی جیهانیدا بە خەڵک بناسێنن، بەداخەوە ئێستا کتێبەکانی ئێمە زۆر کەمیان، یان دەتوانم بڵێم هیچیان وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان، زمانی بێگانە، ئێـسـتـا کابرایەک دێ، کوردی دەکـاتە فـارسی، یان فارسی دەکاتە کوردی، ئەوە شتێکی وانییە. گرینگ ئەوەیە کـوردی بکرێتـە ئینگلیـزی و فـەڕەنسی و ڕووسی و...تاد. هیوادارم بگەینە ئەو ئاستە.

**ڕامان:** بۆ ئێمه تائێستا ڕۆمانێکمان نییه له ئاستی جیهاندا ناسرابێ؟

**فەتاح ئەمیری:** ئێمه زۆر درەنگمان دەست پێ کردووه. ڕۆژنامەنووسیی ئێمه له سەدوچەند ساڵێک پتر نییه. ئەوه بۆ نەتەوەیەک زۆر کەمە کە دەیەوێ لەدنیایەدا قسەی هەبێ، ئێستا لەوەش خراپتر دەبینم، ئەمڕۆ کتێب چاپ دەبێ، سەد دانە دوو سەد دانەی لێ چاپ دەبێ، بۆ؟ چونکە خوێنەر نییه. ئێستا بیستوومە له ئەمریکای لاتین ڕۆمانێک چاپ بکرێ بەلانی کەمی میلیۆنێکی لێ چاپ دەکەن. یانی ڕۆماننووسێک یەک ڕۆمانی چاپ بکرێ، کێشەی ئابووری نامێنێ، ئێمه خوێنەرمان نییه، ئێستا ئی وا هەیه دەڵێ لەسەر کۆمپیووتەر دەخوێنمەوه، ئەوەش باشە، هەرچەند من ئاوا چێژ له خوێندنەوه نابینم.

**ڕامان:** ئەی نووسین چی، دەتوانی لەسەر کۆمپیووتەر بنووسی؟ یان هەر لەسەر کاغەز دەنووسی؟

**فەتاح ئەمیری:** ناوەڵڵا لەسەر کاغەز دەنووسم. تا شتێک دەنووسی دەبێ سەدجار بیکوژێنییەوه و پاش و پێشی پێ بکەی، ئەو جۆرە کارانە دەبێ حەتمەن لەسەرکاغەز بینووسی. عەلی ئەشرەفی دەرویشیان دەڵێ دوازده جارم (سالهای ابری) پاکنووس کردۆتەوه. دوازده جار بەدەست. کتێب ئاوا دەنووسرێ. تۆ لەسەر کۆمپیووتەر ئەو وردەکاریانەت پێ ناکرێ. ئێمەی کورد بۆ نووسین زۆر تەمبەڵین.

**ڕامان:** ئێستا هەوڵێکی زۆر له ئارادایه بۆ دامەزراندنی سینەمای کوردی، سینەماش وەک دەزانی پشتیوانی دەقی وەکو چیرۆک و ڕۆمانی باشی دەوێ، پێت وایه ئێمه بایی ئەوەندەمان چیرۆک و ڕۆمانی باش هەیه کە ببنه پاڵپشتی هونەری سینەمامان؟

**فەتاح ئەمیری:** بەڵێ هەمانه، پێشم وایه زۆر زۆریش سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام له هەموو ڕۆژهەڵاتی دنیادا ماوەیەکە خەڵک پشتی له سینەما کردووه. زۆرجار دەبینی فیلمی زۆر باش له سینەما پێشکەش دەکرێ، کەچی کەس ناچێ، بەڵام دەبینی له فستیڤاڵەکاندا سەرکەوتوون.

**ڕامان:** ئەو ڕۆمانانەی کراونەته فیلم تا چەنده پێت سەرکەوتوون، لەگەڵ ئەوه دای ڕۆمان بکرێته فیلم؟ حەز دەکەی ڕۆمانەکانت بکرێنه فیلم؟

**فەتاح ئەمیری:** پێم باشە ڕۆمان بکرێته فیلم، سەبارەت به ڕۆمانەکانی خۆشم، ئەگەر لەژێر چاوەدێری خۆمدا بێت زۆر پێم خۆشە بکرێنه فیلم، چونکە قەت ناکرێ ڕۆمانێک دەقاودەق بکرێته فیلم، دەرهێنەر دەبێ زۆر شت بگۆڕێ، بۆ نموونه (بێ نەوایان) ئی (ڤیکتۆر هۆگۆ) کە کراوەته فیلم دوو سێ کاتژمێره. ئەو کتێبه گەورەیه، بۆته دوو سێ کاتژمێر، کتێبێکی ئێمه دەکاته فیلمێکی دوو سەعاته، بەڵام دەبێ جوان بێ، ئەگەر بەخۆم چاوم بەسەریەوه بێ، ئەرێ وەڵڵا زۆرم حەز لێیه. هەرچی ئەمن نووسیومە بکرێته فیلم.

**ڕامان:** بۆ هەڵبژاردنی پاڵەوان لەنێو ڕۆمانەکانتدا چی دەکەی، چۆنیان هەڵدەبژێری؟ ئایا کەسێکی دیاریکراو لەبەرچاو دەگری، یان کەسایەتییەکی وەهمی دروست دەکەی؟

**فەتاح ئەمیری:** پیاوێکی گەوره دەڵێ جیاوازی مێژوو و ڕۆمان ئەوەیه له ڕۆماندا ناوەکان ئی خۆیان نییه و گۆڕاون، بەڵام ناوەڕۆکەکان ڕاستن، له مێژووودا ناوەکان ڕاستن ئی خۆیانن، بەڵام ناوەڕۆکەکە ڕاست نییه. دیاره ئەوه تایبەته به مێژوونووسانی ڕۆژهەڵاتی دنیا، چونکە دیکتاتۆرەکان نەیانهێشتووه ڕاستی بنووسرێتەوه. ئێستا تۆ ئەگەر کتێبی (عالم ارا عباسی)یت خوێندبێتەوه، باسی خانی برادۆست و قەڵای دم دم دەکات، بێزت له مێژوو هەڵدەستێ ئەو کابرایه هێندەی ماستاوچێتی بۆ شاعەباسی سەفەوی کردووه و هێندەی بوختان بۆ ئەمیرخان هەڵبەستووه. ئەمیرخان پیاوێکی جوامێر بووه، ئەو قسەیه قسەیەکی زۆر جوانه، له ڕۆماندا ناوەکان هەو نییه، بەڵام کارەکانیان ڕاسته. من لەپێشدا ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانم له مێشکم دادێنم و دەبەم، ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی بیاننووسم، ئەوجار کە خاترجەم بووم کاری مێشکم نەماوه، دەست دەکەم به نووسین، له نووسینەکەشدا زۆرجار بووه لەنێوەڕاستی نووسینەکەشدا لکێکی لێ جیابووەتەوه. لکێکی لاوەکی بێ ئەوەی کە به تەمای بوویێتم قووت دەبێتەوه. زۆرجار له بەشە سەرەکییەکە جوانتر دەبێ، بۆ نموونه له کتێبی میرزادا کەسایەتی ڕەشیده دزه. زۆرتری خوێنەرەکانم کە نامەیان بۆ ناردووم، یان تەلەفۆنیان کردووه له مردنی ڕەشیده دزه زۆر قەڵس و نارەحەت بوون، کە بۆچی کوشتت؟ دەی بابەگیان ئەوه شەڕه، لەشەڕدا دەبێ یەکێک بکوژرێ، بێجگە لەوەی کە ڕەشیده دزه بەخۆی یەکێک لەو کەسانه بوو کە میرزا کاتێک ئاواره بوو و نەیدەتوانی بچێته دێهاتەکان و شارەکان، چونکە دەیانگرت، ناچار بوو له چۆڵەوانی بمێنێتەوه، له ئاشێکدا، دەی دەبوایه جێگایەک بۆ میرزا دابین بکەم، ئەو قوڕ بەسەره شەوانه لێی بخەوێ، ئەوه بوو هەستام کەسایەتی ڕەشیده دزەم

دارشت، کەچی ڕەشیدە دزە دوایە بوو بە پاڵەوانێک کە زۆربەی خوێنەرەکانم گلەیی ئەوەیان لێ کردم کە بۆچی هێشتت ڕەشیدە دزە بکوژرێ. ئەو حاڵەتانە زۆرن، لە ڕۆماننووسیدا کە کەسایەتییەکی لاوەکی لە کەسایەتی سەرەکی زۆرجار برشتی زیاترە. بۆ نموونە لە (زیندەخەو)دا کاک ئەحمەدی قازی پێی وابوو (دایە خەیاڵ) پاڵەوانی سەرەکی ئەو ڕۆمانەیە، کەچی ئازاد کەسایەتی سەرەکییە، دیارە ئەویش کەسایەتییەکی زۆر خۆشەویستە، کەسێکی تایبەتە، زمانەکەی زمانێکی خۆشە. زاراوەی مەنگوڕی و مەهابادی و شارویرانیم تێکەڵ کردووە و دایە خەیاڵ قسەی پێدەکات.

**ڕامان:** بۆ دارشتنی کەسایەتی میرزا کەسێکی تایبەتت لەبەرچاو بوو؟

**فەتاح ئەمیری:** کاتێک نووسەر پاڵەوانێک بە دڵ و بەداو ساز دەکات، دەبێ بە خۆی بتوانێ بچێتە ئەو قالبەوە. بۆ من دارشتنی پاڵەوانی ژن زۆر چەتوونە، چونکە زۆر گوشارم بۆ خۆم دێنا کە بتوانم تایبەتمەندییەکی ژنانە لە خۆمدا دروست بکەم. نووسین وەک شانۆیەک وایە، کە ئەو کارەکتەرەی دەیەوێ ئەو ڕۆڵە ببینێ، دەبێ بتوانێ، زۆر زەحمەتە بۆ پیاوێکی وەکو من بتوانێ ڕۆڵی ژنێک بگێڕێ، بەڵام نووسەر، یان دەبێ نەنووسێ، یان ناچارە دەبێ ئەوە بکات. نووسەر دەبێ بتوانێ دۆنادۆن بکات، لەگەڵ ئەو پاڵەوانەی دروستی کردووە. با نموونەیەکت بۆ بگێڕمەوە ڕەنگە بڕواشم پێ نەکەی کەیفی خۆتە. من لە بەشی چوارەمی کتێبی (هاوارەبەرە)دا کاتێک کە (پیرە) دەمرێ، پیرەی خێزانی سۆفی ئەحمەد، من ئەوکاتەی کە دەمنووسی گریانم دەهات، یانی وەها لە ناخی نووسینەکە ڕۆچووبووم، بەخۆم لەناو پرسەکەدا بووم و شینم دەگێڕا، وەک ئەوە وابوو دایکم مردبێ، تەواوی ئەو کاغەزەی دەمنووسی بە فرمێسکان تەڕم کرد، لەوکاتەدا بوو کە خێزانم هاتە ژوورێ، گوتی ئەوە کێ مردووە بۆ بەمن ناڵێی و لێت شاردوومەتەوە؟ پێی وابوو شتێک قەوماوە و بەوم نەکوتووە. کوتم پێویست ناکات لێم گەڕێ شت دەنووسم. گوتی تۆ خودا پێم بڵێ چ بووە؟ کوتم (پیرە) مردووە. مەسەلە ئەوەیە کە، ئەگەر خەیاڵێک کاریگەریی لەسەر خۆت نەبێ، لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر خوێنەریش نابێ. تۆ دەبێ لەگەڵ پاڵەوانەکانت بژیت. لە شادی و ناخۆشی و سەرما و گەرما وەک ئەو هەستی پێ بکەی، ئەگەر وانەبوو شتەکە دەبێتە (نەقڵ) گێڕانەوە، یان وەک بابەتی ڕۆژنامەی لێ دێ، کە ڕۆمان جیاوازە. ئەمن کتێبێکی (برێخت)م خوێندەوە، دەتوانم بڵێم چل ساڵ لەوەپێش باسی پاڵەوانێکی کوێر دەکات، بڕوام پێ دەکەی زۆر جاران چاوم نەیدەدیت، وەها سەرنجی ڕاکێشابووم.

**ڕامان:** خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی (ڕۆمانی کوێری) ساراماگۆش-دا ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێ.

**فەتاح ئەمیری:** ڕاستە، کە هەموو خەڵکی شارێک کوێر دەبن، زۆر کتێبی چاکە، هەرچەندە ئەو کابرایە هیچ شێوازەکانی نووسینی لەبەرچاو نەبووە، بەڵام یەکێک لەو کتێبە باشانەیە.

**ڕامان:** تۆ ئەگەر سەرنجێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەی، داهاتووی ئەدەبی کوردی لەو پارچەیەدا چۆن دەبینی؟

**فەتاح ئەمیری:** تازە کورد لە خەم ڕەخسیوە، ناتوێتەوە، بەڵام کولتوور دەزانی یانی چی؟ کولتوور یانی بەرهەم هێنان، تۆ سەیر بکە، ئەگەر تۆ زەوییەکت هەبێ دوو ساڵان لەسەریەک تۆوێکی گەنم نەبێ، یان چوار چەوەندەری لێ شین نەبێ، یان دوو شووتی و کاڵەکی لێ ساز نەبێ، ئەی بۆچی دەبێ؟ کولتووریش ڕێک ئاوایە. کولتوور هەر ئەوە نییە ئێمە ڕابردوویەکمان هەیە، تۆ هەر بڵێی بەیت و حەیران و گۆرانی، ئەوانە ئی سەردەمی خۆیانن، تۆ ئێستا چت هەیە؟ ڕەوتی سەردەمی ئێستا زۆر خێرایە، من پێم وایە بەو شێوەیەی ئێستا ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵات نامرێ، بەڵام هێندەش گەشە ناکات.

**ڕامان:** ئەگەر گەنجێک ئێستا بیەوێ دەست بکات بە ڕۆماننووسین تۆ چ پێشنیارێکی پێ دەکەی؟

**فەتاح ئەمیری:** مەگەر ئەو کەسە بلیمەت (نابغە) بێ دەنا دەبێ زۆر بخوێنێتەوە.

**ڕامان:** کەواتە پێشنیارەکەت زۆر خوێندنەوەیە؟

**فەتاح ئەمیری:** من هەموو شتێک لەوەدا دەبینم، دەبێ بخوێنێتەوە، بە خوێندنەوە تاک دەتوانێ تەواوی ناسۆر و گرێکانی دەروونی خۆی لە پێشدا چارەسەر بکات. دەبێ لەپێشدا خۆت چارەسەر بکەی، جا دەتوانی بچییە سەر باسی نووسین، کۆمەڵگای ئێمە نیوە زیاتری نەخۆشی دەروونیی هەیە، هەر کەس بە شتێکەوە دەناڵێ. ئەمانە بە خوێندنەوە دەبێ بڕەوێتەوە، پاشان ئەزموونەکان دەتوانن کۆببنەوە و کۆببنەوە تا لە جێگایەک سەرڕێژ دەبن و وەک گڕکانێک بێنە دەرێ و بەرهەمێک بخولقێنێ. جا شێوەکاری بێ، سینەمابێ، ئەدەب بێ، هەرچی بێ.

**ڕامان:** مامۆستا ماندوومان کردی، لە کۆتاییدا ئەگەر قسەیەک ماوە، بیفەرموو؟

**فەتاح ئەمیری:** دەستتان خۆش بێ، زەحمەتتان کێشا و سەرم ئێشاندن.

# هەستەشیعر لای عەبدوڵڵا گۆران

پێشڕەو عەبدوڵڵا

هەستە شیعر، یان هەستکردن وەک ئەزموونێک لە ژیانی گۆراندا مانای تایبەتی خۆی هەیە، بەجۆرێک دەتوانین لەسەر ئەم بنەمایە لە بەشێکی زۆری ئەزموونی گۆران تێ بگەین. ئەم بنەمایەش یەکێکە لەو تێزانەی ئێمە دامانڕشتووە و پاڵپشت بەو ڕوانینە دەروونییانەی لای فرۆید هەیە ناومان ناوە (هەستە شیعر) جا تا چەند پێکاومانە، یان نا، ئەوە خوێنەر یەکلای دەکاتەوە، بەڵام هەست وەک ئەندامێکی چالاک لە ژیانی شاعیراندا بایەخی خۆی هەیە، بەجۆرێک شاعیریەت واتە هەستکردن. لەم نووسینە کورتەدا گوتەی هەستمان شی کردووەتەوە، پاشان لە ئەزموونی گۆراندا بەرجەستەمان کردووە.

### ١- هەست :conscious

بۆ گەڕان و دیاریکردنی مانای هەست دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێک ڕای جیاواز لای شارەزایانی بواری دەروونی و تەنانەت لای خودی فرۆیدیش، ئەم چەمکە بەمانای جیاواز بەکارهاتووە. یەکێک لەو دیدگایانە کاتێک باسی هەست دەکات دەڵێت : «کارە نەستییەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە بێنە ناو هەستەوە، بەڵام ئەم هەوڵە لەڕێگەی تری کەسایەتییەوە تووشی بەربەست دەبێت، کە نەست ئەنجامی دەدات و زۆربەی جار مرۆڤ هەست بەو ململانێیە دەروونییە دەکات کە لە هۆیەکانی تێناگات» (١)

لێرەدا چەمکی (هەست) بەو مانایە بەکار دێت کە بەشێکە لە ئاگایی مرۆڤ بەرانبەر بەو حاڵەتە نەستیانەی لەناوەوەیدا ڕوودەدەن، واتە نەست خاوەنی هێزێکی گوشارکەرە و هەموو هەوڵەکەشی بۆ ئەوەیە بێتە ناو ناوچەی هەستەوە. (هەست) لێرەدا دەبێتە ئەو بەشە لە ئاگایی مرۆڤ، کە هەست بەو حاڵەتانەی خۆی بکات، ئەم مانایە یەکێکە لەماناکانی هەست، بەڵام ڕایەکی دیکە لەسەر هەست دەڵێت: «زۆرترین حاڵەتەکانی ململانێی دەروونی کە باسمان کردن دەکەونە سنووری هەستی مرۆڤەوە، یان ئیدراک کردن بەو پێویستییانەی کە دژی یەکترن، کە وا دەکەن بڕیاردان ئاسان بێت، بەبێ ئەوەی کەسایەتی تووشی ڕووشان یان دڵەڕاوکێ بێت» (٢)

ئەگەر سەیر بکەین لێرەدا (هەست) بە مانای (واقیع) بەکارهێنراوە، واتە مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە ناو واقیعەوە، لە هەمان کاتدا دەکەوێتە ناو کۆمەڵێک مەکە و بکەوە. هەندێک لەو مەکە و بکانە لەگەڵ کۆمەڵە حەز و خولیای مرۆڤدا دژ دێنەوە، بۆیە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە کۆمەڵێک خەون لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، کە



گۆران

دواتر دەبنە هۆی نەخۆشی دەروونی وەک (خۆبەکەم زانین، گرێی باوک، گرێی دایک، گرێی ئۆدیب(٣)... تاد. ئەوەی لەم گوتەی سەرەوەدا جێگەی تێڕامانە گۆکراوی (سنووری هەست)ـە، کە مەبەست لەو ژینگە و واقیعەیە کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە تێی دەکەوێت. ئەم (سنووری هەست)ـە، ماناکەی جیاوازە لەوەی پێشوو، هەرچی یەکەم مەبەستی ئەو هەستە ناوەکییە بوو، کە مرۆڤ درک بە حاڵەتە ناوەکییەکانی خۆی دەکات، هەرچی ئەم ڕایەیە مەبەستی بەریەککەوتنی مرۆڤە لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەی، کە لەم سنوورەدا مرۆڤ هەستە دەرەکییەکانی تێدا چالاک دەبن. واتە ئێستا ئێمە دوو جۆر لە هەستمان بەرچاو کەوت (هەستی ناوەکی) و (هەستی دەرەکی) لەپاڵ ڕای دووەمدا دکتۆر (حلمی المليجی) لە باسی هەستدا دەڵێت: «هەست تاکە بەشێکە لە عەقڵ کە مرۆڤ ڕاستەوخۆ دەیناسێت و لە تەمەنی منداڵییەوە دەردەکەوێت، بگرە پێش لەدایک بوونیش ئاگایی هەستی لای منداڵ دەربارەی کەس و شتەکانی دەوروبەری ڕۆژانە گەشە دەکات»(٤)

ئەم ڕایەش تاڕادەیەک دەچێتەوە سەر ئەوەی (هەست) بەوە دەزانێت کە مرۆڤ وەک هەستەکانی (بینین، تام، ... تاد.) خاوەنیانە و لە تەمەنی پێش لە دایکبوون واتە ناو (سکی دایک)ـەوە دەست بەدەرکەوتن دەکەن و مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە زانیاری لەسەر ژینگە و دەورووبەرەکەی دەست دەخات. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕای دیکە هەن لەسەر (هەستکردن) وەک بیردۆزی جیمس – لانگ james-lang کە دوو زانا بوون، هێرشێکی توندیان کردە سەر ئەو ڕایانەی بە(بیردۆزی کۆن) ناسرابوون، کە پێیان وابوو مرۆڤ یەکەم جار هەست بە شتەکان دەکات ئەوجا کاردانەوەی خۆی نیشان دەدات سەبارەت بەو بارانەی تێی دەکەوێت. «بۆ نموونە: کەسێک ڕووبەرووی مەترسییەک دەبێتەوە، خێرا هەست بەترس دەکات، ئەم ترسە وا دەکات ڕابکات و بیردۆزی کۆن ڕایدەگەیەنێت، کە مەترسی ڕاستەوخۆ ئامادەیە بۆ هەستکردن بەترس، ئەم هەستکرنە بەترس باری ناوەوەی جەستە دەشڵەژێنێت و کرداری ڕاکردن ئەنجام دەدرێت». (٥)

بەڵام هەردوو زانای پێشوو دژی ئەم بۆچوونە وەستانەوە، کە پێی وایە مرۆڤ یەکەم جار هەست بە شتەکان دەکات، ئینجا گۆڕان ڕوودەدات لە حاڵەتی جەستەیی و کاردانەوەی دەبێت بەپێی ئەو بارودۆخەی تێی کەوتووە، بەڵکو ئەوان پێیان لەسەر ئەوە داگرت مرۆڤ شتەکان ئەنجام دەدات، ئەوجا هەست بە حاڵەتەکانی خۆی دەکات، بەمانای ئەوەی کاتێک «کەسێک تووشی مەترسی دەبێت ڕادەکات، ئنجا هەست بەترس دەکات». (٦)

ئەوەی جێگەی ڕامانە ئەوەیە بیردۆزی کۆن (هەستکردن) دەباتەوە ناو مرۆڤ و وەک هێزێک دەیبینێت کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کارێک بکات، هەرچی (جیمس- لانگ)ە هەستکردن وەک پاشماوەی ڕووداوەکان وێنا دەکات، واتە مرۆڤ لەشتەکان لێ بێتەوە ئنجا بەخۆی دەزانێت. ئەمەیان زیاتر وەک (یادەوەری) دەردەکەوێت. خۆ ئەگەر ئێمە بڕۆینە لای (فرۆید) ئەوە هەر لە ڕاڤەکردنی (هەست)دا لای فرۆید هەردوو ئەم مانایەی سەرەوە دەدۆزینەوە. فرۆید لە باسی (هەست)دا دەڵێت: «هەموو شتێک کە لە ناوەوە دەبێت،

جگە لە سۆزی تاک دەبێ ببێتە هەستی، ناچار دەبێت هەوڵ بدات بۆ ئیدراکی دەرەکی، پەرچەڤەی دەروونی خۆی بکات». (٧)

فرۆید لێرەدا (هەست) بە مانای ئەوە بەکار دەهێنێت کاتێک دەڵێت (هەستی) بەو مانایەیە، کە مرۆڤ شتانێک هەیە لە ناوەوەیدا ئەم شتانە پێویستە دەربکەون، ئەم دەرکەوتنە بۆ خۆی ئاشکرابوونی ئەو شتەیە. بەم ئاشکرابوونە مرۆڤ دەتوانێت هەست بەو شتە بکات. واتە (هەستی) هێنانی ئەو شتانەیە کە تواناداری ئەوەن بۆ بارێکی دیکەیان دەربکەون، کە خودی دەرکەوتنەکەیە. ئەم ئاشکرابوونە باری هەستی ئەو شتەیە، لێرەدا هەست وەک عالەمێکی جیاواز خۆی دەنوێنێت، یان ناوچەیەکە شتەکان خۆیان تێیدا ئاشکرا دەکەن و بەرجەستە دەبن. ئەم جۆرەیان بەندە بە رووکاری دەرەوەی مرۆڤە و زیاتر ئەندامەکانی دەرەوەی جەستە تێیدا چالاکن، پاشان فرۆید باسی هەست دەکات کاتێک مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەکات، ئەم هەستە کێشەی نییە، یان کاری ئاسایی دەکات، بەڵام هەر خودی ئەم هەستە رێگەی لەبەردەمدایە بگۆڕێت و ببێتە (نەست).

«هەستی من شاراوە نییە وەکو پێش نەست مەحاڵە چالاک بکرێت بەبێ ئەوەی ببێتە نەست»، (٨) واتە کاتێک (هەست) تووشی بەریەککەوتن بوو لەگەڵ جیهاندا و ئەم بەریەککەوتنە تووشی بەناودا چوونەوە بوو ،مرۆڤ بردییەوە ناو خۆی و بووە بەشێک لە هەستی ناوەکی ئەوکات باری خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە (نەست)، بەو مانایەی کە توانایی هەیە وەک هێزێک بێتە دەر و جارێکی تر بگۆڕێتەوە بە (هەست)، بەڵام بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و کارلێکردنی جیاواز، کە لەناو مرۆڤدا رووی داوە(٩).

**هەست و شیعر**

لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی مانای هەستدا، ئێمە دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێک پێوەندی جیاواز لەنێوان هەست و شیعردا. ئایا شیعر هەستکردنە؟ ئەگەر شیعر هەستکردن بێت، ئایا هەست بە دیوی دەرەوەی شتەکان دەکات، یان دیوی ناوەوە؟ ئایا شیعر پێوەندی خۆی بەچی شتەکانەوە گرێ دەدات؟ بەدەر لەم پرسیارانە رامان لەحاڵەتی هەست لەلای فرۆید ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ئێمە دەکەوینە بەردەم دوو جۆر لە هەستکردن، کە هەردووکیان جۆرێکن لە ئاگایی مرۆڤ بەرانبەر بە خۆی و بە جیهان. جۆری یەکەمیان پێوەندی شیعرە بەدەرەوەی خۆی. واتە پێوەندییەکە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی شاعیر لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا ئەم شیعرە دێتە ئاراوە.

«شیعر لەسەر هەستی شاعیر بە دەوروبەرەوە رادەوەستێت، کە ئاراستەی دەروون و گەردوونی دەکات بۆ دۆزینەوەی لایەنی هونەری و شاراوەیی هەردووکیان، ئەمەش وەڵامی ئەو هەستەی شاعیرە لە زماندا، کە زمانێکی وێنەییە.» (١٠)

واتە شیعر لەم بارەدا خۆی لەسەر ئەو پێوەندییانەی شاعیر بینادەکات بە دەوروبەرەکەیەوە هەیەتی، کە لە ئەنجامدا کار و کاردانەوە دروست دەبێت، بەمەش شاعیر لەسەر هەستەکانی خۆی مۆڵ دەخوات، جا، یان ئەوەتا شتەکان وەک خۆیان هەست پێ دەکات، یان وەک ئەوەی خۆی وێنای دەکات. بە هەردوو بارەکەدا جۆرێک لە هەستکردنی تێکەڵ هەیە، کە نە خۆی ساغ دەکاتەوە لەسەر دارشتنەوەی شتەکان وەک خۆیان کە ئەمەش بەهەستەکانی وەک (بینین - بۆنکردن - تامکردن... تاد.) رادەوەستێت، نە خۆیشی لەسەر ئەوە رادەگرێت شتەکان وەک خۆی وێنا بکات، کە لێرەدا (خەیاڵ) کارەکان رایی دەکات. بەڵکو لەم جۆرە هەستکردنەدا (خەیاڵ و هەستەکان) تێکەڵ بە یەکدی دەبن و یەک بۆ یەک دەبێتە کارگوزاری دروستکردنی وێنە و پاژە شیعرییەکان. واتە هەستەکە کۆلاژێکە لەنێوان خەیاڵ و هەستە جەستەییەکانی مرۆڤدا، بەڵام دەکرێت ئەم دوو رەگەزە لەیەکدی داببرێت و هەریەکەیان بۆ خۆیان بە تەنیا ببێتە چاوەی شیعر و ئەوەی هەستییە واقیع وەک خۆی نیشانی ئێمە بداتەوە، ئەوەشی خەیاڵییە لەناو فەنتازیا و ناواقیعەتدا درێژە بە کۆمەکی خۆی بدات بۆ لەدایک بوونی شیعر، بەڵام شیعریەتی شیعر هەمیشە لایەنگری خۆی بۆ تێکەڵکردنی رەگەزەکان و نزیک کردنەوەی شتەکان لە یەکدی دووپات دەکاتەوە. واتە شیعر خوانە، بەڵام بەتەنیا خوانی یەک شت و یەک رەگەز نییە، بەڵکو خوانی هەموو ئەو شتانەیە کە دەکەونە سنووری هەستکردنی شاعیرەوە بۆ شتەکان. واتە شیعر هەر شتەکان ئاشت ناکاتەوە، بەڵکو ئەو پێوەندییە



فرۆید

ژێرەوانکێیەی نێوان ڕەگەزەکانی ناو مرۆڤیش وەک (خەیاڵ - یادەوەری - هەست -... تاد) دەدۆزێتەوە و هارمۆنیەتی ئەو ڕەگەزانە وەک ئاوازێک بۆ کۆبوونەوەیان دەژەنێت، بەمەش شیعر بانگهێشتی شتەکانە، بەڵام نەک بۆ بەگژداچوونەوە و سڕینەوەیان، بەڵکو بۆ درەوشانەوە و بەهێزکردنیان.

«شیعر هێرشی هەستە لە مەیدانی خەیاڵ تێگەیشتنی هێرش لە مەیدانی جەنگ و مەیدانی خەیاڵ دوو تێگەیشتن کە دەشێت یەکەمیان بە وزە بەرجەستەکانی زمان پەیوەست بکەین، بەڵام دووەمیان بۆ ئەو وزە خەفەکراو و متبوانە دەگەڕێتەوە کە لە مەیدانی خەیاڵ مەیدانی ئازادی جووڵە دەکەن» (١١)

ئەگەرچی ئەم جۆرە لە هەستکردن بۆ خۆی زیاتر هەستە جەستەییەکانی تێیدا چالاکن، بەڵام لەباری دانەوەی ئەم هەستە بۆ دەرەوەی شاعیر خەیاڵ بەشداری ئەم گەڕانەوەیە دەکات و گۆڕانکاری دەکەوێتە ناو شتەکانەوە. ئەویش گۆڕینی هەستە بۆ نەست، چونکە هەست نەستی دەبێتەوە لەو بارەی مرۆڤدا.

لەپاڵ ئەم جۆرەدا جۆرێکی دیکەی هەستکردن هەیە لەمرۆڤدا تەواو ناوەکییە و ئەم هەستە ئاراستەی ناوەوە دەکرێت، واتە هەستێک نییە بۆ دەرەوە ئاراستە کرا بێت، بەڵکو هەستێکە ئاراستەکەی بۆ ناو مرۆڤ خۆیەتی و شاعیر کاتێک قسە لەسەر شتەکان دەکات، ئەو شتانە ئەو کەرەستە و فۆرم و زمانەی بەکاری دەهێنێت سەر بەجیهانی ناو خۆیەتی، شتانێک نین کە دانەی جیهانی دەرەوەی شاعیر بن، بەڵکو جیهانی ناوەکی خۆی دەگوێزێتەوە. شاعیر هەستە ناوەکییەکانی خۆی دەنووسێتەوە کە بە تەنیا لەسەر ئاستی جۆری زمانەکە وەک کوردی کە شاعیرێک بە کوردی شیعر دەنووسێت، تەنیا لەو ئاستەدا پێوەندی لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا هەیە. وەگەرنا پێکهاتە و شوێن و زەمەن و کارەکتەری ناو هەردوو جیهانە لەسەر ئاستی بینراو و نەبینراو، مانا و میتافۆر تەواو جیاواز و جودان.

«بواری شیعر هەستکردنە، جا ئەم هەستە کاریگەری بێت لە ئەزموونی خودی خۆی، کە لە ئەنجامی دۆزینەوەی لایەنێک لەلایەنەکانی دەروون پێگەیبوە، یان ئەزموونی خۆی لەگەڵ مەسەلە گەردوونییەکاندا، یان کێشەیەک لەکێشەکانی کۆمەڵگە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەست و ئیحساسەکانی شاعیر هەیە». (١٢)

ئەزموونە دەروونییەکان. کۆمەڵێک ئەزموونی خودی و تاکە کەسین، کە تەنیا شاعیر خۆی دەچێتە ئەو شوێنە و هەر خۆی دەتوانێت لەوێ ئامادەیی هەبێت، ئەو شوێنەش جۆرێکە لە حیکایەتی شاعیر لەگەڵ خۆیدا، ژیانێکە کە خۆی و خۆی بەیەکەوە قسەو باس و ڕووداوی جۆراوجۆریان هەیە. ئەم ژیانە زۆر لەو ژیانە دەرەکییەی جیاوازە کە شاعیر هەیەتی. شاعیر لە ئاستی زمانە کۆمەڵایەتییەکەیدا مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی دەرەوەی خۆی دەکات، کە زیاتر (گفتوگۆ) بەرهەم دێت، بەڵام لەو ژیانە ناوەکییەدا هەستێکی شعووری ئامادەیی هەیە کە زیاتر (مۆنۆلۆگ) فەراهەم دێت. ئەم هەستە ناوەکییە زیاتر مامەڵەی مامەڵەیەکی میتافیزیکی و سەروو هەستییە لەگەڵ شتەکاندا، هەر بۆیە لەم جۆرە لەشیعردا زیاتر مانا خۆی داوێتە ناو شیعرەوە وەک لە وێنە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە خاڵییە لە جوانی، بەڵکو جوانی خۆی لەوەدایە شتێکی نەبینراو و نەبیستراو و تام نەکراو دەخاتە بەردەمی ئێمە و هەستێکی باڵایانەی سەروو هەستییە لەناوەوەی خۆیدا.

«دەقی ئەدەبی واتە گەڕان و لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی هەموو ئەو هەست و ئاگایی و چێژەیە بەهۆی هەستیارە باڵاکان وەریدەگرین و تێدەگەین و ڕێژەی جووڵانەوەی وەتەرەکانی هەستیارە بەرزەکانی مرۆڤ ڕێژەی جوانی بابەتەکە دیاری دەکەین». (١٣)

واتە جوانی ئاراستەی خۆی وەردەگێرێت لەوەی هەستە جەستەییەکان هەستی پێ دەکەن، بەڵکو لێرەدا خودی مانا و هەستێکی ناوەکی پەتی بەرجەستە دەبێت، کە جوانی کەشفکردن و دۆزینەوە و وردبوونەوەیە لەئاستە میتافیزیکییەکەیدا، نەک واقیعی و هەستەکییەکەیدا.

«ئەوەی گرنگە لێرەدا تێ بگەین وشەی «جیهان» ئەو جیهانەی کە شاعیر تێکی دەدات، یان یاسای بۆ دادەنێت جیهانی دەرەوە نییە، بەڵکو جیهانێکی زمانەوانییە، دواجار یاساشکێنی جیهان لە یاساشکێنی ناو شیعر جیانابێتەوە، یاسا بەخشین بە جیهان لە یاسا بەخشین بە زمان جودا نییە، ئەو جیهانەی کە شاعیران یاسا دانەری جیهانی ژیانی واقیعی و ژیانی ڕۆژانە نین، بەڵکو وێنەیەکی جیهانە لەودیو ئەو واقیعەوە دەست پێدەکات». (١٤)

جیهانی پشت واقیعەکان و هەستکردن بەو ژیانە کە لەودیو ژیانی واقیعەکەوە خۆی دروست دەکات جۆرێک لەکێشە لەگەڵ خۆیدا باردەکات، ئەویش گەڕانە بۆ ژیانێکی تر لەژێر ڕۆشنایی واقیع، یان هەروا ئەو ژیانە خۆی بوونی هەیە؟ واتە ناشیرینەکانی واقیع وا دەکات بیر لە جوانی بکەینەوە، یان جوانی بۆخۆی ڕەهایە و بوونی وابەستە نییە بەبوونی واقیعەوە؟ بەمانایەکی تر هەستکردن لەواقیعدا هەستی ژیانێکی دیکە دەورووژێنێت. ئەوەی لای گۆران هەیە، واقیع دەلیلی ئەو ژیانەی دیکەیە و جیهانی ناوەوە ئەنجامی ڕاکردنە لەجیهانی دەرەوە، بۆیە جۆرێکی دیکە لە هەستکردن دێتە ئاراوە. پێوەندی نێوان شیعر و هەست پێوەندییەکی ئاڵۆز و تەمومژاوییە، چونکە هەستکردن بۆ خۆی وەک چەمکێک هەڵگری ناڕوونی و ناڕۆشنییە لەخۆیدا، هەر بۆیە کاتێک دەبێتە شتێک ئەو شتەش ئاڵۆزی بە خۆیەوە دەگرێت، کە ئەمەش تارادەیەک بۆ کەم ئاستی تێگەیشتنی ئێمە لە بەرانبەر ئەم چەمکەدا دەگەڕێتەوە، ئەم هەستەش کە بەشیعر دەردەبڕێت لە ڕاستیدا هەستێکی هەڵچوو و پێگەیوە، بۆیە شاعیر ناچارە لە شیعردا دەریببڕێت.

«شاعیر لە ڕێگای وشەوە تەعبیر لە حاڵەتی هەستی هەڵچووی خۆی دەکات، بۆیە دەبێت شاعیر هەموو کاتێک ئاگای لە وشە بێت و زۆرتر بە دوای وشەی ئیلهام بەخشدا بگەڕێت». (١٥)

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەگەڕانەوە بۆ ڕایەکانی فرۆید کاتێک باسی (هەست) دەکات وا باسی دەکات کە هەستییەتی شتەکان، واتە ئاشکرا بوونیان. واتە کاتێک ڕەوشەکانی ناو مرۆڤ ڕوودەدەن و لەناو مرۆڤدا دەست بەدەرکەوتن دەکەن، تا ئەو کاتە ئەو بارە دەروونییانە شاراوەن و نەستین کە لە ناوچەی هەستی مرۆڤدا دەرنەکەوتوون، واتە نەبوونەتە هەستی، بەڵام کاتێک هەست پێدەکرێت، ئەو کات جۆرێک لەئاگایی بەرانبەر بەو ڕووداوانە دروست دەبێت، بەو مانایەی شیعر بۆخۆی جۆرێکە لە هەستکردن، واتە شیعر هەستێکی ناوەکی باڵایە، کە توانایی کەشفکردن و پەیبردنی بەشتە زۆر ناوەکی و تایبەتییەکانی شاعیر هەیە، چونکە بەتەنیا شیعر ئەو مافەی هەیە کە بێ لێپرسینەوە تەواوی دەهلیزە تاریک و نووتەکەکانی شاعیر بپشکنێت و لەگەڵ خۆیدا خۆی و ئەو شتانەش کە تووشی دەبن ڕۆشن بکاتەوە، بەمەش شیعر پایەی هەستێکی باڵا وەردەگرێت لە مرۆڤدا، کە شاعیر دەتوانێت لە ڕێگەی شیعرەوە زانیاری لەسەر ڕەوش و بارودۆخی ناوەکی خۆی دەست بکەوێت.

«شیعر دەرکەوتەیەکی فەردییە، بە مانایەکی تر، سەروکارێکی زۆری لەگەڵ خوددا هەیە(١٦).

هەر بۆیە سەیر دەکەیت بەشێکی زۆری دەروونناسان، ئەدەب لەسەر خوێندنەوەی کەسایەتی و هەوڵدان بۆ ناسینی جەوهەری مرۆڤ دیاری دەکەن، چونکە ئەدەب هەر ئەوە نیشانی مرۆڤ نادات کە کەسەکە هەیەتی و خاوەنیەتی، بەڵکو ئەو بیرکردنەوە و پلانانەش دیاری دەکات کە مرۆڤەکە بۆ ئایندەی ژیانی خۆی دیاری دەکات، واتە شیعر هەر باسی ئێستای شتەکان ناکات، بەڵکو باسی ئەوەش دەکات کە لەمەودوا دێتە ئاراوە و دەبێت.ئەرستۆ دەڵێت :«ئەرکی شاعیر ئەوە نییە باسی ئەو شتە بکات کە بەڕاستی ڕووی داوە، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە باسی ئەو شتە بکات کە دەشێت ڕوویدا». (١٧)

تەنانەت ئەرستۆ جیاوازی شیعر و مێژوو بەوە لێک دەداتەوە، کە شیعر باسی دەبێتەکان دەکات و مێژوو

باسی بووەکان دەکات. نەک جیاوازییەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مێژوو بە پەخشان بنووسرێت و شیعر بەزمانێکی دیکە، واتە ئەرستۆ ڕوحی شیعر لەوەیدا دەبینێت کە هەمیشە وەک جۆرێک لە پێشبینی و ئامادەکردنی ئاییندەیە لە ئێستای شاعیر و شتەکاندا. بە جیاوازی هەموو هەست کردنەوەکانەوە، یەک ڕووتەختی گشتی هەیە، کە هەموو تێرمەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە ئەویش ئەوەیە شیعر خۆبەخۆ و تەنیا ئەو هەستە گشتییە بالآیەیە، کە هەستەکانی دیکە دادەپۆشێت و هەموو ئەوانی دیکە لە ڕێگەی ئەمەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن کە دەتوانین بڵێین (هەستە شیعر) و وەک جۆرێک لە شیعر ناوزەندی بکەین.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گۆران لەگەڵ شاعیرانی دیکەدا ئەوەیە گۆران زیاتر بە هەستەکانییەوە پەیوەستە، بە تایبەت هەستە جەستەییەکانی. واتە مامەڵەکردنی گۆران لەگەڵ هەست و دەوروبەرەکەیدا لە سەر ئاستی هەستە بە دیوی دەرەوەی خۆی، بەڵام نەک هەستێک سادە و ڕاگوزەر، نەخێر، بەڵکو گۆران بە ئامادەبوونێکی وەها ئامادەیە لە واقیعدا کە وردودرشتی شتەکان دەبینێت و لە هیچییان بوار ناخوات، ئەمەش پەیوەستی گۆرانە بە دنیاوە و ئامادەیی ئەوە لەسەر شانۆی ژیان، هەر بۆیە سەیر دەکەیت گۆران توانیویەتی وەک فەرهەنگێکی وشە ناوی هەموو ئەو کەرەستە و شتانە بپارێزێت کە هەبووە، چونکە شتەکان کاتێک بۆ مرۆڤ دەردەکەون، کە مرۆڤ لەجیهانی هەستی خۆیدا هەستیان پێ بکات، ئەمەش بەو مانایە نا کە بوونی شتەکان وابەستەن بە هەستکردنی مرۆڤەوە، نەخێر، بەڵکو دەرکەوتنیان بۆ مرۆڤ وابەستەی ئەو هەستکردنەی مرۆڤە، ئەوجا ئەو شتە خۆی دەردەخات بۆ ئەو مرۆڤە و ئەویش ناچارە بەزمان گوزارشت لەو بارە، یان ئەو شتە بکات.

**«زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم**
**زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لەچاوم**
**شان و مل و گەردنی ڕووتی بێگەرد**
**سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەک بەرد**
**بەژن و باڵای کەڵەگەت و شۆخ و شەنگ**
**لەشولاری کەمێک گۆشتن کەمەر تەنگ**
**پێستی سپی بە خوێنی گەش مەیلەو ئاڵ**
**کوڵمی قەڵەو چەناگەی ناوەڕاست چاڵ**
**دەم و لێوی وەک گوڵی بەربەیانی**
**ئەمانە گشت، گەلێکی تریش جوانی**
**هەمووم دیون، کاریان کردۆتە هەستیم**
**سەردەمێکی عومرم بوونە هۆی مەستیم»** (١٨)

هەموو ئەم وەسفە وردانە ئاگایی گۆرانمان بۆ دەردەخات، ئەم ئاگاییە وا دەکات کە زۆر شت هەن لە دەوروبەری ئێمە گوزەر دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەوەی هەستە جەستەییەکانمان چالاک نین و زیاتر وابەستەی شتی دیکەین نەمان توانیوە وەک شاعیران هەستێکی قووڵ و ناسکمان هەبێت. گۆران لەم شیعرەدا بە ڕاشکاوی دەڵێت «هەمووم دیون کاریان کردۆتە هەستیم » واتە هەستی گۆران وابەستە بووە بەو شتە بچووکانەی مرۆڤی ئاسایی بایەخیان پێ نادات، بەڵام زۆر وابەستەبوون بە هەستەکانیشەوە وا دەکات مرۆڤ گەلێک جار لە شتی تر و دنیای دیکە غافڵ بێت، هەروەک گۆران دەڵێت «سەردەمێکی عومرم بوونە هۆی مەستیم» بەو مانایەی ئەم یارییە جۆرێکە لە مەستیش، وەک بێ ئاگایی لە دنیا و پارە و سەروەت و سامان و زۆر شتی دیکە، بۆیە سەیر دەکەیت شاعیران بەوەش کە هەستیان بە هێزە، بەڵام هەمیشە کەسانی دوورە کۆمەڵگە و خەڵکن و کەمتر گرنگی بەو شتانە دەدەن، کە خەڵک پێوەی سەرقاڵن.

**«بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەروێش**
**حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ**
**لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش**
**وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ»** (١٩)

گۆران هەر بەوەندە ناوەستێت کە شتەکان وەک خۆی وێنا بکات، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە دیوی ناوەوەی شتەکانیش هەر پشت بە هەستەکانی دەبەستێت، بەجۆرێک لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەیەوێت بزانێت مانا و مەبەست و ناوەرۆکی ئەو شتە چی لە خۆیدا هەڵگرتووە، «لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش» ئەم بەیتە ئاماژەیەکی قووڵە بۆ ئەو هەستە باڵایەی گۆران بۆ شتەکان. (لە سیماتا بەدیم کرد) لەم گوتەیەوە دەڕواتە ناو ناخی «دەروێش عەبدوڵڵا» و هەموو ئەو عومرە درێژە دەبینێت کە ئەم پیاوە بە

دەردەسەری و قوڕبەسەری بردوویەتە سەر، ئەمەش بەڵگەی سۆز و بەزەیی گۆرانە بۆ کەس و بۆ شتەکان، هەروەها دیدگای گۆرانە کە چۆن لە ڕووکاری دەرەوەی شتەکانەوە هەنگاو بۆ دیوی ناوەوە دەنێت، واتە گۆران دوو جۆر هەست بەکاردەهێنێت، یەکەمیان هەستی دەرەوەیە و پێی وایە ئەم هەستە ئاماژەیە بۆ هەستەکانی ناوەوە، هەروەها لای گۆران هەستی دەرەوە دەرخەری هەستەکانی ناوەوەیە، بۆیە لە سیمای دەروێش عەبدوڵڵاوە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ تێگەیشتن لەو عومرە درێژەی دەروێش، کە پڕە لە نەهامەتی و دەردەسەری، ئەمەش بەڵگەی ئەم جۆرە شیعرەیە کە ئێمە بە هەستە شیعر باسی دەکەین.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- د. طلعت منصور، د.عادل عزالدين، د.أنور الشرقاوي، د.فاروق أبو عوف، أسس علم النفس العام كلية التربية، جامعة عين شمس، مطبعة أطلس بالقاهرة، ١٩٧٨، ص٣٣٧

٢- د.هاشم جاسم السامرائي، المدخل في علم النفس، ط الثانية، مطبعة منير، بغداد، ١٩٨٨، ص١٣٣

٣- نفس المصدر السابق، ص١٣٣

٤- د.حلمي المليجي، علم النفس الشخصية، ل١٢٣

٥- د.عبدالله عبدالحي موسى، المدخل الى عالم النفس، ط الثالثة، مطبعة المجد، القاهرة، ١٩٨٢، ص٢٦٩

٦- نفس المصدر السابق، نفس الصحيفة

٧- سیگمۆند فرۆید، ئیگۆ و ئید، و: یووسف عوسمان حەمەد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢١

٨- سیگمۆند فرۆید، ئیگۆو ئید، و: یووسف عوسمان حەمەد، ل١٧

٩- (گەشتی هەورامان) و (گەشتی قەرەداغ) دوو (هەڵبەستی) گرنگی (گۆران)ن. کاتێک عەبدوڵڵا گۆران بۆ گەشت چووەتە ئەو دوو شوێنەی کوردستانی باشوور سەرەتا زۆر ئاسایی بووە، وەک هەر مرۆڤێکی دیکە (هەست)ی بەدیمەنی ڕێگاوبان و ناوباخ و مزگەوت و بەر دەرگای مەکتەب... تاد کردووە، بەڵام ئەم (هەستە) کە زیاتر جەستە تێیدا چالاک بووە، لەلای گۆران لە قۆناغێکدا گۆڕاوە چۆتەوە ناو دەروونی و بۆتە (نەست)، ئەم جارە ئەم (نەستە) وەک هێزێکی شاراوە جارێکی تر بووەتەوە بە (هەست)، بەڵام ئەم هەستە خودی شیعرەکەیە، واتە شیعرەکە باری هەستی ئەو نەستەیە، بەڵام گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەجۆرێک ئەو (هەورامان) و (قەرەداغ)ـەی لەشیعرەکەدا هەن هەمان (هەورامان) و (قەرەداغی) واقیعی نین، ئەمەش لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوەیە کە باسمان کرد.

١٠- د.محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، ط الخامسة، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧١، ص٣٧٨

١١- عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەنگدانەوەی شیعر، گ- کاروان، ژ١٧٧، ٢٠٠٣، ل٧٩-٨٠

١٢- د. محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، ص٣٧٧

١٣- یووسف عوسمان حەمەد، چەند وێزگەیەکی سایکۆلۆژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفیسی تیشک، سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو، ب سال، ل٦٦

١٤- بەختیار عەلی، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، گ - ڕامان، ژ٧٢، ٢٠٠٢، ل١٦

١٥- د. پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێ کردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ٢٠٠٦، ل١٤٧

١٦- بەختیار عەلی، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، گ- ڕامان، ل٧١، ٢٠٠٢، ل١٥

١٧- ئەرەستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، ل٣٧

١٨- عەبدوڵڵا گۆران، دیوانی گۆران، چ٣، بڵاوگەی بانیز، تاران، ١٣٨٦، ل٦٦

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

# ناوەڕۆک و دەروونناسی شیعری نالی

**کەژاڵ فەداکار**
**(سنە)**

ناوەڕۆکی شیعری نالی شتێکی جیاواز لە نەژاد و ڕەسەنی کوردە موسوڵمانەکان نییە، بەڵکو ئەو بەناو جێ سروشتی جوان و دەست لێ نەدراوی ناوچەی کوردەواری لە ئەو، شاعیرێکی بێ هاوتا لە تەک تایبەتمەندی جیا و تاقانەی لێ دروست کردووە. شیعری نالی پڕە لە وشەی ڕەسەنی تایبەت.

خوا لێخۆشبوو د. مارف خەزنەدار شیعری نالی و ناوەڕۆکی بەم جۆرە دابەش کردووە.

١- شیعری نیشتمانی.
٢- شیعری کۆمەڵایەتی.
٣- شیعری ئەویندار.
٤- شیعری ڕاوە.
٥- شیعری شانازی.

بەڵام نووسەری ئەم وتارە بەپێی سەرنج و خوێندنەوەی ئەو دیوانە شیعرە، ئاگاداری سێ بابەتی تر بووە کە بریتین لە:

٦- شیعری فێرکاری.
٧- شیعری عارفانە.
٨- شیننامە (شەپۆڕنامە)

**شیعری نیشتمانی**

**«شام وەک شەکرە، بەڵام وەتەن شیرینترە**
**سعدیا حب وطن گرچە حدیثی است درست**
**نتوان مرد مزاری کە من آنجا زادم»**
(ڕۆژەلسکو ١٣٧٠: ل٣٠٣)

وەتەنخوازی یەکێ لە ئارمانە گەورەکانی نالییە، شاعیری باشووری کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمی زایینی تەواوی چوارچێوەی شیعرەکەی بە زوانی کوردییە و بیرکردنەوە لە نیشتمانە. نالی بە ئەوپەڕی هەست و بڕوای خۆیەوە ئەویندارێ زێدەکەیەتی.

ئەو بە زوانی دایکی خۆی شیعر دەڵێ و شانازی بەوەیش دەکات:

**تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وا دەکا**
(نالی: ل١٠٦)

**موحەقەق مەشرەبی (نالی) لە شیعرا هەر وەکو «خاکی»**
**خەیاڵی «کوردییە» بەیتی سەراپا زوڵفی دووتایە**
(نالی: ل٥٧)

**ڕەوشەنی دیدە بە ئینسانە کە موژدەی قەدەمت**
**ڕەوشەنی دیدەی غەمدیدەیی بە «بیت الحزن»ـە**
**دڵی (نالی) کە ئەنیسی (قەرداغ)ـە ئیستەیش**



نالی

**داغی (سەرچاوە) و (دێوانە)یی دار و دەوەنە**
(نالی: ل٥٢٧)

ئەو شیعرانەی لە غەریبی و بیر لە نیشتمان وتووە.

### شیعری کۆمەڵایەتی

محەمەدی مەلا کەریم لە بابەتی کۆبوونەوە لە سلێمانی بەڕێوە چووە، لە لاپەڕەی ٣٢١ لەو باوەڕەدایە کە: «لەناو ئەو هەموو بەیتانەی نالیدا کە لە شێخ و شێخیەتی و سۆفی و سۆفیەتی دەدوێن تەنیا دوو بەیت هەیە ناوی (نەقشبەند)یان تێدا هێنراوە و دەتوانرێ بوترێ جۆرە ئیشارەتێکیان بۆ تەریقەتی (نەقشبەندی) تێدایە، بەڵام لەوەوە کە باسی دوو بنەماڵەی (سەیی) دەکا، دەگونجێ بڵێین پێوەندییەکی بە تەریقەتی (قادری)یەوە هەیە، چونکە ئەو دوو بنەماڵەیە تێکڕا سەر بە تەریقەتی قادرین.» (محەمەدی مەلا کەریم، ٣٢١: ٢٠٠٩)

**لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت هەتاکەی دیدە ڕەنگین بێ**
**جنوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ**
**مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ**
**کە نەقشی غەیری ڕەنگین ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ**
(نالی: ل٦٠٠)

**کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ، چ فەوقانی، چ تەحتانی**
**کە حوببت بۆ سیادەت بی، چ (بەرزنجی)، چ (باراوی)**
**مەکە دەعوایی پاکی یی نەسەب بۆ جیفەیی دنیا**
**کە سەیید بی، چ (بەرزنجی)، چ (پیریایی)، (باراوی)**
(نالی: ل٦٨٩، ٦٩٠)

نالی هیچ کاتێک لە دەروێش نزیک ناکەوێتەوە و هەمیشە لەگەڵ ئەوان بەربەرەکانێ دەکات، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ڕاستی لە دەروێشدا نابینێتەوە، بە تایبەت ڕیا و دووڕوویی لە کۆمەڵگە ئەوەندە شتێکی ئاساییە، لە کۆمەڵگەشدا هەموو کەس دەیانناسن کە ئەهلی ڕیا و درۆن.

**ڕیشەکەی پان و درێژە بۆ ڕیا خزمەت دەکا**
**زاهیرە هەر کەس لە توول عەرزی ڕیشیدا ڕیا**
(نالی: ل١٢٨)

**فەسڵێ کە هەر فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر**
**وشکی بە غەیری سۆفیی و عاسای نەماوە**
(نالی: ل٥٥٠)

**ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من**
**ئاوی و ئیستان یەعنی ماچی دەم دەخۆم**
(نالی: ل٢٩٧)

**سۆفیا هاتنە مەجلیس وەرقی دیدە بشۆن**
**لەکن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس**
(نالی: ل٢٣٤)

**سۆفی ڕیایە خەڵوەتی، بێنی بەهاری کرد**
**هاتە دەرێ لە سایەی چایەر حەسایەوە**
(نالی: ل٥٥٤)

**بنوارە وشکە سۆفی یو ڕەقسی بەهەلهەلە**
**دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە**
(نالی: ل٤٦٦)

یان برێ جار ڕوومەتی دەروێش وا پیشان دەدات کە ئینسانێکی تەنپەروەر و لەش گرانە. ئەرزی خودا بۆ ئینسانەکان جێگای کار و تێ کۆشینە و چالاکییە نەک جێگای تەنپەروەری، نالی لەو بڕوادایە کە دەروێش جێگای هەمیشە لەنێوان مزگەوتە، بێ ئەوەی چالاکی و تێکۆشین بێ.

بۆ نموونە:

**ئەم ئەرزە مەزرەعی و گوڵخەنی ئەمەل**

**هەندی بووە بە مەسجید و بەعزێ بە مەزبەلە**
(نالی: ل٤٦٧)

یان برێ جار وێنەی وەک کاریکاتێرە لە شێخ لەناو شیعرەکانیدا بە وێنە، یان بە دیمەنێک نەققاشی دەکا و شێخ بە نیشانەی ئینسانێکی ناڕاست و ڕیاباز دەزانێ:

**شێخم گەرمە حەڵقەی زیکرت بە ڕەشبەڵەک**
**حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە!**
**دائیم لە دووتە مێگەلی ژن و نێرگەلی پیاو**
**بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بووگی بە سەرگەلە!**
(نالی: ل٤٦٨)

یان:

**دونیا مەحەللی کەون و فەسادێکە خیرە دوون**
**مەعلوومە چەن بە حیلەلە، عەییارە، چەند دەلە**
**تۆ شێخ و ئەو عەجووزە عەجەب دۆستی یەکترن**
**بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە...**
**(نالی) سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا**
**لایێ پڕ لە مەشغەلە لە لایی مەشغەلە**
(نالی: ل٤٦٩)

## شیعری ئەویندارى

**عشق سوڵتانێکە هەرگا ڕوو لە وێرانی بکا**
**ئاهی سەرد و ئەشکی گەرم و قەلبی بریانی دەوێ**
**دوور لە تۆ دڵ هێندە بێ ئارام و بێ حاڵ کەوتووە**
**ئەی مەسیحایی زەمان لەو لێوە دەرمانی دەوێ**
(نالی: ل٧٠٢، ٧٠٣)

شایەد ڕواڵەت و دیمەن لەناو شیعرەکانی نالی و سەرۆبەخشی تەواوی شیعرەکانی کچ سادەیەکی خەڵکی دێ، حەبیبە ناوی بێت، بەڵام دەروونی ئەویندارانەی ئەو شەهادەت دەدات کە ژێر نەخشێکی بەهێز بۆ شیعر وتن بووە، بەڵام عەشق، هێز و هاندەری بووە. نالی تێ دەکۆشێ بە تەواوی هەست و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی پاک لە عەشق بە وێنە بکێشێت.

سروشت پایە و بناغەی شیعری نالییە، ئەو تێدەکۆشێ و هەوڵ دەدات کە وێنەی جوان لە سروشت و خۆشەویستەکەی بە شیعر دەربێنێت، جاروبارەش جوانییەکانی خۆشەویستەکەی لە دیمەن زۆرتر بە وێنە دەکێشێت. شیعرە ئەویندارییەکانی لە هەموو شیعرەکانی زۆرترن.

لە دەروونی پاکی نالی ئەوینی جوان و بێ وێنەی خۆشەویستی حەبیبە بەشی گەورەی ژیانی ئەوە.

**پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا**
**خێڵ و قیچە؟! یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا**
(نالی: ل١٠٨)

**دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی «حەبیبە»!**
**وەبزانە خوێنی خۆمە یا منەتی ڕەقیبە**
(نالی: ل٣٩٤)

**«نالی» لە بێ حەبیبە، هەم تەبیبە**
**خولاسە و لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە**
(نالی: ل٦٦)

## شیعری ڕاوە (وەسف)

شیعری سروشت بناغەی شیعری نالییە، سروشتی دەست لێ نەدراو و دەوڵەمەندی کوردستان بە کۆنەی مێژوو، هەر شاعیرێکی ناسک خەیاڵ دێنێتە سەما، سروشتی ئەندێشی نە تەنیا لە شیعرەکانی نالیدا هەیە، بەڵکو لای زۆربەی شاعیران بەرچاو دەکەوێ:

**گوڵ تاجی لەسەرناوە چەمەن مەخمەڵی پۆشی**
**هات موژدە کە خیلعەت گەییە بەرموهابات**
(نالی: ل١٤٢)

**هات زەمزەمەی بولبول و ئاوازەی قومری**
**هات بادی سەبا دێن و دەچن عەرعەر و بانات**
(نالی: ل١٤٣)

ئەم دوو بەیتەی سروشت لەگەڵ هەستی ئەویندارى خۆی تێکەڵ دەکات:

**لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان**
**بەیانی دا سپیدەی باخی سێوان**
**لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەر وەکو شێت**
**بە ڕووی زەردی هەڵات و کەوتە کێوان**
(نالی: ل٣٢٠)

**ڕووم ئەوا زەرد بوو وەکو پاییز لە هیجرانی «نالیا»**
**عیشق ئێستاکەش لە من سەیری بەهارانی دەوێ**
(نالی: ل٧٠٣)

**گوڵ بەدەم بادی سەباوە کەنی بولبول فڕی**
**یەعنی عاشق لازمە دوور بێ لە یاری بێ وەفا**
(نالی: ل١٢٩)

## شیعری شانازی

له زەمانی پەیدابوونی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە تا ئەمڕۆ، بەشەر خوازبێنی ئەوەبوو کە هێز و توانایی و پێشتری خۆی بە کەسانی تر بناسێنێت، بە تایبەت لە شیعردا ئەوە باو بووە، نالیش لەم دابونەریتە جیاواز نییە.

«شانازی بە تایبەت لە شیعر و ئەدەبیاتی عەرەب باو بووە و ئەوانیش زۆرتر گیرۆدەی شانازی بوون»

(شەمیسا، ١٣٨١: ٢٣٩)

شانازی بەخۆی و نەتەوەکەی لە شیعری نالیدا ئاشکرایە.

بۆ نموونە:

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**
**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە**

(نالی: ل٥٧٧

**بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەناخوانی دەکا**
**نوکتە سەنجی و بەزلە گۆی و گەوهەر ئەفشانی دەکا**

(نالی: ل١٠١)

**زابیتە تەبعم سوارە ئیددیعای شاهی هەیە**
**موحتەشەم دیوانە داوای تەختی خاقانی دەکا**
**شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دڵبەری**
**شاهی خوسرەو و ڕوحی شیرین بە قوربانی دەکا**

(نالی: ل١٠٢- ١٠٣)

**ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم بە کوردی و فارسی**
**عارەبی، ئیزهاری چالاکی و چەسپانی دەکا**

(نالی: ل١٠٤)

## بەرهەمی فێرکاری

بەرهەمێکە کە زانست بە خوێنەر دەدات، لەگەڵ ئاکاری چاک و فەلسەفە بە جۆرە مەزەب و فەلسەفە و بە جۆرێکی ئەدەبی نیشان دەدات و زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکان تایبەتمەندییەکی فێرکارییان هەیە.

**هەر کەسێ ئیزهاری دانایی بکات و مەقسەدی**
**خودپەسەندی بێ یەقین ئیزهاری نادانی دەکا**

(نالی: ل١٠١)

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**
**زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم**

(نالی: ل٣٨٠)

**قەز، بریشم کە حەرامە لە ڕەجول، نەک نیسوان**
**سوننەتی شەرعە، ئەگەر تابیعی ئەهلی سونەتی**

(نالی: ل٦٧٢)

**قەللایی جیهان نەقدی عەیاری نییە قوربان**
**«نالی» مەحەکی هیممەتی کەوتە موجەڕب**

(نالی: ل١٣٦)

**نەفەس بگرە لە هات و چووی خورایی هەتا ماوی**
**کە ئەم بایە ئێستاکە هەر عومری بە باداوی**

(نالی: ل٦٧٩)

**بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنە و بازاڕییە**
**چونکە ناگانە گونی دیوانەکەی، لێ عاریە**

(نالی: ل٥٧٨)

**وەک سۆفیی مەبە ئالوودە بە دنیا**
**بێهوودە موکەدەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب**

(نالی: ل١٣٤)

## شیعری عارفانە

عیرفان ئایینێکی فیکری و فەلسەفەی گەورەیە بۆ جوانتر ناسینی خودا، ناسینی ڕاستی و دروستییدایە، هەرچەند شیعری عیرفانی لە دیوانی نالی زۆر لاوازە، بەڵام ئەو بیروباوەڕی لە بناغەی عەشقی مەجازییە و ناڕاستەقینە، بەڵام شاعیر بە تەواوی هێز و گیانی ئیمان و بڕوای بە خودای گەورە هەیە، بەڵام چەند نموونە شیعرێکی سەرچاوەی عیرفانی هەیە و لە لێکدانەوەی عیرفانی یارمەتی وەرگرتووە وەکو: خۆف، ڕەجا و زوهد، خەڵوەت، سۆفی، شێخ، مەحو، وەسڵ، فیراق و..تاد

(مەحو: ٧٩؛ شوق: ٨١؛ بەقا و فەنا: ٨٦؛ یا مەدد: ٨٦؛ وەحدەت: ٩٧؛ وەسڵ و فیراق: ١١٠؛ عەین و فنا فی الحق: ١٢٠؛ تەمع، زاهر، باتن، لوح و قەڵەم: ١٣٠؛ مەشرەب: ١٣٤؛ خرق عادەت: ١٤٤؛ عشق مەجازی: ١٥٢؛ خۆف و ڕەجا: ٤١٧؛ زوڵماتی بەقا: ٦٢٦؛ خوف: ٦٢٢، حەلقە: (عەبدولکەریم فەتاح، ٢٠٠٩: ل٢٥١، ٢٦٨) بە حەلقە ئیشارەی هەیە:

**ئەو سیلسلە وا مێشکی خەتا نێوی براوە**
**پڕ پێچ و شکەن، خەم بە خەم حەڵقە کراوە**

(نالی: ل٥٣٠)

بەخاڵ ئیشارەی هەیە:

**داوێکە لە ڕووی دانەیی خاڵت تەنراوە**

**زنجیرە لەپێی مائیلی ئەو ڕووتە نراوە**
(نالی: ل٥٣١)
بەزولف
**زولفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە**
**ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بەداوە**
(نالی: ل٥٣٢)

**غەزەلی شەپۆرنامە (شین نامە)**

نالی دوو غەزەلی هەیە، یەکێ بۆ مردنی سلێمان پاشا و ئەوی تریشیان بۆ مردنی باوکی حەبیبەی خۆشەویستی؛ هەڵبەت، ناتەواو نەمێنێت کە ئەو غەزەلەی بۆ سلێمان پاشا وتوویەتی هەم لە جێگای شینە، هەم لە جێگای ستایش-نامە.

«شیننامە» لە ڕوانگەی چییەتی، بەشی ئەدەب و شیعری ئاوازییە- بۆ ئەوەی کە شاعیران هەستی خۆیان بەو شیعرانە دەردەبڕن.

**تا فەلەک دەورەی نەدا سەد کەوکەبەی ئاوانەبوو**
**کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو**
(نالی: ل٣٧٠)
**ماتم، وەکو زولفەینی سیەهـ، گرتی سەراپات**
**پۆشی لە ڕوخت تەعبیەی بەیدەق و شامات**
(نالی: ل١٣٧)
**بۆ گریەیی تو ڕەنگە منیش هێندە بگریم**
**گەوهەر بڕژێن بۆ بوڵەندی قەد و باڵات**
(نالی: ل١٣٩)


**سەرچاوەکان:**

**١- شمیسا، سیروس، انواع ادبی، چاپ نهم، انتشارات سرایش، تهران: ١٣٨٢.**

**٢- لسکو روژە، داستان های کهن کردی دو زبانە فارسی و کردی و ٤٢٠ پەندوارە، مترجم محمد ریانی، چاپخانە رودکی، تهران، ١٣٧٠.**

**٣- خەزنەدار، د. مارف (بابەت) شیعری مەحوی لەنێوان سۆفیزم و دەروێشیزمدا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانستگای سەلاحەدین.**

**٤- محەمەدی مەلا کەریم، (بابەت) نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، کۆڕی نەتەوەیی لە سلێمانی.**

**٥- کۆمەڵە وتاری یەکەمی نێو نەتەوەیی ئەدەبی کوردی (بەشی کوردی)، زانستگای کوردستان توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردی، دکتور ڕەئووف عوسمان، ڕەنگدانەوەی قورئان لە هونراوەکانی نالیدا بەپێی زانستی خواناسی.**

**٦- فەتاح، عەبدولکەریم (بابەت) نالی هەر لە لووتکەدایە، زاراوەکانی عیرفان لە شیعرەکان نالیدا، کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی لە سلێمانی.**

**٧- سەجادی، دکتور زیائەدین، مقدمەای بر عرفان و تصوف، انتشارات سمت، تهران ١٣٨٤.**

**٨- خەزنەدار، د. مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، انتشارات ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٩- ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی، مەلا خدری، دیوان نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی و فاتح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، ئینشارات سەلاحەدین ئەیووبی، سپهر تهران، ١٣٦٤، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی.**

# پیرۆزی دارودرەخت
# لە ئەفسانە و باوەڕی کۆن و میللیدا

محەمەد سلێمان عەباس

کاتێک مرۆڤ لەسەر رووی ئەم زەوییە دەرکەوتووە و ژینگە و دەوروبەری خۆی ناسیوە و جگە لە دوو سەرچاوەی گرنگی خۆراک هیچی دیکەی نەبووە، ئەوانیش گۆشتی ئاژەڵ و بەروبوومی رووەک و دارەکان بوون، بەروبوومی هەندێک رووەکی کێوی ڕنیوەتەوە.

سەرەتا مرۆڤ لە ڕووەکەکان ورد بووەتەوە، چۆن دەڕوێن؟ کەی گەڵا دەکەن؟ کەی بە تەواوی گەورە دەبن؟ کەی گوڵ دەگرن؟ کەی بەردەگرن؟ کەی تۆ دەکەن؟

مرۆڤی کۆن و بەرایی تێبینی ئەوەی کردووە، کە سەر لە نوێ، خولی ژیانی ڕووەک نوێ بووەتەوە و ڕووەکێکی دیکەی لە شوێن ڕوواوە، بۆیە پێویستی بەوە بووە ئەو جیهانە فراوان و ڕەنگینەی دار و ڕووەکەکان بناسێت و کۆششی زۆری کردووە، بۆ ئەوەی ڕاز و نهێنییەکانی ڕووەک و درەختەکان بدۆزێتەوە و بزانێت.

جیهانی ڕووەک (درەخت)، جیهانێکی ڕازاوە و ڕەنگین و جوانە، کاتێک مرۆڤ سەرنجی دەدا و لێی ورد دەبێتەوە، چاوەکانی ڕوون دەبێتەوە و دڵی دەگەشێتەوە. ئەو جیهانە فراوان و بەرینەی ڕووەک، کە گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووی وزەیە، سەرچاوەی خێر و خۆشییە، ئەگەر مرۆڤ بە تەواوی لە ڕووەک وردبێتەوە و بەدوای نهێنییەکانیدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە، مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت، ئەو هێز و دەسەڵاتە کێیە.

کەواتە لە بەرەبەیانی مێژووەوە، ڕووەک هاوەڵی مرۆڤ بووە، ئەمەش گرنگی پێداوە و بۆ خۆراکی خۆی و مەڕومالاتەکەی بەکاری هێناوە، بۆ خانوو دروستکردن و پیشەسازی دروستکردنی گەمی و بەلەم و شتی دی سوودی لێ وەرگرتووە.

پێوەندی نێوان ڕووەک و مرۆڤ، ڕۆڵی لە پێکهێنانی هەموو لایەنەکانی ناسنامەی مرۆڤ هەبووە، وەک بوونەوەرێک، کە هۆشیار و ئاگادارە بە خودی خۆی و زمان و بەها مرۆییەکان، هەروەها ڕەفتار و یادەوەرییەکانی خۆی. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە هەنگاوی گەورە لە ڕەوتی پێشکەوتنی مرۆییدا، لە ئاکامی ئەو پێوەندییە دوولایەنەی لە نێوان مرۆڤ و ڕووەکە جۆربەجۆرەکاندا هەبووە، هاتووەتە کایەوە. واتە لە ڕێگەی ئەو کارلێکردنەدا پەرەسەندن و پێشکەوتن ڕووی داوە.

لە کۆمەڵگە سەرەتایی و کشتوکاڵییەکاندا، دارودرەخت، نرخێکی تایبەتیان هەبووە و لە ئەفسانەی میللەتەکاندا، درەخت شتێکی پیرۆز بووە و بە ڕەمزی ژیان و حیکمەت و نەمری دانراوە. بە بڕوای کۆن و بەرایی درەخت پیرۆزە، چونکە تاقیکردنەوەی



**حەسەن سیساوەیی**

نوێبوونەوەی هەمیشەیی جیهان و داهێنانی تێدا بە دی دەکرێت.

لە ئەدەبی فـــــۆلکلۆری هەر نەتەوەیەک لە پاڵ ئەفسانەدا، باوەڕ و حیکایەتی ئەفسانەیی گیانلەبەران و ڕووەک، ڕووبەرێکی گەورە داگیردەکات. مرۆڤی کۆن و بەرایی دارودرەختی لا پیرۆز وخۆشەویست و هەندێکیانی لا پیرۆزتر بووە، چونکە لەو باوەڕەدا بووە، کە ئەو درەختانە دەتوانن ئێشوئازاری لەش نەهێڵن و نەخۆشی چارەسەر بکەن، لە هەمان کاتیشدا لە هەندێک لەو درەختانە ترساوە و وای زانیوە کە سەر بە خواوەندێکن، بۆیە قوربانییان پێشکەش کردوون و لەو باوەڕەدابوون کە گیانی مرۆڤ دوای دەرچوونی لە جەستەی دەچێتە بەر درەختێکی تایبەتی، بۆیە هەندێک لە هۆزە بەراییەکان، مردووەکانیان لە نێو قەدی درەختی گەورەدا دەشاردەوە.

بۆ ئەوەی بزانین مەسەلەی درەخت هەر بە شوێنێک، یان ناوچەیەکی کۆمەڵانی خەڵکەوە بەند نییە، بەڵکو بیروبڕوایەکی هەرە کۆنی گشتییە و لەناو هەموو گەلانی جیهاندا بڵاوبووەتەوە، کە پێوەندی نێوان (زەوی و ئاسمان) لە ڕێگەیەکی ڕەمزییەوە، بەیەکەوە بەند و پەیوەست دەکەن، کە زۆر جار ئەم پێوەندییە لە شێوەی درەختێکدا، یان چیا، یان گردێکی دەستکرد، خۆی نواندووە، جا درەختی حەوت، یان نۆ ڕیشەیی هێمای درەختی جیهانە. لە بەند و ڕێورەسمی باوی ئایینی (شامان)ییەکاندا وا هاتووە کاتێک یەکێک لەوان بەسەر ئەو درەختەدا هەڵدەگەڕێت، بەو بڕوایەوە کە بەرەو ئاسمان دەچێت.

ئەگەر سەرنجی ئەفسانە و باوەڕی کۆن بدەین، ئەوە دەبینین ، کە دارودرەخت، شوێنێکی پیرۆزی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا هەبووە، کە هەندێک لە گەل و هۆزە بەراییەکان، درەختیان پەرستووە و بەلایانەوە وابووە، ئەو درەختانە شوێنەواری باپیرە هەرە سەرەتاییەکانیان بووە، یان ئەو باپیرانەیان لەبن سێبەری ئەو درەختانەدا حەساونەتەوە و لە ڕۆژانی سەختی ژیاندا لە بنیدابوون.

باسی درەخت و پیرۆزایەتی ئەو، لە تەواوی شارستانییە کۆنەکاندا ڕەنگ و دەنگی داوەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەم باوەڕگەلە لە دەروونی بێ ئاگایی کۆمەڵگەی مرۆییەوە هەڵقوڵاوە، چونکە دارودرەخت لەو شتە جوان ڕازاوانەیە، کە ئاڵوگۆڕی ژیان و نوێ بوونەوەی ژیان و مرۆڤ لە ئەفسانەکاندا بە ڕوونی نیشان دەدات.

لای مرۆڤی کۆن، درەختە گەڵا وەریوەکان نیشانەی بەهار و گۆڕانی سروشتن و ئەو دارانەی گەڵاکانیان ناوەرێت، هێمان بۆ توانایی و هێزی سروشت، بۆیە لە زۆربەی شارستانیەتە کۆنەکاندا، درەخت هێمایە بۆ سروشت و جیهان.

شتێکی بەڵگە نەویستە جیهان و گەردوون هاوشێوەی بوونەوەرێکی ئۆرگانییە و بە شێوەی خولی نوێ دەبێتەوە. نهێنی پەیدابوونی ژیان بەند و پەیوەستە بەنهێنی نوێ بوونەوەی گەردوون، بۆیە بە دیدی مرۆڤی کۆن گەردوون لە شێوەی دارێکی گەورەدایە، واتە ژیانی دارودرەخت تەرزێکە لە بوونی گەردوون.

دارودرەخت تەنیا ڕەمز و هێما نییە بۆ جیهان و گەردوون، بەڵکو لە هەمان کاتدا هێمایە بۆ: ژیان، گەنجیەتی، نوێ بوونەوە، نەمری. لە زۆربەی شارستانیەتەکاندا، هەندێک لە درەختەکان بەها و هێمایەکی ئایینییان وەرگرتووە و بە (درەختی ژیان) و (درەختی نەمری) ناوبراون.

لە ڕوانگەی مرۆڤی بەرایی و ئایینیدا، ئیقاع و ڕیتمەکانی ژیانی ڕووەکەکان لە یەک کاتدا، نهێنی

(ژیان) و (خەڵقکردن) پیشان دەدەن.
هەندێک لە درەختەکان لای گەلان، بە پیرۆز دانراون، بۆ نموونە هندییەکان، دارێکیان دەپەرست بە ناوی "ئاشواتها"، بە جۆرێک کە پرشنگی پیرۆزایەتی ئەم درەختە، تەنیا بۆ ئەوان مەشهوود بوو و دەبینرا، چونکە بە بڕوای ئەوان "ئاشواتها" تەجەللی پیرۆزایەتی بووە، هەروەها ئەم جۆرە دارە بەرجەستەکردنی شێوازی بەرایی و نموونەی باڵای جۆری درەختەکانە لای ئەوان، بۆیە ئەو درەختە لە ڕوانگەی ئەوانەوە جیاوازی لەگەڵ دارودرەختەکانی دیکەی سروشت هەبووە و پێویست بوو ئەم درەختە بپارێزرێت و بپەرسترێت.
(میرسیا ئەلیا) لەم بارەیەوە دەڵێت: لە زۆربەی وڵاتان بە بۆنەی گواستنەوەی بە شکۆی (تیرەکی مە) لە ئایینێکی پیرۆزدا، درەختی ساڵی کۆن دەسووتێنن. سووتاندنی دارودرەخت بێ گومان تازەبوونەوە و ژیانێکی نوێ دەگەیەنێت، چونکە لە هیند و سەردەمی کۆنی یۆنان و ڕۆما، بە گەیشتنی ساڵی نوێ درەختیان دەسووتاند، جەژنی سەری ساڵ و سووتاندنی دارودرەخت لە هیند و شوێنی دیکە ئێستاش هەر ماوە. هەڵبەتە نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین، کە داگیرساندنی ئاگر و سووتاندنی دارودرەخت، لە سەرەتای ساڵی نوێ لە دوو جەژنی چوار شەممە سووری و نەورۆزدا لای کورد و گەلانی ئێرانیدا، هەمان ڕەمز و نیشانەی تازەبوونەوە و ئاڵوگۆڕی ژیان دەگەیەنێت.
زۆرێک لە درەخت و گیا و گوڵەکان، چوونەتە ناو دنیای ئەفسانە و باوەڕی میللیدا، بە جۆرێک کە لە باوەڕ و ئایینە بەراییەکانی زۆربەی گەلانی دنیادا شوێن و ڕێیان داناوە، هەندێک لەو باوەڕەدانە هێشتا لە زۆربەی فەرهەنگ و کەلەپووری میللیدا درێژە بە ژینی خۆیان دەدەن، یان هێشتا لە باوەڕەکانی خەڵکی و دەروون و بێ ئاگایی نەتەوایەتیدا زیندوون.
ڕەنگە پیرۆزی درەخت لەوەوە دەستی پێکردبێ، کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە کاتێ کە بە ڕووتی لە چۆڵەوانی و ئەشکەوتدا ژیاوە، لە ترسی پەلاماری گیانەوەرە دڕندەکان، چۆتە سەر دارێک و خۆی لە مەترسی ئەم دڕندانە ڕزگار کردووە.
لە چیرۆکی گوێ ئاگردانی منداڵان (پیرێژن و کلکە کولێی ڕیزی)ی کوردەواریدا، کچان لەبن درەختدا هەڵپەڕیون، ئەمەش لەوەدەچێ هێمای جۆرە پەرستنێکی تەوتەمیەت بێ و پیرۆزی درەختی تێدابێت.
یان باپیرە زەردەشتییەکانمان بە پێی ئایینەکەیان، داری قەزوان- دارەبەن کە لە شیرەکەی شەرابی(هۆما)یان دروست کردووە، بەلایانەوە زۆر پیرۆز بووە و پێویست بووە لە هەموو پەرستگایەکدا بچێنرێت و خواردنی بەرەکەشیان بەلاوە پیرۆز و لە پێویستییەکانی ئایینی بووە، کە ئێستاش لە ڕووی پزیشکییەوە لە بەرهەمەکانی ئەو دارە، (بنێشت وتەربەنتاین) شوێنێکی بایەخداریان هەیە، ئێستەش بڕوا وایە هەر ساڵێک قەزوان زۆر بێت، ساڵی قڕانی سەرۆکە زۆردارەکانە، هەروەها ئاشکرایە ڕەز لە ئایینی زەردەشتیدا، هیچ سنوورێکی بوونایەتی لەگەڵ بوونی جەستەی مرۆڤدا نییە، هەر بۆیە ڕەز پیرۆز و بە بەهایە، لەو کاتەشدا گیانی مرۆڤ دۆنای دۆن دەکات، ڕەز هەروەکو چۆن پیرۆزە، هەروەها سەرچاوەی ژیانە، سووتاندنی ڕەز کوشتنی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتییە، کوشتنی هەموو ئەو باوەڕانەیە کە دەشێت ئێمەی مرۆڤ بە مرۆڤەکان و بوونەوە ببەستێتەوە.
مرۆڤی بەرایی و هەندێک هۆزی سەرەتایی، باوەڕیان وابوو کە گیانی هەر کەسێک لە دەرەوەی جەستەیەتی، لەناو شتێکدایە لە دەرەوەی ئەودا، وەک: گیانلەبەر، ڕووەک، کانی،...تاد بۆیە ئەفسانەی ئەو میللەتانە ژیانی مرۆڤیان بەند و پەیوەست دەکرد، بەم شتانە، بە تایبەت دارودرەخت، بۆ نموونە لە ناو هەندێک کۆمەڵگەی ئەفریقیدا باوەڕیان وایە، کاتێک منداڵێک تازە لە دایک دەبێت، ئەوە دارێکیان دەڕواند، باوەڕیان وابوو کە ژین و بژێوی منداڵەکە بە دارەکەوە پەیوەستە و هەر کاتێک دارەکە وشک ببێت، ئەوە نان و بژێوی منداڵەکە نامێنێت.
چەندین ئەفسانەی میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا سەبارەت بە پیرۆزی (گەنم و جۆ) هەن، کە لای ئەوان وەک ڕووەکێکی پیرۆز وابووە.
ئێرانییەکان ڕێزێکی تایبەتیان بۆ چاندنی دار و گوڵ و گیا داناوە، زەردەشت لە پەیامەکەیدا خەڵکی بۆ چاندنی دار و گوڵ و گیا هانداوە، بۆ وێنە لە کوردەواریشدا سووتاندنی داری تەڕ بە گوناح و کارێکی ناڕەوا دەژمێررێت. ئەم ئەندێشەیە لە ئاڤێستادا هاتووە، یان لە "مەزدیەسنا" شدا ئاماژە بەوەکراوە و هاتووە، کە ڕەوانی



**عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی**

کەسێک کە زیان بە درەخت بگەیەنێت لە کەناری پردی "چنیود"دا سەرگەردان و غەمگین دەمێنێتەوە.

درەختێک لە ئێرانی کەونارادا بە پیرۆز دەژمێررا و بە (داری ژیان) ناوبراوە، چونکە لە یەک کـاتدا، یان لە وەرزگەلی ساڵدا ، حەفت، یان هەشت جۆرە میوەی دەدا، جگە لەوەش لە خاوێن کـردنەوەی هەواش ڕۆڵی گـرنگی هەبووە، هەر بۆیە بە داری ژیان ناوبانگی دەرچووە.

یەکێک لەو گیایانەی کە بە پیرۆز دانراوە لای گەلانی کۆن، گیای (ئەسپەناخ)ە، لە ئەفسانەیەکدا هاتووە، کە بە خواردنی ئەم گیایە، مرۆڤ هەرمانی و نەمری بەدەست دێنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین، لەگەڵ (هۆما) لە ئێرانی کۆندا هاوتایە، هەروەها وتراوە ئەم گیایە لە ئاڤێستادا، بە مانای پاک و پیرۆز زانراوە، سووتاندنی لە ناو ئێمەی کـورد و گـەلانی ئێـران بۆ چاوەزار، بەکـارهاتووە. لە ئەفـسانەکـاندا مـەی و شـەراب ئاماژەی زیندوویەتی و پاکبوونەوەیە، هەروەک دەبینین شـەرابی (هۆمـا) کـە تێکەڵبییەکە لە (هۆما) و شیری مانگا تاکو شەش ساڵان دەدرایە زەردەشت، بۆ پتەوکردنی عەقڵ و جەستەی.

گەلێک ئەفسانەی کۆن هەن، کە قارەمانەکان بە دوای گیای ژین و نەمریدا سەر هەڵدەگرن و خۆیان دەخەنە نێو شەڕ و کێشەیەکی ئێجگار دژوارەوە، لەوانە ئەفسانە و بەسەرهاتی (گلگامێش) و چیرۆکی (لاس و خەزال) لە ئەفسـانەی لاس و خـەزال-دا، گـیایەکی ئەفسـانەیی بە ناوی گوڵی شۆران لە وڵاتی بەرینی "چل پلەی عومانێ"، کە وڵاتێکی زۆر دووره هەیە، ئەم گیایە ڕەمز و نیشانەی نەمری و هەرمانییە، چونکە هەر کەسێک ئەم گیـایەی هەبێ پێـویسـتی بە تیـشکی چرا و ڕۆشنایی لە شـەوی تاریکدا نابێت و تەواوی شـەو تیـشک هاوێژی دەکـات. هەڵبـەتە جگە لە گـوڵی شـۆران، لە ناو کـوردان بڕوا بە گـوڵێک هەیە بە ناوی " گـوڵی کـیـمـیـا" کـە دەڵێن ئەم گـیایە عـومـری مرۆڤ بۆ لاوی دەگـەڕێنێـتـەوە، دەڵێن بە خواردنی گوڵێکی وەها لاو نەمر دەمێنێتەوە، بە گوێرەی ئەفسانەکان ئەم گوڵە لە دڵی تاریکیدا وەکو چرا تیشک هاوێژی دەکات، ئەم گیایە لە کوێستانەکان و لە جێگەی ئەستەم و دژوار دەڕوێت. لە ئەفسانە کۆنەکانی کوردیدا باسی گوڵێک کراوە بە ناوی (گوڵی پیری و جوانی) کە زۆر بە دژواری بە دەست دەکەوێت، قارەمانی ئەفسانە بە ڕەنج و پاش چەندین سەفەر و تێپەڕین لە چەندین شوێنی ترسناک و بەرەنگاربوونەوە لە گـــەڵ دێو و درنج پێی دەگـات، ئەم گـوڵەش عـومـری پاشـای پیـر و پەککەوتە دەگێڕێتەوە بۆ سەر تەمەنی لاوی.

لە ئەفـسـانەی ئێـرانیـدا، پاشـای ئێـران ئەنوشیـروان "بورزوی" بە دوای گیـای نەمریدا نارد، هەروەها پاشـای چینی "وودی" زانایەک بە ناوی "شـۆفـۆ" بە دوای گیـای هەرمانیدا دەنێرێت.

هەندێک لە باوەڕ و ئەفـــســـانەی رووەک لە نـاو میللەتاندا:

– لە سـەرووی هینـدسـتـان خـەڵکەکـە باوەڕیان بەو ئەفـسـانەیە هەیە کـە دەڵێت: جـۆرە درەخـتـێک لە دارستانەکاندا هەیە، گەلێک پیرۆزە و گیانی ئەو درەختە دەتوانێت بەری مـەڕ و مـاڵات و ئافـرەتان زیاد بکات، بۆیە ئەو درەختەیان دەپەرست و دەپاراست.

– لە ڕۆژهەڵاتی ئەفـریقـادا، خـەڵکەکـە باوەڕیان بەو ئەفسانەیە هەیە کە دەڵێت: دارودرەخت گیـانیان لەبەره و وەکـو مـرۆڤ هەست دەکـەن، بە تایبـەتی دار گـوێزی هیندی، بڕوایان وایە، کـە بڕینی دار گـوێزێک بە قـەد تـاوانی کـــوشـــتـنی دایکێک وایە، چونکە دەڵێن: دارودرەخت وەکـو دایک وایە، چۆن خـۆراک بە ڕۆڵەکـەی دەدات، درەختیش ئاوا خۆراک بە خەڵک دەدات.

– له ناو خێڵەکانی (دیری) ناوەڕاستی ئوسترالیادا، هەندێک درەختی دیاریکراو دەپەرستن، باوەڕیان بەوە هەیە، کە گیانی باوباپیرانیان دەچێتە ناو ئەو درەختانە، بۆیە دەیانپەرستن و بە ڕێزەوە پارێزگارییان دەکەن و نایەڵن کەس بیانبڕێت.

– له ناو دانیشتوانی هەندێک دوورگەی (فلیپین)یش لەو باوەڕەدان، کە گیانی مردووی باوباپیرانیان دەچێتە بەر هەندێک درەختی تایبەتی، بۆیە تا پێیان بکرێت نایانبڕن.

– خەڵکی دێهاتەکانی ئەڵمانیا و نەمسا، تاکو ئەم دواییەش ئەم ئەفسانەیەی ڕووەکیان لەناو بڵاوبوو کە دەیانگوت: دارودرەختی دارستانەکان، گیان و نەفسی خۆیان هەیە، نابێ کەس قەدی دارودرەخت بریندار بکات، نەبادا ئازاری پێ بگات و زیان ببەخشێت.

– هەر لە ئەوروپا، لە ناو باخەوانە سلاڤی و بولگارییەکاندا، ئەو ئەفسانەیە هەبووە کە وا درەختیش وەکو مرۆڤ گوێی هەیە و لە قسەی مرۆڤ تێ دەگات، بۆیە بیورێکیان دەست دەدایە و بە هەڕەشەوە لە دەوری درەختی بێبەر (زڕ) دەسووڕانەوە و پێیان دەگوت: ئەگەر بەر نەگری ساڵێکی تر دەتبڕین، ئەو باوەڕە لە ناو کوردەکانی خۆشمان هەیە، بە تەور هەڕەشە لە بڕینی درەختی زڕ دەکەن، ئەگەر لە ساڵێکی دیکەدا بەر نەگرێت، کەمێکیش قەدی ئەو درەختە بە بیور بریندار دەکەن.

– هەندێک ڕووەک و دارودرەخت لای (ئاشووری، میسری، هیندی)یەکان، گرنگ و پیرۆز بووە و لەسەر دیواری پەرستگەکاندا وێنەیان کێشاون، یان گوڵ و بەروبوومی درەختەکانیان لەگەڵ مردووەکان ناشتووە، هەروەها لە گەلێک ئەفسانەی کۆندا هاتووە کە جیهان بە شێوەی درەختێکی سەر بەرەو خوار پڕ لقوپۆپ زانراوە، هەروەها ڕەمزی جیهان وەک درەختێک لەکن هیندییەکان و خەڵکی ئەڵتایی و هەندێک کۆمەڵگەی سەرەتایی بەدی دەکرێت و لە زۆرێک لەو فەرهەنگانەدا، دارێک بە دڵی زەمین دەستنیشان دەکەن، جگە لەمەش درەخت هێما و نیشانەیە بۆ مرۆڤ. هۆزەکان(ئۆران)یش لە (بنگال) لە وەرزی چاندنی برنجدا، دەستەیەک کوڕ و کچی لاویان دەچن لقێکی گەورەی درەخت دەهێنن. بە گۆرانی و تەپڵ لێدانەوە، لە گۆڕەپانێکدا دەیچەقێنن، قوربانیشی بۆ سەر دەبڕن... بۆ ڕۆژی دوایی کوڕان و کچان، ئەڵقاوئەڵق دەست دەگرن و بە دەوریدا سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن. لقی درەختەکەش بە قردێلە و شتی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازێننەوە. لە ناو هندییە سوورەکان "پاپونەکان" بڕوا وەهایە، ئەگەر درەختێکی پیرۆز ببڕنەوە، کۆستی ئەو بنەماڵەیە دەکەوێت و چەند کەسێکیان دەمرێت.

لە نێو عەرەبی چاخی جاهلیدا داری "عوزا" دەپەرسترا، هەروەها ڕازاندنەوەی درەخت لە جەژنی کریسمسدا بە شێوەیەکی ڕەمزاوی، لایەنی گرنگی ڕوانینی مرۆڤ بۆ درەخت نیشان دەدات. لە زۆربەی ئایینەکانیشدا چاندنی دارودرەخت بە کردەوەیەکی ئایینی پڕ شکۆ دەژمێردرێت.

بڵاوبوونەوەی هەر دابونەریتێک، بیروباوەڕێکی ئایینی و گەلێک هۆکاری دیکەی خودی و بابەتی لە پشتەوەیە و بە گوێرەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی ژیان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. هەندێک لەم دابونەریتانە لاواز دەبن و لەناو دەچن و ون دەبن، هەندێکیشیان وەک خۆیان دەمێننەوە. ئەمڕۆ دابونەریتی میللەتانی جیهان لە نێوان ژیان و مردن، جوانی و ناشرینی. لە ژێر سێبەری گۆڕانکارییەکان و سروشتییەکان بەرەو کزبوون و لەناوچوون دەچن.

ئەگەر بێتو ئێمەی کوردیش چاوێک بە دابونەریتە کۆنەکانماندا بخشێنینەوە، ئەوە دەتوانین بزاڤی گۆڕانکارییەکان بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار بگوازینەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی فیکری و شیکردنەوەی حاڵەتەکانی تر و لابردنی کۆسپ و تەگەرەکان لەبەردەم بزاڤی پێشکەوتندا.

زۆربەی گەل و میللەتە بەراییەکان، لە چەندین دێهاتی کوردستانیش، دارێکی دیاریکراو کە لای خەڵکی ناوچەکە پیرۆزە، بە پەڕۆیەکی کەسک دەیڕازێننەوە، هەروەک چۆن لە (فەلەستین)یشدا دار (بەڕوو)یەکی بەناوبانگ هەیە پێی دەڵێن، (دار بەڕووی ئیبراهیمی) جووتیاران پەڕۆیەکی سەوزی لێ دەئاڵێنن. ڕەنگە مەبەست لە تێ ئاڵاندنی ئەم پەڕۆیە ئەوە بێت، کە مراز و ئاواتەکانیان بە ڕێگەی ئەم پەڕۆیە بگەیەننە پیر و پیاو چاکەکە. یان مەبەست لە تێ ئاڵاندنی ئەم پەڕۆیە ئەوەیە بە ڕێگەی ئەو پەڕۆیەوە بڕێک لە هێز و توانایی پیاو

چاکەکە بگاتە خاوەن پەرۆیەکە. ئەو دیاردەیە ڕۆڵێکی دیاری لە ژیانی کۆمەڵگەی کۆندا هەبووە، بە تایبەت لە رووی دەروونییەوە. ئەفلاتوون دەڵێت: مرۆڤ گیایەکی ئاسمانییە، چونکە وەک درەختێکی سەر بەرەو خوارەوەیە، کە ڕیشی بەرەو ئاسمان و چڵوپۆپی بەرەو ئاسمان کشاوە، هەروەها جیهان و ژیانی دووبارەت هاتووەتە گۆڕێ، بۆ نموونە هندییەکان، دارێکیان دەپەرست بە ناوی "ئاشواتها"، بە جۆرێ کە پرشنگی پیرۆزایەتی ئەم درەختە، تەنیا بۆ ئەوان مەشهوود بوو و دەبینرا، چونکە بە بڕوای ئەوان "ئاشواتها" تەجەللی پیرۆزایەتی بووە، بۆیە ئەو درەختە لە ڕوانگەی ئەوانەوە جیاوازی لەگەڵ دارودرەختەکانی دیکەی سروشتدا هەبووە.

## پیرۆزی دارودرەخت لە ئەفسانە و باوەڕی میللی کورداندا

بێ گومان، کە کوردستان خاوەنی گەنجینەیەکی گرانبەها و ومەڵبەندی کەلەپووری نەتەوایەتی ڕەسەنە، هەربۆیە دەبێت بایەخی پێ بدەین و بە چاوی ڕێزەوە تەماشای بکەین.

لە باوەڕی کورداندا زۆرێک لە درەختەکان پیرۆز و ئایینین و بڕواگەلی جۆراوجۆر لەسەر درەختەکان باوە و هەیە، بەتایبەتی ئەو درەختانەی کە لەسەر گۆڕی پیر و پیاو چاک ڕوابێت پیرۆزە، هەربۆیە بەوپەڕی ڕێزەوە دەپارێزرێن، خەڵکان لە کاتی بەڕێوەبردنی زۆرێک لە جەژن و دابونەریتە ئایینییەکاندا دەچنە ژێر سێبەری ئەو درەختانە و لەوێ ڕازونیازی دڵی خۆیان دەکەن. بێجگە لەمەش بەڕێوەبەرانی ئەم بۆنە و جەژنانە لەگەڵ خۆیاندا پارچەگەلی پەڕۆی سەوز دەبەن (چونکە بڕوایان وایە کە ڕوح سەوزە) لە گۆڕی مەشایخ، یان پیاو چاکەکەی ئاوێزان دەکەن، بۆ دەفعی بەڵا و دەرد و نەخۆشی و بەنیازگەلی جۆراوجۆر.

هەڵبەتە پیرۆزایەتی ئەم دارانە تا ئەو ڕادەیە کە شکاندن و سووتاندنی گوناح و ناڕەوایە، چونکە بڕوا وایە کە درەخت لەگەڵ ڕوح و ڕەوانی مردووەکە، پێوەندی پتەوی هەیە، هەروەها بە ڕەمزی ژیانی دوای مەرگ دەژمێررێت. لە دێهاتەکانی تیلەکۆی سەقز بڕوایان وایە کە هەر کات کەسێک لقێک لەو درەختانە بشکێنێت، لە لقە شکاوەکە خوێن دەتکێت، هەربۆیە هەر کەسێک کە دەست بەم کردەوە بکات، تووشی بەسەرهاتێکی شووم و نەگبەت دەبێت کە لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی سەخت دەمرێت، ئەو بڕوایەش لە نێو نەتەوەی "گیلەکی"دا بەم جۆرە ماوەتەوە.

دارۆچکەکان(زریشک)ی سەر گۆڕی پیاو چاکان و گیای "ئەستەرەنگ" پێوەندی و نزیکایەتی زۆریان هەیە و هەر کام لەم ڕووەکانە پێوەندی نێوان مرۆڤ و درەخت پیشان دەدات.

دەتوانین بڵێین، گوند لە کوردستاندا نییە دارودرەختی لە نزیکەوە نەبێت، کە گوایە شوێنی حەسانەوە، یان ڕابواردن، یان مەزارگەی پیاو چاکێک لە ناو کۆمەڵە دارێکدایە کە بەو ناوەوە بەناوبانگە. زۆربەی دارە ناسراوەکان لە مەزنی و گەشەکردنی دارەکانیدا جیاوازی لەگەڵ دارەکانی ناوچەکە هەیە، چونکە دەپارێزرێن و نابڕدرێن، لەبەر پیرۆزی دارەکانی، تەنانەت لە بیروباوەڕی کوردەواریدا باوەڕ وایە، کە خودی ئەو دارانە هێمای چاکەن، بە شێوەیەکی گشتی دار ڕەمزی چاکەیە.

لە دارە بەناوبانگەکانی کوردستان(داری قەرەداغ، دارە شەکران، دارە بزمارە، دارەکەی مزگەوتی شەقڵاوە،...تاد) وەنەبێ گرنگی ئەم دارانە، لە گەورەیی، یان لە کۆنییەکەیانەوە بێت، بەڵکو ئەم دارانە پیرۆزییان لە دڵی کورددا هەیە، هەر بۆیە پارێزراون و گەورە بوون.

ئەمانە و زۆر جۆری تر بابەتی دارودرەخت لە ئەفسانەکاندا خۆیان نواندووە، دارە بە ناوبانگەکەی مووسا، یان مرۆڤی سەرەتایی ڕمی لە دار دروست کردووە و وا هەستی کردووە، کە ئەو ڕمە جۆرە تواناییەکی جادووگەری تایبەتی هەیە.

- ئێمە لێرەدا نەک تەنیا باوەڕی کوردان سەبارەت بە دارودرەخت و گیا و گوڵەکان دەخەینە ڕوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا، کۆششمان کردووە بۆ ئەوەی پیرۆزایەتی ئەم ڕووەکانە لە باوەڕی گەلانی دیکەدا هەڵسەنگێنین.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە قسەکردنە لەسەر هەندێک لەو شوێنە پیرۆزکراوانەی کە لە مێژوویەکی کۆنەوە تاکو ئەمرۆ ڕەواجی هەبووە و بەردەوام خەڵک بە مەبەستی جیاجیا سەردانی دەکەن، لەوانە (دارە بزمارە)یە، ئەم شوێنە و چەندان مەزارگە و دار و بەردی تر لە وڵاتمان هەن

که مێژووی دواکەوتوویی میللەتی کورد دەردەخەن. ئەم دارە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان گوندی بەستۆرە و گوندی کۆڕێ، هەر لەسەر ئەم ڕێگایە جگە لە (دارە بزمارە) چەند مەزارگەیەکی تر هەن، ئەم جۆرە دارە کە پێی دەڵێن (دار چروو) دارێکی خۆڕسکی تەمەن درێژە، لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەڕوێت.

بزمارەکانی سەر پانتایی دارەکە زۆر سەرنج ڕاکێشن، وا لە مرۆڤ دەکەن بە دوای نهێنییەکانیدا بگەڕێت، هەروەها مرۆڤ کاتێک تەماشای ئەو دارە دەکات، کۆمەڵێک پرسیاری لا دروست دەبێت، لەوانە بۆچی و بە چ مەبەستێک ئەم هەموو بزمارەیان لەم دارە کوتاوە؟

دیارە دارە بزمارە و دەیان داری تر هەن لە مێژووی میللەتەکەماندا، لای هەندێک کەس بوونەتە پردێک بۆ پەرینەوەی ئێشوئازارەکانی (ددان، بالووکە، سەر ئێشە)، یان گەڕانە بە دوای پێوەرەکاندا، بۆ دامرکاندن و بەرجەستەکردنی هێمنی ناوەوە و دەرەوەی ڕوح، لە چوارچێوەی ئەو یەکسانییە لەنگەی کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات، یان هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو یەکگرتنە بێ دەنگەی لە نێوان بوون وەک ڕوح و نهێنییەکانی دەرەوەی ڕوح. ئەو باوەڕ و دابونەریتەی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و کۆمەڵگەی ئێمەدا هەن، هەڵگری مێژوویەکن لەو پێوەندییە نادیار و ئاڵۆزانە، هەروەها سیمبۆلی ئازار و ململانێن لە نێوان مرۆڤ و سروشت.

میللەتە کۆنەکان لە ڕێگەی سرووت و کارە فۆرمدارەکان، گوزارشتیان لە ئەفسانە و باوەڕ و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان دەکەن و هەوڵی بەرجەستەکردنی ڕوح دەدەن لە سروشتدا. کوردیش بە هۆی دابونەریت و کاریگەری کولتووری ئیسلامی وای لێ هاتووە بایەخ بە سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بدات. بۆ ئەوەی هێمنی و داخوازی و ئاواتەکانیان لە ڕێگەی ئەو درەختە پیرۆزانەوە بێنە دی.

– درەختی زەیتوون: بەر لە زایین لە کوردستاندا پەرستراوە، لای پەیڕەوانی زۆربەی ئایینە کۆنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتیش پیرۆز بووە، بە هۆی ئەوەی هەمیشە کەسکە و بەروبوومێکی باشی هەیە، سەرەڕای خواردنی ڕۆنەکەی وەک نەوت بۆ داگیرساندنی چراکان بەکارهاتووە و سابوونی لێ دروست دەکرێت، زەیتوون لای ئێزدییەکانیش پیرۆز بووە، سووتەمەنی چراکانی پەرستگەی (لالش) لە ڕۆنی زەیتوون دابین دەکرێت، جا بۆ ئەم مەبەستە ژوورێک لە پەرستگەی لالش بۆ ژمارەیەک گۆسکەی پڕ لە ڕۆنی زەیتوون تەرخان کراوە. ئەمڕۆکە زەیتوون بووەتە ڕەمزی باشیک و بەحزان، بە هۆی ئەوەی باخێکی زۆری زەیتوون لەم ناوچەیەیە، دوور نییە پیرۆزی درەختی زەیتوون لای ئێزدییەکان بۆ باوەڕی کۆنی کوردەواری بگەڕێتەوە، کە بەر لەزایین ئەم درەختە پیرۆزبووە و پەرستراوە.

– درەختی چنار: بە هۆی قەوارە گەورەیی و باڵا بەرزی و تەمەن درێژی و هەمیشە سەوزی، بە شای درەختان ناسراوە و بووەتە جەڤەنگی پاشا و میرەکان، جاران دەیانگوت، قەدی چنار گیانی شۆڕەسوار و گەورە پیاوانی تێدایە، واتە دوای مردنیان گیانەکەیان دەچێتە ناو قەدی درەختی چنارەوە، هەروەها یەک لەو سیفەتانەی کە چناری پیرۆز کردووە، داماڵینی کاژەکەی، یان توێکڵەکەیەتی هەموو ساڵ، جا بۆیە میرو پاشای کوردان گرنگیان بە چاندنی درەختی چنار داوە، لە ماڵ و بارەگای فەرمانڕواییان و پەرستگەکان چاندوویانە، خەڵکیش هەمیشە ئاگاداری ئەم درەختانە بوون. خانزادی میری سۆران، یەکێکە لەو میرانەی کە بایەخی بە چاندنی درەختی چنار داوە، بە تایبەتی لە مزگەوتەکان. لەوانە چنارەکەی مزگەوتی هیران و چنارەکەی مزگەوتی قەڵاسنجی خواروو.

– درەختی (بەڕوو)ش پیرۆزە، بۆیە تاکو ئەوڕۆش لەسەر گۆڕستانەکان نەبڕاون، زۆر درەختی بەڕوو لە کوردستان بە هۆی شین بوونیان لەسەر چیا و پیران بە پیرۆزی ماونەتەوە، لەوانە: بەڕووەکەی کلکەی چیای پیرمام، کە بە دارە بزمارە ناسراوە، هەروەها دار بەڕووەکەی شەکرانێ لە ناوچەی زرارەتی. هەروەسا درەختێکی بەڕوو لە موکریان هەیە، خەڵک بۆ نەخۆشی دەچنە زیارەتی بە تایبەتی نەخۆشی منداڵان، خاوەن نەخۆش بزمارێکی لێ دەکوتێ و سێ جاران بە دەوری دارەکەدا دەسووڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دارە بە هۆی لێدانی بزماری زۆرەوە، وشک بووە. دارە بزمارەیەکی دیکە لە کلکەی چیای قەرەچۆغییە.

هەندێک لەو دارانە ئەفسانەیان لەبارەوە دانراوە، یەکێک لەو دارانەی چووەتە نێو دنیای فۆلکلۆری کوردەواری و لاوکبێژ و حەیرانبێژان خستوویانەتە نێو

سەروبەندی لاوک و حەیرانەکانیان، (داری شەکران)ـە کە کەوتووەتە ناوچەی زرارەتی لەسەر پشتی زورگی مام خـاران، نزیکەی ٣٥ کم لە هەولێـرەوە دوورە. داری شەکران تاقە دارێکە بەسەر پشتی زوورگەکەوەیە، گۆڕی سادەی دوو پیاو چاکی بەسەرەوەیە، لەگەڵ گۆڕستانێکی تازەدا. ئەوەتا سەر دەستەی لاوکبێژانی کورد (کاوێس ئاغا) دەڵێت:

**(ئەمن سەردەمەکی ڕاوچی بووم ماڵ وێران دەگەڕام لە ڕاوێ لە بنەبنەی مـام خـاران ڕۆژەکی دەچوومـە داری شەکرانێ ماڵ وێران).**

هەروەها حەسەن سیساوەیی دەنگ خۆشیش لە چەندین کـۆپلەی حـەیرانەکـانی ناوی داری شـەکـرانێ دووبارە دەکاتەوە، لە لاوکی ئەسمەر و مامەردا دەڵێت: (مامەر لە گەروو باسکە، کەوەک ئەخوینی لەگەر دوو سووسکە، لە هێـرەوەی داری شـەکـرانێ، توخـوا وەرە تێکەرکـەین، سـمێـر و بسکە)، هەروەها لە شـوێنیکی تردا دەڵێت: (لێـرانە ڕاوێ خـۆ هەڵگرم باوێمـە سـێـبـەرێ داری شەکرانێ، بەرامبەر کاولە قەراجی)

هەروەها سەبارەت بەم دارە، لە کـتـێبی (داسـتـان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردا)ی مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی-دا نووسراوە:

**داری شەکرانێ، بەر لە سێبەرە**
**ڕۆژان دەگرم قەردم لەسەرە**
**داری شەکرانێ، بەر لە گوێڕی**
**کەمبەری زێڕە، نێکان دەگێڕی.**

لەبەر ئەوەی شوێنی دارەکە کە دار (بەرووی خۆرسکە) بەرز و دڵ ڕفێنە، خەڵکی بۆ سەیران و زیارەت سەردانی دەکەن. دارەکە لەسەر گۆڕی پیاوچاکێک ڕوواوە، ئیتر ئەو گـۆڕە بووە بە نەزەرگـە، ئەم دارە زۆر ڕەگی بە ناخی زەویدا چووەتەخـوارەوە و بەرانبـەر هەمـوو کـارەسـاتێکی ڕۆژگار ماوەتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە بە درێژایی ئەو زورگـەی کـە لە دێی پەرپـێـتـانەوە دەست پێـدەکـات تا دەگاتە ڕێی گۆپاڵ و سەر لێوی زێی بادینان، تەنیا ئەو تاکە دار بەرووەی لێیە.

دانیـشـتـوانی ناوچەکـە، لە وەرزی بەهار و پاییزاندا، دەچوونە سـەر ئەو زورگـە و لە ژێر داری شــەکـرانێ سەیرانیان دەکرد و ئاهەنگیان دەگێڕا بۆ جێبەجێبوونی ڕاز و نیـاز و بۆ مـرازی تر و بۆ چارەسـەری نەخـۆشی باداری چوونەتە ناوچەی داری شـەکـرانێ، هەروەها ئەم دارە، گـەلێـک ئەفـسـانەی لە بارەوە، گـوتراوە، وەک نەزرگـەکـانی دیکەی دەوروبەری دێهـات و شـارەکـانی کوردستـان، کە کەوتوونەتە شوێنی سەخت و هەرێمی پڕ لە دار بەڕوو و مازوو و دارەبەن و شیلان.. هەندێک لەو دارانە کـەوتوونەتە نزیک ئاوی سارد و سازگار، یان لە سەر ڕێ و بەردەباز بڵاوبوونەتەوە و بۆ مراز و نەزر و نیاز دانیشتوانی دەوروبەر و شوێنەکانی دیکە دەچنە سەریان، بەڵکو بە ئامانج بگەن و ئاوات و مرازی دڵیان بێتە دی، جـا ئەو مـرازە بۆ ڕزگـاربوون بێت لە نەخـۆشی، یان بۆ بەیەکگەیشتنی دوودڵ بێت، یان لێک جیـابوونەوە، یان بۆ داخوازی منداڵ و گەلێک شتی تر.

ڕۆژهەڵاتناس (هینی هارۆلد هانس) کـە مـاوەیەک لە کوردستـاندا ماوەتەوە گەڕاوە، لە کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد) ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم داروردەختە پیـرۆزانە پاشماوەی کۆنی ئایینی کوردستانن، هەروەها دەڵێت: لە نزیک سلێـمـانی گـۆڕێک هەبوو درەخـتـێکی بە پەڕۆی لەسەر بوو، دەیانگوت ژنی دوو گیان و نەخۆش کە دەچنە سـەر ئەو گـۆڕە چاک دەبنەوە، هەروەها درەخـتـی ژیان (شەجەرەنامەی مرۆڤ) بە پێی ئەو ئەفسانانە دەگاتەوە درەخت، کـە ئەم هێـمـا و ڕەمـزانە گـۆشـەیەکن لەو دید و ئەندێشە قووڵ و ئەفسانەییانە، چونکە لەو درەختانەی کە باس کـران (دوو درەخت - زریشک و ئەسـتـرەنگ) دەردەکەوێت کـە هەردووکیـان گیـان و ڕەوانیـان هەیە، بە تایبـەتی لە چیـرۆکی "کـەیومـەرس"دا بە جوانی نیـشـان دراوە، بە پێی ئەم ئەفسانەیە "کەیومەرس" یەکەم مرۆڤ، بە تیخی شەڕێکی ئەفسانەیی لەناودەچێت، ئاوی پشتی (تۆوی) دەڕژێتـە سـەر عـەردی، پاش چل سـاڵـی ڕەبەق گـیـایەکی دوو لق بە هۆی ئەو ئاوەوە بە نـاوی (ڕێواس) سـەوز دەبێت، کـە لە ئەنجـامـدا دەبێت بە "مـەشی" و "مەشیانە" واتە ژن و پیاوێک وەک ئادەم و حەوا.

هەڵبەت تاکو ئێستـاش لە ناو کوردان و گەلی ئێراندا باوە، هەر کـەسـێک بمرێت نەمـامـێک، یان تۆوی دار مـیـوەیەک لەسـەر گۆڕەکەیدا دەچێنن، کە ئەم کردەوەیە، هێما و نیشانەی گیاتوورەیی مرۆڤە لە ئەفسانە و باوەڕی بەرابیدا. پێوەندی مرۆڤ و درەخت بە جوانی لە داستانی (مـەم و زین)دا بە ڕوونی پرشنگی داوەتەوە، چونکە لە دڵـی گـۆڕی (مـەم و زین)ەوە دوو نەمـامی تازە سـەر

دەردێنن، یەکیان "سنەوبەر" و ئەوی تریان "سەروو"یەکی دڵگەش کە یەکتر لە باوەش دەگرن، هەروەها لە حیکایەتی (خەج و سیامەند)یشدا، ئەم شتە بە روونی دەردەکەوێت، کە خەج و سیامەند دوو ئەڤینداربوونە، پاش ئەوەی کارەساتێک بەسەریاندا هاتووە و نەگەیشتوونەتە یەک، سیامەند و خەج بوونەتە دوو دار لە تەنیشت یەکدا ڕوواون.

لێرەدا باشتر وایە بزانین، کە درەختەکان نیشانەی ڕوح و ڕەوانی کەسایەتییەکانی ئەو چیرۆکەن. لە چەمکەکانی درەخت و گیا و ڕواوەکان ئەوەیە کە بە بۆنەی کوشتنی پاڵەوانگەلی جوامێرەوە لە مەیدانی شەڕدا، بە خوێنی پاک و پیرۆزی ئەوان، گوڵ و گیای ڕەنگاوڕەنگ دەڕوێت، بە شێوەیەک یادەوەری ئەوان لە باوەڕی خەڵکیدا زیندوو دەکاتەوە. میرسیا ئەلیادە لەم بارەیەوە، دەڵێت: لەمەیدانی شەڕدا کاتێک قارەمانەکان دەکوژران، تۆپە گوڵی وەک گوڵی سوور، گوڵی نەستەرەن، یان گوڵی زەرد، سەری هەڵدەدا، لە خوێنی (ئاتیس)وەنەوشە و لە خوێنی (ئەدۆنیس) گوڵی سوور و خەندەرانی سەوز شین دەبوو. لە کاتی مەرگی خوایان جحێڵ گوڵ و گیای جۆربەجۆر لە عەرزەوە چەکەرەی دەکرد و پەلی دەهاویشت، بۆ وێنە لە لەشی "ئەزیرس" گەنم و گیای مات سەری دەردەهێنا. لەم بارەیەوە، جیمز فرێزەر-یش دەڵێت: لە زۆربەی ئەفسانەکاندا وا باوبووە، کە یەکێک دەمرێت، پاش مردنی ڕوحەکە هەر دەمێنێت، ڕۆژێک دەچێتەوە گیانی یەکێکی تر و لەدایک دەبێتەوە، لەبەر ئەوە گوڵی سووریان، بە ڕوحی مردوویەکی ڕابردوو زانیوە. لە هەموو جێگایەکدا شەڕێکی وا بووبێت کوشتارێکی زۆری تێدا ڕووی دابێت، ساڵی داهاتوو کە گوڵ لەو ناوچەیە ڕوواوە گوتوویانە خوێنی کوژراوانە، کەواتە ئاهەنگی ژیانەوەی ئەدۆنیس ئاهەنگی ژیانەوەی مرۆڤ و سروشت و زەوییە.

بێ گومان ئەم باوەڕە قووڵ و ئەفسانەییە لە فەرهەنگ و کەلەپووری ئێمەشدا ڕیشەیەکی کۆن و مێژوویی هەیە، بۆ وێنە کاتێک کە بە فەرمانی ئەفراسیابی توورانی، سیاوەش سەر دەبڕن، لە خوێنی سیاوەشەوە گوڵی سوور سەوز دەبێت، هەروەها دەگێڕنەوە، کە ئەفرۆدیت کاتێک کە بە هانای زامی ئەدۆنیسەوە چووە، پێی ناوە بە درەختێکدا کە گوڵی سپی گرتووە، بەڵام دڕکەکانی ئەو درەختە لە پێی چەقیون و پێیان زامدار کردووە، ئیتر ئەو گوڵە سپییانە بۆ هەتا هەتایی، بەو خوێنە ڕەنگیان سوور بووە.

یەکێکی تر لەو گیایانەی کە بە پیرۆز دەژمێردرێت گوڵی نیلۆفەرە، کە کاریگەری ئایینی هەبووە، ڕەنگە ئەو پیرۆزایەتییە لە ئایین و کەلەپووری هندییەکانەوە هاتبێتە ناو ئایینی میهری و زەردەشتی و شوێنی دانابێ و لە شوێنەوارە کەونارەکانی وەک"تەختی جەمشید و نەقشی ڕۆستەم" دیوارەکان و کۆڵەکە بەردینەکان بە گوڵی "نیلۆفەر" ڕازاونەتەوە، بە تایبەتی لە ژێر پێی فریشتەی باڵدار، وەک مەزهەرێکی ئاهوورایی نەخش کراوە، هەروەها وێنەی ئەم گوڵە لە "تاقوستان" و " زیوییەی سەقز" بەو جۆرەیە کە لە سەرەوە گوتمان کێشراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم گوڵە هەڵگری پەیامێکی ڕەمزی و ئایینییە. هەروەها گوڵێکی تر کە گرنگە و بایەخی پێدراوە لە لای زۆربەی گەل و شارستانییەکاندا (گوڵە باخ)ـە، کە ئەم گوڵە لە سەردەمی پێش مێژووەوە تێکەڵ بە ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی بووە، لە کۆنترین کتێبە ئایینی و ئەدەبییەکان و ئەفسانەکاندا، ناوی هاتووە و لەلای میسرییە کۆنەکاندا گوڵێکی پەسەند و خۆشەویست بووە، بۆیە لەسەر دیواری پەرستگەکاندا وێنەیان کێشاوە و لە سەر گۆڕی فیرعەونەکانیان هەڵکەندووە. هەروەها گوڵەباخ لە دۆڵی دوو ڕووباری دیجلە و فورات چێندراوە، لە باخچەی کۆشک و تەلاری شارەکاندا شوێنێکی دیاری هەبووە. گوڵە باخ لە سەردەمی گریکەکاندا بایەخی زۆری پێ دراوە و شاعیری ئافرەتی گریکی(سافۆ) کە لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە، ناوی ناوە (شای گوڵان) و لە زۆربەی سروودەکانیدا باسی گوڵەباخی کردووە، لە سروودێکدا دەڵێت: ئەگەر (جۆپیتەر)ی گەورەی خواوەندەکان، ویستی شای گوڵان هەڵبژێرێت، بێ گومان لە گوڵەباخ بەولاوە هیچ گوڵێکی دیکە هەڵنابژێرێت، چونکە گوڵەباخ مایەی جوانی زەوی و گەش و گۆڵی هەموو گوڵێکە، هەروەها لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا، خەڵکەکە سەری خۆیان بە گوڵاو بۆن خۆش دەکرد و لەو ساوە گوڵاو گرتنیان دەزانی و پەلکە گوڵەکانیشیان بۆ سەر ئێشە بەکاردەهێنا. دەڵێن حەزرەتی مەریەم لە دوای مردنی و ڕاستبوونەوەی و چوونە ئاسمانی، گۆڕەکەی خۆی پڕ لە

گوڵە باخ بە جێ هێشتووە. عەرەبەکانی پێش ئیسلام گرنگی زۆریان بە گوڵەباخ داوە و بە گوڵێکی پیرۆز و بەنرخیان زانیوە، ئەگەر یەکێکیان گوڵەباخێکی دیبێت لەسەر ڕێ فڕێ درابێ، گورج هەڵیان گرتووەتەوە و لە شوێنێکی بەرزیان داناوە.

لە کوردستانیشدا، گوڵاوی گوڵەباخ لە ئاهەنگی ئایینیدا بە ڕووی ئاهەنگ گێڕاندا دەپرژاند و مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانیان پێ پاک و بۆن خۆش دەکرد، یەکێک لەو سوڵتانانەی کە گوڵاوی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنابێت سوڵتان سەلاحەددینی ئەیووبی بووە، دەڵێن، کاتێک کە سەلاحەددین لە ساڵی ١١٨٨ ی زایینیدا شاری (قودس)ی لە دەست خاچ پەرستەکان ڕزگارکرد، بڕیاری دا مزگەوتی عومەری کوڕی خەتتاب بە گوڵاو بشۆرێت، تاکو لە خراپە و چەپەڵی ئەو خاچ پەرستانە پاک ببێتەوە.

لە کۆنەوە گوڵەباخ بۆ دەرمان و نۆژداریش بەکارهاتووە و لە وڵاتی هیندستان بە شێوەی دەرمانێکی نۆژداری دەرخواردی منداڵان دراوە. تاکو ئەمڕۆکەش گوڵە باخ وەک گوڵێکی جوان و بۆن خۆش و بەنرخ لە ئاهەنگی هەمەجۆردا بەکاردێت و گوڵبارانی پێشەوا و سەرکردە مەزنەکان و بووک و زاوا و ئاهەنگ گێڕانی پێ دەکرێت وەک ڕەمزی وەفاداری و خۆشەویستی بەکاردێت و باشترین دیارییە بۆ سەر گۆڕی شەهید و خۆشەویستان.

(گوڵی نێرگز)یش، لای گەل و میللەتە کۆنەکان زۆر بایەخی هەبووە، میسرییە کۆنەکان پتر لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەم گوڵەیان چاندووە و پەروەردەیان کردووە، لە چەپکەگوڵ دروستکردن و ڕازاندنەوەی تەرمی فیرعەونەکان بەکاریان هێناوە و بە گوڵێکی پیرۆزیان زانیوە. گریکەکانیش نێرگزیان ناسیوە و گەلێک ئەفسانەیان لەسەر دروستبووە و ڕەنگی پەڕی گوڵەکە هەڵبەستووە، تەنانەت وشەی (النرجس)ی عەرەبی و (نێرگز- نەرگز)ی کوردی لە وشەی (نارسیۆس) ی یۆنانییەوە هاتووە. هەر لە سەردەمی گریکە کۆنەکاندا نێرگز نرخ و بەهایەکی گەورەی هەبووە، دەکرا بە چەپکەگوڵی سەری خواوەندەکانی چیای (ئۆلیمپ)، هەروەها گوڵی نێرگز لە وڵاتی (چین)دا، بە نیشانەی داهاتنی وەرزی بەهار دانراوە و بە چاوێکی پڕ لە پیرۆزەوە سەیریان کردووە و پێیان گوتووە" سۆسنی پیرۆزی چین" و تاکو ئێستاش لە ناوچەی هۆنگ کۆنگ بە هەمان چاوی بەنرخ و پیرۆزی تەماشای دەکەن.

لە باوەڕی میللیدا، باوەڕ وابوو، هەر پیاوێک نێرگز لە خەودا ببینێت، ئەوە بە ئاواتی دڵی خۆی دەگات، هەر ژنێکیش نێرگز لە خەودا ببینێت، مانای ئەوەیە هەوێی بەسەردا دێت.

لە کوردەواریشدا، لە هەندێک ناوچەی وەک شارەزوور و پێنجوێن، لەوباوەڕەدان، ئەگەر بتوانرێت گوڵی نێرگز و گوڵی وەنەوشە بەیەکەوە لە چەپکێکدا کۆبکرێتەوە، ئەوە ئەو کەسە دەگاتە مرازی دڵی خۆی. کارکردنی جادوویی و پیرۆزی ڕووەکەکان لە باوەڕی کورداندا، هەن و بەرچاو دەکەون. پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین، کە بڕێک لە گیاکان و گوڵەکان، ناوی مرۆڤیان پێوەیە، وەکو " گوڵی مەریەم" و "گوڵی محەمەدی"...تاد.

فۆلکلۆرناس (حەجی جەعفەر) لە کتێبی (هندەک کەڤنە باوەرێت خەلکی ل بەهدینان) هەندێک باوەڕی میللی کوردانی لەمەڕ دارودرەخت باس کردووە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو، وەک: - دارا خەدخەندوکێ: ئەڤ دارە بۆ نەساخیا کوخکێیە، هەکە خەدخەندوک هاتە ئێکی، پیرۆزیا ڤێ دارێ ژ هندێ هاتە، دبێژن ئێکی خۆ پێڤە خەندقاندبوو...پشتی هنگی بۆ دەرمانێ کوخکێ. - دارکا پشت ئێشا: هندەک جارا دارژێ دبیتە دەرمانێ پشت ئێشا... دارەک بەرێ ل ناڤ گۆرستانا بەرۆشکێ، ل دهۆک هەبوو، دگۆتێ دارکاپشت ئێشا، هەچیێ پشتا وی ئێشابایە، دا پشتا خۆ پێڤا نیت..داکو ساخ بیت. - دارکا بەهلیلکا: ئەڤ دارە هندەک جارا، دار بەرێ یە، یان تەوکە، ل گەلەک جهـ و ڕەخ و ڕوییێت کوردستانێ دبیتە دەرمانا نەهێلانا بەهلیلکا.

ئەو ئەفسانە و حیکایەت و باوەڕانەی سەبارەت بە ڕووەک و دارودرەخت، لە ناو گەل و میللەتە جیاجیاکاندا هەن، زادەی سەردەمێکی گەلێک کۆنی ژیانی مرۆڤن، هی ئەو سەردەمەی کە مرۆڤی بەرایی هەموو دیاردەیەکی سروشتی بە پێی عەقڵ و لێکدانەوەی خۆی لێکداوەتەوە، تاکو ئەمڕۆکەش لە نرخ نەکەوتوون و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ژیانی مرۆڤ هاتووە لەناوی نەبردوون، بەڵکو بە جۆرێکی نوێ و لە قاڵبێکی تازەدا پێشکەش دەکرێن.

کەواتە، هیچ شتێک پیرۆزتر و نموونەییتر نییە، لە

درەختێکی بەهێز و جوان. کاتێک درەخت دەبڕدرێتەوە زامی ڕووتی مەرگی خۆی نیشانی خۆر دەدات. درەخت هەمیشە کاراترین شت بووە لە ژیانی مرۆڤدا.

ئەگەر سەرنجێ لە لاپەڕەکانی (مێژوو، ئەفسانە، باوەڕی کۆن) بدەین، ئەوە دەبینین "درەخت" جێگەیەکی تایبەتی هەیە و بەردەوام لە ئایین و کەلەپووری گەلاندا، باسی پێوەندی نێوان مرۆڤ و درخت کراوە.

لەو ڕەمز و نیشانانەی پیرۆزی درەخت، کە لە سەرەوەدا باسمان کرد، پێوەندی نێوان مرۆڤ و دارودرەخت و گیا لە ڕوانگەی ئەفسانە و باوەڕی میللییەوە، بە ڕوونی پێکەوە بەراورد دەکرێت و دەردەکەوێت. بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێوەندی نێوان مرۆڤ و دارودرەخت لە سەرەتای ژیانەوە باوی هەبووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بۆمان دەرکەوت کە ڕووەک لە ئەفسانە و ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان و باوەڕی میللیدا ڕەنگیان داوەتەوە و ڕۆڵی دیاری هەبووە و کەلەپووری کوردیش لەم جۆرە ئەفسانە و باوەڕانە بێ بەش نەبووە، بەڵکو گەلێک نموونەی جوانی لەو جۆرە ئەفسانە و حیکایەتانەی هەنە، هەروەها ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە کوردیش وەکو میللەتەکانی دیکە باوەڕی بە هێزی ئەفسووناوی دارودرەخت کردووە و بە پیرۆزی داناوە و هەندێک سرووتی بۆ دارەکە ئەنجام داوە. سوودی لە دارودرەختەکان وەرگرتووە، وەکو چارەسەرێکی دەروونی و نۆژداری، بە تایبەتی لە کاتی نەخۆشیدا پەنای، بۆ ئەو دارانە بردووە و لای ئەو دارە پیرۆزانە هەستی بە ئارامی و ئاسوودەیی کردووە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- الرموز في (الفن- الاديان- الحياة) تأليف، فيليب سيرنج- ترجمة عبدالهادي عباس، دمشق، ١٩٩٢، ل ٢٨٦، ٢٩٦، ٣٠٣**

**٢- طعام الالهة- ترجمة (سمية فلو عبود)- دمشق- ٢٠٠٥ ، ل ٢٤٤**

**٣- المقدس و العادي - مرسيا الياد، ترجمة (عادل العوا)- بيروت، ٢٠٠٩، ل ١٧٦، ٢٧٨**

**٤- هندەک کەڤنە باوەرێت خەلکی ل بەهدینان، حجی جعفر- بەغداد، ١٩٩٣، ل ٥٩**

**٥- کاوە و نەورۆز..ئەفسانە و بیری نوێ، ئەحمەد زەردەشت، بەغداد- ١٩٩٩- ل ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨**

**٦- ئەفسانەی ئەدۆنیس- جیمز فرێزەر- و، محەمەد حەمە باقی- ل ٩٨، ١٠٦**

**٧- ڕۆشنبیری نوێ، ژ- ١٢٣، ل ١٧١**

**٨- ڕۆشنبیری نوێ، ژ- ١٣٢، ل ١٧٣، ١٧٤**

**٩- هەرێمی کوردستان، ژ-٥٩٢ - ل ٥٠**

**١٠- گ، کشتوکاڵ، ژ- ٥- ل ٣٦، ٣٧**

**١١- گ، شێوەکاری، ژ- ١١، ٢٠٠٥، ل ١٥، ١٦، ١٧**

**١٢- گ، ڕامان، ژ- ٦١- ٢٠٠١، ل ٢٢١**

**١٣- گ، کاروان ژ - ٨٤ ، ١٩٩٠ ، ل٢٤، ٤٥، ٢٧**

**١٤- گ، کاروان ژ- ١٣٨، ١٩٩٩، ل ٩٥، ٩٦**

# شیعرێکی نالی و چەند سەرنج و ڕوونکردنەوەیەک

جووتیار تۆفیق هەورامی
(سوێد)

کۆنترین شیعری چاپکراوی نالی ئەو شیعرەیە کە ساڵی ١٩٠٩ لە ژمارە (٧)ی ڕۆژنامەی «کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی»دا بە لێکدانەوەی تورکییەوە بڵاوکراوەتەوە.(١)

تا ئەم ساتە لە هیچ کتێب، یان وتار و لێکۆڵینەوەیەکدا نەکەوتووەتە بەرچاوم کەسێک ئاماژەی بۆ ئەو شیعرەی نێو ئەو ڕۆژنامەیە کردبێت و لێی کۆڵیبێتەوە.(٢)

ئەو شیعرە لە چاپەکانی دیوانی نالی و گەلێک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هەندێک وشە و دەستەواژە و ڕستەیان، جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕۆژنامەی «کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی»دا بڵاوکراوەتەوە.

لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا سەرەتا شیعرەکە و لێکدانەوە تورکییەکە بەو جۆرەی کە لە ژمارە (٧)ی ڕۆژنامەی «کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی»دا بڵاوکراوەتەوە وەکو خۆی دەنووسمەوە، پاشان شیعرەکە بە شێوەی ڕێنووسی ئێستای کوردی دەنووسمەوە، ئینجا هەمان تێکست بەو جۆرەی کە لە دیوانی نالی [چاپەکەی ساڵی ١٩٧٦]دا بڵاوکراوەتەوە، دەخەمە بەرچاوی خوێنەران. دواییش چەند پەراوێز و ڕوونکردنەوەی پێویست دەنووسم. بەو ئومێدەی شارەزایانی شیعری نالی بە سەرنج و ڕوونکردنەوەی خۆیان ئەم باسە دەوڵەمەند بکەن.

دەقی شیعرەکەی نالی بە لێکدانەوەی تورکییەوە، بە هەمان شێوەی کە لە ژمارە (٧)ی ڕۆژنامەی «کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی»دا بڵاوکراوەتەوە:

**رهبر اعتدالدن:**

**سلیمانیەلی افصح الاکراد ابولیالی جناب (نالی)نک کردجه برغزل مناجات امیزیدر.**

**ای جلوەدری حسن و جلوە بخش تماشا**
**سررشتەء دین بیمددی تو نیە حاشا**
**ترجمە**



نالی

ای حسنه جلوهء تجلی و نظر تماشایه جلای تعالی بخش ایدن مبدع حکیم! سنک مدد معنویء الوهیتک رابطه بند وجود اولمه خیط الشعاع رؤیت و یاخود حبل المتین دیانت سررشتەسی حصول پذیر اولورمی؟ حاشا اولەماز.

فیاض ریاض کل و مهر و مل لعلن
ای شوق رخ و ذوق لبت ذائقه بخشا

ای شـوق دیدار تابداری و ذمق لب لطفت باری رحیق معنای وحدت ولنل نفح حکمتله ذائقه بخش قلب و روح اولان! کل ریاضکله کولش، باده و لعلک فیاضیدر.

بو رحمته عامه که دکا سنگ سیەزر
لەم قلب وکو برده رسته رشه رشاشا

سنگ سیاهی التونه قلب اندن رحمت عامکله سواد عصیان ایله قاراران، طاش کسیلن بو قلبه رشحات تلطفانکی سرپەرک سیراب ایله.

ذرات عکوس کششی مهر جلالن
وا دین و دچن سرزده خاقان و شهنشا

بو عالم فناده دبدبه کزین سلطنت و احتشام و ساطهء سطوت و دارات و شوکتلرینی تزیدی و اعلا سودساسیله سرزده و بی ارام اولەرق پیدرپی کلوب گیتمکدر اولان سلاطین و حکمداران مهرمیز جلالت و عظمکک ذرات منعکسهء مجلوبه سیدرلر.

لا حول ولا طول ولا قدره الا
بالله له القدره والکائن ماشا

بتون قوت، قدرت تصرف انجق جناب حقکدر.

نالی نیتی سحر بیان، حکمت شعره
اما نیتی قوت دل و قوت انشا

(نالی)نک نیتی سحر بیان، حکمت شعردر نه چارکەغداسی دل و قدرەت انشائیەدن محروم در.

بو بیت ان من البیان لسحرا، وان من الشعر لحکمه، حدیث شریفندن مقتبس اولدیغی وارستهء ایضاحدر.

دەقی شیعرەکە بەو جۆرەی کە لە ژمارە(٧)ی ڕۆژنامەی «کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی»دا بڵاوکراوەتەوە، بە ڕێنووسی نوێ:

ئەی جیلوەدەری حوسن و جیلوەبەخشی تەماشا
سەرڕشتەی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا
فەییاضی ڕیاضی کل و میهر و مول [و] لەعلن
ئەی شەوقی ڕوخ و ذەوق، لەبت ذائقە بەخشا
بەو ڕەحمەتە عامە کە دەکا سەنگی سیەزەڕ
لەم قەلبی وەکو بەردە ڕستە ڕەشە ڕەشەشا
ذەڕاتی عکوسی کەشیشی میهری جەلالن
وا دێن و دەچن سەرزەدە خاقان و شەهەنشا
لا حەولە ولا طولە ولا قودرەتە ئیللا
بیللاهی لەهولقودرەتە وەلکائینی ماشا
نالی نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ و قووەتی ئینشا

شیعرەکە بەو جۆرەی کە لە دیوانی نالی [چاپەکەی ساڵی ١٩٧٦، ل٧٥-٧٨]دا بڵاوکراوەتەوە:

ئەی جیلوەدەری حوسن و جلّەوکێشی تەماشا!
سەرڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا
فەییاضی ڕیاضی گوڵ و میهر و مل و لەعلی
ئەی شەوقی ڕوخ و ذەوقی لەبت ذائیقە بەخشا
ذەڕڕاتی عوکوسی کەششی میهری جەلالن
وا دێن و دەچن سەرزەدە سوڵطان و شاهەنشا
جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت
«فالبائس یستوهب من فیک معاشا»
بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سیەهـ زەڕ
لەم قەلبە کە وەک بەردە، ڕەشە، ڕەش ڕەشاشا

لا حول ولا طول ولا قوه الا
بالله، له القدره، والکائن ما شا

«نالی» نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا(٣)

## پەراوێز و ڕوونکردنەوە

(١) کورد تعاون و ترقی غـەزەتەسی، رهبر اعـتدال، ژمـاره ٧، یەک شـەممە ١٩٠٩/١/١٧، (٢٤ ذی الحـجـه ١٣٢٦-٣ کانون ثانی ١٣٢٤)، ل٥٦.

محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان ساڵی ١٩٩٨ لە سوید هەر «نۆ» ژمـارەکـەی ڕۆژنامـەی «کـورد تەعـاون و تەرەقی غەزەتەسی» لە یەک بەرگدا، بە گۆڕینی بابەتەکان لە پیتی عەرەبییەوە بۆ لاتینی و نووسینی پێشەکی و ڕوونکردنەوە بە زمـانی تورکی، بڵاوکـردەوە. [مـحـەمـەد ئەمین بۆزئەرسلان، کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی، سوێد-ئوپسـالا، وەشـانخـانـا: دەنگ، ١٩٩٨]. بۆ نووسین و ئامـادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لەو بەرهەمـەی مـحەمـەد ئەمین بۆزئەرسلان وەرگرتووە.

(٢) مامۆستا محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان شیعرەکەی نالی بە لێکدانەوە تورکییـەکەوە لە پیـتی عـەرەبییـەوە گۆڕیوە بۆ پیتی لاتینی، بەڵام جیا لەوە، هیچ زانیاری و ڕوونکردنەوەیەکی دەربارە نەنووسیوە.

(٣) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕیس و فـاتیح عـەبدولکەریم، پێداچوونەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکـانی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغـدا، ١٩٧٦، ل٧٥-٧٨. [شایانی باسە کە چەند بەیتێکی ئەم شیعرە لە هەندێک لاپەڕەی دیکەی ئەم چاپەی (دیوانی نالی)دا، بە نموونە هێنراوەتەوە، وەک لە لاپەڕەکـانی: ١٤، ١٩، ٢٢، ٥١-٥٢دا].



ژمارە ٧ ڕۆژی ١٩٠٩/١/١٧

## ڕوونکردنەوەیەک

ڕێکخراوی «کورد تەعـاون و تەرەقی جەمعییـەتی» لە ١٩٠٨/٩/١٩دا لە ئەسـتـەنبـوڵ دامـەزرا، پاشـان لە مووسڵ، بەدلیس، موش و دیاربەکر و چەند شوێنی دیکەی کوردسـتان لقی کردەوە. چەند مانگ دوای دامـەزراندنی، ڕۆژنامـەیەکی سـەنگینی بەناوی «کورد تەعـاون و تەرەقی غـەزەتەسی»یەوە بە زمـانی تورکی و کـوردی دەرکـرد کـە «صاحب امتیاز و مدیر و محرری: سلیمانیەلی توفیق» و «سر مـحـرری: دیاربەکـرلی ئەحـمـەد جـەمـیـل» بوو. سلیمانیەلی تۆفیق پاشتر بە «پیرەمێرد» ناسرا. پیرەمێرد شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی کوردە.

ئەحمەد جەمیل کە بە «میری کاتب زادە ئەحمەد جەمیل» و «دیاربەکـرلی ئەحـمـەد جـەمـیـل»یش ناسـراوە، ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتووی شاری دیاربەکر بوو. ساڵی ١٨٧٢ لە دیاربەکـر لە دایکبـووە. سـەرنووسـەری کـورد تەعـاون و تەرەقی غـەزەتەسی و خـۆیشی یەکـێک لە نووسەرە کارامەکانی بووە. لە گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەی تورکـیـدا وتار و بابەتی جـۆراوجـۆری نووسـیـوە و بڵاوکردووەتەوە. سـاڵی ١٩٤١ لە دیاربەکر کۆچی دوایی کردووە.

نـاوەڕۆکی بەشی زۆری بابەتەکـانی «کـورد تەعـاون و تەرەقی غەزەتەسی» تایبەت بوون بە زمان و ئەدەبی کوردی و مێژووی کورد و کوردستان.

شـیـعـری «ئەی جیلوەدەری حـوسن و جـیلوەبەخـشی تەمـاشـا» لە ژمـارە (٧)ی ڕۆژنامـەی «کـورد تەعـاون و تەرەقی غـەزەتەسی» کـە لە ١٩٠٩/١/١٧دا دەرکـراوە، بە لێکدانەوەی تورکییەوە بڵاوکراوەتەوە. ناوی کەسێک لە پاڵ بابەتەکەدا نەنووسراوە، واتە نەنووسراوە کێ شیعرەکەی بڵاوکـردووەتەوە و بە تورکی لێکی داوەتەوە. من وای بۆ دەچم کە «پیرەمێرد» ئەو تێکستە شیعرەی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردبێـتـەوە و هەر خـۆشی بە تورکی لێکی دابێـتـەوە. وەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد پیرەمێرد «صاحب امتیاز و مدیر و موحرری» ڕۆژنامەکە بووە.

# بەراوردێک لەنێوان دوو ئەخلاقدا

فەرۆخ نیعمەتپوور
(نەرویج)

## جیاوازیی نێوان مۆڕاڵ و ئێتیک

لە فەلسەفەدا لەنێوان مۆڕاڵ و ئێتیکدا جیاوازی دادەنرێ. ئێتیک تیۆرییانەی مۆڕاڵە و مۆڕاڵیش بریتییە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئێمە. بە واتایەکی تر ئێتیک زۆرتر لایەنی تیۆر دەگرێتەوە و مۆڕاڵ لایەنی پراکتیک. لە فەلسەفەدا هەر مۆڕاڵێک پشت ئەستوورە، بە ئێتیکێکی تایبەت. واتە هەر کردەیەکی ڕۆژانەی ئێمە کۆمەڵێک تیۆر و بنەمای میتافیزیکییانەی لە پشتە کە تێیدا بنەما سەرەکی و ئەبستراکتەکانی شی دەکرێنەوە. ئێتیک لە فەلسەفەدا ئەو بەستێنەیە کە ئەم تیۆرییانە لەخۆ دەگرێ، هەر بۆیە فەلسەفە خاوەنی بەشێکی تایبەت و سەرەکی و گرنگە بەناوی ئێتیک. زۆربەی فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی جیهان بە تایبەت ئەوانەی خاوەن سیستمە تیۆرییە گشتگیر، بەرفراوان و هاوسەنگەکانن، بەشێکی تایبەتیان هەیە لە مەڕ ئێتیک، بۆ وێنە: کانت هیوم، ئەفلاتوون و ئەرستۆ. ئێتیک لە سیستمی فەلسەفی ئەم بیرمەندانەدا لە هاوپێوەندییەکی لۆژیکی و هاوسەنگدایە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی فەلسەفەکانیاندا.

## هیوم وەک نموونە

بۆ وێنە هیوم وەک ئیمپیریستێک پێی وایە کە تاقە ڕێگای ناسین، هەستەکانن، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی وایە کە ئێمە لە ڕێگای هەستەکانەوە (وەک تاقە ڕێگای ناسین) ناتوانین بە ناسینی تەواو باوەرپێکراو بگەین (سکێپتیسک واتە دڕدۆنگ). بۆ نموونە ئەو دەڵێ ئەوەی کە هەتاو هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێ، بەو مانایە نییە کە بەگەرەنتی لە داهاتوویشدا ئەمە ڕوودەدا، بۆیە ڕستەی «هەتاو هەموو ڕۆژێک لە


هیوم

ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێ» تەنیا پشت ئەستوور بە هەستەکانی تا ئەوڕۆی ئێمەیە، هەر بۆیە بە شێوەی تەواو دڵنیایی نابەخشێ. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەو «هەست» بەسەرچاوەی ئەخلاق دەزانی (نەک عەقڵ) و بەم پێیە کردەی ئەخلاقی بە کردەیەکی وەک یەک بۆ هەموو ئینسانەکان نابینێ. هیوم مۆراڵ وەک کردەیەکی سۆزئامێز سەیر دەکا کە بە پێچەوانەی کردەی زانستی ناتوانرێ ڕاستی و دروستییەکەی بسەلمێندرێ. بۆ وێنە نەجات نەدانی کەسێک کە لە ئاوێکدا خەریکە دەخنکێ بە هەمان ئەندازەی نەجاتدانی دەتوانێ ڕاست و دروست بێت!

ڕوانگەی هیوم بۆ ئەخلاق دەتوانێ بە جۆرێک بنەمایەک بۆ ڕێژەگەرایی لەم چەمکەدا برەخسێنێ. گەر هەست و سۆز سەرچاوە بێت، ئەوە کەواتە پێوانەیەکی بەدەر لە هەست کە پێوانەیەکی نەگۆڕ بێت، بوونی نییە. لەم ڕوانگەیەوە جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ بۆچوونی سۆفیستەکان لە زەمەنی یۆنانی کۆندا ڕوودەدات کە پێیان وابوو مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە.

## ئەخلاق وەک کۆڵەکەیەک

وەک دەزانین ئەخلاق دیاردەیەکی تایبەت بە مرۆڤە و مرۆڤەکان لە ڕێگای مۆڕاڵەوە پێوەندییەکانی نێوان خۆیان ڕێک دەخەن. ئەخلاق یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی کۆمەڵگایە. هەر لە زەمانی کۆنەوە بۆ وێنە لە ئایینی جوولەکەدا ئێمە «دە فرمان» دەبینین کە تێیاندا باس لەوە کراوە مرۆڤ نابێ دزی بکا، نابێ درۆ بکا و نابێ لە خەڵکی تر بدا و...تاد. وەک لەم فرمانانەدا دەردەکەوێ ئەخلاق بە قەدەغەکردنی شتە نەشیاوەکانەوە، واتە ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی ئازاردان، یان زەرەر گەیاندن بەوی تر، دەست پێدەکا و دیاردەیەکە کە بۆ سەقامگیربوونی دەبێ هەموو مرۆڤەکان ملکەچی بن، بەڵام کێشە لەوەدایە کە یەکەم، هەموو پەندە ئەخلاقییەکان بە گوێرەی بۆچوونی هیوم یەک بنەمای بەرهەستیانە، واتە ئۆبژێکتیڤیان نییە و دووەم ئەوەی کە ئەمە دەبێ بەهۆی مۆراڵی جۆر بەجۆر لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکاندا، بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازیانە، ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ ئەخلاق بوونی نییە و لە ڕاستیدا ئەخلاق یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕاگرتنی بینای کۆمەڵگایە.

جیاوازی لە ڕوانگەی سەبارەت بە ئەخلاق لەنێو فەیلەسووف و بیرمەندەکانیشدا باوە و بگرە بە هۆی توانایی ڕاڤە، ئەم جیاوازییانە گەلێک قووڵتر و بەرفراوانتر خۆیان نیشان دەدەن. لە لێکدانەوەی بنەما میتافیزیکییەکاندا جاری وایە ئەم جیاوازییانە ئەوەندە زۆرن کە دوو بیرمەند دەخەنە دوو بەرەی دژ بەیەکەوە. هیچ خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا پەیدا نابێ. بۆ وێنە جیاوازی تەواو هەیە لەنێوان ئەوانەیدا کە هەست و سۆز بەسەرچاوەی ئەخلاق دەزانن و ئەوانەی عەقڵ بەسەرچاوەی لە قەڵەم دەدەن.

## بەراوردێک

بەدەر لەوەی لایەنگری بۆچوون و تیوری «هیوم»بین، یان نا، لێرەدا ڕوانگەی وی وەک بنەمایەکی تیوری بۆ لێکدانەوەیەکی بەراوردکارانە بەکاردەبەین. بەراوردێک لەنێوان جۆرێک لە مۆراڵ لە کۆمەڵگا ترادیسیۆنەکان (یان ئەو کۆمەڵگایانەی لە گوزەردان لە ترادیسیۆنەوە بەرەو مۆدێرن) لەگەڵ جۆرێکی تر لە مۆراڵ لە وڵاتانی مۆدێرن، یان پۆست مۆدێرندا.

لە کۆمەڵگا ترادیسیۆنەکاندا دیاردەیەکی مۆراڵی هەیە بەناوی «ڕێز» کە ئەم ڕێزە خۆی لە ڕێزی بچووک بەرانبەر

به گەورە، ژێردەست بەرانبەر بەسەر دەست و بەگشتی، هەروەها خۆی لە ڕێزی هەر ئینسانێک بەرانبەر بەوی تردا دەبینێتەوە، بەڵام لەم کۆمەڵگایانەدا بە هۆی هەرەمی بوونی سترۆکتۆری کۆمەڵایەتی چ لە بنەماڵە و چ لە مەکتەب و دایرەکان و بە تایبەت لە دامودەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسیدا ، ئەم ڕێزە پێش ئەوەی ڕێزی دوو ئینسانی هاوڕێز بێت بەرانبەر بەیەکتر، دەبێ بەڕێزی بچووک بێ گەورە، یان ژێر دەست بەرانبەر باڵادەست. واتە لێرەدا ئیدی «ڕێز» بەرانبەربوونی ئینسانەکان نییە کە پێناسەی دەکات، بەڵکو پلەو پایە و شوێنە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا کە دیاریکەرە. لاوازبوون، یان نەبوونی بەرابەری مرۆڤەکان کارێک دەکات کە ئەم ڕێزە دەبێ بەڕێزگرتن لە پلەوپایەی کەسی پلەو پایەدار، نەک خۆی! هەر بۆیە بە لە دەستدانی پلەو پایە ڕێزیشی یەکجار کەم دەبێتەوە. وەها دیاردەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ونبوونی خودی کەسەکە و تەنیا دیتنی پلەوپایەی، جۆرێک لە «ڕێز» دروست ببێ کە دووڕوویانەیە. واتە لە بزربوونی کەسەکەدا ون دەبێ و لەکاتی هەبوونیدا بە خەستی خۆی نیشان دەدات. «ڕێزی دووڕوویانە» جۆرێک لە مۆراڵی کۆمەڵگای ترادیسیۆنی و لە هەمان کاتدا یەکێک لە پارادۆکسەکانیەتی، واتە مۆراڵێکی پارادۆکساڵ. لەم مۆراڵەدا بەهاتنە ژوورەوەی لایەنی سێیەم واتە پلەوپایە و شوێن، پێوەندی ڕاستەوخۆ و دوو لایەنەی مرۆڤەکان ئاڵۆز دەبێ و ئەخلاق دەبێ بە دیاردەیەکی تەماوی.

لە کۆمەڵگا مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەکاندا لەپێوەندی نێوان ئینسانەکان لە بواری مۆراڵدا دیاردەیەک سەری هەڵداوە کە بە «ڕێزی ناترادیسیۆنی» پێناسە دەکرێ. لێرەدا ئیتر ئەو ڕێزە ترادیسیۆنییە ون دەبێ و جێگای خۆی دەدا بە ڕێزێک کە تێیدا ئەوی تر وەک ئینسانێکی بەرابەر وەک خۆی دەبینێ، بەڵام لە هەمان کاتدا دوورە پەرێزی لێ دەکات و خاوەنی هیچ پلانێکی نییە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵی. لەم جۆرە مۆراڵەدا دەکرێ تۆ وەزیرێک هەموو ڕۆژێک لە کاتی سپاردنی منداڵەکەی بە باخچەی منداڵان ببینی بەبێ ئەوەی لە کاتی دیتنیدا دڵەڕاوکە، یان ترسێک داتگرێ. بەبێ ئەوەی کە پێت وابێ ئەو شیاوی ڕێزێکی زیاترە لەوانەی دەوروبەرت. دەکرێ هەموو ڕۆژێک وەک خەڵکانی تر سڵاوی لێ بکەی، یان سڵاوت لێ بکا و بتوانی سەبارەت بە شتە ئاساییەکانی ڕۆژانە لەگەڵی بدوێی. لێرەدا ئەو هەمان ڕێزی هەیە کە تۆ هەتە، یان کەسانی تر لە کاتی سپاردنی منداڵەکانیان بە باخچەی منداڵان هەیانە.

بە گوێرەی بۆچوونی هیوم، ئەم دوو جۆرە مۆراڵە تەنیا ڕەگی لە هەست و سۆزی ئێمەدا و هیچ ڕەگێکی لە خودی کەسەکە، یان ڕووداوەکەی دەرەوەی ئێمەدا نییە. واتە لە کۆمەڵگایەکدا هەست و سۆزی تاک، یان زۆربەی تاکەکان لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی زیان و زەرەرەکانەوە بەو ئاکامە دەگا کە ڕێزێکی ترادیسیۆنی لە کەسێک بگرێ، یان ڕێزێکی ناترادیسیۆنی.

### پرسیارێک

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەوە چییە وادەکا تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەک بە مۆراڵی «ڕێزی ترادیسیۆنی» بگەن و تاکەکانی تری ناو کۆمەڵگایەکی تر بە «ڕێزی ناترادیسیۆنی»؟ وەڵام ڕەنگە لە جۆری دەستپێکی بەراوردەکە بێت کە تێیدا باسمان لە دوو جۆر کۆمەڵگا کرد، کۆمەڵگای مۆدێرن و نامۆدێرن. واتە لێرەدا لە ڕوانگەیەکی سترۆکتۆرگەرایانەوە، پێکهاتەیەکی گشتی وەک هۆکاری دوو جۆر مۆراڵ سەیر بکەین، بەڵام ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕەتکەرەوەی ڕوانگەی هیوم نابێ لە مەڕ ئەوەی هەست و سۆز بنەمای ئەخلاقن؟ یان ڕەنگە ڕوانگەی قازانجگەرایانەی هیوم بۆ ئەخلاق ئەو دەرفەتە بە ئێمە دەدا کە بڵێین هەندێک بنیادی ڕوحی دەتوانن ببن بە بنەمای پێکهاتەکان.

# لێکۆلینەک نوو د وارێ کوردۆلۆژی دە

د.ئەکرەم.ئونەن
(مۆسکۆ)

د داویا سالا ٢٠١١ دە ل مۆسکۆوایێ ئینستیتووتا رۆژهلاتا ناڤین و ئینستیتووتا رۆژهلاتناسی یا ئاکادەمیا زانستی ئا رووسیایێ پرتووکا لێکۆلینەر د. نۆدار مۆساکی کو دەمەکە درێژە ل سەر خەبات دکر چاپ کر. پرتووک د جاپخانەیا خەباتێن زانستیدە ب زمانێ رووسی د بن ناڤێ «کوردستان و پرسا کورد د سیاسەتا دەرڤە یا رووسیا و وەلاتێن رۆژاڤا دە (سالێن ٩٠ قرنێ ٢٠ و دەستپێکا قرنێ ٢١)» دە هاتە چاپکرن، د گۆتنا رۆژاڤا دە قەستا ن.م. ئامەریکا و وەلاتێن یەکیتیا ئاورووپا یە (فرانسا، ئینگلیز، ئالمانیا، ئیتالیا و هەر ئێن دن). پرتووک ٣٤٤ رووپەلە و ژ سێ بەشان پێک تێ. نرخکارێ (رەجەنسەنت) پرتووکێ پرۆفەسۆر م.س.لازەرەڤ و پرۆفەسۆر ل.ی مەدڤەدکۆ یە رەداکتۆرێ بەرپرس ئێ خەباتە پرۆفەسۆر. ئو.ی ژیگالینایە. هەر وەها ن.مۆساکی (پی دی ئێف) ئا شەکلێ داوی ئا خەباتە خوە ژ منرە رێکر کو ئەز ژی د دەربارێ ڤێ خەباتێ دە وەک ئۆپۆنەنتەکی نەرینێن خوە دیار بکم.

د ڤێ خەباتا خوە دە بەرێز نۆدار مۆساکی کارەکی گەلەک بالکێش کریە، بالکێشیا ڤی کاری ئەوە کو نە وەک کارێن ترادیتسیۆنەل کو هەتا نوها د وارێ رۆژهلاتناسیێ دە و ب تەیبەت د وارێ کوردۆلۆژیێ دە هاتیە کرن. نۆدار مۆساکی بێ لۆسۆن (بێ خەیال) و بێ ئیدالیزەکرن ل سەر ئاساسێ دۆکومەنتێن ل بەر دەستێن وی نێزی پرسێ بوویە و مرۆڤ دکارە بێژە ژ بەر وێ ژی کارەکی زانستی و ئوبژەکتیڤ کریە. وەک تێ دزانین د خەباتێن کوردزانێ سۆڤیەت و پاشێ رووسیا دە هەتا دەرەجاکێ ئیدالیزەکرنا پرسا کورد د سیاسەتا دەرڤە یا رووسیا دە هەیە. کوردزانێ سۆڤیەت و پاشە رووسیا د خەباتێن خوە ئێن کوردۆلۆژیێ دە سیاسەتا دەرڤە یا سۆڤیەت و رووسیا ئیدالیزە دکرن. هەر وەها رۆژهلاتناس و کوردۆلۆگێن وەلاتێن رۆژاڤا ژی د کارێن خوە ئێن

رۆژهلاتناسی و کوردۆلۆژی ده د بن تائسیرا ئەوروجەنترسمێ ده نه.

ن. مۆساکی د ڤێ خەباتا خوەده ل سەر ئاساسێ دۆکومەنتێن وەزارەتێن دەرڤێ و ئەن دەولێتێن ڤان وەلاتێن کو ل سەر وان لێکۆلین هاتیە کرن گەلەک رەخنەیێن هشک ل سیاسەتا دەرڤە یا رووسیا، ئامەریکا و وەلاتێن یەکیتیان ئاورووپا دگرە. ن.م. د ڤە خەباتێ ده دگهێ ئەنجامەکێ کو ئەڤ وەلاتانا تەڤ پرسا کورد ژ بۆ بەرژەوەندیێن خوە د تێکلیێن خوە یێن ب وەلاتێن کوردستان پەرچەکرنە ب کار تینە. ن.م. هەر وەها نە ئوبژەکتیڤبوون و ئیدالیستبوونا پارتی، رێخستن و سیاسەتڤانێن کورد دی سیاسەتا وان یا دەرڤە ده دەردخە رۆنایێ.

یەک ژ بالکێشترین تشتێ د ڤێ لێکۆلینێ ده هەیە ئەوە کو ن.م. دگهێ ئەنجامەکێ کو ڤان وەلاتێن کو وی ل سەر وان لێکۆلین کریە د ستراتەژیا وان یا سیاسەتا دەرڤە ده پرسا کورد ئا تەڤایی نینە، لێ سیاسەتا وان یا د دەربارە هەر پەرجەکی ده هەیە ئەو ژی ل گۆر تێکلیێن وان یێن ب ڤان وەلاتێن کوردستان پارجەکرنە دەیە. وەک میناک رووسیا وەک ترادیتسیۆنەل هەردەم د سیاسەتا وان ده پرسا کوردستانا تورکیە ئاکتوەل بوویە ئەو ژی ژ بەر تورکیە و رووسیا هەردەم ب پرۆبلەم بوونە وەک د پرسا کافکاسیا ده پرسا ئاسیا ناڤین و پرسا ئاڤێن گەرم ده. هەر وەها ژ بۆ ئینگلیز هەردەم پرسا باشوورێ کوردستانێ ئاکتوەل بوویە، نوها ژ وەک میناک ژ بۆ ئامەریکا پرسا باشوور و رۆژهلاتە کوردستانێ ئاکتوەلە ئەڤ دده رێدان کۆنسەپتەک وانا تەڤایی دەدەربارێ پرسا کوردە نینە، کۆنسەپتا وان ل گۆر تێکلیێن وان یێن ب ڤان وەلاتێن کوردستان پەرچەکرنە دەیە.

بەشێ یەکێ ئەن ڤێ خەباتێ د بن ناڤێ «کوردستان و پرسا کورد د سیاسەتا ئامەریکا ئا رۆژهلاتا ناڤین ده».

هنەک ژ خالێن کو د ڤی بەشی ده ل سەر هاتنە سەکناندن ئەڤن:

– گرنگیا کوردستانا باشوور د سیاسەتا ئامەریکا ئا هەرەمێ ده.

– سیاسەتا ئامەریکا د پرسا کوردی ل عیراقێ و کوردستانا عیراقێ د داویا قرنێ بیستێ ده.

– سیاسەتا کوردستانا باشوور ب ئامەریکا رە هەروەها ناکۆکیێن کوردستانا باشوور ب رێڤەبرێ ئامەریکا ئێن ل عیراقێ.

– سیاسەتا ئامەریکا د دەربارێ کوردێن تورکیێ ده.

– ناکۆکیێن ئامەریکا و تورکیێ د دەربارێ کوردستانا باشوور ده.

بەشێ دودا د بن ناڤێ «سیاسەتا یەکیتیا ئاورووپا و وەلاتێن ئەندامێ یەکیتیا ئاورووپا د دەربارێ کوردستان و پرسا کورد ده» هنەک خالێن بالکێش ئێن ڤی بەشی ژی ئەڤن:

– ب کار ئانینا پرسا کوردی ژ ئالیێ یەکیتیا ئاورووپا د تێکلیێن خوە ئێن ب تورکیێ رە.

– سیاسەتا یەکیتیا ئاورووپا ئا کورد و نرخاندنا وێ ژ ئالیێ تورکی ده

– سیاسەتا یەکیتیا ئاورووپا د دەربارێ کوردستانا باشوور ده.

بەشێ سسیا د بن ناڤێ «کورد و رووسیا: بێ لۆسۆن (خەیال). سیاسەتا رووسیا د دەربارێ پرسا کوردی ده»

هنەک ژ خالێن گرینگ ئێن ڤی بەشی ژی ئەڤن:

– رووسیا و کوردێ عیراقێ د سالێن ٩٠ ئێن قرنێ بیستێ.

– فاکتۆرێ پەترۆلێ د سیاسەتا رووسیا یا ئیراقێ ده.

– رووسیا و پکک

– رووسیا و کوردستانا عیراقێ ٢٠٠٢ و ٢٠٠٦.

– هەر وەها پرسا کوردستانێ و فاکتۆرێن تێکلیێن رووسیا و وەلاتێن رۆژاڤا (ئامەریکا و وەلاتێن یەکیتیا ئاورووپا) ب ئیران و سووریێ رە د خەباتێ ده تێ ئانالیزکرن.

د ڤێ خەباتا خوە ده ن.م. ژ زمانێن جودا گەلەک دۆکومەنتێن وەزارەتێن دەرڤە ئێن ڤان وەلاتانێ کو ل سەر وان لێکۆلین هاتیە کرن ب کار ئانیە هەر وەها گەلەک دۆکومەنتێن بالکێش ئێن دەزگەهێن ڤان وەلاتان ب کار ئانیە. ژ خوە یەک ژ گرنگیا ڤێ لێکۆلینە ئەوە کو ن.م ئەڤ دۆکومەنتێن هێژا و بالکێش جڤاندیە و ئانیە بەر دەستێ خوەندەڤان. د ڤێ خەباتێ ده زێدەیی ٥٠٠ دۆکومەنت هاتیە بکار ئانین و وەشاندن ئەڤ ب خوە دده رێدان کو ئەڤ خەباتا هان یا زانیستی بێ چوقاس گرانبوهایە.

ئاکتوەلبوونا خەباتێ د وارێ علمی ده: خەباتا بەرێز ن.م د ناڤەرۆکا خوەده بوویەرێن گرینگ ئێن دیرۆکا کوردان یا سەردەم تینە بەر دەستێ خوەندەڤان، هەر وەها د ڤێ دەما کو ل سەر لێکۆلین هاتیە کرن گەلەک تشتێن بالکێش رۆنی دکە. ئەڤ خەبات ژ ئالیکی دن ده د تێکلیێن کوردان ب وەلاتێن دەرڤە رە د کوده کێمایی و شاشیتی هەبوونە دەردخە ئورتە، هەر وەها د ڤێ لێکۆلینێ ده گەلەک تشتێن د وارێ سەنعەت و قایدێن دیپلۆماسیێ ده کو نە نقیسکی هەنە کو مرۆڤ دکارە ژێ سوود ڤەرگرە هەنە. ئەڤ خەبات بەریا هەرکەسی هەژایە کو ژ ئالیێن بەرپرسێن هێزێن سیاسی ئێن کوردیستانی،

هەر وەها دەزگەهێن تێکلیێن سیاسی ب وەلاتێن دەرڤە رە ئێن کوردستانا باشوور و ل یوونیڤەرسیتەیێن کوردستان ل فاکوولتەییێن وان ئێن علمیێ سیاسی و دیرۆکێ ددن بێ ب کار ئانین. د ڤێ خەباتێ دە گەلەک تشتێن سوود ژێ وەرگرتن هەیە کو شاشیتی تەکرار نەبن.

نووژەنتیا خەباتێ د واریێ علمی دە: گرنگیا نووژەنتیا ڤێ خەباتێ ژ ئالی علمی دە ئەوە کو بەڕێز ن.م. ئەڤ خەبات ب ئاوایەکی علمی ل سەر ئاساسێن دۆکوومەنتا جارا پێشن فاکتێن نوە و ژێدەرێن بەرفرەە وەک کۆمپلەکس تینە بەر دەستێ خوەندەڤان.

تەۆریک قیمەتێ ڤێ خەباتە د واریێ علمی دە: ئەڤ خەباتا بەڕێز ن.م. ژ ئالی تەئۆریک ل گۆر نۆرمێ خەباتەک علمی هاتیە کرن ن.م. د خەباتا خوە دە بەریێ خوە دایە گەلەک پۆلیتۆلۆگ، دیرۆکناس و فلۆلۆگ ئێن ژ گەلەک وەلاتان و گەلەک جاران ژ خەباتێن وان وەک جاڤکانی ب کار ئانیە و ب ئاوایەکی کۆمپلەکس ل سەر تەما کو کۆنکرەت ل سەر لێکۆلین دکە کار کریە.

پراتیک قیمەتێ ڤێ خەباتێ د واریێ علمی دە: ئانالیز و ئەنجامێ کو ن.م. د ڤێ خەباتا خوە دە گیهاییێ وێ گەلەک بالکێش بە ژ بۆ بەرپرسێن هێزێن سیاسی ئێن کوردستانی، دەزگەهێن تێکلیێن سیاسی ب وەلاتێن دەرڤە رە ئێن کوردستانا باشوور و یوونیڤەرسیتەیێن کوردستانێ (فاکوولتەییێن وان ئێن علمیێ سیاسی ددن) ژ بۆ دەرسێن دیرۆکی بێ ب کار ئانین.

نەتیجا خەباتێ د واریێ علمی دە: خەباتا بەڕێز ن.م. ب تەڤایی ل گۆر نۆرم و مەتۆدەک علمی هاتیە کرن و پەرچاک ژ دیرۆکا کوردان نە دیارکری پێشکەشی خوەندەڤانا دکە. هەر وەها ن.م پر دقات ژ ئیدەالیزەکرنا سیاسەتا دەرڤە یا رووسیا و ژ تەئسیرا ئەورۆجەنترسمێ ب دوور کەتیە و ئانالیزەک ئوبژەکتیڤ و علمی پێشکەش دکە.

من خەبات و لێکۆلینێ بەڕێز نۆدار مۆساکی ئێن بەریێ ژی خوەندنە یەک ژ خەباتا وی یا علمی ئا ب ناڤێ کوردستان : رەسوورس و پۆلیتیکا ژ ٢ تۆمان پێک تێ کو ب بەرفرەهی رەسوورسێن ل هەموو پەرچەییێن کوردستانێ تینە بەر دەستێ خوەندەڤانا دەما مرۆڤ وێ خەباتا وی دخونە مرۆڤ باش تێدە دگهێ بێ کوردستان چوڤاس دەولەمەندە و چاوا ئەڤ دەولەمەندیا وێ بوویە بەلا سەرێ وێ. ئەو کار نوها ژی کارەکێ علمی سەکەفتیە. لێ د ڤێ خەباتا وی یا نوە دە بێ گومان مەرڤ دبینە کو چاوا ن.م. خوە ب پرسا کوردستان و کورد رە د وەستنە و خەباتێن باشترن ل کوردۆلۆژیێ زێدە دکە.

چەند گۆتن ل سەر کوردۆلۆژیێ و کارێن علمی. کوردزانی وەک علم نوها د کرزیسەکێ دەیە وەک تێڤدزانین نوها د دەرباریێ پرسا کورد و کوردیستانێ دە گەلەک پووبلیکاسیۆن دەر تێ لێ کارێن فووندامەنتال ئێن علمی گەلەک کێمن. ژ ئالی دن ڤە وەک تێ دزانین نوها وەلاتێن کوردستان پەرجەکرنە و هنەک وەلاتێن نە خێرخوازێن کوردا کۆمپانیاک کۆنتراتاک خوەدێ گرابی د واریێ علمیدە دەست پێ کرنە ل گەلەک ئون ڤەرسیتا سەمپۆزیومێ خوەدێ گرابی علمی ل سەر ئەتنۆگرافیا، لنگڤیستیکا و هەر وەکی دن پێک تنن، هەر وەها د ڤان دەرباران دە پرتووکا چاپ دکن و د کۆڤارێن زانستی دە ئێن ناڤنەتەوی دە مۆنۆگرافیا چاپ دکن.

ئەڤ کار هەم ژ بۆ پەرچەکرن و تەڤلهەڤیێ د ناڤنەتەویدە د دەرباریێ پرسا کوردە چێ بکن. بێ گومان بەرسیڤا ڤان تەرەفانا ب کاریێ ئاماتۆری (هۆبی) نابە، هەر وەها دڤێ کارێن کودۆلۆژیێ ئێن ژ ئالی کوردان دە دبە دڤە ب زمانێن بیانی ژی (ئینگلیزی، فرانسی، ئەلمانی، رووسی و هود) بێنە وەشاندن.

ژ بەر ئەڤ وەلاتێن کوردستان پەرجەکرنە و هنەک وەلاتێن نە خێرخوازێن کوردا گرانییێ ددن زمانێن بیانی و ئەڤ کارێن وان یێن دژبەریا کوردان هەر چوڤاس نە ب دلێ مە بە ژی لێ ئەو پڕ ب هۆستەیی و خەبات دکن کو ژێرە کراسەکی علمی ببینن و ئەڤ کارێن وان هەتا دەرەجاکێ تەئسیرا خوە دکە ژ بەر ئەڤ کارێن وان دبن ژێدەر ژ رۆژهلاتناس و کوردناسێن بیانیرە، هەموو ئەڤ کارێن وان دکەڤین بیبلیۆتەکێن وەلاتێن بیانی وەک کارێن علمی. ژ بەر وێ دڤێ ئەم کورد ژی ب کاریێن بەرسیڤا وان ب ئاوایەکی علمی، موستەواک بلند و ب زمانێن بیانی بدن داکوو ژ رۆژهلاتناس و کوردناسێن بیانیرە ببن ژێدەر. ئان نا ب ئاماتۆری، پەڤچوون ئان ژی وان ب نەزانتی گونەهبارکرن تو فەیدێ نادە. ژ بەر وێ ژی د ڤێ دەرباریێ دە کاریێ بەڕێز ن.م. میناکەکە گەلەک هێژایا.

ئەز سپاسیا خوە پێشکەشی دۆست و هەڤالێ خوە بەڕێز نۆدار موساکی دکم ژ بۆ ڤی کاریێ علمی د واریێ کوردۆلۆژیێ دە . هێڤیدارم وێ د کارێن خوە یێن پێش دە هەر باشتر و سەرکەفتی بە.

# -میکس-ی خان مەحموود و فەقێی تەیران

**ئیحسان چۆلەمەریکی**
**"باخچەسەرای"**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

سەرەڕای لە نزیکەوە ناسینی ناوچەی میکس (باخچەسەرای) ی وان و مێژووی دێرین و شوێنی بنەماڵە کاربەدەستەکانی، لە بەرخودانەکانی کورد و ئەو ئەدیبانەیان کە خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردیان کردووە، نەمدیبوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەشت ساڵە لە وان - دا نیشتەجێم، نەچوونم بە کەموکورییەکی خۆم دەبینی. بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم کلۆڵییە، لە دەوروبەری کاتژمێر دە و نیوی ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ ی مایسی ٢٠١١ دا لە وانەوە بە ڕێ کەوتین. دوای ئەوەی شینایی گوڵمان لە دوای خۆمان بەجێهێشت، بەر لەوەی بچینە ناو ئاوایی هەسپەشین - خاوەسۆر (ساردوهینیلی) بە گوزەرگەی شاخی حەکاریبیان (زنجیرە چیا)دا پێشڕەویمان کرد، دەشتایی گۆراندەشت (گوێرەنتاش) قەدیفەیەکی سەوزی دەنواند.

بەر لەوەی بگەینە زنجیرەچیا لەلای ڕاستەوە چووینە سەر ڕێی میکس (باخچەسەرای). بێربیبان ناوە ناوە لەداوێنی ئەو لەوەڕگایەدا کە وردە وردە بەرز دەبووەوە، لەو گوندانەدا کە لە سەردەمە نەزانراوەکانی مێژوودا ئامێزیان بۆ نەوەی مرۆ کردووەتەوە، ناوە ناوە بێربیبان بە شێوازە سەرەتاییەکان کاری دۆشینیان ئەنجام دەدا. ڤیان خانی کچم هۆی گواستنەوە بە تەمەنەکەمانی بەکار دەهێنا، کە بە هەورازەکاندا هەڵدەزنایین زەحمەتمان کێشا. تیمەکانی ڕێگەی وشکانی بەفری لە ئەستوورایی ٣ - ٥ مەتری کەناری ڕێیان وەک پەنیر دەبڕی و بواری ڕێیان دەکردەوە. لە ڕاستیشدا لەو ئۆتۆمبێلانەی ڕێی وشکانییان بەولاوە ڕێگوزارەکە چۆڵ بوو. کە بەسەر بەرزترین خاڵی دەربەندی (کراپێت)ی بەرزترین ترۆپکی دەڤەرەکەماندا سەرکەوتین، گەڕەکی (لیجان)ی یەکەم

جێی نیشتەجێ بوونی دۆڵی میکس چون دورگەیەکی سەوز دەبینرا.

لە زنجیرەی دەربەندی کراپێت - دا لووتکە بەناو یەکدا چووەکان و ئەو بەفرە بێ بوارانە، ئەو شیعری مەلای باتەییەی پێوەندیی بە سەفەری میکسەوە هەبووە و سەفەرە بە زەحمەت بەسەرچووەکەی وەبیر هێنامەوە. یەکەم چوارینەی ئەم شیعرە بەناوبانگەی سەیدا، کە تەواوی دەقەکەیم لەو کتێبەمدا بڵاوکردووەتەوە کە ناوی: وێنەکانی حەکاری "Hakkari Suretleri"ە، لێرەدا دەمەوێ بخەمە بەرچاوی خوێنەران.

**چرییا پاشێ و پێدا**
**مەلایێ باتەیی کانێ؟**
**سەفەر کێشا ب مکسێ دا**
**ل سەر وەقتێ زڤستانێ (١)**

بۆ تاقیکردنەوەی ئەوەی بەگزادەی حەکاریی سەردەم، سەربەرزە، یان نا، باتەیی بە ڕۆژژمێریی ڕۆمی لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا (نیوەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمی ڕۆژژمێری زایینی) بەسەر لەوەڕگەی بەرچەلان - ەوە بەڕاگوزارییەکی مەرگئاوەر بۆ میکس ناردووە. کە چیاکانی میکس - م بینی کە، تەنانەت لە مانگی مایسیشدا بانگهێشتی بەفر و بۆران دەکەن، هەوڵی تێگەیشتنی ئەو ڕاگوزارییەی بەو ڕووداوەن بەسەرچووەی سەیدا بدەم. سەرەڕای ئەوەی بیست ڕۆژی مابوو وەرزی بەهار کۆتایی پێ بێ، دەربەند هێشتا لەژێر دەسەڵاتی بەفردا بوو، ناوە ناوە دیمەنێکی ترسناکی دەنواند. بەلای سەرووی دەستە چەپی دەربەنددا ئەو لووتکانەی لەپاڵ یەکەوە ڕیزیان بەستبوو لە هەڵۆیەلێک دەچوون کە خۆیان ئامادەی هێرشێک دەکرد.

کە چاوم بە سروشتی هەڵەشە کەوت، درامای مەحموود خانی بەگی میکسی سەرکردەی دەڤەری وانی یاخیبوونی بەدرخان بەگم هاتە پێش چاو. لە ئەنجامی ناپاکی عەبداڵ خانی برایدا شکستی خواردبوو. "بە تایبەتی چوونە ڕیزی عوسمانیی خان عەبداڵ لەم یەکلایی کردنەوەیەدا ڕۆڵێکی بەبایەخی بووە." (٢) سروشتی سەخت و ڕێ لە هێزەکانی بێگانە گرە، وەک ئاگاداری شکستخواردنی ئەو جەنگاوەرانی سەربەخۆییە دەبینرا، کە بە پێشەوایەتی خان مەحموود پێکهاتبوون و لەسەر دەستی ئەو هاریکارییە ناپاکانەیە ئەنجام دراوە.



**نووسەری بابەت  لەسەر مەزاری فەقێی تەیران**

بە ناپاکی عیزەدین شێر و خان عەبداڵ و هی دیکە پێشەنگەکانی بەرگریی ئەم جوگرافیا سەختە بە دیل گیران. میکس لە مێژوودا ماوەیەکی دوورودرێژ لە ناو گۆڕەپانی دەسەڵاتی بەگزادەکانی حەکاریدا بووە. "وان و ناوچەکانی دەوروبەر ماوەیەکی زۆر لە ژێر فەرمانڕەوایی میرە کوردە حەکارییە نیمچە سەربەخۆکاندا بوون کە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتە سەربەخۆکانیان ناسیوەتەوە. لە سەردەمی عیزەدین شێردا (١٤٧٠ - ١٥٠٢) وان، وەستان و چۆڵەمێرگ لە ژێر دەسەڵاتی بەگەکانی حەکاریدا بوون. سینان خاقان - ی خۆشەویستی یەک لە نەوەکانی بەگزادەکانی میکس، لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کە میکس، لە لایەنی ڕۆشنبیرییەوە، دەکەوێتە ناو گۆڕەپانی کاریگەریی جزیرە و حەکاری-یەوە: "موکوس وەک ڕۆشنبیری، ناوچەی بە یەکگەیشتنەوەی بۆتانی ناوەند جزیرە و حەکاریی ناوەند چۆڵەمێرگە؟" (٤) پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ لە کتێبی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا لەبارەی شوێنی پەروەردە بوونی ئەو فەقێی تەیران - ەوە کە لە سەرەی سێیەمەی داناوە، ئەمانە دەڵێ: "خەڵکی شارۆچکەی میکسی سەر بە هەرێمی

حەکارییە. (٥) بە چاوگێڕانەوە بەو جوانییانەی لێ تێربوونیان نییە، بەرەو بنی دۆڵەکەدا چووینە خوارێ. بڕیارمان دابوو نانی نیوەڕۆ لە سەرێ کانیدا بخۆین کە لە ئەشکەوتێکی ڕۆخی "چەمێ مەزن "ەوە هەڵدەقوڵا. دوای ئەوەی چەند کیلۆمەترێکمان لە دۆڵی "خانێ"دا بڕی، خۆمان لە بەردەمی ئەم سەیروسەمەرەی سروشتە دیتەوە.

ئەو شکەفتۆکەیەی ئەم ئاوە بە خوڕ و بەرچاوەی لێ دەردەچێ، لەلایەن بنیادەوە گەلێک لە ئەشکەوتی شانەدەری باشووری کوردستان دەچێ. سروشت ئەوانەی بەر لە ئێمە بۆ سەیران هاتبوون لە ئامێز گرتبوو. بەسەر ئەو پردە تەختەیەدا ڕەت بووین کە لە سەر دۆڵەکە دروست کرابوو و لەو تەختاییە سەوزە بچووکە کە لە نێو بەردەکاندا دۆزیمانەوە، سفرەمان ڕاخست. ئەو دۆڵمەی پیاز و کفتەی بە باینجان و ئەو پلاوە بە پەراسووەی بەسێ - ی هاوسەرم لە ماڵەوە بە برنجی ئێرانی لێی نابوو و ئامادەی کردبوون، بە تامی زارییەوە دەستمان بە خواردنیان کرد. ڤیان خان، وەک عادیلۆش - ی منداڵی ساوای ئەحمەد عارف کە هێرشی دەبردە سەر مەمە، هێرشی دەبردە سەر ئەو گۆشتانەی سەر سفرەکە. لەبەر ئەوەی کاتمان سنووری هەبوو ، دوای ئەوەی چەند وێنەیەکمان گرت، "سەرێ کانی"مان جێهێشت. لە شەقامی تەسکی میکسی گچکەوە بەرەو گوندی "وەرەگوز" بەڕێ کەوتین کە "فەقێی تەیران"ی لێ نووستووە. لە ناوەندی قەزادا، لە ڕیزی بینای کارگوزاریی شارەوانیدا، بە دیوارەکانی ئەو دووکانەی وەک فەرمانگەی هەڵبژاردنی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) پۆستەرەیلی ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار هەڵواسرابوو، هەندێک بەولاترەوە فەرمانگەی هەڵبژاردنی پارتی ئاشتی و دیموکراتی (BDP) بە فلامای "ئالاچە"ی زەردی دروشمی پارتییەکەیان ڕازێنراوەتەوە، ئەو پیاوانەی لە شێوەی گرووپەیلی گچکە گچکەدا بە شەقامە چۆڵەکەدا دەسووڕانەوە: کۆنە لاوە ئازاکانی دیاربەکر و دەروازەی ماردینی وەبیر هێنامەوە. بە خۆ نەبان کردن لەو ئۆتۆمبێلزانانەی ئاگاداریانیان دەکردەوە و بە فیزێکەوە دەکشانە لاوە. چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەو کەسایەتییە دەربەگانەی زوو زوو لە شەقامەکانی حەکاریدا دەبینران، فەرمانڕەوای کۆڵانەکانی باخچەسەرای بوون.




**نووسەری بابەت لەسەر گۆڕی فەقێی تەیران**

بەتەک ئاوەکەدا چووین و بەرەو دێی "وەرەگوز"، کە فەقێی تەیران - ی لێ نووستووە ڕێمان گرتەبەر. بەلای پرا سۆر "پردی سوور" دا تێپەڕین کە، کۆن بۆ ئەو کاروانە ڕێیەی دۆڵی میکسی بە هیزان - بتلیس -ەوە دەبەست دروست کرابوو. درێژیی پردی بە کەمەرە، نزیکەی چل مەتر و بەرزترین شوێنی دەگاتە بیست مەتر، لە تەنیشت ڕێدا لە پشت ئەو چەند دووکانەی دروست کراون خۆی شاردووەتەوە، لە بەرزاییەوە سەیرکردنی ڕژانی بە خوڕ و لێڵی ئاوی ناو خڕە گەورەکە پیاو ئەفسووناوی دەکات.

لە گوندی ئەرواس، کە ئیبراهیم خان بەگی یەکەمی، یەک لە بەگزادەکانی حەکاری، بە دیاری داویەتییە سەیید موحەممەدی قوتب - ی باپیری سەییدەکانی ئەرواس، لەسەر ئەم کاروانە ڕێیەدا بووە کە دەچێتە هیزان.

لەسەر ئارەزووی بە ڕێزی سەیید موحەممەد، کە بەبۆنەی نەخۆشییەوە سەری لە حوکمداری حەکاری داوە، دەرچوون بۆ ئەوەی لە شوێنێکی گونجاو بگەڕێن تێیدا خەریکی ڕێنیشاندانی مرۆیان بێ. ناوچەی چیای ئەرواسی خۆرئاوای شارۆچکەی باخچەسەرای (موکوس)ی سەر بە ویلایەتی وان - یان پەسند کردووە. ئیبراهیم بەگ ئەرواس و دەوروبەرەکەی بۆ ڕێنیشاندان (وەقف) کرد."(٦)

لەم پارچەیەوە، کە لە موحەممەد تەییار - ی مێژوونووس وەرگیراوە: تێدەگەین کە دەوروبەری گوندی ئەرواسی نزیک هیزان - یش لە سنووری دەسەڵاتی میرەکانی حەکاریدا بووە. چنارەکانی بنی دۆڵ وەک خالدی - ی خوداوەندە هەرەگەورەکەی ئورارتۆ، قیت و

بێ کەموکوڕین. گەلێک لەو چنارانە دەچوون کە ئەولیا چەلەبی گەڕیدەی مەزن لە قەڵای (پنیانش) دا باسی لێوە کردوون. دۆڵەکە تا لە وەرەگۆز نزیکتر دەبوو، بەرینتر دەبوو. بەسەرکەوتنەوەی لای دەستە چەپ، گەیشتینە وەرەگۆز. ئۆتۆمبێلەکەمان لەلای ئەو مزگەوتە گچکەیەوە ڕاگرت، کە خێرخوایەکی ناو حاجی یووسف گوێکچەن بنیادی ناوە.

بەو پلیکانە لە تەختە دروست کراوانەدا هاتینە خوارێ کە بۆ گڵکۆی نزیکی بنی دۆڵ دروست کرابوو. جێ حەسانەوەی هەمیشەیی فەقێ بە دارەیلی سەدەگەلێک دەورەدراوە، دوو ساڵ لەمەوبەر لەلایەن وەقفی سەنجەقەکانەوە بنیاد نراوە. د. عەبدوڵڵا هەیمەنلی دۆستم (باوکی سەلاحەددین دومان - ی ڕۆژنامەنووس) لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٩٠ دا، بۆ بنیادنانی ئارامگەی فەقێ چەند جارێک پێوەندی بە منەوە کرد، بەڵام تەمەن بواری نەدا.

مەزاری لە دەوری ٥ × ٥ مەتر بە حەوشەیەکی ١٠ × ١٠ مەتر دەورە دراوە. بەرزییەکەی بە گومەزەکەشیەوە لە دەوروبەری ٨ - ١٠ مەتردایە. لە ماوەی سەعاتێکدا کە لە دەوروبەری گۆڕەکە ماینەوە، مرۆمان نەبینی. تاکە دەنگێکی گیانلەبەرێک بە گوێماندا هات دەنگی مەلان بوو. کە مرۆڤی نەبینی ڤیانی کچم گوتی: "ئەو باڵندانەی لە سەردەمی ژیانیدا دۆستی بوون، ئەمڕۆش ئەویان بەجێ نەهێشتووە". بە کوردی بە باڵندە دەگوترێ "تەیر". وەک سولەیمانی پێغەمبەر بەپێی باوەڕی خەڵکی فەقێ - کەی ئێمەش لە زمانی مەلان گەییوە. نازناوی تەیریشی لەبەر ئەم تایبەتمەندییە پێ دراوە. شیعرەیلی هەن باڵندانیان دواندووە. دەمەوێ چوارخشتەکییەکی بۆ خوێندەواران بگوێزمەوە.

**"نالینا تەیر و تیووران**
**کالینا چەنگ و بلووران**
**خوخولین قەسر و قوسووران**
**بلبلێ خوەشخانم ئەز"** (٧).

فەقێ کە بە زمانی خەڵک شیعری نووسیوە، هەموو شیعرەکانی جوانن، بەڵام لە نێویاندا شیعرێک هەیە، تا ئەمڕۆش تام بە مەڵاشوومانەوە دەهێڵێتەوە. ئەویش ئەو شیعرەیەتی کە ناوی "دلبەر"ە. ئەوەندەی دەکرێ دەمەوێ



**وێنەی فەقێی تەیران - ناوی وێنەکێشەکە نەزانراوە**

لەگەڵ دۆستاندا چەند چوارینەیەکی ئەم شیعرەی سەیدا بخوێنینەوە:

**ئەی دلبەرا گەردەن زەری**
**وای نازکا دێم قەمەری**
**قامەت ژی مووما فەنەری**
**وێران ئەزم، مالم خراب**

**ئەی دلبەرا گەردەن زراڤ**
**دێم شووشەیێ تژی گولاڤ**
**ئەی دوختەرا بەژنا زراڤ**
**وێران ئەزم، مالم خراب**

**ئەی دلبەرێ، وای دلبەرێ**
**فەریاد ژ دەستێ کەسەرێ**
**ئاڤەک ژ ئاڤا کەوسەرێ**
**وێران ئەزم، مالم خراب**

**سبحان ژ شاهێ ب تەنێ**
**خالەک ل خالا گەردەنێ**

**ئەز دین کرم بەردام دنێ**
**وێران ئەزم، مالم خراب**

**عەشقا مەجاز پەیدا بوویە**
**ئیرۆ ل دژوار بوویە**
**هیڤی دکم حەقیقیێ**
**وێران ئەزم، مالم خراب ." (٨)**

سەرەڕای ئەوەی مامۆستای ئەدەبیاتی کورد ئەم شیعرەی ناو ناوە "دلبەر"، ئەویش وەک هاوچەرخەکانی لە دوا بڕگەی چوارخشتەکییەکەی خۆیدا پەنای بردووەتە بەر ئەڤینی خودایی "عەشقی ئیلاهی"، لە کاتێکدا ئەو پێوەندییەی لە نیوە دێڕەکاندا شاردراوەتەوە، هەروەها جوانییە سەراساییەکانی میکس پێشان دەدا کە ئەمیش وەک مەلایێ جزیری بە ناوی "دلبەر" (ئەسما)یەکی هەبووە. کە باسی شیعری دلبەر دەکەم دەمەوێ گیانی ئارام دیکران-ی دەنگبێژی مەزنیش شاد بکەم. ئەم هونەرمەندە ئەرمەنییەی لە ئاوایی ئەریڤانەوە چون کۆترێکی ئاشتی، باڵەفڕکێی کردووە و گەیشتووەتە دۆڵی میکس: لە شێوەی گۆرانیدا بەدەنگخستنەوەی چەند چوارخشتەکییەکی شیعری "دلبەر"ی بۆ ئێمەی کردووەتە دیاری. لەبەر ئەم خزمەتەی کە لەبیرناچێتەوە، بە ڕێزەوە (ئارام) یاد دەکەینەوە.

بێ ئەوەی چاومان بە تاکە مرۆڤێک بکەوێ، گوندی وەرەگۆز (وەرەزووز) مان جێ هێشت، چونکە پشتمان بە ئۆتۆمبێلەکەمان نەدەبەست، دوای پشوویەکی کورتی چای خواردنەوەیەک میکسمان جێ هێشت، دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان لەنزیک ئەو باخچانەدا خوارد کە، (مانووا)ی شای ئورارتو لە ئارتەمێترا (ئەدرەمیت) دا بۆ (تریریا)ی هاوسەری بە ڕادان داوە، لە سەعات بیستدا، لەو ماڵەی بەری خۆرهەڵاتی قەڵای (توشبا) ماندا دابەزین. دانی پێدا دەنێم کە مێشکم بە درێژایی سێ ڕۆژان لەژێر داگیرکاریی جوانی سروشتی میکس و جێی فەقێ - دا بوو.

چاوگ:


1- Ihsan Çölemerikli, Hakkari Suretleri, s .37.
2- Sinan Hakan, Osmanli Arsiv Belgelerinde Kürtler ve Kürt Direnisleri, s.233
3-Sinan Hakan, Müküs Beyleri Tarihi ve Han Mahmud, s.12-34
4- Sinan Hakan, Müküs Beyleri Tarihi ve Han Mahmud, s.5-8
5- Prf. Qanatê Kurdo, Kürt Edebiyati Tarihi, s.15
6- Yrd.Dç.Dr. Dündar Ali Kiliç, risan Beyleri, s.64-65
7- M.Xalid Sadini, Feqiye Teyran, s.137
8- Prf. Qanatê Kurdo, Kürt Edebiyati Tarih, s.75-76


سەرچاوە:


http://www.yuksekovahaber.com/yazi/yazi/han-mahmut-ve-feqiy-teyranin-miksi-2275.htm

# سیمای ژن له شیعری شاملودا

مەجید نەفیسی
له فارسییەوە: سیما چۆمانی

نابێت ئەوەمان له بیر بچێت کە له ناو شاعیره ناسراوه هاوچەرخەکاندا جگە له فروغی فەروخزاد، ئەحمەدی شاملو تەنیا شاعیرێکە کە ژنێک بە گۆشت و ئێسقان و کەسایەتی تایبەتمەندی خۆیەوە بە ناوی ئایدا له شیعرەکانیدا کەسایەتییەکی هونەری وەردەگرێت... بۆ لێکۆڵینەوە له سیمای ژن له شیعری شاملودا سەرەتا پێویستە چاوێک بە شاعیرانی بەر له ئەودا بخشێنین. له ئەدەبیاتی کۆندا، ژن ئامادەیی نییە و ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ بینینی سیمای ئەو، پەردە لادان له چەمکی سۆفیانەی عیشق بێت. مەولەوی عیشق بۆ دوو پارچەی بەربەستی گشتی ڕوحانی و جەستەیی دابەش دەکات. پیاوی سۆفی دەبێت دەست له چێژەکانی دنیا بشوات، لەژێر ڕێبەرایەتی ڕێبەرێک ماڵی دڵەکەی له عیشقی خودا لێوان لێو بکات. ژن له بەرهەمەکانیدا له هەموو شوێنێک هاوتەریب بە عیشقێکی جەستەیی و هەستی ئاژەڵی دەژمێردرێت و پیاوی عاشق دەبێت ورووژانی عیشق له خۆیدا بکوژێت: عیشقی ئەو ورووژێنەره کوا دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەوە له غەزەلەکانی حافزی شیرازیدا عیشق بۆ مەعشووقەی سەر زەوی ڕادەگەیەندرێت و عیشقی سۆفیانە تەنیا وەکو تام و بەرامەیەک بە کار دێت. بەم پێیە عیشقی زەمینی حافزیش لایەنی دوور له جەستە دەگرێتەوە.

پیاوی عاشق جگە له چاوبازی و بە غەبغەبە بە باڵای مەعشووق له شتێکی دیکە ناڕوانێت و ژنی عاشق نەک تەنیا له جەستە، بەڵکو له هەر چەشنە کەسایەتییەکی تایبەتیش بێ بەش کراوە، هەروەها ئەو ژنە فانتازییەی کە سیمایەکی زۆردارانە و دەستێکی خوێناوی هەیە و وەکو ئاشەوان دەست بە کوشتنی عاشقە سیاوەشەکەی خۆی دەکات: شای تورکان قسەی داواکارەکان دەبیستێت



**ئەحمەدی شاملۆ**

و شەرم له زوڵمی ڕشتنی خوێنی سیاوەشەکەی بکات.

له ڕاستیدا ئەوە پیاو کە زۆردارە و ژنیش زۆر لێکراو، بەڵام لە خەیاڵدا دەورەکان دەگۆڕێن، تاوەکو ئەو بڕوایەی دەروونناسان جێگیر بکرێت کە ئیتر ئازاری ئەو دیوی ڕووی دراو خۆ ئازاردانە. بە دەرکەوتنی ئەدەبیاتی هاوچەرخ، ژن ڕوخسارێکی تر وەردەگرێت و تا ڕادەیەک پەردە لەسەر عیشقی ڕوحانی مەلەوی و مەعشووقەی خەیاڵی حافز لا دەدرێت.

نیما لە هۆنراوەی " ئەفسانە"دا دەست بە وێنا کردنی عیشقی ڕاستەقینە و سەر زەوینی دەکات: ئەو عیشقەی کە کەسایەتییەکی دیاریکراوی هەیە و پێوەندی بە تاک و ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و دیاریکراوەوە هەیە.

شوانێک لە شێوی دیلماندا دانیشتووە و بیر لە عیشقێکی دۆڕاو دەکاتەوە و هەروەک چۆن بیر لە داری هەرمێ و مریشکی پۆپڕە بەسەر و گورگێک کە لە پشت بەردێک بە دزییەوە دەڕوانێت، دەکاتەوە. بە دڵە عاشق پیشەی خۆی واتا فانتازیا لە ئاخاوتندا.

نیما لە زمانی ئەوەوە دەڵێت:

**ئەی حافز ئەوە چ فێڵ و درۆیەکە**
**کە لە زمانی مەی و جام و ساقی دەردەچێت**
**ئەگەر بۆ ئەبەد بناڵی بڕوات پێناکەم**
**کە لەو عیشق بازییە ماوەتەوە**

**من لەسەر ئەم عاشقم کە ڕەوانە**

لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە نوێیەی عیشقە کە بە شیعرە عاشقانەکەی ئەحمەدی شاملو دەگەین. بە ئیلهام وەرگرتن لەو یاداشتەی کە شاعیر بە باشی لەسەر چاپی پێنجەمی هەوای تازە لە ساڵی ١٣٥٥ نووسیویەتی، شیعرە عاشقانەکانی بۆ دوو قۆناغی ڕۆکسانا و ئایدا پۆلێن دەکرێن.

ڕۆکسانا ، یان ڕۆشنەک ناوی کچێکی خانەدانی سەغدییە کە ئەسکەندەری مەکدۆنی کردی بە هاوسەری خۆی. شاملو جگە لەوەی لە ساڵی ١٣٢٩ شیعرە درێژەکەی هەر بەم ناوە نووسیوە، لە بەشێک لە شیعرە تازەکانیشیدا ڕۆکسانای بە ناو، یان بێ ناو هێناوەتەوە. ئەو دەنووسێت: ڕۆکسانا ، بە چەمکێکی ڕۆشن و ڕۆشناییەک کە تێیدا حەشار دراوە، ناوی ژنێکی سەپێنراوە کە عیشقەکەی ڕووناکی و ڕزگاری و ئومێدە. ژنێک کە پێویست بوو دوازدە ساڵ تێپەڕێنێت تاوەکو تێیدا ئایدا لە ئاوێنەدا دەرکەوێت و بۆ ڕاستی بگۆڕێت. سیمایەک کە تێیدا ئامانجێکی تەمومژاوی هەیە، ڕاکردوو و دەرەنگ دەست کەوتوو، یان سیمرغ و کیمیا و هەر ئەو وێنە نائومێد و دڵشکاوەیە کە شیعرێک بەم ناوەوە دەنووسێت، نائومێدی لە دەستکەوتنی ئەو هاودەمە.

لە شیعری ڕۆکسانادا، باس لە پیاوێک دەکرێت کە لە کەنار دەریا لە کولبەیەکی داردا دەژیت و خەڵک بە شێت لێی دەڕوانن. پیاوەکە خوازیاری گەیشتن بە ڕۆکسانا ڕوحی دەریایە، بەڵام ڕۆکسانا ڕەتی دەکاتەوە:

**مەهێڵە کەس بزانێت، کەس بزانێت تاوەکو ئەو ڕۆژەی، خۆرێک،**
**کە دەبێت لە مێرگ و دارستانەکان بدات،**
**ئاوی ئەم دەریا ڕێگرە وشک بکات و**
**وەکو بەلەمێکی تێکشکاو لەسەر لمەکان بنیشێنێتەوە و بەم جۆرە،**
**ڕوحی من بە ڕۆکسانای ڕوحی دەریا و عیشق و ژیان بگەیەنێت.**

**عاشقێکی دۆڕاو لە سەرەتادا کە بەم جۆرە یادی ڕابردوو دەکاتەوە:**

**مەهێڵە کەس بزانێت کە چۆن لە جیاتی لاواندنەوە و ماچکردن، گەزم لێ گیراوە!**

ئێستا لە کۆتاییەکانی شیعردا لە زمانی ئەو ژنە

تەمومژاوییەوە بەم جۆرە دەست بە کۆکردنەوەی عیشقێکی دۆڕاو دەکات:

**و هەموو کەسێک ئەوەی کە خۆشی دەوێت، زیندانی دەکات**

**و هەموو ژنێک مرواری خلخواردوو**
**لە ناو سندووقی زیندانیدا هەڵدەگرێت.**

لە شیعری " غەزەلی دوایین گۆشەگیری" (س١٣٣١) جارێکی تر ڕووبەڕووی نائومێدی سەرەوە دەبینەوە:

**عیشقێک کە بە ڕووناکی گەیشتووە لەسەر بازاڕێکی جاڕنەدراو،**
**جارچی ناوی مرۆڤ**
**و دنیا بە گشتی من چۆن بوومە؟**

لە شیعری (غەزەلی گەورە)دا (١٣٣٠) ڕۆکسانا بۆ " ژنێکی مانگەشەوی" دەگۆڕێت و شاعیر دوای ئەوەی کە بە پارچەی دووەمی ڕوحی خۆی ناو دەبات، نائومێدانە دەڵێت:

**لەو لاوە،**
**لە ئاسۆی مانگەشەودا ئەستێرە بەرانبەر بە**
**ژنە مانگەشەوەکەی من.. و**
**شەوە پڕ لە خۆرە کە چاوەکانی لە ئازاری تیشکی وەنەوشەیی هەڵدێت:**
**من بۆ لای خۆت بەرە!**
**سەرداره مەزنەکەی خەونە سپییەکانی من!**
**من بۆ لای خۆت بەرە!**

لە شیعری " غەزەلی دوایین گۆشەگیری"دا پێوەندی نێوان شاعیر و مەعشووقە خەیاڵییەکەی لە پێوەندی منداڵێک کە پێویستی بە سۆزی دایکێکی زۆردار هەیە دەچێت:

**شتێکی مەزنتر لە گشت ئەستێرەکان، گشت خوداکان،**
**دڵی ژنێک کە من وەکو منداڵێکی دەستەمۆ لە داوێنی خۆیدا بلاوێنێتەوە!**
**چونکە من دەمێکە جگە لە سامی تەنیایی کە بە ددانی ساردی نامۆیی جوتراوە، نەبوومە،**
**جگە لە منێک کە لە ترسی تەنیایی خۆی هاوار دەکات، نەبوومە...**

ناوی دیکەی ڕۆکسانا ژنێکی سەپێنراوە بە ناوی "گوڵ کۆ" کە لە بەشێک لە شیعره هاوچەرخەکانیدا ئاماژەی پێ دراوە. خودی شاعیریش لە باسکردنی وشەی " گوڵ کۆ"دا دەنووسێت: " گوڵ کۆ" ناوێکی کچانەیە کە تەنیا یەکجار لە یەکێک لە گوندەکانی گورگان (نزیکی عەلیاوە)دا بیستوومە. دەکرێت بڵێین کە "گوڵ کۆ" بێت.. هەروەکو (دۆختەر کۆ) کە شیرازییەکان بەو شێوەیە دەری دەبڕن، لەژێر ئەو دەربڕینەی کە بۆ ئێمەش جێگای سەرسوڕمان بوو لە یەک دوو لە شیعرەکانیدا کە سوودیان لێ وەرگیراوە "گوڵ کۆ" هاتووە و ژنێک ناوی دەهێندرێت، کە دەکرێت مەعشووق، یان هاوسەرە دڵخوازەکەی بێت.

ئەو کاتە بیرمان لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە جگە لە " کۆ" لە کۆتاییدا مانا زمانەوانییە ئاساییەکەی خۆی بدات، دەتوانێت بە شێوەیەکی خەیاڵی ئامادە نەبوونی خاوەنی ناوەکە بخاتەڕوو. ڕۆکسانا و گوڵ گەوهەر دوو ژنی سەپێنراون، بەم جیاوازییە کە یەکەمیان لە ژینگەیەکی ماخولیایی وێنا دەکرێت، دوای ئەوەی کە دووەمیان لە شانۆی خەباتی کۆمەڵایەتیدا خۆی نیشان داوە، بە شێوەی " پشتیوانی" پیاوی خەباتگێڕ دەردەکەوێت. لە شیعری تەم (مە) ١٣٣٢ ئەوە دەبینین:

**لە پەلاس و تەمێکی پەنهانیدا، دەگەمەوە ماڵەوە،**
**گوڵ کۆ نازانێت،**
**لە ناکاو من**
**لە دەرگادا دەبینێت،**
**دڵۆپێک فرمێسک لەسەر چاوەکانی، بزەیەک لەسەر لێوەکانی، دەڵێت:**
**بیابان بە تەواوی تەماوییە.. بیرم لەوە کردەوە،**
**کە هەرچەندە**
**تاوەکو بەیانی ئەم تەمە بەردەوام دەبوو،**
**پیاوە ئازاکان لە حەشارگەی خۆیان**
**بۆ دیداری ئازیزان دەگەڕانەوە.**

پیاوە ئازاکان ڕوویان لە خەبات دەکرد و باوکان و مامۆستایەکی تورکمانی بیان نشین شەهید دەکران و ئەرکی کچانی نموونەی گوڵ کۆ چاوەڕوانی و مشتومالکردنی کردنی چەکی تۆڵەی باوکەکانە.

لە شیعرێکی دیکەی بەناوی "بۆ ئێوە کە عیشقتان ژیانە" (ل١٣٣) ئێمە ئاشنای خەباتێک دەبین کە لە نێوان پیاوان و دوژمنەکانیاندا هەیە و شاعیر داوا لە ژنان دەکات کە لە پشتی بەرەی شەڕ لەگەڵ پیاواندا بن و بە هێنان و پەروەردەکردنی شێرە نێرەکان ڕازی بن.

**کە ئێوە چەندین ساڵ و سەدەتان هێناوەتە ئاراوە و**
**ئەو پیاوانەتان هێناوەتە دنیاوە کە لەسەر سێدارە**

**چەندین یادەوەرییان نووسیوە و**
**مێژووی مەزنی داهاتوویان بە ئومێدەوە**
**لە سکی بچووکی خۆتاندا پەروەردە کردووە و**
**ئێمەتان فێری ئارامگرتن و توانایی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەشکەنجە و سەختییەکان کردووە.**

ئەو جۆرە ژنانە تەنانەت لە جوانی خۆشیاندا قەرزداری پیاوانن:

**ئێوە جوانن تاوەکو پیاوان**
**ستایشی جوانی بکەن و**
**هەر پیاوێک کە بە ڕێگایەک ڕادەکات،**
**سیحری بزەی شیرین لە ئێوەوەیە و**
**هەموو پیاوێک لە سەربەستی خۆیدا**
**زنجیرێکی زێڕینی عیشقی بە دەست و پێیەکانیەوەیە.**

هەرچەندە ژنان وەکو ڕوحی ژیان دەبینرێن، بەڵام پیاوان دەور گێڕانی ڕاستەقینەن:

**ئێوە کە ڕوحی ژیانن و**
**ژیان بێ ئێوە ئاگرێکی خامۆشە،**
**ئێوە کە ئاوازی باوەشی ڕوحتان**
**لە گوێی گیانی پیاودا شادمانییە**
**ئێوە کە لە سەفەری پڕ لە ئەندێشەی ژیاندا، لە باوەشی خۆتاندا ئاسودەییتان بە پیاوان بەخشیوە و**
**تەنانەت پیاوێکی خۆ پەرستیش ئێوەی پەرستووە،**
**عیشقتان بە ئێمە دەبەخشن.**
**ئێوە کە عاشقی ژیانن!**
**و ڕقتان بۆ دوژمنانی ئێمەیە،**
**ئێوە کە ڕقتان لە مەرگە!**

هەروەها لە شیعرە بەناوبانگەکەی پەریا "پریا" ١٣٣٢ ژنانی ناو چیرۆک واتا پەرییەکان دەبینین کە لە شەڕی نێوان پیاوە دیلکراوەکان لەگەڵ جادووگەردا جگە لە فانتازیا و نا سەقامگیری و دواتر ناڵە و گریان کارێک ئەنجام نادەن.

لە کۆمەڵە شیعری باخی ئاوێنەدا (باغ اینە) کە لە دوای هەوای تازە (هوای تازە) و بەر لە ئایدا لە ئاوێنەدا(ایدا در اینە) چاپ کراوە، دەبینین شاعیر هەوڵی گەڕان بە دوای پارچەی دووەمی ڕوح و ژنی هاودەمی خۆیدا دەدات:

**"بەڵام من لە ژناندا شتێک نادۆزمەوە ئەگەر ڕۆژێک بە خامۆشی ئەو هاودەمە لەناکاو نەدۆزمەوە"** (کیفر ١٣٣٤)

سەرئەنجام ئەم گەڕانە لە "ئایدا لە ئاوێنەدا" بە ئەنجام دەگات:

**" من و تۆ دوو پارچەی یەک ڕاستین"** (سروودی پێنجەم)

دەبێت ئایدا لە ئاوێنەدا بە خاڵی لووتکەی شیعری شاملو بژمێردرێت. ئیتر تێیدا ئاسەوارێک لە ڕاهێنانەکانی (نیمایی) و وتارە ڕۆمانسییەکان، بەرچاو ناکەوێت و شاعیرێک کە ستایل و زمانێکی تایبەت بە خۆی دێنێتە ئاراوە. شێوازی دەربڕینی ئەو شیعرانە ئاسانە و بە زمانێکی شانازییانە کە لە چوارچێوەی تێکستێکی دێرین بە سەر بەرهەمەکانی دواتری شاملودا زاڵە، نابینرێت. شاعیر شەوقی عیشقێکی تازە بە سەرچاوەیەکی هاوچەرخی داهێنانی هونەری خۆی دەزانێت:

**نە بە خەیاڵدا ڕووبەڕوو دەیبینم**
**چەندین ساڵی بەردار دەست پێ دەکەم**
**بیرەوەریم کە لە عیشقێکی لێوان لێو ئاوسە**
**چێژی لەدایک بوونی لەباوەشی چاوەڕوانییەکی درێژدا**
**دووبارە دەکاتەوە**
**تۆ و تامەزرۆیی پڕ لە ڕاستگۆیی تۆ**
**من و ماڵەکەمان**
**مێزێک و چرایەک. بەڵێ**
**لە مەرگهێنەرترین ساتی چاوەڕوانیدا**
**ژیان لە خەونەکانی خۆمدا درێژە پێ دەدەم**
**لە خەون و**
**هیواکانمدا!**

(هەروەها سەیری شیعری (سروودی ئەو کەسەی کە لە کۆڵانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و سوێ هاتنە") بکەن لە کتێبی پرسەکانی خاک کە تێیدا عیشقی ئایدا وەکو لە دایک بوونێک لە تەمەنی چل ساڵی بۆ خۆی دەزانێت.)

سۆزی بۆ ئایدا لە هەلومەرجێکدا ڕوو دەدات کە شاعیر لە مرۆڤ و بنیادی دنیاکانیان بێزار بووە و داوای پەناگەیەک لە دوورەپەرێزی و گۆشەگیری دەکات:

**ئیتر من ئارەزووی سەفەرم نییە**
**ئیتر من بیر لە سەفەر کردن ناکەمەوە**
**ئەو شەمەندەفەرەی کە لە نیوەی شەعبان لە دەی مانگ بە گوراندن دەگەڕێتەوە،**
**ئاسمانی من بچووک ناکاتەوەو**
**ئەو ڕێگایەی کە بەسەر بازنەی پردەکەدا تێدەپەڕێت**

**چیتر ئارەزووی من لەگەڵ خۆی بۆ ئاسۆکانی تر نابات**
**مرۆڤ و بنیادی دنیاکانیان لە کێتبێکدا بە یەکجاری**
**دۆزەخێکە کە من وشە بە وشەیم لەبەر کردووە**
**تاوەکو نهێنی گۆشەگیری بدۆزمەوە و ڕێگایەک لەو سەری پردەکەوە**
**ئەم عیشقە بۆ ئەو وەکو گەڕانەوە لە شارەوە بۆ لادێ و لە کۆمەڵەوە بۆ سروشتە،**
**باوەشت**
**شوێنێکی تەنگە بۆ ژیان و**
**شوێنێکی تەنگە بۆ مردن و**
**هەڵاتن لە شارێک کە بە هەزار پەنجە، بە بێ ئابڕوویی پاکی ئاسمان تاوانبار دەکات**
(ئایدا لە ئاوێنەدا)
هەروەها:
**عیشقی ئێمە گوندێکە کە هەرگیز ناخەوێت**
**نە بە شەو و**
**نە بە ڕۆژ و**
**جووڵە و شەوقی ژیان**
**بۆ ساتێک تێیدا دانامرکێتەوە** (سروودی پێنجەم)
ڕۆکسانا ژنە تەماوییەکە ئێستا دەردەکەوێت و لاشەی بەرجەستە دەکات و سیمایەکی ڕاستەقینە وەردەگرێت:
**ماچەکانی تۆ**
**چۆلەکە چەنەبازەکانی باخن و**
**مەمکەکانت شانەی مێشهەنگانی کوێستانەکانە (سروودێک بۆ سوپاس و پەرستن)،**
**تۆ کێی کە من بەم بڕوایەوە**
**ناوی خۆمت پێ دەڵێم**
**کلیلی ماڵەکەم**
**لەبەر دەستت دادنێم**
**نانی خۆشییەکانم**
**لەگەڵ تۆدا دابەش دەکەم**
**لە لات دادەنیشم و**
**لەسەر ئەژنۆکانت**
**ئەم جۆرە بە ئاسوودەیی**
**خەو دەمباتەوە** (سروودی ئاشنایی)
تەنانەت شەویش کە لە شیعرەکانی ڕابردووی (هەورەها داهاتوو)شدا بە مانای توانج و نیشانەی تاسانی هەبوو، ئێستا بۆ مانا ڕاستییە سروشتییەکەی خۆی دەگەڕێتەوە:
**تۆ مەزنی وەکو شەو**
**ئەگەر مانگەشەو بێت، یان نەبێت**
**تۆ مەزنی**
**وەکو شەو**
**خۆت مانگەشەوی ،تۆ هەر خۆت مانگەشەوی**
**ئەو کاتەی کە مانگەشەو بڕوات و**
**هێشتا شەوی تەنیایە**
**دەبێت ڕێگای دوور ببڕێت تا دەروازەی ڕۆژ**
**وەکو شەو قووڵ و مەزنی، وەکو شەو،(من و تۆ و دار و باران...)**
سۆزی بۆ ئایدا لە کتێبی دواتری شاملودا" ئایدا دار و خەنجەر و بیرەوەری" بە لووتکەی پێگەیشتنی خۆی دەگات:
**سەرەتا**
**تا درەنگانێک تێم ڕوانی**
**بە شێوەیەک کە توانیم ڕوانینی بۆ خۆم لێ وەربگرمەوە**
**هەموو شتێک**
**بە شێوەی ئەو دەرهاتبوو**
**ئەو کاتە تێگەیشتم**
**کە ئیتر**
**ناتوانم لێی ڕابکەم** (شەوانە)
بەڵام لە ئەنجامدا بە گەڕانەوەی ناچارانەی شاعیر لە لادێیەوە بۆ شار بۆ قۆناغی ئاسوودەیی خۆی دەگەڕێتەوە:
**بەداخەوە لە بەرەبەیان**
**کە بەم جۆرە بە سوێوە**
**دۆڵی سەوزی ڕۆنا و**
**بۆ شار گەڕایەوە**
**چونکە لەم سەردەمە مەزنەدا**
**سەفەر**
**لە سفرەی نانیشدا**
**بزانە کە بە دژواری دەچێتە پێشەوە**
**تا بگات بە سنووری ناو.** (شەوانە)
شاملو دوای ئەوە لە گۆشەگیری دێتە دەرەوە و پەڕاوە نوێیەکانی هەروەکو (دشنه در دیس، ابراهیم در اتش، کاشفان فروتن شوکران و ترانەهای کوچک غربت) گرنگی پێدانی ئەو بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی خەباتی چەکدارانەی ناو شارەکان لەساڵەکانی پەنجاکاندا دەردەکەوێت. سەرەرای ئەوەی کە لەم ساڵانەدا بە پێچەوانەی ساڵانی بیست و سییەکان کە شیعری بۆ

ئێوە کە عاشقتان ژیانن نووسیوە، ژنانی ڕۆشنبیر دەورێکی سەربەخۆیانە لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕا، بەڵام لە شیعرەکانی شاملو شوێن پێی مەرزیە ئەحمەدی لە تەنیشت ئەحمەد زبیێرم نابینرێت.

سیمای ژن لە شیعری شاملودا بەرە بەرە لە ڕۆکسانا تاوەکو دەگات بە ئایدا دەکرێتەوە، بەڵام هێشتا پەردەکان بوونیان هەیە. لە ڕۆکسانادا ژن سیمایەکی سەپێنراو و هەڵبژاردەی هەیە و لە گەوهەری ڕاستەقینە تایبەتییەکەی بەتاڵ دەکرێتەوە. بە مانایەکی دیکە شاملو لە ڕۆکسانادا هێشتا خۆی لە عیشقی خەیاڵی مەولەوی و حافز ڕەها نەکردووە و لە جیاتی ئەوەی کە لە ژندا مرۆڤێک بە گۆشت و پێست و هەست و خەیاڵ و مافە کۆمەڵایەتییەکانییەوە بەرانبەر بە پیاوان ببینێت، وەکو هێمایەک دەژمێردرێت کە هێمای چەمکەکانی وەکو عیشق و ئومێد و ئازادییە.

لە ئایدادا سیمای ژن دەکرێتەوە و خوێنەر لە دوای شێوەی ئایدا، مرۆڤێک بە جەستە و ڕوح و کەسایەتی تایبەتی دەبینێت. لێرەدا عیشق ئەزموونێکی دیاری کراوە، نەک خەیاڵێکی سۆفیانە، یان ماخۆلیایی ڕۆمانسییانە. ئەوەش هەمان ئەو تایبەتمەندییەیە کە ئەدەبیاتی مۆدێرن لە کلاسیک جیا دەکاتەوە. گرنگیدان بە "دیاریکراو و تاک و جۆر" و پەرەوەردەکردنی حەقیقەت لە جیاتی سازکردنی سەرمەشقێک، سەرەڕای ئەوەش ئێمە «لە ئایدا» لە ئاوێنەدا توانایی ئەوەمان نییە کە بە عیشقی بەرانبەر و ئازادی نێوان دوو دڵدار بگەین. شاملو لە هەموو عیشقێکدا بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕێت، یان بە هەمان شێوەی کە خۆی دەڵێت پەرستگایەک (ڕێگایەک لەو سەری پردەکە)، یان پەرستگایەک (قەقنەس لە باران) و تەنیا ئایدا بۆ ئەم حەقیقەتە دەدۆزێتەوە کە خولقێنەری ئاسوودەییە.

ڕەنگە بکرێت پێوەندی سەرەوە لەژێر کاریگەری تێڕوانینێکدا بێت کە سەبارەت بە پێوەندی عاشقانەی نێوان ژن و پیاو هەبووە و هێشتاش بوونی هەیە. کەواتە ڕوانینی دوو دڵدار وەکو دوو پارچەی ناتەواو دەژمێردرێن کە تەنیا لە کاتی بە یەک گەیشتن، دەتوانن بۆ پارچەیەکی تەواو و یەکپارچە بگۆڕێن.

(لێکدانەوەی نموونەی دوو نیوەی ڕوحێک، ژن هاودەم و دوو پارچەی یەک ڕاستییە کە پێشتر باسی کرا هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی وەرگرتووە) بە بڕوای من عیشقی (تەواوکەر) لە ڕاستیدا شێوازی خەیاڵی بنیادی خێزان و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە نێوان ژنانی ماڵەوە و پیاوانی ئیشکەر و کۆیلایەتی ڕوحی سەرچاوەکەی لەو بەشە تەواوکەرەی کۆیلایەتی ئابووری ژنان و عیشقێکی سەربەست و بەرانبەرە، بەڵام گرێبەستێکە کە دوو تاکی جیاواز و سەربەخۆ دەچنە ناویەوە و سەربەخۆیی تاک و پەیوەست بوونی سۆزداری و ڕەگەزایەتی فیدای یەکتر ناکرێت. ئەوەشمان نابێت لە بیر بچێت کە لە ناو شاعیرە هاوچەرخەکاندا جگە لە فروغی فەروخزاد، ئەحمەدی شاملو تەنیا شاعیرێکە کە ژن بە گۆشت و پێست و حەقیقەتی تایبەتی بە ناوی ئایدا لە شیعرەکانیدا کەسایەتییەکی هونەری وەرگرتووە و داستانی عیشقی شاملو و خودی خۆی ئیلهام بەخشی یەکێک لە باشترین کۆمەڵە شیعرە هاوچەرخەکانی ئێران دەبێت. لە شیعری شاعیرانی دیکەدا زۆربەی جار تەنیا باس لە ژنی سۆزانی و هەڵبژاردە کراوە. لە ڕۆژگارێکدا کە بە وتەی شاملو خەندە لەسەر لێوان نەشتەرگەری دەکەن و عیشق لە دار دەدەن (گۆرانییە بچووکەکانی غوربەت) دەرکەوتنی سیمای عیشق بۆ ژنێکی ڕاستەقینە لە شیعرەکانیدا بە دەستکەوتێکی گرانبەها دەژمێردرێت.

**کۆکراوەی: بەشی فەرهەنگ و هونەری سیمرخ**

**سەرچاوە:**

**www.nasour.net**



# زاری و ئاریشەی کۆمەڵایەتی

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

دیوانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی سائیب (زاری) ئەگەرچی کۆکردنەوە و چاپ کردنی ماوەیەکی زۆری خایاند و ساڵی ١٣٨٩ (٢٠١٠ز) لەسەر ئەرکی سادقی کوڕی چاپ کرا و چاو و دڵی خەڵک و وەجاخی کتێبخانەی کوردی پێ ڕۆشن بۆوە، بەڵام شیعرەکانی زاری، دەم بە دەم و سینگ بە سینگ لەنێو خەڵکدا دەگەڕان و زۆر جار دەبوونە هەوێن و خۆشی کۆڕ و دانیشتنەکان و کۆڕەکانیان پێ گەرمتر و ڕازاوەتر دەبوو. بۆ وێنە شیعرە چوار فەسڵەکەی کە کەم کەسی ئەدەبدۆست هەیە نەیبیستبێ، یان بەشێکی لەبەر نەبێ.

**نەسیمی باغی خولدە یا شەمیمی زوڵفی یارە دێ**
**عەبیری موشکی چینە یا بەشیری نەوبەهارە دێ**

ل: ١٦٠

**هاوینی ئەمساڵ وەک من بێقەراریی یار ئەکا**
**شیوەنی کۆچی گوڵ و بێ ڕەونەقیی گوڵزار ئەکا**

ل:١٦٤

**پایزە، زوحاکی سەرما لەشکری بێدادی هات**
**وەک دڵی من پڕ لە گەردی حەسرەت و خەم بوو وڵات**

ل:١٦٦

جگە لە شیعری چوار فەسڵەکەی، دیوانی زاری لێوڕێژە لە وشەی جوان و ڕەوان و جەوهەری شیعری و وێنە و بەدیعی شاز و نەسواو؛ لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوانبێژی و ساکاری یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەو شاعیرە نەمرەیە.

**پەنجەیی نەیچی عەجایەب هەرکە ئاور ناگرێ**
**ئەو دەمەی وا شەرح و سۆزی فیرقەتی دڵبەر ئەدا**

ل:٢٦

**بە هەر تا زوڵفت ئاوێزانە سەد دڵ**



**زاری**

**مەگەر ئەم کارەبایە دڵ ڕفێنە؟**
ل: ٤٦
**هەی هەی نەگوشێ دەستی خەیاڵت مەمکی توند**
**ئازاری بگا، تێبگە دوو قوببە حوبابە**
ل:٤٧

دیوانی زاری لێوڕێژە لە سەدان بەیتی دیکەی ناسک و پڕ مانا و بەڕاستی خوێنەر و بیسەر بە خوێندنەوە و بیستنی هەست بە چێژێکی ڕوحی دەکەن و تامەزرۆیانە بەرەو پیری دەچن. من دەمتوانی دەیان نموونەی جوانتر و ناسکتریش بێنمەوە و پێشکەشتانی بکەم، بەڵام لەم وتارەدا دەمەوێ لەسەر ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییەی شیعری زاری هەڵوەستە بکەم کە بەڕاستی پێی وەڕەز بووە و لەگەڵیدا ژیاوە و بە ڕوح و خوێن و یەسقان هەستی پێکردووە.

بێ بەندوباری و یەکتر ئازاردان و زیان گەیاندن بە خەڵکی لەو ئاریشە کۆمەڵایەتییانەن کە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان هەرکام بە شێوەیەک لە گەڵی



بەرەوڕوون و پێوەی دەناڵێنن. ئەرکی ئەم بەڵا و ناتەبایی و گرفتانە لە وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن ژیار و شارستانیەت لە سەر شانی ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیاکانە و خەڵکی لێ ئاگادار دەکەن و بە گژیدا دەچنەوە و بەرپەرچی دەدەنەوە، یان چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا، چونکە دەرەتانی نووسین و ڕۆژنامەوانی و میدیا بە گشتی نەبووە، تەواوی ئەرکە ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و تەنانەت جوغرافییەکانیش لە سەر شانی شیعر بووە و شاعیران چاو و زمانی خەڵک بوون و جەماوەر بە چاوی ئەوان دیتوویانە و بە گوێی ئەوان بیستوویانە و بە زمانی ئەوان دەریان بڕیوە. شیعریش چونکە بۆ لەبەر کردن شیاو بووە و خەڵک باشتر توانیویانە سینگ بە سینگ بیگێڕن و بیگەیەننە یەکتری، شاعیران بۆ هەموو گرفت و ئاریشەیەک پەنایان بۆ شیعر بردووە و دەردەدڵ و گرفت و ئاوات و خولیاکانی خۆیان پێ دەربڕیوە. ئەو کێشە و تەنگوچەڵەمانەش کە خەڵکی هەستیان پێ نەکردووە و بە چاوی سەریان نەیاندیوە، ئەوان دیتوویانە و هەستیان پێ کردووە و لە چوارچێوەی شیعردا گونجاندوویانە و گەیاندوویانەتە گوێی خەڵکی.

**مەبزوێنە زبانت بۆ زیانت**
**بەڕەڵڵا بێ ئەسووتێنێ گیانت**
**لەغاوی کە نەکا بتدا بە عەرزا**
**برووخێنێ بەسەر یەکدا ژیانت**
ل:٢٢٢

(زاری) یەکێک لەو شاعیرانەیە کە زۆر بە خەمی گەل و کۆمەڵگاکەیەوە بووە و بە پەند و ئامۆژگاری و هێندێ جار بە توانج و تانووت و سەرکۆنەکردن ئەوەی لە دڵیدا بووە و دیتوویە و بە دڵی نەبووە و هەستی پێی ڕووشاوە، لە چوارچێوەی شیعردا گونجاندوویەتی و شیلەی هەستی تێ هەڵساویوە و دەرخواردی جەماوەری داوە و لەو ڕێگایەوە کوڵوکۆی دڵی خۆی هەڵڕشتووە و ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە، چونکە خۆی لە هەمبەر ئەو کێشە و گرفتانەدا بە بەرپرس زانیوە و نەیتوانیوە چاوی لێ بنووقێنێ و گوێی نەداتێ.

**درۆ و کینە، عەداوەت، بەد گومانی**

خەیانەت، نائەمینی، دوو زمانی
حەسوودی، کیبر و غەیبەت، ڕوو شکێنی
دزی، بوختان، لە ناهەق پشتیوانی
پەلاماری ئەم و ئەو دان وەک مار
لە ماڵی خەڵکی خۆکردن بە پەروار
تەمع، بەرتیل، بەد ویژی، بەخیلی
بە خەلقوڵڵا گەیاندن ئێش و ئازار
ل:٢٣٧

هەمیشە گوێ قەلاغن پاکی بۆ شەڕ
وەلێ بۆ بیستنی هەق غافڵ و کەڕ
وەکو قالۆنچە کۆ ئەبنۆ لە دەوری
لە هەر جێگا ببینن شیاکەیێ تەڕ
ل:٢٥١

زاری خاوەنی هەستێکی ناسک و وردبین و مووقەڵێشە و زۆر بە وریاییەوە ڕوانیویەتە دەوروبەری و کۆمەڵگای داوەتە بەر نەشتەری بیری تیژی و هەر لە خەڵکی ڕەشۆکییەوە هەتا شێخ و خەلیفە و مەلا و ئاغا و سەید و حاجی و دەروێش هەموویانی داوەتە بەر تیر و پلار و تانە و خدە و کار و ئاکاریانی خستۆتە بەر تیشکی سەرنجی خۆی و ئامۆژگاری کردوون، لێیان تووڕە بووە و سەرکۆنەی کردوون و ئەگەر ناچار بووبێ بە توندی بەرەوڕوویان بۆتەوە و تەزاندوونی، بوغزاندوونی.

بە هەردوو دەس ئەبێ بۆ قوڕ نەپێوین؟
بە سوورەت ئادەمی و کردە دێوین
لە دەشتی بێ شعووریدا بەرەڵڵا
لە گەڵ جەهلا برایێکی حەسێوین
ئەبێ بۆچی لە جێگەی چاکەدا گوم
لە هەرلا بیدعەتێ بکرێ لەوێ وین؟
ئەگەر ژن نین و پیاوێکی بەڕاسین
لەگەڵ یەکدا ئەبێ بۆ وەک هەوێ وین؟
بە قانوونی مرووەت یەک بە یەکمان
سزاواری تف و تانە و جنێوین
مەلا! بۆ ئەونە سەرگەرمی بە دنیا؟
خەلیفە بۆ ئەوەندە شێوە ڕێوین؟
چییە ئەم قوولە قوولەت کاکە دەروێش؟
لە نەورۆزۆ هەتا زستان لە کێوین
بە دڵتانا خودا کەی دێت سۆفی؟
سەراپا غەرقی گەرداوی پەشێوین



بە تەقوا مامە حاجی! نەک بە مێزەر
لە حەیوانات ئەبێ ئێمە جوێ وین
بەگشت ئەعزا خەریکی شوغڵی دنیا
وەلێ بۆ دین موویێ نابزێوین
مەکەن بۆ ماڵی دنیا کلکەسووتێ
هەتاکەی مەسخەرەی ئێرە و ئەوێ وین؟
ئەگەر هەر مێزەرێکی زەردە حەجمان
موکەللەف بۆ بە خەرجی زێڕ و زێوین؟
کەتانێ زەردی قیمەت سێ پەنابات
لە سەر ئاڵێنە گەر حاجی بە نێوین
مەڵێ خەرفاوە زاری شێتە ئێژم
لە سەر ئاوین ئەمما وشک لێوین!
ل:٦٢

ئەم شیعرە لە گەڵ ئەوەی بە ڕاستی تەوسێکی سەرکەوتووانەی کۆمەڵایەتییە، لە باری هونەری شیعریشەوە زۆر بەرزە و پڕ لە وشەی جوان و شاعیرانەیە، سەرواکەشی زۆر تازە و ڕەوانە و داهێنانی خۆبەتی و لە دیوانی هیچ شاعیرێکی کورددا ئەم سەروایە کەڵکی لێ وەرنەگیراوە.

لە شیعرێکی دیکەشدا کە زاری ویستوویەتی خەڵکی پێ ئامۆژگاری بکات و تەنانەت هێندێ ڕەقی و زبریشی پێوە دیارە، بەڵام زانیویەتی ئەو وشانە دەبنە هۆی ئەوەی زیاتر سەرنجی خەڵک ڕابکێشن و ببنە هۆی ئەوەی شیعرەکە لەبەر بکەن، چونکە خەسڵەتی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە وایە و قسەی ڕەق و جنێو زووتر لە قسەی خۆش و تاریفات فێر دەبێ و لە مێشکیدا تۆماری دەکات.

لە نادانی برا سەرفی نەزەر کە
کڵاوی ئەقڵ و دانایی لەسەر کە
لە خۆراک و خەوە ئەوقاتی خۆ خەرج
مەکە، ئینسانی! کەم تەقلیدی کەر کە
مەکە بێهوودە سەرف ئەم نەغدی وەختە
هەتا عومرت هەیە کەسبی هونەر کە
ئەگەر نەتدیوە باڵی دانش و هۆش
تەماشای سەیری پەروازی بەشەر کە
گەدا شایەد ئەگەر دەس باتە کارێ

**هەزار ئاغا فیدای یەک کاریگەر کە**
**لە ئاوابوونە ڕۆژی عومری زاری**
**ئەتۆ ڕۆژت بە دانش شوعلەوەر کە**
ل:٣٢

لە شیـعـرێکی دیکەدا کـە سـاردوسـڕی خـەڵـک و بێ ڕێزییـان سەبارەت بە هونەر و زمانەکەی خۆیان دەبینێ، لە دەست بێ قـەدری شاعـیـر و بێ نرخ بوونی ئەدەب سکاڵا دەکات و دەڵێ:

**ئەدەب بێ موشتەری، بێ قەدرە وەک زبڵی خیابانە**
**لە دنیادا ئەوێستا موشک و پشکەڵ نرخی یەکسانە**
**نەزم بێ نەزم و نازم بەسترا دووکانی کووتاڵی**
**بەڕاسی نارەواج، ئەمڕۆکە دەستەی نوکتەزانانە**
**زەرافەت باری کرد و نوکتەوێژی مرد و شاعیر هەم**
**بە خۆی و کاروانی شیعرەوە وێڵی بیابانە**
ل:٤٢

زاری لەو سەردەمەدا ئاوا سکاڵا و ئاهوناڵەی بووە ئەگەر لەم کۆمەڵگایەی ئەمڕۆدا بژیایە و ئەم هەموو ناحەزی و بێ ڕێزییەی بدیبایە و چاوی بەو لاوانە بکەوتایە کە بە دەستی خۆیان ژیانی خۆیان لە نێو دەبەن و ناپاکی بە پاک دەبینن و دزێوی و ناحـەزی بە لایانەوە جـوانیـیـە، بڵـێی چی بنووسیبایە؟

**ئاداب و خوویی شیرین، شەیتان ئەکا بە ئینسان**
**فیز و هەوا و توندی ئینسان ئەباتە کن کەر**
**گوم بوو حەیا و عیففەت، ئەدەب نەماوە شۆنی**
**کەماڵە بێ جەماڵە، بێ فەرقە بەرد و گەوهەر**
ل:٩٠

کـاتێک لە دەست دوو زمـانی و زەم و غـەیبـەت وە زاڵە دێ و دەبینێ خـەڵکی خـەریکی شـەیتـانی کـردن و خـراپە وێژی یەکـتـرن، ناتوانێ بێدەنگ دانیـشـێت و هیـچ نەڵێ، بۆیە تیـخی زمانی دەخاتە کار و پلاری وشەیان تێدەگرێ.

**پڕ لە غەوغا وو سەگوەڕە عالەم**
**لە هەموو لاوە عەف عەفە و حەم حەم**
**لە هەموو کووچە و گوزەرگاهێ**
**بێ حەیا وێژییە و بەرەڵڵا دەم**
**شەوچەڵەی خۆشی ئەهلی ئەم عەسرە**
**غەیبەتە و ئیفترا، درۆیە و زەم**
**غەیبەتی گۆشەگیرە پێخۆریان**
**سوبح و ناهار و شام و هەرسێ ژەم**



**وادیارە کە خزمی دووپشکن**
**نێـزەی ئەو دومـیـە، نێـزەی ئێوەش دەم**
ل:٨٨

لە شـیـعـرێکی دیکەدا ڕوو دەکاتە مرۆڤە ئاژەڵ سفەتەکان و پێـیـان دەڵێ ئێـوە ئینسـانن، ئاکـاری باش و شـیـاو ڕەچاو بکەن و خـۆتان لە خـراپە و کردەوەی دزێو بە دوور بگرن؛ هەروەها بیر بکەنەوە و تەنیا لەخەیاڵی خواردن و خەودا مەبن، چونکە خودا، بۆیە ئێوەی بە مرۆڤ و خاوەنی فام و شعوور خوڵقاندووە تاکو یارمەتی یەکتر بدەن و بە دەردی یەکتر بچارێن.

**گەر غەرەز هەر خواردن و خەو بێ لە ئیجادی بەشەر**
**کامە فەرقی ئادەمی وو گا و گورگ و کەمتیار؟**
ل:٩٥


**سەرچاوە:**
**دیوانی زاری کردوکۆ و ئامادەکردنی محەممەد سادق سائیب، چاپی یەکەم ١٢٨٩، بلاوگەی محەممەدی سەقز**



# بەهارییەی زاری و چەند بابەتی نادیاری

سەعید نەجاڕی"ئاسۆ"
(بۆکان)

**بەهارە دێ، نیگارە دێ حەیاتی گیا و دارە دێ**
**زاری مەڵێ بەهارە دێ قودرەتی کردگارە دێ**
**ئەشعاری ئابداری تۆ بە یادی چاوی یارە دێ**

بەهار، بووکی ڕازاوەی سروشت، ڕۆژی ژیانەوەی گیا و دار و مێروو، سەرەتای نوێ بوونەوەی ساڵێک لە مێژوو، کاتی لەخەو هەستانی دارستان، کاتی گوڵدانی دارانی لەبەر سەرما دەستەوەستان. کۆنسێرتی کەو و بلبل و سێروو و قومری. فیستیڤاڵی شاعیرانی ناتۆرالیست. مەدرەسەی لاوەتی سەوزەڵانی و کانیاو. وەرزی ئاشتبوونەوەی عەرز و گەرمایی و هەتاو. پێشانگەی وێنەگەری ڕاستی لەسەر قاقەزی خاک بە قەڵەمی ئاو. وەرزی تۆقینی کانیلکە و جۆبار و شەتاو. لەسەرووی هەمووی ئەمانەوە وەرزی گەڕانەوەی مەلە کۆچەرییەکان بۆ هێلانەی جاران. وەرزی شریخە و کۆلکەزێڕینە و تیشکی هەتاو و باران.

جا تۆخوا حەیف نییە شاعیر لە وەرزێکی ئاوادا دەست بۆ قەڵەم نەبات و یەک لە هەزارانی ئەم جوانییانە لەسەر ڕوخساری بووکی ڕازاوەی خەیاڵی بە قەڵەمی نوور نەکاتە شیعر؟

کەمتر شاعیر هەیە بەهارییەی نەبێ، بەتایبەت شاعیرانێ کە سێ وەرزی ژیانیان لە بەندی نان و ئاو و ڕەنج و بێ دەستەڵاتیدا ڕابرا بێ و لە وڵاتێ بژی، بێ دەرەتانی سەربەستی وتار بێ و زەوقی لەترسان مرا بێ. جگە لە بەهارییە و ساقینامە و شتی وا دەبێ کێ و چی دیکە سەنگی سەبووریان بێ. هەرچی لە دڵیاندا بووە، زستانی دڵ ڕەشی سکووت ئاخنیویە. ناچار وەک مەلی بەهاری بە چریکەی بەهارییە هەناسەی دووکەڵاوییان لە حەنجەرەی بەهارەوە دەئاژۆوێننە داوێنی سروشت، مەولەوی فەرمووی:

**وەهارەن سەوزەن، ئاوەن،شەتاوەن**
**بۆی عەتری گوڵەن، شەوبۆی گوڵاون**

**ساقییەن، گوڵەن، نەسیمەن، بادەن**
**بولبول لە دەورەی گوڵان ئازادن**

نالی دەڵێ:
**ڕاییەڵی تان وپۆیی کلووی بەفرە ئابشار**
**با بایدەدات و ماسی پیادێ وەکو مەکووک**
**دەسبەندییانە دێن و دەچن سەرو و ناروەن**
**خاوەن کڵاو و سایە و بەرگن وەکو ملووک**
**کانی دەزێن بە تاو و درەخت ئاوسن بە با**
**شادی بەهارە بولبولە داماد و غونچە بووک**

وەفایی دەڵێ:
**نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا**
**بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دڵبەری هێنا**
**نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە**
**سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا**
**بە بێ شاباشی سەر بە قسەی وەفایی گوڵ چرا نابێ**
**کە بولبول هەر زمانی هەن وە پەروانەش سەری هێنا**
هەژاریش فەرموویەتی:
**مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری**
**وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری**
**بە تیشکە تێک شکا سپای کڕێوە**
**هاواری ڕۆژ گەیشتە خاکەلێوە**
**فەرمان درا بە سەوزە سەر هەڵێنێ**
**چیدی لە بەندی خاکی ڕەش نەمێنێ**

هێمن ئاوای درکاند:
**لەبەر دەرکی ڕەشماڵان، دەبینی چاو کەژاڵان**
**دڵان دەبەن بە تاڵان، گێژ دەکەن کوڕ و کاڵان**
**هێمن لەسەرەخۆ بە، نەکەی بچی بۆ هۆبە**
**دەنا دەشکێنی تۆبە، ئاگر دەگری وەک سۆبە**

حەقیقی-ش ئاوا:
**لە ڕازان باز و قومری دێنە خوارێ**
**سەفا دێ خەو دەتۆرێ، خەم دەتارێ**
**قەلی ڕووڕەش بلێ با خۆی وەشارێ**
**لەبەر چنگی هەڵۆ و بازان و شاهۆ**

ئاوات-یش ئاوای باس کرد:
**وا هات بەهاری تازە، شنەی بای شەماڵە دێ**
**ناقووسی ژینی پڕ لە هیوای کیژ و کاڵە دێ**
**قاسپەی کەوی بناری کەژ و کێو و یاڵە دێ**



**کۆتر لەسەر ڕەوەز بە گمە و**
**ناڵە ناڵە دێ**
**جیکەی مەلە هەرایە، وشەی**
**باڵی داڵە دێ**

ئاسۆ-ش دەڵێ:
**کارگی لە نواڵان سپی و**
**ساف و سۆف و سۆڵ / لە**
**بەرزی و نەوی**
**هاتنەدەر چەشنی مەمک خڕ و خۆڵ /لە سینگی زەوی**
**تک تک فرمێسکی ڕنووی داڕزاو / دەڕژێتە سەر**
**عەرز**
**زنەی کرد مێرگ و کانیاو و شەتاو / ڕازان بەسەد تەرز**
**پۆلی شلومل هەڵگەڕان بە ناز / چوون بۆ گێلاخە**
**پڕیان کرد سینگی پڕ ئاخم لە ڕاز/ خۆزگە بەو ئاخە**

کێ و کێ و کێ و کێی دیکە. ئەگەر بمەوێ لە هەر شاعیرێ فاکتێ بێنمەوە: (مثنوی هفتاد من کاغذ شود)، بەڵام کاتێ دەگەیە بەهارییەی «زاری» بە ڕاشکاوی دەتوانی بڵێی زۆربەی بەهارییەکان چکۆلە دەنوێنن. جارێ با ئەوەشتان عەرز بکەم لە شیعری کێش و قافیەدار، واتا عەرووزیدا هەڵبژاردنی قاڵب دوایە کێش و قافیە، لە تاموچێژ و بۆنی شیعرەکەدا یەکجار بە نرخە. ئەوە ئیدی با لەوە گەڕێین ئەوانەی درەنگیان دەست پێ کردووە و دەیانەوێ زوو پێ بگەن وەبەرچاویان نایێ و جاری واشە تووک و نزا لەو شیعرانەی پێشترمان دەکەن.

زاری هاتووە قاڵبی موسەممەتی هەڵبژاردووە کە پسپۆڕانی مێژووی ئەدەبی فارسان پێیان وایە کە مەنوچێهری دامغانی لە سەدەی پێنجەمدا دایهێناوە، خودا هەڵناگرێ قاڵبێکی خۆش و لەبەر دڵانە، بەڵام گرانە و کاری هەموو کەس نییە. ئەگەر لە نێو شاعیرانی فارسدا چ کۆن و چ نوێ بمانەوێ چوار پێنج بەهارییە گوڵبژێر کەین، بێ شک بەهارییەکەی میرزا حەبیبی قائانی شاعیری قەجەرییان کە هاوچەرخی شێخ ڕەزا و مستەفابەگی کوردی بووە، لە هەمووان لەبەرچاوترە، دیارە شێخ ڕەزا و کوردی لەگەڵ میرزا حەبیب دیوناسیشیان بووە، بەڵام لە مەبەستی باسەکەی من بە دوورە. بەهارییەکەی قائانی ئاوا دەست پێ دەکا:

**نسیم خلد می وزد مگر ز جویبارها**
**عبیر مشک می دمد مگر ز کوهسارها**
**ز ریزش سحاب ها حباب ها بر آب ها**
**چو جوی نقره آب ها روند در آبشارها**

که بەڕاستی شاهکاری شیعرییە. مامۆستا زاری ئێمە بێ هیچ دیعـــایەیەکی پایتـــەخت نشـــینی و دوور لە ئەنجوومـەنی ئەدەبی خاقـان کە قائانی لەوێدا بە پووڵ و پارە هەڵدەسـەنگێندرا، ئەم لە ئاوایی «ئارەبغـڵـــوو» چووەتە جەنگی قائانییەوە و بەهارییەیێ دەخولقێنێ کە هەر کوردێکی دڵسۆز لە ژیانیدا جارێکی نەخوێنێتەوە پێم وایە خـەسـارێکی گـەورەی دیوە، جـارێ با چەند کۆپلەی بنووسمەوە و دوایە دەچمە سەر باسەکە:

**نەسیمی باغی خولدەیا شەمیمی زولفی یارە دێ**
**عەبیری موشکی چینە یا بەشیری نەوبەهارە دێ**
**هەور لە ئاسمانەوە مەعمووری کردگارە دێ**
**عوششاقی ئەشکبارە یا خزر لە کۆهسارە دێ**
**موژدەی زهووری تەلعەتی جەماڵی لالەزارە دێ**
**هەوری سیاهی توندخوو لەگەڵ شەماڵی دوو بە دوو**
**بە ناڵەناڵ و های و هوو بە دەست و برد و هاتوچوو**
**عازمی ڕەزمە زووبەزوو بە گرمەگرم و بە قاوقوو**
**سپای زستانی قڕ دەکا لە «تیلەکۆ»، لە «هۆبەتوو»**
**بە تانگ و تۆپ و تیپەوە، خوسرەوی تاجدارە دێ**
**قەترە کە دێتە سەر زەوی، لە هەوری دوڕفشانەوە**
**شیوەن ئەگاتە ئاسمان بە ناڵە و فەغانەوە**
**لە «چلچــەمــە» لە «کـۆتەڕەش»، لە «گـردەکـۆ» لە «خان»ەوە**
**لە «سێـوە سـوور» لە «پیـربۆداق»، لە «کـورتەک» و «بەیان»ەوە**
**بۆ قەتڵی خەیبەری مەگەر خاوەنی زوڵفەقارە دێ**
**سوورەتگەرانی ئەکبەری، هەزار نەقشی دڵبەری**
**لەسەر گڵووکی ئازەری، سیەه، سفید و ئەحمەری**
**بەنەفشەیی و ئەسفەری، چ قەهوەیی چ ئەخزەری**
**موسەللەسی، مودەووەری، موخەممەسی، موعەششەری**
**تەرتیب ئەدەن نە سەرسەری، بە فیز و ئیعتبارە دێ**
**لە لانکی زەمیندا پەروەرشی مناڵ ئەدا**
**تەرتیبی رووممەت و لەب و پەرچەم و زولف و خاڵ ئەدا**
**وەسمە لە تاقی ئەبرۆو و سورمە لە چاوی کاڵ ئەدا**
**بە تازەبووکەکانی گوڵ ختووتی شین و ئاڵ ئەدا**
**پێخەسوویێکی ماهیرە ئەم هەورە عەترەبارە دێ**
**ساقی بە جامێ بادەوە، بە زولفی تابدادەوە**
**بە خاڵی موشک زادەوە بە تەلعەتێکی سادەوە**
**لە بورجی شاهزادەوە، بە ئەبروویێ گوشادەوە**
**بە داوی موشکی سادەوە، بە گەردەن و بیجادەوە**
**لە جادەوە بە بادەوە، زینەتی لالەزارە دێ**

جا لێرەدا پێویستـە بگەڕێمـەوە بۆ ٢٧ سـاڵ بەر لە ئێستـا کە لە شاری ورمێ بە خزمەتی مـامۆستـا هێمن



گـەیشـتـم، تازە ژمـارەی(١)ی گۆڤاری سروە، ئامادە کرابوو، بەڵام بڵاو نەکـرابووەوە. پڕ لە بەهارییەی شاعـیران بوو. ئەم بەهارییـەی زاریشی تێدا بوو. من مامۆستا هێمنم لە نزیکەوە زۆر باش دەناسی، یەکجـار لە شیـعردا سـەختگیـر بوو، کـەم شاعیری پێ شاعیری چاک بوو، بەڵام بە سەر سوڕمانەوە فەرمووی: ئاسۆ ئەم زارییە دەڵێن خەڵکی لای ئێوەیە، پێم خۆشە بیبینم ماڵی لە کوێیە؟ ئەم شیعرەی شاهکاری ئەدەبی کوردییە. بە غەمناکییەوە عەرزم کرد، مـامۆستا بەداخەوە تازە قـەتی نابینی! چونکە دڵە شاعـیرانەکـەی زاری سێ سـاڵ بەر لە ئێسـتـا لە شاری سـەقـز لە لێدان کەوت. تەرمەکەشیان هێنایەوە بۆ «ئارەبغڵوو» کە مووچە و مـەزرای لەوێ هەبوو. جا ئەوەی من لێـرەدا دەمـەوێ لەسـەری بڕۆم نە پێدا هەڵکوتنە و نە زێدەڕۆیی لەسـەر کـەسـایەتی زاری، بەڵام چەند ڕوونکردنەوە هەیە بەرەی ئێـسـتـا بۆی ناچن. لە چەند شـوێن بیسـتـوومـە دەڵێن شیعری زاری وشـەی بێگانەی زۆر تێدایە، هەڵبەت ئەم قسانە بۆ نالی و وەفـایی و میـسباحیش دەڵێن و هەر دەکرێ. ئاخر ئەوان ئەوە بۆ نازانن زمانی شیعری دەگەڵ زمانی ئاخاوتن فـەرقی هەیە، تەنانەت نووسینی نەسریش زمانی قسە پێکردنی ئاسایی خەڵک نییە، دەبێ بۆ ئەم گرفتە چاو لە بەردەنگ، یان خوێنەری ئەو سەردەمەی ئەو شیعرە کوتراوە بکرێ. لەو سەردەمەدا گۆڤار نەبوو، ڕادیۆ کەم بوو، تەلەڤـیزیۆن نەبوو. سەواد لە بازنەی سێ چینی تایبـەتی واتا ئاغـا و مـەلا و شێخ و تاکوتەرا میـرزادا خـولی دەدا. ئەوانیش هەمــوو بە عـەرەبی و فـارسی دەرسیـان خوێندبوو، چاکیشیـان دەزانی دیارە فارسی و عەرەبی شوێن لەسەر زمانی شیعری ئەوان وەک ئێستا بەجێ دەهێـڵێ، زمـانی ئینگلیـزی لەسـەر ناوەڕۆک و شکڵی شیـعریش شـوێنی جێ هێشـتـووە، جا بۆیە بۆ پێوەری زانستییانەی پلەی سەرکەوتنی شیعرێک، یان داکـشـانی بابەتێک، دەبێ زەمـان و زمـانی سـەردەمی نووسـراوەکـە لەبەرچاو بگیـرێ. ئەگـەر کـەسـێک لە شیعرێک ناگا، خەتای شاعیر نییە، بۆ گلەیی لە خوێنەر نەکەین هەوڵ نادا فێر بێت.

من لێـرەدا دەمـەوێ باس لەسـەر سێ بابەتی شـاراوەی ئەم شیعرە بکەم و ئیدی باسەکەم تەواو کەم.

**١- کێش و سەروای ئەم شیعرە:**

ئەم شیعرە لە قاڵبی موسەممەت، واتە پێنج خشتەکی و

کێشی (مفاعلن، مفاعلن، مفاعلن، مفاعلن) کە کێشێکی یەکجار دەگمەنی زمانی کوردییە یان هەر نییە، چونکە «مفاعلن» زادەی دوو بەحرە یان ڕەجەزی مەخبوونە، یان هەزەجی مەقبووزە، هەر چەند ئەم باسە زۆر پسپۆڕانە و وشکە، بەڵام ناچارم بیڵێم لە زمانی کوردیدا هیجای کورتمان نییە، یان یەکجار کەمە. ئەم کێشەش لە هەر ڕوکنێکیدا دوو هیجای (برگە) کورتی هەیە، جا بۆیە بەبێ تەعاروف (موجامەلە) دەڵێم کام شاعیری گەورەی کورد هەیە نەیتوانیوە بێ هەڵەی کێشی عەرووزی لەم بەحرەدا شیعر بڵێ، بێجگە لە مامۆستا حەقیقی نەبێ کە ئەویش وەک زاری لەژێر کارتێکردنی قائانی بەهارییەیەکی دانابوو. هەندێ لە پسپۆڕانی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی شیعر بڕوایان وایە ڕەخنەی شیعر تایبەت بە شاعیرانە و بەس. ئەم قسەیە لە هەوەڵەوە زۆر ناحیسابییە، بەڵام کاتێ لێی خورد دەبییەوە زۆریش ناحەق نییە. فەقەت شاعیر دەزانێ کامە قاڵب دژوارە و کامەیان ساکار، کامە شیعر بە هێزە و کامەیان بێ هێز. دوایی قافییەی ئەم شیعرە کە ئێستا بەداخەوە لە شیعری ئەمڕۆدا دەبێ بە تێلێسکۆپ لە قافییە بگەڕێی لە کاتێکدا خودی نیمایوشیج کە بنیاد دانەری شیعری نوێی فارسییە، لەباری قافییەوە دەڵێ: «قافییە بۆ شیعر وەک ئێسقان وایە بۆ لەش، هونەری شاعیر لە قافییە سازیدایە.» قافییە لەم شیعرەی زاریدا وەک مەولەوی ڕۆمی لێی دەڕژێ هەر لە سەربەندەکانیاندا نییە، بەڵکە قافییەی میانی و ناوەکیشی هەیە کە تایبەت بە شاعیرانی وەک مەولانا و سەعدییە لە فارسیدا. لە کوردیدا چاو کەن لە زاری: «بەهارە دێ. نیگارە دێ. حەیاتی گیا و دارە دێ. زاری مەڵێ بەهارە دێ. قودرەتی کردگارە دێ. ئەشعاری ئابداری تۆ بە یادی چاوی یارە دێ.» کە لەم سێ میسراعەدا بەهار، نیگار، دار، کردگار، ئەشعار، ئابدار، یار هەموو قافییەن لە کاتێکدا سێ دانەیان بەس بوو. یان لەم کۆپلەدا:

«ساقی بە جامێ بادەوە، بە زولفی تابدادەوە، بە خاڵی موشک زادەوە، بە تەلعەتێکی سادەوە، لە بورجی شاهزادەوە، بە ئەبرووی گوشادەوە، بە داوی موشکی سادەوە، بە گەردنی بیجادەوە، لە جادەوە بە بادەوە» هەموو وشەی قافییەن لەکاتێکدا چواریان پێویستە. جا سەیر ئەوەیە شاعیرانی نوێخواز دەڵێن قافییە بەردەستی شاعیر دەگرێ، ئەوان چواریان پێ سەختە! زاری یازدە دانەی هێناوەتەوە! هێشتا پێشی سخت نەبووە.

**٢- ئاگاداری ئاگاهانە لە مێژووی ئوستوورەکاندا:**



هێنانەوە و ناسینی ئوستوورەکانی پاڵەوانی- دینی- نەتەوایەتی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری لەوە پێش و ئێستاش. زاری دیارە شاهنامەی زۆرباش زانیوە، مەلا بووە و لە ئوستوورەی ئایینیدا پسپۆڕە. واژەگەلی وەک ڕۆستەم. دێوی سپی. بێژەن. بەهمەن «هەڵبەت بە ئیهام» مەسیح. میسری دڵبەری. یووسف. خاوەنی زولفەقار. سپاهی زەنگبار. خوسرەوی نامدار لەم میسراعانەی خوارەوە:

**بۆ حەرپی دێو سپی مەگەر ڕۆستەمی نامدارە دێ**
**بێژەنی خۆر ئەدا لە یەخ بە گورزی قورسی سەدمەنی**
**دەنگی شەماڵە کەڕ دەکا دڵێرەکانی بەهمەنی**
**لە ئاسمانی چارەمین مەسیحە ڕوو بە خوارە دێ**
**بۆ قەسری میسری دڵبەری یوسفی گوڵ عوزارە دێ**
**بۆ قەتڵی خەیبەری مەگەر ساحیبی زولفەقارە دێ**
**بە تانگ و تۆپ و تیپەوە خوسرەوی نامدارە دێ**

**٣- ئاگاداری لە شوێنە خۆش ئاب و هەواکانی کوردستان:**

ڕەنگە یەکێ لەو تایبەتمەندییانەی کە شاعیرانی پێشووی کوردستان بۆنووسینی بەهارییە بوویانە، هەر ئەم شاخ و داخ و باخە ڕەنگینانەی وڵاتەکەمانە کە کاتێ عەرەب هاتن و ئەو جەنناتانەیان دی «تحتها الانهار» بوون، خەبەریان ناردەوە بۆ عەرەبستان، گوتیان بەهەشتەکەی محەممەدمان دیوەتەوە. ڕەنگە هەر هۆی ئەوەش بێ ئەم وڵاتەی ئێمە دابەش دەکەن. کەو و بلبل دەنگیان خۆش نەبا قەت لە قەفەس نەدەکران. ئەدی بۆ کەس کاری بە قەلەڕەشەوە نییە؟ جا بۆیە با لێی گەڕێم. زاری وەک شاعیرێکی ناتۆڕالیستی هەر شوێنێکی وڵاتی خۆش ئابوهەوای کوردستانی دیبێ لە شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە تیلەکۆ، هۆبەتوو، چلچەمە، گردەکۆ، خانە، سێوەسوور، پیربوداق، کورتەک، بەیان، لەم میسراعانەدا.

**سپای زستانی قڕ دەکا لە تیلەکۆ لە هۆبەتوو**
**لە چلچەمە لە کۆتەڕەش، لە گردەکۆ لە خانەوە**
**لە سێوەسوور لە پیربوداق لە کورتەک و بەیانەوە.**

**سەرچاوە: دیوانی زاری کردوکۆ و ئامادەکردنی محەممەد سادق سائیب، چاپی یەکەم ١٢٨٩ ، بلاوگەی محەممەدی سەقز**

# ئاوڕێک لە شیعری زاری

ڕەحیم لوقمانی
(سەقز)



ماموّستا مەلا کەریم سائیب "زاری" شاعیرێکی شیعرناس و بەهرەمەندە کە ڕۆژگاری نەهاتی و ژیانی بێ دەسەڵاتی نەیانهێشت، هونەری قەڵەمی بە تەواوی ڕەنگ بداتەوە و ئاوازەی شیعری لە کوردستاندا دەنگ بداتەوە. زەمانی ماموّستا زاری چاپەمەنی و بڵاوگەی کوردی بە جۆری پێویست نەبووە تا شاعیر بتوانێ بەرهەمەکانی بڵاو بکاتەوە و هاوزمانانی بە باشی بیناسن.

تەنیا نیوە دەنگێکی کوردی ئەو سەردەمە بەرنامەی کوردی ڕادیۆی کرماشان بوو کە شەوانە بەرنامەی فەرهەنگی و ئەدەبی پەخش دەکرد. شیعرەکانی زاری بە دەنگی شوکروڵڵای بابان بە گوێی زۆر کەسی ئەو دەمە ئاشنایە. کێ هەیە لەو سەردەمەدا بەرنامەی ڕادیۆی کرماشانی بیستبێ و شیعرەکانی زاری بەتایبەت چوار وەرزەکەی بە گوێی ئاشنا نەبێ؟ شیعری زاری لە ڕووی شێوازەوە دەچێتە خانەی شیعری کلاسیکی کوردی، بەڵام هەندێ تایبەتمەندی جیاوازی خۆی هەن کە ڕەنگ و بۆی تایبەتییان بە شیعری زاری بەخشیوە. زاری وەک زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی سەرچاوەی خوێندنی کتێبی ئایینی و عەرەبی بووە. لە گوندەکانی سەقز مەلایەتی کردووە، بەڵام هەمیشە هەوڵی داوە لەسەر شان و خوان و زەکات و بەراتی خەڵک نەژی. بۆ هەر دێیەک چووبێ، نەک بە مەلایی، بە فەلایی ژیاوە و دەستندەخۆری هیچ کەس و دەستەڵاتێک نەبووە. کاری مەلایی بە کڵۆڵی خۆی دەزانێ و عەبای مەلاییش بە کەوڵ ناو دەبا. کەوڵ پێستی گایە و گایش لە ئەدەبی کوردی و فارسیدا هێمای گێلی و نەزانینە.

**ئەمن ئەو وەختە مەعلووم بوو کڵۆڵم**

**ئەگەر کەوڵی مەلایی هاتە کۆڵم**
**بە هۆی شوغڵێکی وا بێ ئەرزشۆیە**
**لە ئەنزارا وەکو بزنی گەڕۆڵم**

زاری وەک لە پیشەی مەلایی بێزار بووە، هیچ کات قەڵەم و شیعری لە پێناو نان و بژێودا بە کار نەهێناوە و شیعری نەکردۆتە کەرەستەی نان و ژیان. لەگەڵ خێزانداری خۆی و ژیانی هەژارانەی مەلای ئازادی ئەو سەردەمە، هەمیشە لە سایەی ڕەنجی شان ژیاوە و خۆی پێگەیاندووە. لە شیعریکدا دەڵێ:

**نەقیزەم هەڵگرت لە باتی قەڵەم**
**تەحسیلی مەعاش بەم نە بەو ئەکەم**
**لام دا لە ڕێگەی پێچاوی و پڕ فێڵ**
**ڕووپەڕە و حەرفم تۆمەشانە و هێڵ**
**بۆ ڕۆزی زەوی بە گا هەڵدڕین**
**چاکە نەگیرفان ئەم و ئەو بڕین**
**بۆ بەخێو کردن خۆم و خێزانم**
**خەرمان هەڵ ئەگرم بە ڕەنجی شانم**

هەرچەندە زاری هاوزەمانی خۆمانە، بەڵام شیعرەکانی لە شێوەی دارشتن، بەکارهێنانی زمان، ناوەرۆک،کێش، قالب، ڕوانین بۆ جیهان و... زۆرتر ڕەنگ و سیما و سێبەری ئەدەبی کلاسیکییان لە سەر دیارە. لێرەدا بە ئاماژە بە هەندێ لەو خاڵانە و چەند تایبەتمەندییەکی شاعیر دەکەم.

**١- زمان:** لە سەرجەم دیوانەکەیدا زاری هەمان زمانی باوی ڕابردووی تێکەڵ بە عەرەبی و فارسی بە کار هێناوە، وەک:

**قەساوەت بۆ شەقاوەت ڕەهنومایە**
**سەداقەت بۆ سەعادەت کشتگایە**
**نەسیمی باغی خولدە یا شەمیمی زولفی یارە دێ**
**عەبیری موشکی چینە یا بە شیری نەوبەهارە دێ**
**خادەمی ئەو قەلبە ڕووناکەم بە نووری مەعریفەت**
**وا لە هەر زەڕرە بە فیکرەت کەشفی سەد ئەسرار ئەکا**

وەک دیارە هەندێ لە وشەکان و ڕستە بەندی شیعرەکە لە وشەی سواوی عەرەبی یان فارسی پێک هاتووە، ئەمەش بۆ زمانی سەرچاوەکانی خوێندن و پێگەیشتنی شاعیر دەگەڕێتەوە وەک عەرەبی لە ڕووی ناچارییەوە، لە پێشدا کاریگەری لە سەر باوەڕمەندی و جیهانبینی



شاعیر هەبووە و دواتر دەیکاتە کەسایەتییەکی ئایینی. جگە لەمەش، زمانی فارسی بە شیعری نیزامی، مەولەوی، سەعدی و حافز کاریگەری زۆریان لەسەر شێوەی شیعری و زمان و قەڵەمی شاعیر داناوە.

**٢- ناوەرۆک:** سەرجەم شیعرەکانی زاری، وەسفی سروشت و جوانی، بیر و باوەڕی ئایینی، گلەیی لە ڕۆژگار و یار،ئامۆژگاری خەڵک و پەندی کۆمەڵایەتی، هاواری یەکیەتی و زانیاری بۆ کوردان، خۆشەویستی و ڕزگاری نیشتمان و ... لەخۆ گرتووە، جگە لەمانە بەشێکی تایبەت بە ڕێنمایی و هەڵسوکەوتی ئایینی و دینی بۆ خەڵکی ئاسایی تێدایە. لەم بەشەدا زاری بە توندی ڕەخنەی لە خورافات و بازاڕی شێخ و مەلا گرتووە، کە ئایینیان وەک کەرەستەی بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێناوە. ئەمە یەکێک لەو خاڵانەی شیعری زارییە ،کە بە نسبەت شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەرجەستەتر دیارە.

لەو شیعرانەش کە پەسنی جوانی، دڵداری، وەسفی سروشت و نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی تێدایە، شێوەی ڕوانینی شاعیر بۆ دیاردەکان، بە بیروباوەڕی پاکی عیرفانییەوە، وەک ڕێبەرێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی بە جوانی دەردەکەوێ. وەک: شیعری چوار وەرزی ساڵ، زۆربەی غەزەل و مەسنەوییەکان.

**٣- کێش و قاڵبی شیعر:** بەو پەڕی دەسەڵاتی هونەری و شاعیرانەوە، زاری زۆربەی کێشەکانی (وەزن) عەرووزی عەرەبی و هەموو ئارایەکانی شیعری کلاسیکی بە جوانی ناسیوە و بە کاری هێناوە، هەروەها لە زۆربەی قاڵبەکانی شیعری کلاسیکدا وەک: مەسنەوی، قەسیدە. غەزەل، پێنج خشتەکی، تەرکیببەند، چوارینە و... شیعری داناوە، ئەمەش دەسەڵات و توانایی شاعیرمان پیشان دەدەن لەسەر ناسینی شیعری پێش و سەردەمی خۆی. خاڵێکی گرنگی دیکەی شیعری زاری لێرەدا جێی سەرنجە، کە هەرچی ویستوویەتی مەسەلەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بۆ خەڵک باس بکات، وەک مەولانای فارس، بە زمانی تەمسیل و چیرۆک، بەڵام بە کێشی سادەی خۆماڵی، ئامۆژگاری شاعیرانەی بۆ خەڵکی

ئاسایی و کەم خوێندەوار نووسیوە. ئەم شیعرانەی زۆرتر لە سەر کێشی پێنج هیجایی کوردی و بە زمانی خۆمانی و سادەتر نووسیوە. وەک چوار هۆنراوەی زاری بۆ کوردەواری و هەندێ وردە داستانی تەمسیلی، بەڵام لە شیعرەکانی دیکەدا کە هەست و بیر و قەڵەمی لە هەر چوار چێوەیەک، ئازاد بەکار هێناوە، لەسەر کێشی ڕیتمداری عەرووزی،زۆر دنیای جوانی شاعیرانە و هونەری ڕەنگینی نیگارکێشانەی ئافراندووە. (بڕوانن بۆ شیعری چوار وەرز.)

لە قالبە شیعرییەکاندا نموونەی وای هەن، کە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، وێنەی لەو شێوە کەمتر بەرچاو دەکەوێ، ئەمەش جیا لە دەسەڵات، شکاندنی سوننەتە لە غەزەلدا وەک:

**لە تاوی ئێش و دووری تەلعەتی یار**
**چ غەمبارم چ غەمبارم چ غەمبار**
**لە تەن گیانم کە دەرناچێ لە هیجری**
**چ بێ عارم چ بێ عارم چ بێ عار**
**بە بێ دیداری ئەو لەم زیندەگیمە**
**چ بێزارم چ بێزارم چ بێزار**

زاری جگە لە دیوانە شیعرییەکەی، دەستێکی باڵاشی لە وەرگێڕاندا هەبووە. ڕۆمانە شیعری لەیلێ و مەجنوونی نیزامی بە جوانی و ڕەوانی وەرگێڕاوەتە سەر شیعری کوردی. بە پێی دەستەڵاتی شاعیرانە، کوردییەکەی زاری هیچی لە فارسییەکەی نیزامی کەمتر نەهێناوە. هەرچەند زاری وەزنەکەی نیزامی گۆڕیوە، بەڵام بە وەزنی "مفاعیلن مفاعیلن فعولن" ڕوحێکی کوردانەی بە چیرۆکی لەیلاومەجنوونی نیزامی بەخشیوە. زاری بە باشی زانیویە کە ئەم کێشە عەرووزییە بۆ ڕیتمی وشە و پێکهاتەی زمانی کوردی زۆر ڕەوان و خۆش ئاهەنگە، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لە سەر تەجروبە و زانیاری زاری لە ناسینی شێوازەکانی شیعر و زمانی کوردی.

بەڵام زۆر جێی داخە کە شاعیرێکی ئاوا بە دەسەڵات و قەڵەم ڕەنگین، نە کاتی خۆی و نە پاش خۆیشی، ئەو جۆرەی شیاوی زاری بێ، زۆرمان نەمانناسی و ئاگاداری ژیان و هونەری شیعری نەبووین.

بەشێکی زۆری ئەو دەردە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی میدیای ئازادی کوردی، لە لایەکی دیکەش دوورەپەرێزی خودی شاعیر لە شار و خوێندەوارانی شاری، هەروەها



کۆچاو کۆچ و دێ بە دێ کردنی ژیانی مەلایی ئەو سەردەمە و ڕەنجی شان بۆ تیکە نان، دەرفەتیان پێ نەداوە تا بە ئاسوودەیی بپەرژێتە سەر شیعرەکانی و هەوڵی بڵاوکردنەوەیان بدا. لە هەمان حاڵ و ژیانی پڕ ئاستەنگدا ناوی زاری تەواو پڕ بە باڵای ژیانی شاعیرانەی مامۆستایە، وەک خۆی لە شیعرێکی فارسیدا و لە شێوەی فکری باباتاهیردا ئاوا دەڵێ:

**دلی دارم بسان بوته در تاب**
**وز و خون می چکد وز دیده خوناب**
**خلیده خار هجران در رگ جان**
**نشسته زاغ نومیدی به بستان**
**لگد کوب ستم باشد وجودم**
**نمی دانم ازین سودا چه سودم**
**گل عمرم شده پژمرده از غم**
**تنم بی حس بسان مرده از غم**
**چنان گشتم زبون و عاقبت شوم**
**درین ویرانه شد هم لانه‌ام بوم**
**چنان آشفته و زار و نزارم**
**که بر خود نام زاری می گذارم**

لە ژیانی پڕ ئازاری زاریدا جیا لە کوڕەکانی، یەکەم کەسی هاندەری هەمیشەیی و پشتیوانی هزر و بیری شاعیرانەی، بێ گومان سۆز و ئازار و قەڵەم خولیاکانی ناخی خۆی بووە. دووەمیان کە جێی ڕێز و پێزانینە، بنەماڵەی ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆستی فەیزوڵلاخانی فەیزنەژادە، لە دێی ئارەبوغڵووی سەقز. ئەم بنەماڵە ڕێزدارە، شاعیریان لەم ئاواییە دڵخۆش کردووە و زەوی و زاریان پێداوە و هەمیشە ڕێزی تایبەتیان بۆ مامۆستا و شیعرەکانی داناوە، بەتایبەت دکتۆر عەزیزی فەیزنەژاد وەک کەسێکی نزیک و کوردیزانێکی دڵسۆز و گوێگری بەردەوامی ئەو دەمانەی شیعری زاری بووە و هەمیشە بە پەرۆش بووە بۆ چاپ کردنی بەرهەمەکانی زاری.

دیوانی زاری و وەرگێڕانەکەی لەیلێ و مەجنوون ساڵی ١٣٨٩ (٢٩ ساڵ دوای مەرگی شاعیر)، لە ئینتشاراتی محەممەدی سەقز بە هەوڵی کاک سادق سائیب و کوڕەکانی دیکەی مامۆستا چاپ کراوە. لەگەڵ



دەستخۆشی بۆ هەموو بنەماڵەی بەڕێزی شاعیر، مافی خۆی بوو زۆر زووتر ئەم بەرهەمانە بکەونە بەردەستی خوێندەواری کورد. هەرچەندە ئێمەی کورد بە گشتی زیندووکوژی مردوو پەرستین. شاعیرمان، یان هونەرمەند، یان کەسایەتی مەزنمان، تا لە ژیاندا ماون، نایناسین و ڕێزیان لێ ناگرین. بۆ کۆتایی باسەکەم شیعرێکی نیشتمانی زاریتان پێشکەش دەکەم کە لە خەمی شکستی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٥ی باشووری کوردستان نووسیویەتی.

لێرەدا سوپاسی د. عەزیز فەیزنەژاد دەکەم کە ئەم ڕوونکردنەوەی پێدام و دەشزانم ئاگاداری زۆربەی شیعرەکانی زارییە. حورمەتی تایبەتیم بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی مەولەوی سەقز و هۆگرانی ئەدەبی کوردیمان بە کلاسیک و مۆدێرنەوە هەیە.

**وەتەن**

**وەتەن قوربانی ڕەنگی زەرد و حاڵاتی پەشێوت بم**
**وەتەن سەرگەردی ناڵە و ئاهی سەرد و باری لێوت بم**
**بە دایم دیدە خوێنینی وڵاتی شەڕ لە نێوت بم**
**چ دەردێ بوو شکانی قامەتی دڵکێش و نازارت**
**لە بەر چی سەخت ئەبێ لەحزە بە لەحزە ئێش و ئازارت**
**جگەر سووتاوی میوەی باغەکانی پڕ لە دێوت بم**
**دەوایێ بۆ نەبوو بۆ دەفعی ئازار و نەخۆشینت**
**نەجاتت بۆ نەبوو وەک من لە غەم نۆشین و پۆشینت**
**خەفەتباری گوڵی بێ ئاو و سیسی دەشت و کێوت بم**
**ئەبێ کەی بێتەوە ئەمجارە نۆبەی نەزم و ئارامت**
**کوڕانی تۆ هەتا کەی مەرهەمێ نانێنە سەر زامت**
**ئەسەف خۆری هەتیوی خاکەکەی پڕ زێڕ و زێوت بم**
**لە داوێنی ئەتۆدا ئەم کوڕانەت چونکە یەک نابن**
**خەیاڵم وایە تا ڕۆژی قیامەت هەر بە تەنیا من**
**خەریکی شینی بێ ڕەنگی گوڵاڵە و سەر و سێوت بم**
**وەتەن تا ئێش و ژانی عەجز و ناساغی لە سەرتا بێ**
**لیباسی شۆڕش و کۆتی پەرێشانی لەبەرتا بێ**
**وەکو "زاری" ئەبێ هەر خاکەسار و لیتە پێوت بم**



# هەندێ لایەنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە شیعری زاری-دا

**فاتمە حیجازی**
**(سەقز)**

**دڵێکم پێ بە یارەب تۆ بناسێ**
**زبانێ پێ بەجێ بێنم سپاسێ**
**وەها مەستی جەماڵت کە خەیاڵم**
**نەکا غەیری سوپاست هیچ باسێ**
(ل٢١٧)

مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک، بەشێکە لە مێژووی بنەڕەتی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە.

مێژووی ئەدەبی کورد، وەکو تەواوی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بێ کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵگای کوردی نەبووە. زۆرجار گەردەلوولی زەمان بێ بەزەییانە بەرەو فەوتانی بردووە، بەڵام بەهۆی کەسایەتییە مرۆڤ دۆستەکان و نیشتمانپەروەران نەفەوتاوە. زانایان، ئەدیبان و هونەرمەندان، ئازایانە و دڵسۆزانە بۆ پارێزگاری لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەیان و بە لووتکە گەیاندنی ئەدەبی کورد هەوڵیان داوە و بە شێوازی هونەری، یان ئەدەبی خۆیانەوە پاراستوویانە. زۆربەی شاعیرانی کورد، لەم بوارەدا بە زمانی شیعر و ئەدەب، هەنگاویان ناوە و ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە.

مامۆستا «مەلا عەبدولکەریم سائیب» ناسراو بە «زاری» وەکو شاعیرانی دیکەی نەتەوەکەمان، لەم ئاستەدا ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و هەست و ئەوینی خۆی سەبارەت بە نیشتمانەکەی و فەرهەنگی گەلەکەی بە زمانی پاراوی شیعر دەربڕیوە و «دیوان»ـە ڕەنگاڵە و جوانەکەی خۆی کە بۆمانی بەجێ هێشتووە، پڕە لە شیعری بە هەست، کە تا بڵێیی جوان و خۆش و دڵگیرن و هەر کەس بیەوێ، دەتوانێ چێژی لێ وەرگرێ.

شیعرەکانی مامۆستا، بابەتی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەیە. وەکو: ئایینی، دڵداری، خۆشەویستی سروشت و

# وەسف و لێکچوان لە شیعری زاری-دا

**گەوهەر مەزهەر**
**(سەقز)**



**ئەی بەناوت وجوودی هەر ئەشیا**
**هیچ بێ ناوی تۆ نەبوو پەیدا**

لام وایە کەسانێ ببن وەکو من، زۆر ناوی شاعیر زاریان بیستبێت و کەم هۆنراوەیان لێ خوێندبێتەوە.

ڕێی-خستنی کۆبوونەوەی ئاوا لە ڕێگای ناساندنی مامۆستا پایەبەرزەکانماندا - کە هیوادارم بەردەوام بێت- هەنگاوێکی گەورەیە و جێگای گەلێ ڕێز و سوپاسە، چون ئەمە بوو بەهۆی هاندانی من تا شوێنی شیعرەکانی ئەم شاعیرەی شاری خۆم بگرم. چووم بۆ ماڵی باوکم و لە کتێبخانەی شاعیر شپرزە بەدوای دیوانی شاعیر زاری-دا گەڕام.

لەنێو کتێب و یاداشتەکانی باوکمدا نووسراوەیەکم لە بارەی مەلا عەبدولکەریمی سائیبەوە چاو پێ کەوت.

هەروەها نووسراوەیەک و پارچە هەڵبەستێ کە بۆ شێخ نافیعی ناردبوو. ئەم شیعرەم خوێندەوە و زۆرم پێ جوان بوو، بۆیە دیوانی مامۆستام دەست خست و چاوێکم پێداخشاند. لەگەڵ ئەوەیشدا خۆم سەرزەنشت دەکرد کە بۆچی زووتر و زیاتر ئەم بەرهەمە بەنرخەم نەخوێندووەتەوە.

وەسفەکانی ئەم شاعیرە ناسک خەیاڵە هۆکار بوو منیش پێم خۆش بوو لەم ڕێزگرتنەدا بەشدار بم. ماوەکەم کەم بوو لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیش و سەرقاڵی تریشم هەبوو، بەڵام ئەم کارەم لا گرنگتر بوو چون پێم حەیف بوو لەو هەموو جوانییە چاوپۆشی بکەم، بۆیە بە خۆمم وت: دەنووسم. هەرچەند دەزانم کەموکوڕی دەبێت و دەزانم نووسراوەکەی من ناتوانێت لە شان و مەقامی ئەو مامۆستا پایەبەرزەدا بێت، هەروەها دەزانم ئەم وتانە بۆ

ئێـوەی بەڕێز، وەکـو فـارس دەڵێ: «زیرە بە کـرمـان بردن است»، بەڵام قـەی ناکـا، منیش هەروەک مـێلوورە پای کوللەیەک دەهێنم بۆ سولێمان، بە هیوام لێم قبوڵ بکەن.

سـەرەتا بەشێ لە نووسـراوەکـەی شـاعـیـر شـپـرزە و هەڵبەسـتـەکـەی شـاعـیـر زاری-تان پێشکەش دەکەم و پاشان لە بارەی وەسف و لێکچوونە جوانەکانی شیعری زارییەوە دەدوێین.

شپرزەی شاعیر لە بەشێ لە نووسراوەکەی خۆیدا زاری شاعیر وا دەناسێنێت:

«ملا عبدالکریم صائب، متخلص به زاری، شاعر توانا و استادو هنرمند و یکی از دانشمندان علوم دینی و شعرای نامی محل است. مردی فعال و با استعداد و دارای مناعت طبع و با توجه به کهولت سن، انسانی ورزیده است که به کشاورزی و نوشتن و سرودن شعر پرداخته و بسیار مورد احترام است».

نامەی مامۆستا زاری بۆ شپرزە:

«حضرت آقای کاک نافع را ارادتمند واقعی و باکمال اشتیاق و اخلاص به عرض دستبوسی مصدعم. از فقیر لطفا پرسش فرمائید با سلامتی ظاهر و پریشانی باطن، افتان و خیزان به طی دوران زندگی در ده عرب اوغلی علیا مقیم و با کشاکش روزگار در تکاپو می باشم. برای یادآوری خود در نظر سعادت اثر غزلی به نام (دەردەدڵ لە نارەواجی شیعر و شاعیر) به حضور محترم اهدا و تقدیم مینمایم. امیدوارم که ملاحظه و مطالعەی آن موجب یاد خیر از این ارادتمند گردد.»

ازدیاد عزت و سعادتتان را خواهانم..

صائب (زاری)

١٣٤٢/١٢/٨ (١٩٦٣ز)

**ئەدەب بێ موشتەری، بێ قەدرە وەک زیلی خیابانە**
**لە دنیادا ئەویستا مشک و پشکەڵ نرخی یەکسانە**
**نەزم بێ نەزم و نازم بەسترا دووکانی کووتاڵی**
**بەڕاستی نارەواج ئەمڕۆکە دەستەی نوکتەزانانە**
**زەرافەت باری کرد و نوکتە وێژی مرد و شاعیر هەم**
**بەخۆی و کاروانی شیعرەوە وێڵی بیابانە**
**لە حەسرەتدا زووانم لەنگ و دڵتەنگم خودایا کەی**
**لە مەدیەن دێتەوە بۆ میسر، ئەم مووسای عیمرانە؟**
**بە خۆڕایی نییە فەریاد و هاوارم، تەماشا کە**
**چ ژاکاو و شڕ و شەمزاون ئەو دیوانە جوانانە**
**بە قوربانی ڕەوییەی شاعیرانی پاک تینەت بم**
**کە دنیا ئاوەدانی بارشی هەوری زەکایانە**
**ئەوانی وابەرشتەی فیکر و حیکمەت هەروەکو گەوهەر**
**بەرێکی هۆنراوەی دەستی تەبعی نوکتەزایانە**
**بە چاوی سووکی لێ مەڕوانە شیعرێکت لە هەر جێ دی**
**دەخیلم چونکە میوەی باغی ئەفکاری ئەدیبانە**
**بە چاوی ئیحترامی تێبفکرە کاکە، هەر حەرفی**
**هەزاران گەوهەری ئامۆژگاری لێ نمایانە**
**ئەسیری خاکی لادێ بووم، مردووم و لە دەس دەرچووم**
**وەکو ئاوی حەیاتم، ساکنی «ظلماتم» ئەلئانە**
**نییە، یارێ، ڕەفیقێ، هەم زبانێ، هەمدەمی زاری**
**ئەمن چ بکەم خودایا لەم ئەجننە و غول و دێوانە**



شیعری زاری وەکو زۆربەی شاعیران، پڕ لە جوانکاری ئەدەبییە کە نیشانەی هەستی ناسک و توانایی شاعیری ئەم شاعیرە گەورەیەیە.

شارەزایی شاعیر لە قورئانی پیرۆز، هۆکار بووە کە لە زۆربەی شیعرەکانیدا لە ئایاتی قورئان بە شێوەی تەلمیح، یان تەزمین کەڵک وەربگرێت، هەروەها ئیشارە بە داستانە ئوستورەیی و مێژوویی و چیرۆکە کۆنەکان و زۆر بابەتی تر، ڕادەی ئاگاداری شاعیر لەم بوارانەدا وەدەردەخات.

لە دیوانی زاری کەمتر بەیتێ هەیە کە لە جوانکاری و زەرافەتی شیعری چ لەفزی و چ مەعنەوی بێبەش بێت، بەڵام شاعیر ئەمانەی زۆر بە جێگە و لە ئاستێکی هاوسەنگدا بەکاربردووە، بۆیە زوبانی شیعری زاری ڕەوان و نزیک بە زوبانی خەڵکە و لە دڵی خەڵکیشدا جێگیر بووە. لە زۆربەی شیعرەکانیدا مەتەڵ و دەستەواژەی وا دەبینرێت کە لەناو خەڵکدا ڕەواجی هەیە.

وەکو ئەم بەیتانە:

**وەکو زولفت دڵم شێواوە ئەمشەو**
**لە دووری تۆ قوڕم پێواوە ئەمشەو**
**سپای شادی قڕی تێکەوت و شکیا**

**بەسەرما لەشکری غەم زاڵە ئەمشەو**

یان:

**بێ حەیایی خۆشە زاری پێشووان ئەمیانەوت**
**شەڕ لە بێکاری نەتیجەی چاترە ئەمما بە کات**

یان دەفەرمێ:

**ئاسمان با سەگیش پێی بوەڕێ**
**لە مەقامی بڵندی ناوێ کەم**

زۆرترین ئارایە و جوانکاری کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری دێنێ و لەلای بیرمەندان بە ڕوح و بناغەی شیعر لە هەموو زوبانێکدا دەناسرێ، ئیماژ و وێنەی خەیاڵە. شیعری شاعیر پڕە لە لێکچوون و ئیستعارە و مەجاز و کنایە. تەشبیهاتی تایبەت بە خۆی، کە لە شیعری شاعیرانی دیکەدا کەمتر دەبینرێت. وەکو: قوڕاوی مەینەت، زوخاڵی جیایی، پووشی دڵ، دەشتی هیجر، مەنجەڵی سینە، ئاوی تەماشا و زۆر شتی تر. جا ئەمانە لەگەڵ جوانکارییەکانی تری لەفز و مەعنا لە شیعری شاعیر و بە تایبەت لە تەوسیفەکاندا وا یەکگیر دەبن کە کاتی خوێندنی ئەو شیعرانە پێت وایە سەیری تابلۆیەکی جوانی شێوەکاری، یان فیلمێک دەکەیت. بێ گومان شیعرەکانی مامۆستا گشتی جوان و بەرزن، بەڵام بە نرختترین بەشی شیعرەکانی زاری بەڕای من ئەو تەوسیفانەیە کە بە یارمەتی ئیماژ و هێزی خەیاڵ و هەستی ناسکی خۆی پێکی هێناوە.

لێرەدا چەند بەیتێکم بۆ نموونە هەڵبژاردووە کە سەرنجتانی پێ ڕادەکێشم. مەبەستم بۆ یەک یەکی جوانی و زەرافەتە شیعرییەکانی ئەم بەیتانە، شی بکەمەوە، بەڵام دڵم نەهات. بە وتەی یەکێ لە نووسەران لەتافەت و جوانی گوڵ لەژێر سەرپەنجەی توێکاریدا دەژاکێت، بۆیە وام بە باشتر زانی کە تەعبیر و تەفسیر و تەشریحی ئەو هەموو جوانییە بسپێرم بە خۆتان کە بە گوێی دڵەوە گوێ لێ دەگرن.

**بڕوانە لە جۆشی دڵەکەی پڕ خەتەری من**
**کوورەی گڕی هیجرانە لەپێ تا بەسەری من**
**سووتا بە شەرارەی شەمی شەوقت جەسەدی من**
**برژا بە بڵێسەی غەمی دووری جگەری من**
**هەر ئەونەیە ڕێژاوە دوو دیدەم لە غەمت خوێن**
**دەریایەکی خوێنینە هەموو دەوروبەری من**

*　*　*



**بردوویە بە غارەت دڵەکەم لەززەتی ڕەنگت**
**ئادەی بدە ماچێ لە شکۆفەی دەمی تەنگت**
**بەم ئاوری شەوقەم کە دەسووتێت کەژ و کێو**
**تەئسیری لەبەرچی نییە بۆ خاتری سەنگت**
**ئەکوژێتەوە سۆزم بە تکێ ئاوی تەماشا**
**گەر بێتەدەر ئەو ڕۆژە لە زوڵفی شەوە زەنگت**

*　*　*

**ئادەی وەرە قوربانی قەدی نەیشەکەرت بم**
**قوربانە سبەی، لازمە قوربانی سەرت بم**
**دڵ حازرە بێ بیدە لە سێ دارەیی زوڵفت**
**با هەروەکو خەرمانە لە دەوری قەمەرت بم**

*　*　*

**قەلبی من و شەوقی ئەو زانیوتە وەکو چی وان**
**ئەم ئاگرە ئەو گۆگرد، ئەم بادیە ئەو فنجان**
**ئاسوودە ئەبێ کەی بم من لەم غەمی دووریتە**
**پەنهانی کە تۆ دایم، وەک ڕۆژی چلەی زستان**

*　*　*

**هەی دڵ مەدە بەو خاڵی لەب و گەردنی مینا**
**ئافاتی خیرەد، خاڵی لەب و گەردنی زەردە**
**بڕوانە لە زاری کە لە دووریت وەکو بەی**
**ڕەنگ زەرد و جگەر ڕیش و تەن ئالوودە بە گەردە**

*　*　*

**جەمالی تۆیە ڕووناکی شەمی شەو**
**خودا بێ بەش نەکا چاوی ئەمن لەو**
**شەوێکی بێ بەیانە ڕۆژی دووری**
**شەوی دیدار وەک ڕۆژێکە بێ شەو**

*　*　*

**لە پەردە ڕۆژی ڕوخسارت کە دەرهات**
**دڵ و گیانم بە جارێ خستە بەر پات**
**ئەزانم بۆ زیادیی بینشی چاو**
**عەجایب سورمەیێکە گەردی باڵات**
**جەواڵێ پڕ لە گۆشت و پێشەیە تەن**
**سەر و ڕوحێ کە خاڵی بن لە سەودات**

*　*　*

**به ئیستیغنا شکانت پشتی سەبرم**
**بفەرموو حازری کەن کفن و قەبرم**
**بە یادی سەرووی باڵات و گوڵی ڕووت**
**گوڵاو ئەڕژێ لە سەجع و نەزم و نەسرم**

* * *

**مەکەن مەنعم لە شین و ناڵە ئەمشەو**
**لە دووریدا مەزاقم تاڵە ئەمشەو**
**ئەوەندە ئارەزوومەندی بەیانم**
**کە یەک لەحزەم لەلا سەدساڵە ئەمشەو**
**شکۆفەی شەوق و سەوزەی شادمانیم**
**بە لافاوی خەفەت پاماڵە ئەمشەو**
**بەرەو مەقسوود شەودێزی ئومێدم**
**بەجێ ماوە، شەلە، بێ ناڵە ئەمشەو**

* * *

**لە بەدری عالەم ئارا لادە ڕووپۆش**
**لەمە زیاتر دڵم با هەڵنەخا جۆش**
**خودایا فرسەتێ خاڵی لە ئەغیار**
**لە قەندی لێوی پڕ کەم باغەڵ و کۆش**

* * *

یەکێ لە وەسفەکانی مامۆستا قەسیدەیەکە لە مەدحی حەزرەتی ڕەسووڵ (دروودی خوای لەسەر بێت) کە بەم بەیتە جوانانەوە دەست پێ دەکات:

**لە باغی عالەما سەروێ نەزیری قامەتی ڕەعنات**
**نەبوو، نابێت و نایابە گوڵێ وەک تەلعەتی زیبات**
**بەچی تەشبیهی ڕوخسارت بکا شاعیر لە جوانیدا**
**کە ئەم خورشیدە عالەم تا بە شێوەی حوسنی تۆ نادات**
**بە هەر جوانێ کە تەشبیهت ئەکەم تەبعەن پەشیمانم**
**کە هۆشم غەیری تۆ جوانتر لە تۆ، لێم ڕوونە دەس ناخات**

* * *

لە شینگێڕی بۆ خوالێخۆشبوو، مامۆستا مەلا حەمەمینی شەریعەتی، حاڵی خۆی وا وەسف دەکات:

**برای بەڕێزم.. ئازیزم... گیانم**
**بێ سەیری قرچەی دڵی پڕ ژانم**
**سپای غەم، شادی وا کردم تاراج**
**ئەبرژێم وێنەی برێشکەی سەر ساج**

لە وەسفی جوانییەوە دەفەرمێ:

**جوانی گەرچی فەسڵێکی عەزیزە**
**دەمی عەیش و ژیانێکی لەزیزە**
**وەلێکن سەد ئەسەف کۆتایە عومری**
**دوو سێ ڕۆژێکە وەک عومری گەزیزە**



* * *

بەڵام پیری:

**چەرمی ڕوخساری چرچ و قامەتی کۆم**
**گوێ کەڕ و دیدە کوێر و تەن فانی**
**بینشی دیدەگانی بینا لێڵ**
**بوو وەکو سەیل هەر لە توغیانی**
**سەرووی قەد وشک و بێ گەڵا، کرمۆڵ**
**لار و خوارە خەریکی ڕووخانی**
**جەسەدی مەحکەمی وەکو پۆڵات**
**بەفری هاوینە ڕوو لە نوقسانی**

لەم تابلۆیەش بڕوانن:

**دیم هاتەوە لەبێری ئەو گوڵعوزارە بۆ ماڵ**
**بەشێوەییێکی وا شۆخ، زوبان لە وەسفی ئەو لاڵ**
**لای بردبوو لەسەر ڕووی سروەی شەماڵ، دەسماڵ**
**دوگمەی یەخەی ترازاو دەرکەوتبوو خەت و خاڵ**
**دوو کوڵمی دوو گوڵاڵە پەرچەم سیاه و چاوکاڵ**
**قەترەی عەرەق بە ڕوویا دەهاتە خوار وەکو دوڕ**
**لە قالبی عاشقانی بە خەندە بەرئەدا گڕ**
**سەبرم نەما و سووتام لێمی نەداوە ئاوڕ**
**ساقی بە یادی چاوی کەرەم کە پیاڵەیێ پڕ**
**بۆ دەفعی بێقەراری شەفایە شەربەتی تاڵ**
**و...**

پێم حەیفە یادێ لەم تەنزە جوانەی مامۆستایش نەکەم:

**ئەمن ئەو وەختە مەعلووم بوو کلۆڵم**
**ئەگەر کەولی مەلایی هاتە کۆڵم**
**بەهۆی شوغڵێکی وابێ ئەرزشۆیە**
**لە ئەنزارا وەکو بزنی گەڕۆڵم**

زاری لە هەڵبەستەکانیدا چوار وەرزی زۆر بەجوانی وێنە و وەسف کردووە، بەداخەوە ماوە و دەرفەتی ئەوەمان نییە لەو هەموو جوانییە کەڵک وەرگرین، بەڵام بۆ نموونە وێنەیەکتان لە وەرزی زستان پێشکەش دەکەم، هەرچەند

ماموستا لەگەڵ زستان هیچ بەینی خۆش نەبووە و لە زۆربەی شیعرەکانیدا دەفەرمێ زستان شکور ملی شکاند و تەشریفی ڕۆیشت و لەمانە.

**پاییز و هاوین و ئەوزاعی بەهارت دی عەیان**
**تێگەیشتی چۆن ئەڕۆن و تا چ حەددێ بێوەفان**
**چۆن ئەسووڕێن و چ جۆرن چەن لە ئەتوارا جیان**
**چەندە بێ میهر و سەبات و بێ دەوام و بێ بەقان**
**لازمە شەرحێ لە جەوری هەوری بەد تەوری زسان**
**هەر بە مەحزی هاتنی، دڵ بێقەرارە و پڕ لە ژان**
**ترش و تاڵ و کینەجو و ناکەس و نامێهرەبان**
**دێتە هاتوچۆ بە ڕوو گرژی ئەپۆشێ ئاسمان**
**ڕۆژ ئەشارێتۆ وەکو دەس ڕۆییوی ئەم عەسرە، نان**
**گەردەلوولی بەفرە نەعرەی سەرِ سەرە حەربە و خەتەر**
**هاژەیی گورزە، بریقەی تیغە، ئاوازی سپەر**
**ناڵەیی گۆپاڵە دەنگی تیرە، قارەی گاوە سەر**
**بەزمی ڕەزمی کاکە بۆرانە لە حەوشە و بان و دەر**
**زەلزەلەی حەشرە لە ئەولادی نییە دایک خەبەر**
**هەڵمەتی مژ بۆ چیا، بۆ کێو و سەحرا، ڕەهگوزەر**
**تووڕە و تینوو بە خوێنی ئیرەجە یا خۆ مەگەر**
**بەهمەنە بۆ ئینتقامی ڕوویی تەن بەستی کەمەر**
**سەخرەیە ئەنگوشتەری دەستی سولەیمانی ڕفان**

تەشبیە و وەسفەکانی شاعیر ئەوەندە جوان و بێ خەوشن، تەنانەت لەو پارچە هەڵبەستەیدا کە بە خراوی باسی ڕەشبەڵەک دەکا، لەبیرت دەچێتەوە کە ئاخۆ ئەمە مەدحە، یان زەم؟!

**جا گوێم لێ بگرە چی ئەکەن لەخۆ**
**بۆ فریبدانی سەد وەک من و تۆ**
**ئەبرۆ وسمەسا، پڕ لە سوورمە چاو**
**لارە پێچ ئەکەن کەللەی تاس کڵاو**
**گێسوو ئاویزان، سەر گۆنای ڕەنگین**
**پشتێن شل لەسەر چینی کەمەرچین**
**مزێڕتر بۆ دین، لە گورگە بۆ مەڕ**
**لەرەی لیمۆی کاڵ لەسەر سینی زەڕ**
**ورشەی پولەکە وەک ئەسێرەی شەو**
**چاوی هۆشیاران پڕ ئەکا لە خەو**
**ئەو ڕیز لەرزانە بەم لاو لادا**
**بە دەوری ڕوا وان لە سەمادا**
**خرنگەی گۆ، لەسەر سینە و مەم**
**خەفەت هەڵئەبڕێ بە با ئەدا غەم**
**عەرەق چون گوڵاو لە ڕوویان ئەڕژێ**
**لە خاکی مەیدان هەڵپەڕکێ ئەپژێ**
**ئەنواعی زیوەر ئەدەن لە خۆیان**
**سەرسامە عالەم لەڕەنگ و بۆیان**
**وەها ئارایش بە ئەندام ئەدەن**
**سامری لە سیحر و خۆ سەرسام ئەکەن**
**کاتێ بەم شێوە دێنە لەنجە و لار**
**لە ڕیشەی لاوان دەردێن دەمار..**



ئەمانە هەموو دڵۆپێک بوون لە دەریای شیعری ماموستا... هیوادارم توانیبێتم حەقی مەبەست جێبەجێ بکەم.

**وەرە زاری بژاری باغی دڵ کەین**
**گژوگیا ڕیشە بڕ خزمەت بە گوڵ کەین**
**برازێنینەوە گوڵزاری خاتر**
**تەواوی گوڵبونی غەرقی خشڵ کەین**

**سەرچاوە:**

**دیوانی زاری، مەلا عەبدولکەریم سائیب، چاپی یەکەم، ١٣٨٩، پەخشانگای محەممەدی سەقز.**

# «زاری» و ڕەنگدانەوەی شاعیرانی کورد و فارس لە شیعرەکانیدا

**ئەحمەد یاسینی (پشکۆ)**
**(سەقز)**



**بەناوی بێ کەس کەسی هەژاران**
**ئاویەری کێڵگە و بورە و بە یاران**
(پشکۆ)

مـامـۆسـتـا مـەلا عـەبدولکەریمی سـائیب (زاری) بە پێناسـەی دیوانەکـەی لە بنەمـاڵەیەکی وەرزێر لە ئاوایی (ئالکەڵوو) سەر بە شاری سەقز لە ساڵی ١٣٢٥ کۆچی (١٩٠٥ زایینی) لە دایک بووە. خوالێـخـۆشـبـوو کـوڕی فەقێ عـەبدوڵڵا کوڕی ساڵح کوڕی مەلا فـەیزوڵڵا کـوڕی مـەلا حـەمزە کـوڕی مەلا ئەبوبەکـرە. ئەم بنەماڵـە هەر لە کـۆنەوە لە خـزمـەت ئاییـنی پیـرۆزی ئیـسـلام و ڕێگای پێغـەمبەری مەزن بوون، ماوەیەکی درێژخایەن بە دەست و دڵپاکی بە چاکی و پاکی بۆ بەرژەوەندی ئەم ئایینە پیرۆزە تەقەلایان داوە. زاری هەر لە ئالکەڵوو دەستی بە خوێندن کـردووە و ئوسـووڵ و قـورئانی لەلای مـەلا مـەحـمـوودی تەدەیـیـۆن ئامـۆزای خـۆی خـوێندووە. دوایی دەچێـتـە داشالوجە لەلای شێخ عـیزەدین کە مەلا و بەرنوێژی ئەوێ بووە. (تاریخی مـــعـــجم) و دەورەی نادری و کلیلە و دمنەی خوێندووە، پاشان لەگەڵ چەند فەقێیی تر دەچن بۆ دێی تیکانلو بۆ لای «مـامـۆسـتـا مـەلا مـحـەمـەد خورڕخـورەیی» لەوێ کـتـێـبی «جـامی» دەخـوێنێ. دوای تیکانلو، زاری دەچێ بۆ ئاوایی «حـەسـەن سـەلاران» لەسەر شیوی سەقز ئەم ئاواییەی زۆر پێخۆش دەبێ و هەر لەوێش پشکۆی شـیـعری پتر گـەشاوەتەوە. لە حـەسـەن سـەلارانەوە شـاعـیر بارگـەوبنەی کـە بریتی بوو لە بوخچەیەک و چەند کـتـێـبێک دەپێـچێـتـەوە و بۆ ئاوایی قـەباغـڵوو دەڕوا. بە قـەولی هێمن، هونەرمەندی عەسری فیئۆدالی دڵی پڕ بوو، بەڵام گیرفانی خاڵی!

دەچێتە قـەباغـڵوو بۆ لای مامۆستا شـێخ عـەبدوڵڵای

کانی کەوەیی و پاشان لەشاری سەقز لای مامۆستا ساڵح ئیمام زادە، درێژەی بە خوێندنی داوە. بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی و مامەی، دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و ئەرکی خێزانێکی ڕەش و ڕووتی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم جارە بۆ دابین کردنی بژێوی بنەماڵەکەی کۆچ دەکات بۆ دێی «قەرەچەر» لە گەورکی سەقز. دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و پاشان دەچێ بۆ دێی «چراغ وەیس» هەر لەگەورکی سەقز تا ١٠ ساڵ بە کاری کشتوکاڵ و مامۆستایەتی لەم ئاواییە دەژی. بەهۆی وەرچەرخانی ئەو دەمە کە لە مێژوودا بە قەزای شەهریوەری ١٣٢٠ ناودەبرێت، کۆچ دەکات بۆ «داشاڵوجە». دوای هەشت ساڵ لەبەر نەبوونی کێڵگە و کشتوکاڵ دەکەوێتە سەختی و دەستەنگی، بەڵام هەر شوکرانە بژێرە و خودای لە یاد ناچێ. زۆر جوان لەم شیعرەدا دەڵێت:

**دووره بۆ ڕەحمەتی تۆ ئەی رحمة للعالمین**
**ئەم گەدا مەحرووم و بێ بەش بێ لە خەرمانی سەفات**
**سەنگی باری غەم قەدی زاری چەمانۆ وەک کەمان**
**ئاورێکی لێ دە با ئەم بارە ئازاری نەدات**

بە تەواوی دەکەوێتە دەستەنگی. لەو کاتەدا ئاغای «ئارە بوغڵووی سەروو» فەیزوڵڵاخان، دڵخۆشی دەکات و مەزرایەکی پێدەدات. ئیتر هەتا ئاوا بوونی هەتاوی ژیانی کە ڕێکەوتی ٢٧/٢/١٣٦٠ هەتاوی (١٩٨٢ز) لەم ئاواییە درێژەی بە ژیانی داوە. کە ئاشکرایە شاعیر وەک زۆربەی خەڵک نانی خۆی بە ئارەقی نێوچاوان و دەست و شانی خۆی دەرهێناوە. کە جێی داخە بە بۆنەی گیروگرفت و هۆی تایبەتی لەو سەردەمەدا هیچ کتێب و گۆڤارێکی کوردی لەبەر دەست نەبووە، یان نەیتوانیوە لەگەڵ شاعیرانی تر پێوەندییان هەبێ، دەنا تەجروبەی شیعری بەرزتری دەبوو. تەنیا تریبوونێ کە دەنگی شیعری تێدا هەڵێنابێ، ڕادیۆی کرماشانی ئەو ساڵانە بوو کە شوکروڵڵای بابان و سوارەی ئێلخانی زادە بەڕێوەیان دەبرد. جگە لەوە لە ماوەی ژیانیدا هیچ گۆڤارێک نەبوو، تا شیعرەکانی چاپ بکات.

شاعیر دوو ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەم بەناوی «لەعلی خان» کوڕ و کچێکی بوو، لە ژنی دووەمی بەناوی «شەوکەت» شەش کوڕ و کچێکی بووە کە ئەم تەنگەژە و نالەبارییە ڕەنگە کۆسپێ بووبێ لەبەر پتر تاقیکاری شیعرەکانیدا هەرچەند سەرکەوتووانە لە بواری شیعری عەرووز و کلاسیکدا ئەسپی قەڵەمی تاو داوە.



زاری دژی نەزانی بوو، زانستپەروەر و مرۆڤدۆست بووە کە ئەم شیعرە بەڵگەیەکی جوانە بۆ ئەم مەبەستە:

**لە نادانی برا سەرفی نەزەرکە**
**کڵاوی ئەقڵ و دانایی لەسەرکە**
**مەکە بێهوودە سەرف ئەم نەغدی وەختە**
**هەتا عومرت هەیە کەسبی هونەر کە**

زاری مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بووە. کاتێ دەچێتە ناو دنیای ئەوینەوە، وەک لاوێکی دڵ پڕ لە کوڵ و ئەویندار دەپەیڤێ و کوڵی دڵی بە شیعرۆکان دادەمرکێنێ. کە لەم بەیتەدا زۆر شاعیرانە و دڵتەڕانە بە جیناس و ئیستیعارە (شوبهاندن و ئیغراق) و تەناسوبێکی جوانەوە خۆی دەردەخات و دەڵێ:

**بە دەستەی پەرچەم و غونچەی دەم و نارنجی مەم هەر سێ**
**لە شەوقی تۆ وەکو شەم من بەشم گریان و گریانە**

یان دەڵێ:

**نیگاهێکم تەمەننا بوو لە چاوی، چاوی لێ پۆشیم**
**خودا ئەو چاوە مەستانەی لە زاری بۆچی بێزارن**

ئەم بەیتە بە بڕوای من تەواوە بۆ ناسینی شیعر و ئەوەی کە خۆی بەشاعیر بزانێ.

زار و بێزار، جیناسی ناقیسە و زۆرجوانە، هەروەها لە بەیتی پێشوودا شوبهاندنی غونچەی دەم و نارنجی مەم، هەروەها تەناسوبی دەم و مەم و شەوق و شەم و گریان و گریان و ئیستیعارەی پەرچەم جوانی زۆر ئەوتۆیان بە شیعرەکە بەخشیوە و شاعیرانە توانیویەتی زۆر سەرکەوتووانە کەڵک لە تەناسوب و داڕشتنی وشەکان وەربگرێت، یان بڕوانە کە لەم بەیتەدا چۆن حوسنی تەعلیل بۆ گراوەکەی بەکاردێنێ و حوسنی تەعلیل: ئەوەیە کە بەڵگەیەک بۆ باروودۆخێک دابنرێ. ئەو بەڵگەیە شتێکی ڕاستەقینە نەبێ، تەنیا بۆ متمانە بوونێکی ناسک و شاعیرانە بێ وەک نیوەی بەیتی دووەمی بەیتی داهاتوو لەگەڵ نیوەی یەکەمیدا کە دەڵێت:

**جەژنی قوربانە سبەی ئەی نازەنین**
**ئەمن و دڵ پێکۆ بە قوربانت ئەبین**
**مەیل کوشتاری هەیە بۆیە وەها**

**تیغی ئەبرۆ تیژ ئەکا بۆ سەربڕین**

شاعیر بە بەڵگەیەکی هونەرمەندانە، ناسک کردنەوەی ئارایشی ئەبرۆی یاری بەهۆی ناسک و تیژکردنی وەک تیغ، یان چەقۆ و شمشێر داناوە کە بۆ قوربانی کردنی لەو کەڵک وەردەگرێ. بەکەڵک وەرگرتن لە تەشبیهی موزمەر، خۆی وەک قوربانی دادەنێ کە حازرە تا بەدەستی گراوەکەی سەرببڕدرێت.

یان دەڵێ:

**دڵ حازرە بێ بیدە لە سێدارەی زوڵفت**
**با هەروەکو خەرمانە لە دەوری قەمەرت بم**

کە لێرەدا ئیستیعارەی بەکارهێناوە کە خەرمانە و قەمەریش تەناسوبێکی جوانیان پێکەوە هەیە. ئەم ئیستیعارە لەو بەیتەی زاریدا بەدیع و تازە نین لەوە و پێش شاعیری گەورەی کورد، هەژار بە شێوازێکی تر کەڵکی لێ وەرگرتووە:

**شەوە و ئەستێرە بەرزیوەن لەسەرمان**
**لە مانگی ڕووت هەناسەم بۆتە خەرمان**

«هەژار- خەییام بە کوردی»

بەڵام زاری زۆر هونەرمەندانە و جوان بەکاری هێناوە، حوسنی تەعلیلەکەشی زۆر شاعیرانەیە:

**غوڵامی عیشق بێ باکە لە مەیدانی قیامەتدا**
**ئەسیری پەرچەمت بم چاکە ئەمڕۆ ئەم خەیاڵەم کرد**

ئەم شێوازە شەفیع کەدکەنی بەناوی شێوەیەک لە تەمسیل، یان «اسلوب و معادله» ناودەبات کە دەڵێ «اسلوب و معادله» ئەوەیە کە دوو نیوەی بەیتەکە بە تەواوی لە باری مانایەوە سەربەخۆ بن. هیچ پیت، یان مەرجێک، یان شتێکی دی ئەوان پێکەوە گرێ نەدات.

(شەفیعی کەدکەنی، ١٣٨٥: ٦٣)

هەرچەند کە لە شیعری شاعیراندا جیاوازی لەمەشدا دەبینرێ. وەک «فروغی بەستامی» کە لێرەدا دەڵێت:

**من سیر نخواهم شد از وصل تو آری**
**لب تشنه قناعت نکند ماء معین را**

(دیوانی فروغی، ١٣٤٨: ٦٠)

بەڵام «اسلوب و معادله» لە سەبکی هیندیدا دەستێکی ئەوتۆی هەیە و بەسەرنجدان بەم پێوەرە بە کورتی وێنەیەک لە «نالی» دێنینەوە:

**بۆچی نەگریم، سەد کەرەتم دڵ دەشکێنی؟**
**بۆ مەی نەرژێ شیشە لە سەدلاوە شکاوە؟**

(دیوانی نالی، ١٣٨٣: ٣٥)



لە نیوەی دووەمدا بە پێوەرێک کە توانایی بڕیار و بیرکردنەوە لە مرۆڤ دەسێنێت و خوێنەر، یان بیسەر ڕازی دەکات. جامی مەی بۆ وێنە دێنێتەوە کە ئەگەر جامی مەی بشکێ مەی ناو ئەو دەڕژێت کە لێرەدا شاعیر دڵی خۆی بە جامی مەی دەشوبهێنێ کە بەهۆی بێ وەفایی گراوەکەی شکاوە. دوو نیوە بەیتەکەش بە تەواوی لێک جیاوازن کە «زاری» لێرەدا بەم شێوازە ئەسپی قەڵەمی تاو دەدات:

**لە شەمعێکی وەها دووری قسوورە و فەرزە نەزدیکی**
**بەڵێ هۆشیار شەخسێکە کە فەرزی وەخت نەچوێنێ**

هەروەها زاری لە شوێنێکی تر دەڵێت:

**وەرە مەیگێڕ دەورێ دە بە بادە**
**بە جامێ خەرمەنی دەردم بە بادە**

کە مامۆستا هێمن لەم شێوازەدا شیعری هەیە و دەڵێ:

**شەوانە هاونشینی جامی بادەم**
**بە بادە با پەژارە و خەم بەبا دەم**
**کە دەستی ڕۆژگار بای دا سەری من**
**سەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم**

مامۆستا «زاری»یش توانیویەتی شاعیرانە بە جیناسی باو بادەوە جوانییەکی ئەوتۆ بە شیعرەکە ببەخشێ. ئەم شێوازە «بازئافەرینی»یان بەدیهێنانەوە و خوڵقاندنەوەی پێ دەڵێن کە زاری بە شێوازێکی تر ئافراندوویەتی. وەک ئەم وێنەی حاجی قادری کۆیی:

**با لە هەردوولا باوەشێنی لێ نەکا**
**چونکە پابەندی شەهدی ڕائیقە**

کە (ناری) ئاوا بەدی دێنێتەوە:

**مێشی خاڵت نافڕێ بەس باوەشێنی کە بەناز**
**چونکە پابەندە بە شەهدی شەکەری گۆناتەوە**

قانیع بەم شێوەیە دەیخوڵقێنێت:

**ناتوانم تەرکی میللەت بکەم لەم عەسرەدا**
**چونکە پابەندم بە شەهدی مەنتقی کوردانەوە**

منیش لەم شێوەزارەدا ئەم بەیتەم وتووە:

**وەکو لێوت بە خەیاڵی مەنتقی کورد**
**سوورم دائیم لەسەر بڕوا و بەڵێنم**

(ئەحمەد یاسینی- پشکۆ)

ئەم جار زاری بەم شێوەیە دەپەیڤێ:

**مەڵێ خەرەفاوە «زاری» شێتە دێژم**
**لەسەر ئاوین ئەمما وشکە لێوین**

لێرەدا لێکچواندنی مەزموونی زۆر جوانی تێدایە. لەگەڵ شاعیری فارسدا مەولانا کە دەڵێت:

**آب در کوزه و ما تشنه لبان می گردیم**
**یار در خانه و ما گرد جهان می گردیم**

**پێداچوونەوە و لێکدانەوەی دێڕە پرسیارییەکان:**

دێڕە پرسیارییەکان بە تەواوی بۆ دوو بەشی خەبەری و ئینشایی دابەش دەبن. کە ئەم جۆرە دێڕە ئینشاییی و پرسیارییانە، شاعیران بە درێژایی مێژووی ئەدەبیات لەگەڵ جوانی و لەتافەتێکی جواندا ڕووبەڕووبوونەتەوە، شاعیران بەپێی زەمان لە دێڕی پرسیاری بۆ ئامانج و مەبەستی تایبەت کەڵکیان وەرگرتووە. وەک سەعدی و حافز و عەتتار و مەولانا و ئەمیر موعیزی. لە کوردیشدا هێمن و هەژار و ڕاوچی و فایەق بێکەس و زۆری تر لە بوێژان، هەروەها زاری کە لێرەدا مەبەستی ئێمەیە. لەم بابەتەدا سەعدی یەک پرسیار و پەرسڤی ئەدەبی ساز دەکات بە شێوەیەک کە خۆی پرسیارەکە دەکات و سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، خۆشی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە.

**دانی چرا نخفتم؟ تو پادشاه حسنی**
**خفتن حرام باشد بر چشم پاسبانت**
(سەعدی، ١١٤)

دووبارە لێرەدا بەوپەڕی ئارەزوو و تاسەی بینینی خۆشەویستییەوە بەشێوەی پرسیار دەڵێت:

**ساربانا جمال کعبه کجاست؟**
**که بردیم در بیابانش**
(سەعدی، ٢٥٥)

کە زاری بەم شێوەیە بێ تاقەتی و تاسەی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و ڕوو دەکاتە خواو مەبەستی دەردەبڕێت، ئەم شێوە پرسیارە بە شێوەیەکی ڕێزدار لەلایەن مەقامی خوارەوە بۆ سەرەوە گەلاڵە دەکرێ و دەتوانین وەک «تەمەننا» داوایەک لە خوارەوە بۆ سەرەوە ناوبرد بکەین و تەمەننای ناو بنێین وەک ئەم بەیتەی زاری:

**تاقەتی بولبول لە حەد دەرچوو خودا گوڵ بۆ نەهات؟**
**مەرهەمی ئێش و فیراق و دەردەکانی دڵ نەهات**



کە هەر خۆی پرسیار دەکات و پەرسڤی دەداتەوە:

**بۆ نەکەم شیوەن لەلای ئەو شۆخەوە تا ئەم دەمە**
**موژدەیێ بۆ ئیتمینانی قەلبی بێ تامڵ نەهات**

یان پاشان بە شێوەی هەواڵ، یان خەبەر:

**بڕوانە چ حەشرێکە ئەی دیدە لە هیجرانت**
**لایێ بکەوە لێمان دەستی من و دامانت**

یان بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و ئەوپەڕی ئەوینەوە:

**ئاگابە نەبی تێکەڵ بە خوێنی دڵی زاری**
**وەختێ کە دەکەی شانەی زوڵفانی پەرێشانت**

یان بەشێوەی گازندە هەواڵ دەدات:

**لە بەدبەختی و شوومی خۆمە دەستم**
**بە دامانی کەوای ئەو شۆخە ناگات**

هەروەها زۆر جوان بەشێوەی تەگبیر و گازندە پرسیار دەکات:

**فەلەک ڕێگای دیداری نەدامێ عومر دوایی هات**
**چییە تەدبیر تا فورسەت بدا ئەم جارە بتبینم**

کە بۆمان دەردەکەوێت لە شیعری «زاری»دا بەشێوەی زۆر جۆراوجۆر وەک تەگبیر و هەواڵ و تەمەننا و پرسیار و پەرسڤ بەرچاو دەکەوێت و زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی مەبەستی بپێکی کە لێرەدایە مرۆڤ هەست بە خۆشەویستی دڵی پڕ و لێوان لێو لە ئەوین و تاسەی دەکات:

**بە پەیکانی موژەی بێ ڕەحم و خوێن ڕێژ**
**چ زەخمارم زەخمارم چ زەخمار**

زاری بە هەموو جورێ شیعری پرسیاری و خەبەری هەیە، لەم دێڕە فارسییەدا بەشێوەی دڵدانەوە ئەسپی قەڵەمی تاو دەدات:

**زاری ار هجران چشیده‌ات چه غم؟**
**اگرش دور فلک با تو نشاید دل شاد**

یان بەشێوەی پرسیار و وەڵام، هەروەها شیعری زۆری وەک ئامۆژگاری هەیە وەک شیعری بانگەواز بۆ یەکیەتی کە لەوێدا بەجوانی دەردەکەوێت.

**ئەخلاقی زاری بەپێی شیعرەکانی**

زاری بەپێی شیعرەکانی، مرۆڤێکی خوداناس و کۆمەڵایەتی و دژ بە نەزانی و خورافات بووە، لای وابووە

که تەنیا ئاکاری چاک و تەقوایە کە مرۆڤ جیادەکاتەوە، نە هیچ شتێکی تر کە هەرکەسێ دژی مرۆڤایەتی و ئینسانیەت بووبێ، خۆشی نەویستووە بە شیعر سەرکۆنەی کردووە. هەروەک لەم شیعرەدا بەرچاو دەکەوێت.

**سۆفی! بە درۆ چاو مەقوچێنە**
**دەروێش! بێ حاڵ پرچ هەڵمەسوورێنە**
**مام حاجی! تەنها مێزەرێکی زەرد**
**نەجاتت نادا لە گێژاوی دەرد**
**بە پشتێنی سەوز سەیید! مەنازە**
**وەبێ کاری چاک کەس لەو ڕێبازە**
**نا پەڕێتەوە ناچێتە ئەو بەر**
**نەجاتی ناوێ وەبێ دەردی سەر**
**خەلیفە! ماقووڵ بە مێزەر و ڕیش**
**ناوی، تانەکەی خالیس بۆ خوا ئیش**
**جەنابی مەلا! ئەتۆیش ئەم عەبا**
**بێ وەرع تەقوا ئابڕوت ئەبا**

هەروەها دژی گەندەڵی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بووە، زۆر جوان لە شیعرەکانیدا دەردی کۆمەڵگا و شتە پووچەکان، پووچ دەکاتەوە و خەڵک هان دەدا بەرەو پاکی و ڕاستی و مرۆڤایەتی و خواناسی، لە زۆربەی شیعرەکانیدا لە مەڕ پەند و ئامۆژگارییەوە دواوە، وەک شابەیت بە کاری هێناون، کە وەک پەندی پێشینان دەتواندرێ کەڵکی لێ وەربگیرێت و بۆ هەمیشە لەناو ئەدەبی کوردیدا بمێنێتەوە، کە ئەمانە وێنەیەکن لەو شیعرانە:

**بەنی ئادەم زیاتر حەق نەناسن**
**حەسوود و شەڕفرۆش و ناسپاسن**
**ئەڵێین ڕاسین گشتمان هەروەکو تیر**
**لە لاریدا ئەبینی میسلی داسن**
**گەرەکتە دامەنت نەگرێ قوڵاوێ**
**مەڕەنجێنە ئەوەی گیانی تیاوێ**
**شەریکی دوژمنە ئەم نەفسە پیسە**
**دەخیلت بم قسەی قەتعەن مەبیسە**
**بە حاڵی دڵ شکاوا بەزەت بێ**
**دەرێنە پای داماوێ لە داوێ**

هەرچەند لە دیوانی زاری بکۆڵیتەوە، کەمە و شتی زۆر بەنرخی تێدایە. ئەمانە مشتێکن لە خەروارێک کە من هەڵبژاردوون، وەسفی زۆر جوانی لە مەڕ وەرزەکانەوە



هەیە وەک بەهار و پاییز کە جێی سەرنجدان و لێوردبوونەوەن «شێخ ڕەزا دەڵێت مێرووله نەچێ چاکە بە گژ قوولله‌ی قافا»، بەڵام ئەمن نەمتوانی نەچم کە بەپێی توانایی خۆم پێم خۆش بوو وەک ئەرکێکی سەرشانم یادێکم لەم مامۆستا گەورەیە کردبێ پەندێکی فارسی هەیە دەڵێت:

**(ارمغان مور، پای ملخ است)**
دیاری شوان ئاڵەکۆکە.

**فەرهەنگۆک:**

**حسن: چاکی، باشی، خاسی.**

**تعلیل: کار و ڕەوتی هۆهێنانەوە.**

**اسلوب: شێواز، شێوە، ڕێگە، ڕەوشت، زێ.**

**معادله: هاوکێشە، هاوسەنگی، بارودۆخ دامەزران لەسەر بڕیارێک.**

# ناسینی زاری لە ڕێگای شیعرەکانییەوە

**عەتا ساڵح پوور**
**(هێجانان)**



**لە تۆ داوا ئەکەم پەروەردگارم**
**بکەی ڕەحمێ بە ئەحوالی هەژارم**
**بە فەزڵت گەر نەنێری کۆمەکێ بۆم**
**بەجێ ماوم زەلیلم، لارە بارم**

کەم کەس هەیە لە کوردەواریدا ناوبانگی شاعیریەتی مەلا کەریمی سائب ناسراو بە «زاری» نەبیستبێ، زاری لەو شاعیرانەیە کە تێگەیشتن لە شیعرەکانی زۆر ئاسانە، بەهۆی بێ گرێیی لە مانای شیعرەکانیدا و نزیکی لەگەڵ زمانی خەڵک توانیویەتی لە دڵی زۆربەی خەڵکدا هێلانە بکا، زۆرکەس شیعرەکانی ئەم بلیمەتەیان لەسەر زارە و لە زۆر بۆنەدا خوێندراونەتەوە، بەڵام مەخابن لە سەردەمێکدا ژیاوە کە باری چاپەمەنی کوردی گران و ئاڵۆز بووە و نەیتوانیوە بەرهەمەکانی چاپ بکا، بەڵێ یاران، زاریش وەک زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کوردەواری بەهۆی دەست کورتی و جیاوازی چینایەتی نەیتوانیوە بچێتە فێرگەی دەوڵەتی و ناچار ڕێگای حوجرەی مزگەوتەکانی گرتووەتە بەر و دەستێ نوێن لە کۆڵ و برێک کتێب لەبن باڵ، دێ بەدێ گەڕاوە و هەندێ دیمەنی جوانی کوردستانی دیوە و هەوای شیعر مێشکی داگیرکردووە. سەبارەت بە کارو بیروباوەڕی زاری، ڕەنگە دەیان لاپەڕە نووسین نەتوانێ شی بکاتەوە، بەڵام من بە کورتی و کوردی دەتوانم لە چەند خاڵێکدا دەستنیشانی بکەم. زاری پێش هەموو شتێ عاشقی نێردراوەکەی خودا بووە و زۆرجاران ئەم عیشقەی کردووەتە گریان و بۆ سوکنایی دڵە کەیلەکەی خۆ دەخاتە ئاسانەی پێغەمبەر (س) و بە دارشتنی شیعرێ زاخاوی دڵی دەدا، وەک لەم شیعرەدا دەڵێ:

**یا ڕەسوول الله مەگەر هاواری من ناگاتە لات**

**وا لە خزمەت تۆوە جاریٚ کۆمەکێکم بۆ نەهات**
**دوورە بۆ ڕەحمی ئەتۆ ئەی «ڕەحمە للعالمین»**
**ئەم گەدا مەحرووم و بێ بەش بێ لە خەرمانی سەخات**

هەروەها زاری ئارام ناگرێ و خۆشەویستی ڕەسوول الله «س» دەیان جار هەستی شاعیرانەی دەبزوێنێ وەک لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

**کەی بە چاوی مەرحەمەت جاریٚ تەماشامان ئەکەی**
**مەرهەمی زامی دڵی پڕ ئێش و سەودامان ئەکەی**
**دەردی دووری کوشتمی، لێمت نەپرسی دەفعەیێ**
**کەی بە دیداریٚ لەپاش ئەم مەرگە ئیحیامان ئەکەی**
**سەدکەڕەت قوربانی ئەو خاکەم کە کەوشت ماچ ئەکا**
**کەی بە وەجهی لوتفت تێکەڵ خاکی بەرپامان ئەکەی**

زاری سۆز و خۆشەویستییەکی زۆری بەرانبەر بە سروشتی ناوچەکانی کوردستان هەبووە، ڕووبار و شاخ و کێو و دار و دارستانەکانی وڵاتەکەی بوونەتە هەوێنی برێک لە شیعرەکانی؛ وەک لەم شیعرەدا دەڵێ:

**بەهارە و باخ بەرگی سەوزی پۆشی**
**ئەکا بادی سەبا عەنبەر فرۆشی**
**لە سەرمادا سەرو، وەک نەی ئەلەرزا**
**نەجاتی بوو لە زەحمەت کەوتە خۆشی**
**براوە دەوری جەوری بەهمەن و دەی**
**دەمی سەیری گوڵانە و بادەنۆشی**

هەروەها دەیان شیعری لەم چەشنە بۆ دیمەنی جوانی وڵاتی کوردەواری داڕشتووە وەک لەم شیعرەدا دەڵێ:

**شەتاوەکانی کوێستان چ دڵگوشاو دڵبەرن**
**شیرین و سەرد و پڕ سەفا میسالی ئاوی کەوسەری**
**چ دڵڕوبایە دایەنی کەژ و کەناری باخ و جۆ**
**حەیات بەخشی خاترە شەمیمی عەتری عەنبەری**
**سەلسەبیلە دێ لە کێوە بەرزەکانەوە**
**شەتاوەکانی کوێستان دورە ئەبێتە مەعبەری**

زاری دژی زوڵم و زۆر و دژی جیاوازی چینایەتی بووە و چەوسانەوەی هەژارەکان ئازاری بە دڵە ناسکەکەی گەیاندووە، بۆیە بە دابەش کردنی زەوی و زارەکاندا بەسەر خەڵکی هەژاردا ئیتر خۆی پێ ناگیرێ و دەڵێ:

**بڵێسەی ئاوری بێگاری ئەرباب**
**شەپۆلی عەدلی حەق ڕایدا، مرانی**
**بەسەرچوو زوڵم و زۆری دەوری زوحاک**
**کە بەرز و بوو درەوفشای کاویانی**



**سەپانان بوونە خاوەن خاک و ئازاد**
**لە زنجیری شوانی و سەپانی**
**گەیشتە مشتەری گۆشەی عەمارەت**
**دل ئاراتر لە شێوەی شارستانی**

زاری لەگەڵ ئەوەی لە گەڕاندا لەم دێ بۆ ئەو دێ، سروشتی جوانی کوردستانی دیوە و زۆر کێژۆڵەی بە ژن ڕێک و چاو کاڵیشی دیوە، زۆرجاران دڵیان ڕفاندووە، بۆیە شیعری دلداری زۆرە و لە شیعرە دڵدارییەکانیدا وا دەردەکەوێ مەعشووقەکەی تەنیا خەیاڵی نەبووە، بەڵکو بە دڵ عاشق بە چاو کەژاڵی، یان چاو کەژاڵانێ بووە، لەم شیعرەدا ئیتر ناچار دەیدرکێنێ و دەڵێ:

**تەماشاکە سەفی پەرچەم لەسەر کوڵمی پەرێشانە**
**بە قامەت سەرووی بوستان و بە ڕوو خورشیدی تابانە**
**بە باغی ڕووی دا بولبول ئەگەر جاریٚ گوزاریٚ کا**
**هەتا ڕۆژی قیامەت دێت ناڵان و غەزەلخانە**
**بە شیرینی جەماڵی تۆیە شیرین، تاڵی ئەوقاتم**
**لە سایەی قامەتی تۆوە (قەبەغڵوو) ئەرمەنستانە**
**بە ڕەسمی دلبەری سادەی بەشێوەی وەک زولەیخاوە**
**بە کوڵانا گوزارێکە هەتا شێخت لەسەریانە**
**لە چاوی مەست و مەمکی پڕ چنگ و خاڵی دڵ ئاوێزی**
**پیاڵە و قەندوچا حازر، بفەرموو (زاری) میوانە**

زاری لە شیعرەکانیدا وا دەردەکەوێ زۆرجاران دڵدارەکەی لێی زیز بووە، یان لەوانەیە بەجێی هێشتبێ، بۆیە لەم شیعرەدا دەڵێ:

**بۆ لە دنیادا نەبێ من واریسی فەرهاد بم**
**نائومێد و دڵشکاو ڕەنجەڕۆ و ناشاد بم**
**گەر بە دامانت بگا دەستم چ کوفرێ ڕووئەدا؟**
**با لە ئێشی دەردی هیجرانت دەمێ ئازاد بم**

یان لەم شیعرەدا بۆ ویسالی یار پەرۆشە و سکاڵای دڵ بەم شێوە دەردەبڕێ:

**لە گوڵزاری ویساڵت دەربەدەر خۆم**
**لە جەننەت بێ بەش، ئاوارەی سەقەر خۆم**
**لە دەوری شەمعی ڕوخسارت وەکو شەم**
**ڕەفیقی گریە و گرتا سەحەر خۆم**

زاری بێ وچان خەریکی خوێندن و فێربوون بووە،

نەزانین بە گــەورەترین ژان دەزانێ، بۆیە نە تەنیـــا بە مینبەر و میحراب داناکەوێ و بە شیعریش ئامۆژگاری خەڵک دەکا و بۆ فێربوونی عیلم و سەنعەت بەم شێوە هانیان دەدا:

**جەهل ئینسان ئەخاتە ئاور و ئاو**
**عیلم ئەیکا بە شاهی حەوت ئەقلیم**
**چاوەکەم تۆ لە دەردی نادانی**
**خەبەرێکت نییە ئەمن حاڵیم**
**زەرەرێکم نەدی لە دانایی**
**سەدکەڕەت بەر شکستی نادانیم**

زاری ژیانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بووە، گەلێ جار ئەوەندەی وەڕەز کردووە کە بۆ ڕزگاربوونی لانی کەم چەند ساتێ لەم ئازارانە، نەک بە ڕواڵەت، بەڵکو بە شیـعر پەنا بۆ مەی دەباو مەیخانە دەکاتە جێگای ویسالی یار و حەوانەوەی دڵ، وەک لەم شیعرەدا دەڵێ:

**وەرە مەیگێڕ دەورێ دە بە بادە**
**بە جامێ خەرمەنی دەردم بە بادە**
**بە چاوی تۆ لە گوڵزاری ژیانا**
**تەماشاییێکی ئەو ڕووتەم مورادە**
**فیدای ئەو ڕوومەتانەت بم لەسەر ڕووت**
**بە پەنجەی ناز ئەو ڕووپۆشە لادە**

یان لە شیـعرێکی تردا مەی بە لەبیر بەرەوەی ئاه و ناڵەکانی دەزانێ و دەڵێ:

**کە پیری مەی فرۆش ئەمڕۆ جامێکی حەواڵەم کرد**
**لە بیری بردمۆ ئەو موددە وا سەد ئاه و ناڵەم کرد**
**ئەگەرچی بادی سەختی هیجرت هات و بێخی هەڵ کەندم**
**بە (حمداللە) لە باخی وەسلدا سەیری گوڵاڵەم کرد**
**دڵم دوێنێ لە هوشیاری کەلافی لێ ئەدا ئەمڕۆ**
**دوچاری چاوی مەستی ساقی و دەوری پیاڵەم کرد**
**گوڵی ڕوخساری پیشانم کە دا دوێنێ لە گوڵزارا**
**هەتا مەغریب دوعا خوانی دەوامی ئەو جەماڵەم کرد**

زاری لەگـــەڵ ئەوەش پێش نوێژ و وتارخـــوێنی مزگەوتەکان بووە، بەڵام لە ژیانی مەلایەتی زۆر ڕازی نەبووە و هەندێ جار خەڵکی ئەوەندەیان دڵ شکاندووە لە مەلابوونی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و وەک لەم شیعرەدا دەڵێ:

**ئەمن ئەو وەختە مەعلووم بوو کلۆڵم**



**ئەگەر کەوڵی مەلایی هاتە کۆڵم**
**بەهۆی شـوغـڵێکی وابێ ئەرزشۆیە**
**لە ئەنزارە وەکو بزنی گەڕۆڵم**

یان لەم چوارینەدا بەم شێوەیە لەدەست خەڵکی گلەیی دەکا و دەڵێ:

**ئەگەر پێت خۆشە بێ قەدر و بەهابی**
**لەلادێدا ئەبێ چەندێ مەلابی**
**خەیاڵی شوغڵی وا هەرگیز نەکەی، نەک**
**بە ئازاری چرووکی موبتەلابی**

بەڵێ زاری شاعیری نەتەوەیی و ڕابەری ڕاستەقینەی خەڵک بووە، سەرجەمی شیعرەکانی ئەم ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنن، بۆیە بۆ هەتا هەتایە شیعرەکانی لە ویژدانی دڵسـۆزانی نەتەوەکەیدا دەمێننەوە، نەمری بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و هەر نەمرە.

**سەرچاوە: دیوانی زاری**



# ژیاننامەی زاری

ماجید سائیب
(سەقز)

**لیباسێکم لە غەم پۆشیوە تا مەرگ**
**بە غەیری ئەو لیباسە نامەوێ بەرگ**
**لە فاسۆنی غەزەل کوتم کڕیوە**
**بە ئەندازەی قەدی خۆمم بڕیوە**
**بە خەییاتی ئەسەف دوریومە کاکە**
**تەماشاکەن چ ڕێک و چەسپ و چاکە**
**بەرم وا کردووە و دای ناکەنم تا**
**بەزارم دا هەناسە بێت و بڕوا**
**لەسەرمایە، لە ئێشی دڵ کلاوی**
**هەمیشە تازەیە قەت کۆنە ناوی**
**بەسە ئەم بەرگە بۆ گەرما و سەرما**
**هەتا ڕۆژی قیامەت وا لەبەرما**
**ئەوەندە مومکینم بێ تێ ئەکۆشم**
**ئەمەم بەس بێت و بەرگی تر نەپۆشم**
**لە تاری ئاە و پودی ئەشکی سوورم**
**هەموو ڕۆژی عەبایی نوو ئەدورم**
**کە من بەم جۆرە جۆلاو خەیاتم**
**لە خزمان و چەموحتاجی خەلاتم**

بەڕێزان مامۆستایانی ئایینی، شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان، بەرپرسانی دایرەکان، هۆگرانی ئایین و ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ، ئەندامانی کۆڕی ئەدەبی مەولەوی، بازاڕیان، سازدەران و بەڕێوەبەرانی ئەم کۆڕە و تەواوی ئەو کەسانەی بەشداری ئەم کۆبوونەوەن.

بەختەوەرم بەناوی بنەماڵەی مامۆستا «زاری» بەخێرهاتنی گەرمو گوڕتان پێشکەش بکەم، سەری ڕێز و نەوازش و پێ زانینمان بۆ ئەم بەهانا هاتنەوەتان دادەنەوێنین. دیارە مامۆستا زاری بەشێوەی یاسایی و سروشتی بابی ئەم بنەماڵەیە، بەڵام لە ڕاستیدا وەکو

کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی ئایینی، شاعیرێکی بەدەسەڵات، موسڵمانێکی ڕاستەقینەی عەمەل گەرا (وەک لە کردەوەکانیدا دەردەکەوێ) شاعیرێکی دادوەر (بەپێی شاهیدی خەڵکانی سەردەمی خۆی)، خاوەن هەڵوێست، وەرگێڕی شیعر لە فارسییەوە بۆ کوردی (کە کارێکی ئاستەمە و پێویستی بە زانیاری زۆرە) و برێ تایبەتمەندی تر.. مامۆستا هی هەموومانە، هەموومان بەرپرسین لەپێناو ناسین و ناساندنی و گواستنەوەی بیروباوەڕ و ئاکارەکانی بۆ نەوەی نوێ و کۆمەڵگای کوردەواری. ئەوەی ئێمەی لێرەدا کۆکردۆتەوە سەرجەمی ئەو تایبەتمەندییە مرۆیانە بەرزانەیە کە لەم زاتە پیرۆزەدا بووە و ڕەنگی لە بەرهەم و ئاکارەکانیدا داوەتەوە و دوای نزیکەی سی ساڵ لە تێپەڕبوونی کۆچی دوایی، دڵی هەستیارانی هەژاند تاکو یاد و ناوی بەرز ڕابگرن و ناوی لە ڕیزی گەورە پیاوانی ئایینی و شاعیران و ئەدیبان تۆمار بکەن و بیکەنە بەڵگە بۆ شارستانیەتمان. شانازی هەموو گەلانی دنیا بەر لە هەموو شتێک ئەو بەشە لە کەلەپوورە کە ئایین و ئەدەبیات و هونەر دەگرێتەوە بەگشت بەشەکانییەوە جا پاشان دەچێتە سەر بنەما ئابوورییەکان.

جا ئێمە بەشوکرانەوە لە سایەی تێکۆشانی ماندوو نەناسانەی پیاوماقووڵانی ئایینی و شاعیران و هونەرمەندان، خاوەنی سامانێکی کەم وێنەین لەناو گەلانی هاوچەرخمان، بەڵام بە بۆنەی برێک ئاستەنگی و زۆرێک لە کەمتەرخەمی خۆمان، نەمانتوانیوە ئەو جۆرە کە شایستەیە ڕێزیان لێ بگرین و کاریان بۆ بکەین. لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر تایبەتمەندییەکانی، کەسایەتی ئایینی، شیعری، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی کەوتۆتە ئەستۆی ئێوە نازداران کە من گەشبینم مامۆستایانی بەرێز بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە خۆتان پێوە ماندوو کردووە و پێشکەشی هۆگرانی مامۆستای دەکەن.

«زاری» کێیە «زاری» خاراوی کورەی کۆمەڵگای پڕ لە زامی کوردەوارییە هەستی بەگشت ئێشو ئازارەکانی نەتەوەکەی کردووە و لە ڕووی یاسای ئایینەوە چارەسەری بۆ دەستنیشان کردووە، ئازیزان دەزانم زۆربەتان شارەزاییتان کەم تا کورتێک لە بارەی مامۆستاوە هەیە،



بەڵام هەشمانە ڕەنگە مامۆستای نەناسیبێ. جا لەسەر ئیزنتان ئەمە ئێوە و کورتە باسێ لە ژیانی «زاری»، بەڵام بەر لە خوێندنەوەی سەرنجێک پێویستە. ئەم کورتە باسە بە قەڵەمی خۆی لە ساڵەکانی دەسەڵاتی حکومەتی پەهلەویدا نووسراوە، ئەوکەسانەی شارەزای باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەن، بەڕوونی تێدەگەن کە مامۆستا بە پێچەوانەی ویستی خۆی باسی ڕووداوەکانی کردووە.

**کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا**

زاری ناوی عەبدولکەریم کوڕی فەقێ عەبدوڵڵا کوڕی ساڵح، کوڕی مەلا فەیزوڵڵا، کوڕی مەلا ئەبوبەکر، کوڕی مەلا حەمزە لە ئاوایی ئالکەلو بەشی (فەیزوڵڵا بەگی) سەقز لە ساڵی ١٣٢٧، یان ١٣٢٨ی کۆچی مانگیدا هاتۆتە دنیاوە. لە قوتابخانە ئایینییەکان چووەتە بەر خوێندن. لە شەڕی (نێو نەتەوەیی) ئەوەڵ و گرانی ئەو کاتەدا پەکی خوێندنی دەکەوێ. پاش دوایی هاتنی شەڕ و گرانی چووەتەوە بەرخوێندن لە شاری سەقز و ئاواییەکانی دەوروبەری شاری ناوبراو لەلای مامۆستا ئایینییەکان درێژەی بە خوێندن داوە، پاش بەینێ باوکی (فەقێ عەبدوڵڵا) دەمرێ و خێزانێکی وردی سەرپەرستی لێ بەجێ دەمێنێ، «زاری» لە خوێندن کۆڵ ناداو هەر خەریک دەبێ تا ساڵی هەزار و سێ سەد و نۆی کۆچی هەتاوی. لەوکاتەدا کاریگەرییەکی وای نابێ کارەکانی فەلایی بۆ ئەنجام دا مەزراکەیان بێ بەهرە دەمێنێ، بەو هۆوە مالیک ئەو مەزرایان لێ وەردەگرێتەوە دەیدا بە (رایەتی) تر، ئەویش ناڕەحەت دەبێ و ناچار دەبێ بە کۆچ. هەر لەو ساڵەدا لە مەڵبەندی خۆیەوە کۆچ دەکات بۆ گەورکی بەشی میرەدێ و لە ئاوایی (قەرەچەر) دەگیرسێتەوە، سێ ساڵ لە غایەتی ناڕەحەتی و زەحمەتدا دانیشتووی ئەوێ دەبێ چۆن دەردی بێ ئەندازە ڕووی تێ دەکا و هەراسان دەبێ، کۆچ دەکا بۆ ئاوایی (چراغ وەیس) هەر لە بەشی (میرەدێ) بەهۆی پیاوەتی خوا لێخۆشبوو (موحەمەد ئەمین ئاغا) دەمینێتەوە تا پەیدابوونی شەڕی (نێو نەتەوەیی) دووەم لەو ئاژاوەدا کە وڵات دەبێتە مەیدانی شەڕو برێ لە عەشایرە

مەرزنشینەکان بە هاندانی بێگانە لە بەرانبەر هێزی دەوڵەتیدا سەربەرز دەکەنەوە، زۆری بۆ دێ و کۆچ دەکا بۆ ئاوایی (داشالوجە) لە بەشی (فەیزوڵڵا بەگی) سەقز. پاش چەندساڵی مالیکی ئەویش بە ڕەحمەت دەچێ و کۆچی ئاخر دەکا و سەغیری زۆری لێ بەجێ دەمێنێ و چون پێی خۆش نابێ لە موڵکی سەغیردا بمێنێتەوە لە ساڵی هەزار و سێ سەد و بیست و نۆی هەتاویدا کۆچ دەکا بۆ ئاوایی (ئارەبوغلووی سەروو) لە ئاژاوەی (موسەدیق)دا کە جیاوازی و ناکۆکی دەکەوێتە بەین (مالیک و ڕایت) و ئەو جیاوازییەی پێ خۆش نابێ کۆچ دەکا بۆ ئاوایی (سلێمان کەندی) دوای کوژانەوەی ئەو ئاوری جیاوازییە، پاش ساڵێ خاوەن ئارە (بوغلوو) فەیزوڵڵا خانی فەیز نژاد) دڵخۆشی دەداتەوە بۆ کشتوکاڵ و مەزرایەکی باشی دەنێتە بەردەست و دێتەوە ئەوێ. ئێستە کە ساڵی هەزار و سێ و سەد و پەنجاو سێیە (١٣٥٣) دانیشتووی ئارە (بوغلووی سەرووە) لە بەرهەمی فەلاحەت ژیان ئامادە دەکا وەکو وتوویە:

**نە قیزەم هەڵگرت لە باتی قەڵەم**
**تەحسیلی معاش بەم نەبەو نەکەم**
**لام دا لە ڕێگای پێچاوی و پرفێڵ**
**کەلیمە و حەرفم تومە شانە و هێل**
**بۆ روزی زەوی بە گا هەڵدڕین**
**چاترە لە گیرفان ئەم و ئەو برین**
**نەچوومە کۆڕی گورگە مێشەکان**
**چوومە ناو دەستەی زەحمەت کێشەکان**
**بۆ بەخێوکردن خۆم و خێزانم**
**خەرمان هەڵئەگرم بە ڕەنجی شانم**
**درۆ و دەس بڕی کردن بە مایە**
**پیشەی ئینسانی بێ دەس و پایە**
**بازو هەڵماڵە لە کار «زاری»**
**دوورخەوە لە خۆت عاری بێکاری**

مامۆستا لە تەمەنیدا دوو ژنی هێناوە، لە خێزانی یەکەمی کوڕێک و کچێکی هەبووە مەلا خالید و خەدیجە خانم کە بە داخەوە هیچیان لە ژیاندا نەماون، لە خێزانی دووەمی شەش کوڕ و کچێکی هەبووە کە ئێستا لە ژیاندا ماون.

**کۆچی دوایی:** مامۆستا وەکو وەرزێرێکی کەم وێنە لە کاردا بە پەلامار و لێزان و ئازابوو، لە ژیانیدا نەماندی



نەخۆشینێکی ئەوتۆی ببێ، بەڵام لە ساڵانی ئاخری تەمەنیدا تەوژمی خوێنی لەسەرەوە بوو. ئەوکاتە بەهۆی نەبوونی پێداویستی دەرمانی و دکتۆری چاودێر ئەم نەخۆشیانە دەخرانە پشتگوێ. لە ڕۆژی بیست و حەوتەمی مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٤٠ی کۆچی هەتاوی بۆ بڕێک کاروباری ناوشار و دیدەنی لە ماڵی خەزووری تەشریفی هات بۆ شاری سەقز کە دەگاتە حەوشی ماڵی خەزووری و بە پیریەوە دێن، بەخێرهاتن تەواو نابێ کە بەهۆی بەرزبوونەوەی لە ڕادە بەدەری تەوژمی خوێن، تووشی سەکتەی دڵ دەبێ و دڵە گەورەکەی مامۆستا لە لێدان دەکەوێ، بە فەرموودەی خۆی (بە قا نەماو چوو بۆ ماڵێ بە بەقا) بەرهەمەکانی مامۆستا کە تا ئێستا پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردەواری کراوە بریتییە لەو دیوانە کە سەرجەمی ئەو شیعرانەیە تائێستا توانیومانە کۆیان بکەینەوە لەگەڵ وەرگێڕاوی چیرۆکی لەیلێ و مەجنوونی (نظامی گنجوی) دیوانەکە پێشکەش کراوە کەموکوڕی زۆری تێدایە وەکو دابەشکردن، بۆنەی دانانی بڕێک لە شیعرەکان، جیاکردنەوەی غەزەلەکان، قەسیدەکان و هەتا ئاخر.

ئێمەش وەکو ئێوە لەسەر ئەو باوەڕەین کە شیعری تریشی هەیە کە لەدیوانەکەیدا نییە. هیواداریین بەهاوکاری گشت ئەدەبدۆستان، ئەوانەش کۆبکرێنەوە و لە داهاتوودا دەرفەتێک ببێ بە ڕێکوپێکی لە چاپی بدەینەوە.

میوانانی «مامۆستا زاری» هۆگرانی ئایین و شیعر و ئەدەب، دڵسۆزە ماندوونەناسەکانی کوردەواری ئیتر دووبارە هەزاران جار بەخێر بێن.

سەرنج: ئەم دۆسیەیەی لەم ژمارەیەی گۆڤاری ڕامان دا دەخوێنرێتەوە، لە ڕۆژی ٢٠١١/٩/٣ لە شاری سەقز لەلایەن ئەنجوومەنی ئەدەبی سەقزەوە سازدراوە و بە دوو دان، واتە بەیانی و ئێوارە بەرهەمەکانی تێدا پێشکەش کراوە، ئێمە سەرجەمی ئەو بەرهەمانەمان لێرەدا بڵاوکردووەتەوە.

# فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننای پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- لە ساڵی (١٩٢٩ز) نامیلکەیەک لەژێر ناوونیشانی «تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان: کۆڕی ڤیەننا» لەلایەن ڕێکخراوی ئێرنست ماخ لە شاری ڤیەننا بڵاوکراوەتەوە. لە پێشەکییەکەیدا ناوی هانزهان، ئۆتۆ نویرات، ڕودولف کارناپ نووسراوە. لەوێدا کە پتر شێوازی مانیفێستی هەیە پێکهاتنی ڕێکخراوی فەلسەفەیی «کۆڕی ڤیەننا»ی بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر مۆریتس شلیک ڕاگەیاندووە. ئەو سێ نووسەرەی مانیفێستەکەیان نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە نیگەرانی خۆیان لە بەرانبەر بڵاوبوونەوەی هزری میتافیزیکی و لاهووتی لە ژیان و لە زانستدا(١) دەربڕیوە و باسی فەلسەفەیەکیان کردووە کە ناوی زانستییان لێناوە، گوایە ئەو بزووتنەوەیە چۆتە ژێر باری ئەرکی نائاسایی بەگژداچوونی میتافیزیک و جێگیرکردنی بنەماکانی فەلسەفەی زانست! کەوابوو ئەو بزووتنەوەیە لە خۆیدا چییە و چۆن و بۆ لە ڤیەننا پەیدابووە؟! تایبەتمەندی ئەو فەلسەفەیە کە خۆی بە زانست ناساندووە، چییە و لەچیدا دەردەکەوێ؟!

بەپێی دابونەریتی ئەکادیمی زانکۆی ڤیەننا لە وڵاتی نەمسا لە ساڵی (١٨٩٥ز) بەدواوە وانەی فەلسەفەی زانستە ئەندەکشنییەکان خراوەتە پرۆگرامی خوێندنەوە. بۆ یەکەم جار فەیلەسووف و زانای ئەڵەمانی ئێرنست ماخ (١٨٣٨-١٩١٦ز) ئەرکی گوتنەوەی ئەو بابەتەی پێ سپێردراوە. تاوەکو ساڵی (١٩٠١ز) لەوێ دەستبەکار بووە. دواتر (ساڵی ١٩٠٢ تاوەکو ساڵی ١٩٠٦ز) لودڤیک بۆلتزمان لەو شوێنە مامۆستا بووە. ئەو بابەتە کە لە بەشی فەلسەفە گوتراوەتەوە جێگیرکردنی دابونەریت و ئاراستەی فەلسەفەی ئەزموونی- ئیمپری لەو زانکۆیەدا دەستەبەر بووە و



ئیسحاق نیوتن

پەرەی پێدراوە.

ساڵی (١٩٢٢ز) پرۆفیسۆر دکتۆر مۆریتس شلیک (١٨٨٢- ١٩٣٦ز) لەو جێگایە دامەزراوە(٢). م. شلیک خۆی لە بابەتی فیزیکدا پسپۆڕ بووە، بەسەرپەرشتی ماکس پلانگ ساڵی ١٩٠٤ نازناوی دکتۆری فەلسەفەی لە فیزیکی تیوری (بڵاوبوونەوەی تیشک لە توێژ و ئاستی جیاوازدا) پێ بەخشراوە. دواتر پشتی کردۆتە فیزیک و سەرگەرمی جۆرێکی تایبەتی فەلسەفە بووە. ساڵی ١٩٢٧ لە ژێر ناوونیشانی «کات و جێگا لە فیزیکی سەردەمدا» و ساڵی ١٩٢٨ کتێبی «تیوری گشتی زانین»ی بڵاوکردۆتەوە و بەهۆیانەوە لە سەرانسەری ئەڵەمانیا و زانکۆ و کۆڕە ئەکادیمیاییەکان ناوبانگی دەرکردووە.

شلیک ئێوارانی هەموو پێنج شەممەیەک سیمینارێکی رێک خستووە و تێیدا بە رێکوپێکی مامۆستایانی زانستەکان و بیرکاری و فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی و قانوون و خوێندکارانی دکتۆری فەلسەفە بەشداربوون. رۆدلف کارناپ، فردریک ڤایزمان، هانز هان، کارل مینگر، کورت گۆدل، فیکتور کرافت بەشداربووانی سیمینارەکان بوون. ئەو سیمینارە بووە بەو زەمینەیەی نەمامی کۆڕی ڤیەننا تێیدا شین بووە(٣). لە سەرەتادا لەو کۆڕە شاکارەکەی ڤیتگنشتاین (توێژینەوەیەکی لۆژیکی فەلسەفەیی- تراکتات) خوێندراوەتەوە و گفتوگۆی لەسەر کراوە و پاشان شی کراوەتەوە. ئەوەی ئەندامانی کۆڕەکەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە خواستی دامەزراندنی فەلسەفەی زانستی بووە سەرەڕای بەگژداچوونەوەی هزری میتافیزیکی بۆ ئەو مەبەستەش پەنابراوەتە بەر ئامرازی شیکردنەوەی لۆژیکی زمان. هەر لە سەرەتاوە لەلایەن هەندێک ئەندامانەوە پرۆژەی یەکخستنی زانستەکان لەسەر بنەمایەکی هاوبەش و ناوکۆیی قسەی لێوە کراوە.

٢- کۆڕی ڤیەننا لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، دواتر بە پۆزیتڤیزمی لۆژیکی (ئیمپریزمی لۆژیکی) ناوبراوە و ناسراوە، واپێدەچێ لایەنگیرانی لارییان لەوە نەبووبێ هەر کامێک لەو دوو ناوەی بۆ بەکاربهێنرێ. بۆ بڵاوکردنەوەی جیهاندیدەکەیان ساڵی (١٩٣٠ز) لە شاری لایپزیک، کە ئەوکاتە مەڵبەندی چاپخانەی مۆدێرن بووە، کارناپ و هانز رایخنباخ (١٨٩١-١٩٥٣ز) ئەوکاتە مامۆستای فەلسەفە بووە لە بەرلینی پایتەخت، گۆڤاری زانین (Erkenntnis) دەرکراوە. ئەو گۆڤارە بە رێکوپێکی بەرهەمی رابەر و ئەندامانی کۆڕەکە و چوستو چالاکییە فەلسەفەیی و زانستییەکانیانی پەخش و بڵاوکردۆتەوە.

جگە لەو گۆڤارە کۆڕەکە پێشتر رێکخراوێکی فەلسەفەیی بەناوی رێکخراوی ئێرنست ماخ دامەزراندووە. ئەو رێکخراوە زۆربەی بەرهەم و نامیلکە و کتێبەکانی ئەندامانی کۆڕ و لایەنگیر و دۆستەکانی بڵاوکردۆتەوە. هەڵبژاردنی ناوی ئێرنست ماخ بۆ ئەو رێکخراوە ئەو رۆڵە ساغ دەکاتەوە کە ئەو سەردەمە ماخ لە چوارچێوەی فەلسەفەی زانستدا گێڕاویەتی و هەڵوێستی رێزلێنانیشی دەربڕیوە کە کۆڕەکە بەرانبەر بە چالاکییەکانی ماخ هەیبووە.

ئەگەر سەرنج لە بڵاوکراوەکانی ئەو رێبازە بدرێ، هەر لە سەرەتاوە تێیاندا مەبەست و ئامانجی چالاکییەکانی خۆیانیان روون کردۆتەوە، بە کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانسی نێونەتەوەیی خۆیان بە جیهانی ئەکادیمی ئەوروپا و ئینگلتەرە و ئەمەریکا ناساندووە و لایەنگرانیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە و وەڵامی ڕکەبەر و ناحەز و رەخنەگرەکانیان داوەتەوە. چەند خاڵێک بەگشتی- بەبێ ئەوەی جیاوازی هەندەکی نێو ئەندامانی پشتگوێ بخرێ- کۆی کردوونەتەوە، ئەو خاڵانە جگە لە

میتودەی هاوبەش کە پشتیان پێ بەستووە، دەکرێ بەو جۆرە قسەیان لێ بکرێت:

- درێژە پێدانی چالاکییە ئیمپریبیەکانی هیوم و پۆزیتیڤیستییەکانی ئێرنست ماخ(٤)، بە تایبەتی ڕێبازی بەگژداچوونەوەی ئاراستەی میتافیزیکی. بەو پێیە دەبێ فەلسەفە لەسەر بنەمای زانست دابمەزرێ.

- ئەو بۆچوونە لەنێوانیاندا بڵاو و جێگیر بووە کە تا ئەو سەردەمە فەلسەفە بەسێ جۆر کێشە- بابەتەوە خەریک بووە:

**یەکەم:** چەند کێشە و پرسیارێک تاووتو کراون کە چەند ڕاستەقینەیەکی ئەزموونی- ئیمپیرین و دەکرێ بەهۆی زانستە ئەزموونییەکان وەڵام بدرێنەوە و یەکلایی بکرێنەوە.

**دووەم:** هەندێک پرسیار و کێشە کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتی زمانەوە هەیە، دەکرێ بەهۆی ڕوونکردنەوەی چەمک و دەستەواژە و پرۆپۆزیشنەکانەوە بەلایەکدا بخرێن.

**سێیەم:** پرسیار و کێشە میتافیزیکییەکان کە ناکرێ وەڵام بدرێنەوە، ئەو پرسیار و کێشانە بەهیچ شێوازێک ناکرێ و لە تواناییدا نییە بە ڕێگا و شێوازی چەمکە زانستییەکان و بەزمانی زانست دابڕێژرێنەوە و فۆرمولە بکرێن(٥).

ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی شیکردنەوە سەرنجی ئەو بڕیارەی ئەو کۆڕە بدات کە لە بارەی کێشە و پرسیارەکانی فەلسەفەی پێش خۆیانەوە داویانە، سروشتی گەوهەری ئەو فەلسەفەیان دێتە بەرچاو کە کۆششی پشتڕاستکردنەوەیان کردووە و خەسڵەتەکانی بەو جۆرەیە: فەلسەفەیەک ئەزموونی پۆزیتیڤیستییە بەو واتایە کە زانین تەنیا بەهۆی ئەو داتایانەوە دەستگیر دەبێ کە بەهۆی شارەزایی و ئەزموون و هەستەکانەوە دەکەونەوە. بەو پێیە ئەو فەلسەفەیە لێرەدا دەستنیشان کراوە کە بەلای ڕابەرانی ئەو ڕێبازەوە پەسند بووە! ئەو جۆرە ڕەواکردنەوەی فەلسەفەیەک کە ناوەرۆک و ڕوخسار (میتودەی) دیار و دەستنیشانکراوی هەبێ، ناوی پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی بە ڕێبازەکە بەخشیوە، چونکە وەک لە مانیفێستەکەدا هاتووە:

ئەو ڕێبازە جگە لەوەی سروشتی ئیمپری- پۆزیتڤیستی هەیە و تەنیا بڕوای بە دروستی زانینێک هەیە کە بەهۆی ئەزموون و شارەزاییەوە کەوتبێتەوە، پەنا دەباتە بەر میتودەیەکی تایبەتی کە بە سایەی پەرەسەندنی لۆژیکی بیرکاری دەستگیر بووە و دەکرێ وەڵامی پرسیارەکانی پێ بدرێتەوە و کێشەکانیش یەکلایی بکرێنەوە:

**میتوەدی شیکردنەوەی لۆژیکی(٦) زمان**

٣- ئەو شیکردنەوەیەی لۆژیکی زمان چییە و چۆنە و بۆ دەبێ ئەو ڕێبازە ئەوەندە بڕوای بە توانایی بەلایەکدا خستنی کێشەکانی پێ هەبووبێ؟

بە باوەڕی من کۆڕی ڤییەننا، پشت ئەستوور بە تراکتاتۆسی ڤتگنشتاین، لە چالاکی فەلسەفەییدا بۆ یەکەم جار بە شێوازێکی ورد و ڕێکوپێک سەرنجی بۆ لای ڕۆڵی زمان لە چارەسەرکردن و یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی تیوری زانیندا دەیگێڕێ، ڕاکێشاوە.

شیکردنەوەی لۆژیکی زمان میتودەیەکی توێژینەوەیە، بەپێی سەرچاوەکان و ئەو بەرهەمانەی ڕابەرانی کۆڕەکە بڵاویان کردۆتەوە، دوو لایەنی هەیە:

- لایەنێکی نالەبار (نێگەتیڤ):

لەو لایەنەدا هەوڵ دەدرێ بنەماکانی هزری میتافیزیک هەڵبتەکێنرێ و ساغ بکرێتەوە کە دەستەواژەکانی ئەو جۆرە هزرە نەڕاستن و نە چەوت، بەڵکو بێ واتان و دەبێ لە کۆڕ و دەڤەری زانست و زانینی مرۆڤ دووربخرێنەوە.

- لایەنی لەبار (پۆزەتیڤ):

بۆچوون و جیهاندید و پەیڕەو و ڕێبازی زانستەکان ڕوون دەکرێنەوە و هەوڵ دەدرێ ساغ بکرێتەوە زانینی مرۆڤ کە جێگای دڵنیایی لێکردنبێ و دەرفەتی گومان و دڵ کرمێ بوون نەدات، تەنیا لە ئەزموون و شارەزاییەوە Erfahrung سەرچاوە دەگرێ.

شیکردنەوەی لۆژیکی زمان لە سەرەتادا ئەو دەستەواژانە Proposition دەکات بە کەرەستەی شیکردنەوە کە لێکدراون، ئنجا هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئەو دەستەواژانە دەچێ کە ئەوپەڕی سادە و ساکارن و دەکرێ لەگەڵ هەڵکەوت و دیاردە هاوردەکانی دەوروبەردا بەراورد بکرێن. ئەوکاتە ئەو دەستەواژە سادە و ساکارانە گیروگرفتیان لەبەردەمدا نامێنێ و دەکرێ بەپێی پێوەری ساغ کردنەوە لە بارەیانەوە بڕیار بدرێت ئایا ڕاستن، یان ناڕاستن؟ هەلومەرجی زانستییان تێدایە، یان نا؟ ئەو هەنگاوە بۆتە مایەی ئەوەی ئەو فەیلەسووفانە فەلسەفە بە لۆژیکی زانست دابنێن.

لۆژیکی نوێ (سیمبۆلی- بیرکاری- مۆدێرن) بۆ



بێرتراند ڕەسڵ

چارەسەرکردنی کێشەی تەنگژەی بنەماکانی بیرکاری پەرەی پێدراوە، بەڵام لە کۆڕی ڤییەننادا بووە بە ئامرازێکی چالاکی فەلسەفەیی (تیوری زانست) بەگشتی. بەو جۆرە لۆژیکە گوتراوە (لۆژیکی پراکتیکی) بەرانبەر بەوەی دیکەیان کە بە لۆژیکی تیوری ناوبراوە. کارناب لە چەند بەرهەمێکیدا لۆژیکی یەکەمی کردووە بە میتودەی توێژینەوەی فەلسەفەیی(٧).

٤- فەلسەفە ببێ بە زانست، یان پابەندی بنەما و پەیرەو و ڕێبازی زانست بێ، ئامانج و مەبەستێکی بەرچاوی ئاشکرای کۆڕی ڤییەننا بووە. ئەو بۆچوونە پێداویستی و ئەنجامی هەبووە و لێی کەوتۆتەوە:

ئەو جۆرە فەلسەفەیە جۆرە شێوازێکی توێژینەوەی پێویست و دەستنیشان کردووە، چونکە دوو بابەت و کێشەی هاتۆتە بەردەم:

**یەکەم:** شیکردنەوەی بنەماکانی تیوری زانین.

**دووەم:** چەمک و بنەما تیورییەکانی بیرکاری و زانستییە سروشتییە ئەزموونییەکان تاووتو بکرێن.

لە خاڵی یەکەمدا شیکردنەوەکە دەری خستووە تیوری زانین بە ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، پێشتر بریتی بووە لە تێکەڵییەکی تەمومژاوی سایکۆلۆژی و توێژینەوەی لۆژیکی(٨)، بەڵام ئەو بابەتە بەوە یەکلایی کراوەتەوە کە توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان کە لایەنی تیوری زانین بوون، بە زانینی فاکتە ئەزموونییەکان دانراون و بە میتودی زانستە ئیمپرییە ئەزموونییەکان سپێردراون، بەو پێیە لە چوارچێوەی تیوری زانین دەچنە دەرێ.

– مەبەست لە چەمک و بنەماکانی زانستەکان چەمکی کات، شوێن، هۆیەکی و بنەمای ناچارییە کە بە عەرەبی (حەتمیەتی پێدەگوترێ). بۆ جیاکردنەوەی ئەرکەکە لە زانستەکان، لێرەدا ئەو چەمک و بنەمایانە بەهۆی میتودەی فەلسەفە کە شیکردنەوەی لۆژیکییە تاووتو دەکرێن. لەو دوو خاڵەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە دوو جۆرە پرسیار لە ئارادا دەبن:

– پرسیارێک لە بارەی هەڵکەوت و ڕاستەقینە و فاکتەکانەوە بکرێت دەچێتە خانەی زانستەوە و تەنیا هەر لەلایەن زانستە ئەزموونییە ئیمپرییەکانەوە وەڵام دەدرێتەوە(٩).

– بە پێچەوانەوە پرسیاری فەلسەفە لە بارەی سترۆکتۆر و بنەمای لۆژیکی زانینی زانستییانەوە دەکرێت. بۆ نموونە لەو دەڤەر و کایەیەدا، لێکۆڵینەوە لە زانینی زانستی لەسەر بنەمای لۆژیکیانە ئەو دەگەیەنێ لێک بدرێتەوە چۆن و بە چ شێوازێک چەمک و دەربڕین و دەستەواژەکانیان لەنێو خۆیاندا بە یەکترییەوە پەیوەستن Zusammenhangen، چۆن چەمکەکان لەلایەن هی ترەوە دەگیرێنە خۆ و چۆن دەربڕین و دەستەواژەکان لە یەکتری دەکەونەوە؟! لەو توێژینەوانەوە، لە پرۆسەی جێبەجێ کردنی شیکردنەوەی چەمک و دەستەواژە و سەلمێنە و گریمانە و تیورییەکانی زانستەوە چالاکی تیوری زانین پێکدێت و فەلسەفەش بەگشتی لەو بازنەیە ناچێتە دەرێ و ئەو سنوورە نابەزێنێ.

٥- ئەگەر ئەرکی فەلسەفە لە لۆژیکی نوێدا چڕ بکرێتەوە و لۆژیکیش پشت ئەستوور بەو ئەنجامانەی گۆتلوب فرێگە و لۆرد بێرتراند ڕەسل و وایتهید پێی گەیشتبوون بریتی بێ لە:

– دوورخستنەوەی یەکجارەکی میتافیزیک بە تایبەتی زرە دەستەواژەکانی میتافیزیک لە پاوان و کایەی زانست و ئینجا جیاکردنەوەی جیهاندیدی فەلسەفە لە زانست.

– شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بابەتی دڵنیایی بوون لە زانینی مرۆڤ وەک ئەنجامێکی توێژینەوەی ئەزموونی ئیمپری، ئەوە دەکەوێتەوە کە چارەسەرکردن و یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی فەلسەفە بە ڕێگا چارەسەرە باوە بۆ

ماوەکان نابێ و ناکرێ، ئەو ڕێگا نوێیەی کۆڕی ڤیەننا پێشنیاری کردووە و ڕابەرانی گرتوویانەتە بەر، دەری خستووە کێشەی ڕاستەقینە و زڕەکێشەیە Schein هەروەها بە هەمان پێوەر پرسیاری پڕ واتا و پرسیاری بێ واتا هەیە. چۆن مرۆڤ بتوانێ ئەم دووانە لە یەکتری جیا بکاتەوە؟ ئەو پێوەرە چییە و چۆنە کە بکرێ بۆ ئەو مەبەستە پشتی پێ ببەسترێ؟! ئەگەر هاتو پێوەرێک لەبەردەستدابێ زڕە دەستەواژەی نازانستی لە دەستەواژەی ڕاستەقینەی زانستی جیابکاتەوە، ئایا ئەو ئەنجامەش دەکەوێتەوە کە دەبێ زمانێک هەبێ تەنیا ڕستە و دەستەواژەی ڕاستەقینەی زانستی تێدابێ و لێیانەوە پێکهاتبێ؟!

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەوە دوو بابەت کەوتوونەتەوە و بوونەتە مایەی وتوویژ و توێژینەوەی زۆر و زەبەندە بەبێ ئەوەی بە یەکجارەکی یەکلایی کرابنەوە:

**یەکەم:** جۆرەکانی دەستەواژە و بڕیار Urteil.

**دووەم:** ڕێبازی فیزیکی Der- Physikalismus

کێشەی یەکەمیان لە کانتەوە ماوەتەوە کە جۆرە دەستەواژە- بڕیارێکی باس کردووە وا بە ئاسانی پشت ڕاست ناکرێتەوە، ئەویش دەستەواژە – بڕیاری لێکدراوی پێشییانەیە. ئەو بڕیارە چییە و چۆن لێک دەدرێتەوە؟ بۆچی کۆڕی ڤیەننا ئەو جۆرە بڕیارە پەسند ناکات؟

بەپێی زانستی بیرکاری و لۆژیک دوو جۆر بڕیار هەیە:

– بڕیاری شیکاری پێشیانە.

– بڕیاری لێکدراوی پاشیانە.

بەڵام کانت لە شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری بێگەردا پێی لەسەر بوونی جۆری سێیەمی بڕیار داگرتووە کە ئەوی ناوی نابوو: بڕیاری لێکدراوی پێشییانە!

بەلای ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالییەوە، ئەو جۆرە دەستەواژە – بڕیارانە شیکاری ڕووت نین، واتە بەهۆی تاووتوکردنی چەمکەکەیانەوە یەکلایی ناکرێنەوە وەک بڵێی: بازنە خڕە، بەڵکو شت دەداتە دەست و زانین فراوانتر دەکات، چونکە لێکدراوە، بەڵام لەلایەکی دیکەیەوە ناچارییە و بێ سنوور ڕاستە All-gemeingultig واتە پێشییانەیە، بۆ نموونە هاوکێشەکانی ژمێرە و بیرکاری لەو جۆرەن: ٧+٥= ١٢

بەلای کۆڕی ڤیەنناوە ئەو جۆرە بڕیارە- دەستەواژانە ناکرێ هەبن، چونکە بەپێی لۆژیکی مودێرن کە لە چوارچێوەی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی بیرکارییەوە کەوتۆتەوە و ساغ بۆتەوە کە دەستەواژە- بڕیار ئەگەر شیکاری بوو، سادە و ساکارە و لێکدراو نییە، ئەگەر لێکدراو بوو، شیکاری و سادە و ساکار نییە. بڕیاری شیکاری هەمیشە پێشییانەیە، چونکە پێش ئەوەی پەنا بۆ ئەزموون و شارەزایی ببردرێ، ڕاست و ناڕاستییەکەی ساغ و پشت ڕاست دەکرێتەوە. بەپێچەوانەوە بڕیارە لێکدراوەکان هەر دەبێ پاشیانە بن، چونکە دوای پشت بەستن بە ئەزموون و پاش پەنابردن بۆ تاقیکردنەوە ڕاستی و ناڕاستییەکەیان پشت ڕاست دەبێتەوە.

ئەو بابەتە کێشە ئامێزە بەردەوام و بێ پسانەوە لە چوارچێوەی چالاکییە هەمەجۆرەکانی کۆڕی ڤیەننا قسەی لەسەر کراوە و بەشێوازی جیاجیا هەوڵی یەکلایی کردنەوەی دراوە.

٦- بابەتێکی دیکەی گرنگ کە ئەو ڕێبازە بەگشتی بایەخی پێداوە و لەو سەردەمەدا ئەوەندەی جاران سەرنجی فەیلەسوفان بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ، بابەتی: ڕێبازی فیزیکییە.

لە هەندێک توێژینەوە و بەرهەمدا بە زانستی یەکگرتوو ناوبراوە Einheitswissenschaft. ئەو ناوە بۆچی بەکارهاتووە؟ و بیرۆکەکە چی دەگەیەنێ؟!

هەر لەسەردەمی ئیسحاق نیوتنەوە کە بیرکاری کردووە بە میتودەی زانستی سروشتی (فیزیک) ساغ بۆتەوە کە فیزیکی بیرکاری لەبەر دوو هۆکار بنەمایەکی پتەو و قایمی زانینی مرۆڤ دەستەبەر دەبێ:

– قانوون و بنەماکانی لە چەندێتیدا ئەوپەڕی ورد و ڕێکوپێکن و بەوە لە مێژوو و بابەتەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە.

– فیزیک هەڵکەوتی ڕاستەقینە Wirklichkeit دەکات بە بابەتی توێژینەوە. ئەو لایەنە لە زانستە نموونەییەکانی دیکە جیای دەکاتەوە.

ئەو لایەنە لە بارەی فیزیکەوە مایەی ئەوە بووە هزرمەندانی کۆڕی ڤیەننا:

**یەکەم:** کۆشاون ساغی بکەنەوە کە ئەو زانینەی لەسەر بنەمای زانستی سروشتی دەسگیر دەبێ زانینێکی نموونەییە.

**دووەم:** زانستی سروشتی (فیزیک) بە بنەما دادەنرێ و لەسەری زانستەکانی دیکە لە یەک تاکە زانستدا کۆ دەکرێنەوە و یەکیان پێدەگیرێ. بەو پرۆسەیە دەگوترێ پرۆسەی یەکگرتنەوەی زانستەکان.

فیزیک لەو پرۆسەیەدا کراوە بە بنەما ، بۆیە ئەو چالاکییە بە ڕێبازی فیزیکی ناونراوە. ئەو پرۆسەیە دەکرێ بەو جۆرە ڕوون بکرێتەوە:

فیزیک (زانستی سروشتی) زانستێکی ڕیالیستی هەڵکەوتە ڕستە و دەستەواژەکانی بابەتین و لە بارەی شمەکی دەوروبەرەوەن، چونکە پێوەندی کات و شوێن دەردەبڕن. هەر بابەتێکیش لە کات و شوێنی دیاریکراودا هەبێ، تایبەتمەندی هەڵکەوتی (واقیعی دەبێ)، بۆیە لەو کۆڕەدا ئەو گریمانەیە کراوە کە دەستەواژەکانی دەڤەر و کایە زانستییەکانی دیکە دەبێ ببرێنەوە سەر دەستەواژەکانی فیزیک. بیرکاری و لۆژیک دەکرێ بە زمانی ئەو زانستە دەرببڕدرێن، چونکە هەردووکیان جۆرێکن لە ژمێرە (کەلکول) و چەند هێما و سیمبۆلێکن بە یەکەوە بەندن. بەو پێیە دوو ڕەنگی دەڤەری زانینی فەلسەفە و زانست کاڵ دەبێتەوە، هەموو چەمک و دەستەواژەکان دەبن بە دەستەواژەی زانستێک بە تەنیا. ئەو پرۆژەیە بەندە بەو گریمانەیەوە کە پەیڕەو و میتودەی زانستە جۆراوجۆرەکان دەکرێ ببرێتەوە سەر ئەو میتودەیەی لە فیزیکدا پەیڕەو دەکرێ و قانوونەکانی فیزیک و زمان و دەربڕینەکەی دەتوانن ئەرکی قانوون و زمانی زانستەکانی دیکە جێبەجێ بکەن و دەربڕن، چونکە زمانی فیزیک زمانێکی دەستیاوییە و -Inter subjektiv لە هەمان کاتدا زمانێکی هەمەکی گشتییە(١٠). زمانی دەستیاوی ئەوە دەردەبڕێ: ئەو دەستەواژانەی زانستەکانی دیکە کە ناوەرۆکیان وەک هی دەستەواژەکانی زانستی سروشتی وایە، دەکری ببرێنەوە سەر دەستەواژەکانی فیزیک. بەوەش هەمەکی گشتییەکە دەتوانێت ناوەرۆکی دەستەواژەکانی گشت زانستەکانی تر دەرببڕێ.

٦- بەرز ڕاگرتنی زانست و کۆشان بۆ بەزانست کردنی فەلسەفە، بابەتێکەو لە تێکڕای بەرهەمەکانی ئەو کۆڕەدا هەر لە وتار و توێژینەوە و بڵاوکراوە و سیمینارەوە تاوەکو کتێب و کۆنفرانسە نێو دەوڵەتییەکان کە لە پراگ (١٩٢٩ز) کۆنیگسبێرگ (١٩٣٠ز) پاریس (١٩٣٥ز) کۆپنهاگن (١٩٣٦ز) گیراون و ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە. زانستیش کراوە بە دوو جۆرەوە:

- زانستی ئەزموونی کە فیزیک و چەند بابەتێکی دیکە دەگرێتەوە و سروشتە تایبەتییەکەی زانست لەوەدا دەردەکەوێ کە فۆرمی دیاریکراوی هەیە و دەستەواژەکانیشی دەکرێ بە پێوەری دیار و دەستنیشان کراو ڕاستییان پشت ڕاست، یان ناڕاستییان ساغ بکرێتەوە.

- زانستییە ڕوخسارییەکان: لۆژیک و بیرکاری دەگرنەوە. ڕەسل و وایتهید پشت ئەستوور بە هەوڵە زانستییەکانی گۆتلوب فریگە ساغیان کردۆتەوە کە بیرکاری لۆژیکێکی پەرەسەندووە. لۆژیکیش لەلای خۆیەوە دەستەواژەی تایبەتی خۆی هەیە و ناوەرۆکەکەی لێیان پێکدێت. ئەو دەستەواژانە هەمان گۆیین -Tau tologie هیچ شتێک لە بارەی هەڵکەوت و دەوروبەر ناڵێن و هەمیشە ڕاستن، ئەگەر هەر دەستەواژەیەکی لۆژیک نا بکرێت ناکۆکی دەکەوێتەوە. ساغ کردنەوەی ڕاستی و دروستییان پەکی لەسەر ئەزموون و شارەزایی نەکەوتووە. هەر بەهۆی ئامرازێک کە ئەو لۆژیکە نوێیە داویەتە دەست میتافیزیک لەکایە و دەڤەری بیر و هزری زانستی دوور خراوەتەوە.

ئەگەرچی لەو سەردەمەدا هەلومەرجەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە، بەڵام لەسەردەمی دەستبەکاری کۆڕی ڤیەننادا مەترسی ئەوە لەلای هەندێک کۆڕ و کۆمەڵە لە ئارادا بووە فەلسەفە کەسایەتی خۆی لەدەست بدات و ناچار بکرێت نەک هەر دەست بە دامێنی زانستەوە بگرێ، بەڵکو لە یەکەم هەنگاودا ببێ بە پاشکۆی زانست و ئینجا هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە بکات و پایدۆزی ڕابگەیەنێ. ئەو گریمانەیە لەو بۆچوونەوە کەوتبۆوە کە زانستە ئەزموونییەکان پەنا دەبەنە بەر تاقیکردنەوە و ئەو ڕەوشەش دەبێتە مایەی ئەوەی زانینی زانستییانە هەموو ئەو پێداویستییانە دەستەبەر ببێ کە فەلسەفەی کلاسیکی هەوڵی بۆ داوە و سەرگەرمی بەدی هێنانی بووە. ئەوەی کارئاسانی بۆ ئەو مەبەستە کردووە، ئەگەر و گومان هەڵگرە. جارێکی دیکە لێکدانەوە و داڕشتنەوەی پرسیارە فەلسەفییەکان بووە، ئەگەر لە ڕوخساریشدا بووبێ، ئەو پرسیارانە کە خۆیان لە بنەڕەتدا پرسیاری فەلسەفە بوون وایان لێکراوە، یان هەوڵ دراوە وایان لێ بکرێت بچنە نێو بابەتی لۆژیک، یان بچنە نێو قەدەغە و پاوانی کێشە و بابەتەکانی زانستە ئەزموونییەکان(١١) و ببن بە بەشێک لەوان. پێشکەوتنە شۆڕش ئامێزەکانی زانستەکان ڕۆڵێکی ڕابەری کردنیان لە کۆمەڵگاو کایەی کولتوور و هزردا بە زانست بەخشیوە. ئەو دۆخە تۆبزی لە فەلسەفە کردووە کە دەستبەرداری میتودە و پەیڕەوە

تایبەتییەکەی خۆی ببێ و پەنابەرێتە بەر میتودەی زانست و ئەمەش دیسانەوە کاڵکردنەوەی ڕۆڵی فەلسەفەی گەیاندووە.

٧- کۆڕی ڤیەننا دروست بوون و بڵاوە لێ کردنی لە پرۆسەی ژیان دەچێ: چۆن هاتنە ناو دنیا، کاتێک زارۆک لە دایک دەبێ کەس نییە پێی دڵخۆش نەبێ، کەچی ئەو خۆشییە بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆتایی دێ کە مردنە، مردن دیاردەیەکە بە هیچ هزرێک لێک نادرێتەوە و بە هیچ ژیرێک پاساو نادرێت. دەبێ بۆچی ژیان بەو خۆشییە، بەو کارەساتە دڵتەزێنە کە مردنە کۆتایی بێت، نهێنی ئەو گرێ کوێرە چییە؟ بە هیچ دانا و زانایەک لێک نادرێتەوە!

لە ساڵی (١٩٣٦ز) دوو ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو لاپەڕەی مێژووی کۆڕی ڤیەننایان هەڵدایەوە و دۆسیەکەیان پێچایەوە. موریتس شلیک دامەزرێنەری کۆڕەکە لەنێو زانکۆ بەدەمانچە تەقەی لێکراوە و کوژراوە. هەر لەو ساڵەدا هێزەکانی ئەدۆلف هیتلەر چوونە ناو خاکی نەمساوە و بە تۆبزی ئەو وڵاتەیان خستۆتە سەر ئەڵەمانیا و ئەندامانی کۆڕەکە ناچار کراون ڤیەننا- زانکۆ بەجێ بهێڵن و ڕوو لە دوور وڵات بکەن لەوەش چاوەڕوان نەکراوتر تاوانبارە بکوژەکەی شلیکیان بەرەڵلا کردووە!! بەو پێیە ئەو ڕێبازەی فەلسەفە لە ئەوروپا ناچار کراوە کۆتایی بە چالاکی خۆی بهێنێ و ڕووبکاتە بەریتانیا و ئەمەریکا. لەوێ لەگەڵ هەلومەرجی کولتووری لە ئارادا بوودا ئاوێتەبووە و گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر ڕوخسار و ناوەرۆکی جیهاندیدە بەپێزە هەمەڕەنگییەکەیدا هاتووە.

لە چوارچێوەی چالاکی فەلسەفەیی کۆڕی ڤیەننا چەندین هزرمەند دەستبەکار بوون و لە دەرەوەی کۆڕەکەشدا دۆست و لایەنگیریان هەبووە. موریتس شلیک و ڕۆدلف کارناپ چالاکترین ئەندامی کۆڕەکە بوون. بێ گومان پێشتر فەیلەسووف و ماتماتیکزان و ڕابەری لۆژیکی مودێرن گوتلۆب فریگە بە ڕێخۆشکەری ئەو ڕێبازە دانراوە.

- ڤتگنشتاین و لۆرد بێرتراند ڕەسل لەو هزرمەند و فەیلەسووفانە بوون کە بە دۆستی نزیکی ئەو کۆڕە ناسراون.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Der Wiener Kreis.: Wissenschaftliche Weltauffassung. Veroddentlichung des Vereines Ernst Mach. Wien 1929. S.9. ff.**

**2- Victor Kraft.: Der Wiener kreis. Springer Verlag. Wien 1968. S.1. ff.**

**3- Der Wiener Kreis.: Ebenda. S.13.ff.**

**4- Der Wiener Kreis.: Ebenda. S.14.**

**5- Victor kraft., Ebenda. S.175. ff.**

**6- Victor kraft.,: Ebenda. S.19. ff.**

**7- Rudolf Carnap.: Die Aufgabe der Wissenschtslogik. In: Einheitswissenschaft Hefte. 3. Wien: 1934.**

**8- Rudolf Carnap.: Von der Erkenntnistheorie zur Wissenschafts Logik. In: Actes. Paris 1936. Bd. I. S.36. ff.**

**9- Victor kraft. Der Wiener kreis. S.22. ff.**

**10- Rudolf Carnap.: Die Physikalische Sprache als Universalsprache der Wissenschaft. Erkennrnis. Bd.2. Leipzig 1932. S.43-44. ff.**

**11- Herbert Schnadelbach.: Philosophie in Deutschland 1831- 1933. Stw 401. Frankfurt am Main. 1999. S.123. ff.**

# نافەرمانی وەک بابەتێکی دەروونی و ئەخلاقی *

**ئەریک فرۆم**
**وەرگێڕان بۆ فارسی: م. ڕاەرخشان**
**لە فارسییەوە: (سەلاح مورادی)**
**(مەهاباد)**

**لە بارەی ئەم وەرگێڕانەوە**

ئەریک فرۆم ئەم وتارەی بۆ بڵاوبوونەوە لە کۆمایەکدا نووسیبوو کە تێیدا بیرمەندگەلێکی زۆر بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە دروستکردن و پەرەپێدانی چەکە ناوەکییەکان وتار دەنووسن. فرۆم لە ڕێگەی ئەم "پەند و ئامۆژگاری"یەوە لە بارەی نافەرمانی لە ڕیزی کەسایەتییەکانی وەک "گوونتر ئاندرسن"، "مارتین بووبر"، "دانیلۆ دوورسی"، "بێرتراند ڕەسل"، "ئەلبێرت شوایتزر"، و "کارل ـ فریدریش فوون وایتزگر" جێ دەگرێ. ئەم وتارە بۆ یەکەمین جار لە ژێر ناوی «Disobedience as a Psychological and Moral problem» لە بڵاوکراوەی Clara Urquhart و پاشان لە ساڵی ١٩٦٣ لە بڵاوکراوەی Jonathan Caps, London لە ژێر ناوی A Matter of Life بڵاو بۆوە. وەرگێڕانی ئێستا لە بەرگی نۆیەمی کۆمەڵە بەرهەمەکانی فرۆم بە زمانی ئەڵمانییە کە لە ساڵی ١٩٨١دا لە لایەن بڵاوکراوەی Deutsche Verlags-Anstalt بڵاوکراوەتەوە.

**لە بارەی نووسەرەوە**

ئەریک فرۆم، دەروونشیکار و فەیلەسووفی کۆمەڵناس، لە ساڵی ١٩٠٠ی زایینیدا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمان لەدایک بوو. پاش وەرگرتنی دکتۆرای فەلسەفە و کۆمەڵناسی لە ساڵی ١٩٢٢ لە هایدلبێرگدا لەگەڵ فرۆید ئاشنا بووە و بە تێپەڕکردنی خولی دەروونشیکاری لە بەرلین و میونیخ بوو بە دەروونشیکار. لە ساڵی ١٩٣٠ تا ١٩٣٨ ئەندامی ڕێبازی فرانکفۆرت بوو. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٣دا بە



**ئەریک فرۆم**

هۆی دەسەڵاتداریی نازییەکان لە ئەڵماندا ناچاربوو بۆ ئەمەریکا کۆچ بکا و لەوێ و لە (مەکسیک)دا بەرپرسایەتی چەندین دامەزراوەی دەروونشیکاری لە ئەستۆ بوو، هەروەها کورسیی مامۆستایەتی چەند زانکۆیەکی لە دەستدا بوو کە بوو بە هۆی ناسراوبوونی لە جیهاندا. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٠ لە سویسرادا کۆچی دوایی کرد.

سەدەگەلێکی دوورودرێژ پادشاکان، پێشەوا ئایینییەکان، دەرەبەگەکان، خاوەن پیشەسازییەکان و باوک و دایکەکان جەختیان لە سەر ئەو خاڵە دەکردەوە کە گوێڕایەڵی هێژامەندییەکی گەورە و ملنەدان و نافەرمانی ناپەسەند و تاوانێکی مەزنە. من دەمەوێ هەڵوێستم لە بەرانبەر ئەو پرسەدا وەها دەرببڕم: مێژووی مرۆڤایەتی بە نافەرمانی دەستی پێکرد و بە نەلواو نایەتە بەرچاو کە ئەم مێژووە بە هۆی ملکەچییەوە بە کۆتایی خۆی بگات.

بەپێی ئوستوورە عیبری و گریکییەکان دەسپێکی مێژووی مرۆڤ لەسەر کردەی نافەرمانی ڕۆ نراوە. کاتێک ئادەم و حەوا لە باخی بەهەشتدا دەژیان، هێشتا بە بەشێک لە سروشت دەژمێردران، ئەوان لەگەڵ سروشتدا یەک بوون و ژیانیان تەنیا لە یەک بوون لە سروشتدا واتای هەبوو. ژیانی ئەوان لە سروشتدا وەک ژیانی ئاوڵەمە لە منداڵدانی دایکدا بوو و لە کاتێکدا مرۆڤ بوون، بەڵام هێشتا بە کامڵبوونی مرۆڤی نەگەیشتبوون. ژیانی ڕاستەقینەی ئەوان وەک مرۆڤ لە کاتێکەوە دەستی پێکرد کە سەرپێچییان لە بڕیارێکی دیاریکراو کرد. مرۆڤ لە ڕێگەی ئاوەڵاکردنی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سروشت و بە جیابوونەوە لە منداڵدانی دایک و بە بڕینی بەندی ناوکی خۆی لە سروشت، لە یەک بوونی بەر لە مرۆڤی خۆی لەگەڵ سروشتدا هاتە دەر و وەها بوو کە توانی یەکەمین هەنگاوەکان بەرەو سەربەخۆیی و ئازادی بهاوێ. کردەی سەرپێچی لە بڕیار چاوی ئادەم و حەوای بەرەو حەقیقەت کردەوە و ئەوانی ئازاد کرد. بە هۆی ئەم کارەوە ئەوان تێگەیشتن کە تا ئەو کاتە لەهەمبەر یەکتر و لەهەمبەر جیهان نامۆ و تەنانەت دوژمن بوون. کردەی نافەرمانی پێوەندی سەرەتایی ئەوانی لەگەڵ سروشتدا لەنێو برد و تاکێتیی پێ بەخشین. ئەم تاوانە گەورەیە بە هیچ شێوەیەک نەبووە هۆی گەندەڵبوونی مرۆڤ، بەڵکو مرۆڤی ڕزگار کرد و ئەم ڕزگارییەش خاڵی دەسپێکی مێژووی مرۆڤ بوو. مرۆڤ دەبوو باخی بەهەشتی بەجێ هێشتبایە تا فێر ببێ کە دەبێ بە هێزەکانی خۆی پشت ئەستوور بێ تا مرۆڤبوون بەدەست بێنێ.

پێغەمبەرەکان بە وێنا ڕزگارکارانەکانی خۆیانەوە (لەهەمان کاتدا) جەختیان لەسەر ئەو بیرۆکەیە کردۆتەوە کە نافەرمانی کارێکی شیاوە. لەسەر ئەو بیرۆکەیە کە مرۆڤ بە تووشبوون بەم "تاوان"ە نە تەنیا بە هەرزەیی نەگەیشتووە، بەڵکو لە کۆتوبەندی ژیانی پێش مرۆڤی لەگەڵ سروشتدا ڕزگاری بووە. بۆ پێغەمبەرەکان مێژووی مرۆڤ ئەوکاتە دەست پێدەکات کە مرۆڤ، مرۆڤانی دەبێ. (ئەوان دەیانگوت کە) لە ڕەوتی مێژوودا، مرۆڤ هێزەکانی ئاوەز و ئەوین لە خۆیدا کامڵ دەکات و بە جۆرێکی نوێ لە پێوەندی لەتەک سروشت و مرۆڤەکانی دیکە دەستی دەگات و لەم پێوەندییە نوێیە لەگەڵ سروشت و مرۆڤەکانی دیکەدا وەک "کۆتایی دنیا" باسیان دەکرد، وەک سەردێڕێک لە مێژوودا کە تایبەتمەندییەکەی ئاشتی و ئاسایش لە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا دەبێ. ئەم پێوەندییە نوێیە هەمان بەهەشتی بەڵێندراوە کە بە دەستی مرۆڤ بنیاد نراوە، بەهەشتێک کە مرۆڤ تەنیا کاتێک توانی سازی بکا کە بە هۆی کردەی ملنەدان بە فەرمان ناچار بوو بەهەشتی "کۆن" چۆڵ بکات.

هەروەها لە ئوستوورە گریکییەکانیشدا، وەک ئوستوورەی ئادەم و حەوا، دەبینین کە دەسپێکی سەرهەڵدانی تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤی لەسەر نافەرمانی ڕۆنراوە. کاتێک پرۆمتە ئاگری لە خوداکان دزی، یەکەمین بەردی بناغەی کامڵبوونی مرۆڤی دانا، ئەگەر پرۆمتە تووشی ئەم "تاوان"ە نەبوایە مێژووی کامڵبوونی مرۆڤ هیچ کات بەدی نەدەهات. ئەویش وەک ئادەم و حەوا بە هۆی نافەرمانییەکەیەوە سزا درا، بەڵام لە کردەوەی خۆی پەشیمان نەبۆوە و داوای بەخشینی نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەوپەڕی شکۆ و گەورەییدا وتی: "باشترە کە بەم چیایەوە بە زنجیر ببەستریمەوە تا گوێڕایەڵی خوداکان بم."

مرۆڤ لە ڕێگەی کردەی سەرپێچی لە فەرمان خۆی لە ماوەی مێژوودا کامڵ کردووە. نافەرمانی نە تەنیا بوو بە هۆی کامڵبوونی دەروونی مرۆڤ ـ ئەمەش نە تەنیا بەو هۆیەوە کە هەمیشە مرۆڤگەلێک بوون کە بە پشت بەستن بە ویژدان و بڕواکانیان بە ستەمکارەکان "نە" بڵێن – بەڵکو هەمیشە وەک پێشمەرجی کامڵبوونی فیکریی مرۆڤ دژی ملکەچی لە بەرانبەر دەسەڵاتدارییەکدا کاری کردووە کە بیچم گرتنی هزرە نوێیەکانی سەرکوت دەکرد و لە بەرانبەر ئوتۆریتەی جێگرتووی بڕوا باو و گشتییەکان کە هەر گۆڕانێکی بە نادروست دەزانی، نافەرمانی بنەمای بنەڕەتی گۆڕانەکان بوو.

هەرچەند دەبینم توانایی سەرپێچی لە فەرمان دەسپێکی مێژووی مرۆڤە، هەرواش لەوانەیە کە ملکەچی خاڵی کۆتایی ئەم مێژووە بێ. ئەمە بە واتایەکی سەمبۆلیک و شاعیرانە ناڵێم. ئەو ئیمکان و ئەگەرە هەیە کە بوونەوەری مرۆڤی لە ماوەی پێنج تا دە ساڵی داهاتوودا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تەواوی ژیانی سەر زەوی لەنێو ببات و لەم کارەدا نە بیرکردنەوەیەک لەئارادایە و نە واتایەک. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە باری پێشکەوتنە تەکنیکییەکانەوە لە سەردەمی ئەتۆمدا دەژین، بەڵام زۆربەی مرۆڤەکان ـ لەگەڵ تەواوی ئەوانەش کە لە دەسەڵاتدان ـ لە باری گەشەی سۆزدارییەوە هێشتا لە سەردەمی بەردیندا ژیان بەسەر دەبەن. بیرکاری و ئەستێرەناسی و زانستە سروشتییەکانی ئێمە هی سەدەی بیستەمە، بەڵام ئایدیاکانی ئێمە لە بارەی سیاسەت، دەوڵەت و کۆمەڵگا لە کاتی پێش لە پێشکەوتنەکانی زانستە سروشتییەکاندا چەقی بەستووە، ئەگەر دەبینین کە مرۆڤ خەریکی لەنێوبردنی خۆی بووە، تەنیا بە هۆی پێڕەوی کردن لە کەسانێکە کە دەتوانن بە لێدانی کلیلێک هەموو شتێک لە نێو ببەن، چونکە مرۆڤ هێشتا لە سەرمەشقە کۆنەکانی سەبارەت بە ترس و قین و ئازاردان و لە وێنا دۆگمە کۆنەکانی سەبارەت بە پارێزراوبوونی دەوڵەت و شانازیی ناسیۆنالیستی پێڕەوی دەکا. ڕێبەرانی یەکیەتی سۆڤیەت زۆر باس لە شۆڕش دەکەن و ئێمە لە "جیهانی ئازاد"دا زۆر لە ئازادی دەدوێین، بەڵام هەم ئەوان و هەم ئێمە ئازایەتی نافەرمانی کردن لە مرۆڤەکاندا سەرکوت دەکەین ـ لە یەکیەتی سۆڤیەتدا بە ئاشکرا و بە بەکارهێنانی زۆر، لە "جیهانی ئازاد"دا بێ دەنگ و بێ هەراوهوریا لە ڕێگەی شێوە فێڵبازانەکانی هونەری قایل کردنەوە.

سەرەڕای تەواوی ئەم پێداهەڵگوتنانە، سروشتییە کە ناتوانین بڵێین هەر جۆرە نافەرمانییەک هێژامەندی و هەر پێڕەوی کردنێک ناپەسەند و تاوانە. وەها تێگەیشتنێک لەم باسە ئەو پێوەندییە دیالکتیکییەی کە لە نێوان پێڕەوی و سەرپێچیدا هەیە لە بەرچاو ناگرێ، ئەگەر هەمیشە ئەو بنەمایانەی کە مرۆڤ پێڕەوییان لێدەکا و ئەو دەستە لە بنەماکان کە مرۆڤ ناتوانێ پێڕەوییان لێ بکات لەگەڵ یەکتردا جیاوازییەکی زۆریان هەبێ، لە ڕاستیدا مرۆڤ ناچارە بە هۆی پێڕەوی لە یەکێکیان لەوی دیکەیان سەرپێچی بکات. نموونەی ڕەسەنی ئەم دووفاقییە لای ئەنتی گۆنا دەدۆزینەوە، ئەگەر ئەنتی گۆنا ملکەچی ڕێسا نامرۆڤانییەکانی دەوڵەت ببا، بە ناچاری دەبوو لە یاسا مرۆڤییەکان خۆی ببوێرێ، ئەگەر لە یاسا مرۆڤییەکان پێڕەوی کردبا، دەبوو لە یاسا دەوڵەتییەکان سەرپێچی بکات. تەواوی پەیامهێنەرانی دینەکان، پەیامهێنەرانی ئازادی و زانستەکان دەبوو لە بڕیارەکانی ئەو کەسانەی کە ئەوانیان ناچار بەبێ دەنگی دەکرد سەرپێچی بکەن بۆ ئەوەی کە لە یاسا ویژدانییەکانی خۆیان، لە یاساکانی مرۆڤایەتی و ئاوەز پێڕەوی بکەن، ئەگەر مرۆڤێک تەنیا توانایی گوێڕایەڵی هەبێ و نەتوانێ لە بڕیارەکان سەرپێچی بکات، لە کۆیلەیەک زیاتر نییە، هەروەها ئەگەر مرۆڤێک تەنیا توانایی سەرپێچیکردنی هەبێ و نەتوانێ پێڕەوی بکات، تەنیا یاخییەکە نەک شۆڕشگێڕ، چونکە ئەو تەنیا لە لایەن تووڕەیی و بێ

هیوایی و قینەوە ڕێنوێنی دەکرێ، نەک بە هۆی قایلبوون و بەپێی بنەماکان.

بۆ خۆبواردن لە هەر چەشنە تێکەڵکردنی واتاکان، پێویستە لێرەدا خاڵێکی گرینگ ڕوون بکەینەوە. هەر جۆرە پێڕەوی و ملکەچییەک چ لە کەسێک، لە ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی، یان لە دەسەڵاتێک بێ (پێڕەوی لەوی دی، Heteronormer Gehorsam) بە واتای گوێڕایەڵبوونە. ئەم جۆرە پێڕەویکردنە ئەوە لە مێشکم دەهاوێ کە چاو لە سەربەخۆیی خۆم بپۆشم و لەباتی پێڕەوی لە ویستی خۆم لە داخوازی بێگانە لە خۆم، پێڕەوی بکەم. بە پێچەوانەی ئەمە، ئەگەر من تەنیا لە هێزی ئاوەز و قایلبوونی خۆم پێڕەوی بکەم (لە خۆ پێڕەویکردن، Autonomer Gehorsam) ئەمە ئیدی بەواتای گوێڕایەڵی نییە، بەڵکو کردەوەیەکە بۆ سەلماندنی خۆم. قایلبوون و دەنگی من، ئەگەر بەڕاستی هی خۆم بن ـ بەشێک لە بوونی منن، ئەگەر من لەوانە نەک لە ڕای ئەوانی تر پێڕەوی بکەم لەم دۆخەدا، دەتوانم بڵێم کە من خۆمم. بەم پێیە ئێمە دەبێ وشەی "پێڕەوی" تەنیا لە باری خوازە (میتافۆر) و لە بنەڕەتدا جیاواز لە "پێڕەوی لەوی دی" بەکار ببەین.

ئەم جیاوازی دانانە لە نێوان وشەکاندا هێشتا پێویستی بە دوو ڕوونکردنەوەی دیکە هەیە کە لەم دووانە یەکێکیان پێوەندی بە بواری ویژدانییەوە هەیە و ئەوی تریان بە ئوتۆریتەوە.

وشەی ویژدان دوو بەکارهێنانی بە تەواوی جیاوازی هەیە: یەکێک "ویژدانی ئوتۆریتەخواز"ە کە بە واتای دەنگی دەروونی کراوی ئوتۆریتەیەکە کە ئێمە خوازیاری پێڕەوی لێین و بە هیچ شێوەیەک نامانەوێ بیگۆڕین. زۆرێک لە مرۆڤەکان کاتێک دەیانەوێ "لە ویژدانی خۆیان پێڕەوی بکەن" تەنیا لە ویژدانی ئوتۆریتەخواز پێڕەوی دەکەن. ئەم ویژدانە هەر ئەو ویژدانەیە کە فرۆید لەو بە ناوی "بان خود" یاد دەکا. ئەم ویژدانە حاڵەتی دەروونی کراوی بڕیار و بەرلێگرتنەکانی باوکێکە کە منداڵەکان بە هۆی ترسێک کە لە باوکیان هەیانە، قبووڵیان دەکەن. خاڵی بەرانبەری ویژدانی ئوتۆریتەخواز "ویژدانی مرۆڤانی"یە. بە واتای دەنگێک لە مرۆڤدایە کە لە ڕێگەی پەسندکران و هاندانی تاک لە لایەن دەوروبەریەوەیە. ویژدانی مرۆڤانی بەو بنەمایە پشت ئەستوورە کە ئێمە وەک بوونەوەرێکی مرۆڤانی بە شێوەی وارسکەیی دەزانین کە چ شتێک مرۆڤانی و چ شتێک نامرۆڤانییە، چ شتێک ژیان دەبەخشێ و چ شتێک ژیان لەنێو دەبات. ئەم ویژدانە یارمەتی ئێمە دەدات کە وەک بوونەوەرێکی مرۆڤی بتوانین بژین. دەنگێکە کە ئێمە بەرەو لای خۆمان و بەرەو لای مرۆڤایەتی بانگ دەکات.

ویژدانی ئوتۆریتەخواز هەمیشە ناچار بە پێڕەوی کردنە، بەتایبەت ئەو کاتە کە هێزێک لە دەرەوەی ئێمەوە خۆی وەک پاڵنەرێکی دەروونی لە ئێمەدا دەردەخات. لەم دۆخەدا وێنای من ئەوەیە کە لە ویژدانی خۆم پێڕەوی دەکەم، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە ئەو بنەما ئوتۆریتەییانەن کە لە نێوخۆی مندا کەڵەکە بوون. بە پێچەوانەوە بە هۆی ئەم گومانەوە کە گوایە ویژدانی مرۆڤانی و ویژدانی ئوتۆریتەخواز هەردووکیان یەک شتن، ئوتۆریتەی دەروونی کراو زۆر ڕووخێنەرتر لە ئوتۆریتەی پەتی کار دەکات، چونکە من لەوە کە ئوتۆریتەی پەتی لە دەرەوە بەسەرمدا دەسەپێ ئاگادارم. پێڕەوی کردن لە "ویژدانی ئوتۆریتەخواز" وەک هەر پێڕەوی کردنێک لە بەرانبەر ئەو ئایدیا و دەسەڵاتانەی کە لە دەرەوە بە سەرماندا دەسەپێن "ویژدانی مرۆڤانی" و شیاویمان بۆ خودبوون و خود دادوەری کردن لاواز دەکات.

لە لایەکی دیکەوە ئەم بانگەشەیە کە پێڕەوی لە هەر مرۆڤێک لە خۆیدا بە واتای گوێڕایەڵ پێشەبوونە، پێویستی بەو ڕاستکردنەوەیە کە دەبێ لە نێوان ئوتۆریتەی ئاوەزمەندانە و ئوتۆریتەی نائاوەزمەندانەدا جیاوازی دابنێین. نموونەیەک بۆ ئوتۆریتەی ئاوەزمەندانە پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییە و پێوەندی نێوان کۆیلە و کۆیلەدار نیشاندەری ئوتۆریتەی نائاوەزمەندانەیە. ئەم دوو پێوەندییە لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاون کە دەبێ ئوتۆریتەی کەسێک کە فەرمان دەدات قبووڵ بکرێ، بەڵام لە گۆشەی دینامیزمی ئەم دوو پێوەندییەوە هەردووکیان سروشتێکی جیاوازیان لە یەکتر هەیە. سوودی پێوەندی مامۆستا و قوتابی (لە بوارە دروستەکاندا) سوودێکی دوو لایەنەیە. کاتێک کە مامۆستا بتوانێ شتێک فێری قوتابی بکا، ئاسوودە دەبێ و ئەگەر نەتوانێ، لەم حاڵەتەدا هەردوو لایان خەتابارن. بە پێچەوانەی ئەم پێوەندییە کۆیلەدار هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە کە ئەوپەڕی قازانج لە کۆیلەکانی

وەربگرێ، هەرچی زیاتر کار بە کۆیلەکان بکات بە هەمان ڕادەش ڕازیترە و لە لایەکی دیکەوە کۆیلە هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە کە تەنانەت ئەگەر بکرێ بە قەد تۆزقاڵێک لە ئازاری کەم بکاتەوە. بەم پێیە قازانجەکانی کۆیلە و کۆیلەدار لە بنەڕەتدا پێک ناکۆکن، چونکە کارێک کە بۆ یەکێکیان قازانجی لێدەکەوێتەوە بۆ ئەوی تریان بە واتای ئازارە. سەرکەوتنی یەکێک بە سەر ئەوی تردا لەم دوو جۆرە ئوتۆریتەیەدا دوو کارکردی لەبنەڕەتدا جیاوازە. لە بارەی ئوتۆریتەی ئاوەزمەندانەوە سەرکەوتنی یەکێک بە سەر ئەوی دیکەدا پێشمەرجی پێشکەوتنی ئەوی ترە. لە پێوەندی لەگەڵ ئوتۆریتەی نائاوەزمەندانەدا ئەم سەرکەوتنە بە واتای چەوسانەوەی ئەوی دیکەیە. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە دوو جیاوازی دیکەش لەئارادایە: ئوتۆریتەی ئاوەزمەندانە بەو هۆیەوە ئاوەزمەندانەیە کە ئەم ئوتۆریتەیە (چ لە نموونەی مامۆستا و قوتابیدا و چ لە پێوەندی لەگەڵ کەشتیوانی کەشتییەکدا کە لە کاتی پێویستدا دەبێ فەرمان بدا) لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئاگایی ڕاوەستاوە، واتە شتێک کە بە هۆی ئەوەوە کە جیهانگیر بووە، پەسەندی دەکەم بێ ئەوەی کە پێویست بێ ئەوەی ببمە ملکەچی. ئوتۆریتەی نائاوەزمەندانەدا ناچارە توندوتیژی (یان لە مێشک هاویشتن «تلقین») بەکار ببات، چونکە هیچ کەس بە شێوەی ئازادانە ڕێگە بە چەوسانەوەی خۆی نادات.

بە چ هۆیەک مرۆڤ بە سانایی ڕێگای ملکەچی دەگرێتە بەر و بە چ هۆیەک لەژێرپێنانی بڕیار بۆ ئەو تا ڕادەیەک دژوارە؟ تا کاتێک کە تاک لە دەسەڵاتی دەوڵەت، کڵێسا، لە بڕوا گشتییەکان پێڕەوی دەکات هەستی دڵنیایی و پشتگیری لێکرانی هەیە. لەم دۆخەشدا جیاوازییەک نییە کە تاک لە چ سەرچاوەیەکی دەسەڵات پێڕەوی دەکات. هەمیشە هەندێ لە ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤەکان هەن کە لە ڕێگەی جۆرێک لە بەکارهێنانی توندوتیژی و زۆر و بە فریو و بانگەشەی زانایی و هەمە کارەبوون ئوتۆریتە بە مافی خۆیان دەزانن. پێڕەوی من لە ئوتۆریتە بەشێک لەو دەسەڵاتەم پێدەدات کە هەمیشە پەسندی دەکەم و بە گوێڕایەڵی خۆم ، خۆم لەو دەسەڵاتەدا بە بەشدار دەزانم و بەم پێیە خۆم وەک ئەو دەسەڵاتە بەهێز وێنا دەکەم. لەم ڕەوشەدا من لەهەر جۆرە هەڵەیەکیش دوور دەبم، چونکە ئەو دەسەڵاتە بڕیارم بۆ دەدات، هەروەها هیچ کات تەنیا نابم، چونکە ئەو دەسەڵاتە هەمیشە لەگەڵمدایە. تووشی هیچ تاوانێکیش نابم، چونکە ئەو دەسەڵاتە ڕێگەی ئەوەم پێ نادا، یان ئەگەر سەرەڕای ئەمەش تووشی تاوانێک ببم، ئەوە ئەو دەسەڵاتەیە کە دەبێ سزا بدرێ نەک من.

مرۆڤ دەتوانێ بە فێربوونی "نە گوتن" لە بەرانبەر سەرەڕۆییدا بە ئازادی بگات، بەڵام هەبوونی شیاوی بۆ نە گوتن لە بری پێشمەرجی ئازادی نییە ـ ئازادیش خۆی وەک پێشمەرجی نافەرمانییە، ئەگەر من لە ئازادی بترسم توانایی نە گوتنم نابێ و ناتوانم کە لە بڕیارەکان سەرپێچی بکەم. لە ڕاستیشدا پێڕەوی نەکردن لە فەرمان و ئازادی لێک جیانەکراوەن. بەم پێیە هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینی کە بانگەشەی ئازادی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا نافەرمانی مەحکووم بکات، هەقیقەتی ویستی خۆی دەشارێتەوە.

هۆیەکی دیکەش هەیە کە نە گوتن بە باڵادەستی دژوار دەکات. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆربنە پێڕەویکردنیان بە هێژامەندی و نافەرمانییان بە تاوان لەقەڵەم داوە. هۆی ئەمەش سانایە: تا ئێستا لە بەشی گەورەی ئەم مێژووەدا هەمیشە کەمینەیەک بە سەر زۆرینەدا حوکمی کردووە. هۆی ئەم حوکم کردنەی کەمینە بە سەر زۆرینەشدا ئەوە بووە کە شتە باشەکانی ژیان تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەم هەبوون و بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان تەنیا لەتە نانێک بەجێ دەما. کاتێک کەمینە دەیویست لە شتە سنووردارە هەبووەکان سوود وەربگرێ و دەیویست کە زۆرینە خزمەتکار بێ و بۆ ئەو کار بکا، دەبوو زۆرینە ناچار بە ملکەچی بکات. سروشتییە کە مرۆڤ دەتوانێ گوێڕایەڵی لە ڕێگەی زۆرەوە بە سەر ئەوی دیکەدا بسەپێنێ، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم شێوەیە ئاسەواری نالەباری زۆری هەیە. زۆر و ستەمی پەتی هەمیشە لەگەڵ ئەو مەترسییەدا بەرەوڕووە کە لە ئاکامدا ڕۆژێک دادێ کە زۆرینە بە دۆزینەوەی کەرەستەی شیاوی گۆڕان کەمینە لە دەسەڵات دێنێتە خوارەوە. سەرەڕای ئەمە نموونەگەلێکی زۆر هەن کە ناکرێ کەسانی دی لە ڕێگەی زۆری پەتییەوە بە ئەنجامدانی کارێک ناچار بکرێن. بەم پێیە دەبێ پێڕەوی کردنێک کە تەنیا بە هۆی بەکارهێنانی زۆری ڕاستەوخۆوە دەتوانێ درێژە بە ژیان بدا بۆ پێڕەوی کردنێک بگۆڕدرێ کە لە قووڵایی دڵەکاندا هێلانە بکا.

[لەم دۆخەدا ] مرۆڤ لە باتی ملکەچی لە رووی ترسەوە بە ویستی خۆی گوێڕایەڵی قبووڵ دەکات، تەنانەت هەست بە پێڕەوی کردن وەک پێویستییەک دەکا. بۆ بەکارهێنانی ئەم ویستە سروشتییە کە بەکارهێنەری دەسەڵات دەبێ خۆی وەک دەسەڵاتێکی چاکەخواز، ئاوەزمەند و زانا لە هەموو بوارێکدا نیشان بدات، ئەگەر دەسەڵاتێک بتوانێ لە بەڕێوەبردنی ئەم کارەدا سەرکەوتوو بێ لەو حاڵەتەدا دەڵا کە ملکەچی هێژامەندی و نافەرمانی تاوانە. هەر کات ئەمە ڕابگەیەنێ، زۆرینە ڕێگەی پێڕەوی کردن دەگرێتە بەر، چونکە بە کارێکی خاوەن هێژامەندی لە قەڵەمی دەدا و نافەرمانی قەدەغە دەکا، چونکە بە کارێکی قێزەونی دەزانێ ـ لە کاتێکدا دەبێ خۆی سەبارەت بەم گەمژەیییە سەرکۆنە بکات. دەسەڵاتخوازەکان پاش ئەمەش ئەم بنەمایە بەرز دەکەنەوە کە مارتین لوتەر وەها دەری بڕیوە: "...لەم ڕووەوە هەر کەس دەتوانێ، دەبێ ئەو بکوژێ، بیخنکێنێ و بیسووتێنێ، چ بە شێوەی نهێنی، یان ئاشکرا و دەبێ بزانرێ کە هیچ کەس ژەهراویتر، تێکدەرتر و شەیتانیتر لە مرۆڤی سەرکێش نییە. هەروا کە دەبێ مرۆڤ سەگێکی بەنرخ بکوژێ: ئەگەر ئەو لەنێو نەبەی، ئەو تۆ و نیشتمانێک بەرەو لەنێوچوون دەبا."(١) لە سەردەمی لۆتەرەوە تا سەدەی نۆزدەم لە هەموو شوێنێکدا سەرەڕۆیی پەتی زاڵ بوو. لۆتەر و پاپا و دەرەبەگەکان خوازیاری ئەو سەرەڕۆییە بوون. چینی نێوەنج، کرێکاران و فەیلەسووفەکان هەوڵیان دەدا ئەوە لە نێو ببەن. خەبات دژی باڵادەستی دەوڵەت و بنەماڵە بە واتای هەبوونی کەسایەتییەکی سەربەخۆ و خاوەن ئازایەتی بوو. خەبات دژی سەرەڕۆیی بەشی جیانەکراوەی چالاکییە ڕووناکبیرییەکان و تایبەتمەندیی فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و زانایانی زانستە سروشتییەکان بوو. "ڕوحی ڕەخنەگر"ی ئەوکات لەسەر بناغەی ئاوەز ڕاوەستابوو و لە هەر شتێک کە لەسەر بنەمای نەریت، پڕوپووچییەکان، دابونەریتەکان و باڵادەستی ڕاوەستابوو بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە دەیڕوانی. بنەماکانی sapere aude و de omnibus est dubitandum ("هەوڵ بدە تا بزانی" و "لە هەموو شتێک گومان بکە") خەسڵەتی دیاریکراوی بابەتێک بوو کە لە مرۆڤایەتیدا لێهاتوویی نە گوتنی بار دەهێنا.

ڕەوشی ئوتۆریتە ئەمڕۆ بە چ شێوەیەکە؟ کۆمەڵگا دیکتاتۆرلێدراوەکان لە ڕێگەی ئوتۆریتەی پەتی دەوڵەتییەوە ڕێنوێنی دەکرێن کە لە بەهێزکردنی ملدان بە ئوتۆریتە لە بنەماڵە و لە قوتابخانەکاندا وزە دەگرێ. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگا دیموکراتیکە ڕۆژئاواییەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە سیستمە سەرەڕۆ و ملهوڕەکانی سەدەی نۆزدەمیان بەجێ هێشتووە. پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ وەها بانگەشەیەک ڕاستە، یان شێوەی پاوانکراوی ئوتۆریتە لەم کۆمەڵگایانەدا گۆڕدراوە؟

سەدەی هەنووکە سەدەی سیستمی بوروکراسی پلەبەندی لە ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئابووری و لە یەکییەتییەکاندایە. ئەم سیستمانەی بوروکراسی جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤەکان و کەلوپەلەکاندا دانانێن و لە بنەماگەلێک پێڕەوی دەکەن، وەک بنەما ئابوورییەکان، بنەماکانی چەندایەتیخوازی، بنەماکانی بردنەسەرەوەی ڕاندمانی کار و قازانج و لە بنەڕەتدا جیاوازییەکیان لەگەڵ کۆمپیوتەرێکدا نییە کە بەپێی ئەم زانیارییانە بەرنامەی پێدراوە. لەم سیستمانەدا تاک دەبێتە ژمارەیەک و بۆ شت (کەرەستە) دەگۆڕدرێ. ڕاست بەو هۆیەوە کە ئوتۆریتەی پەتی بوونی نییە (بەو هۆیەوە کە تاک "ناچار" بە پێڕەوی کردن نییە) ئەو گومانە پێکدێ کە گوایە هەر تاکێک تەنیا بەپێی ڕا و ویستی خۆی کار دەکا، یان ئەوە کە لە ئوتۆریتەی "ئاوەزمەندانە" پێڕەوی دەکا. کاتێک مرۆڤ نازانێ کە خەریکە پێڕەوی دەکا، چۆن دەکرێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە ئەو لە پێڕەوی کردن لە "ئاقڵەکان" و سەردانەواندن بۆ بوروکراسی کۆمپیوتەری خۆی ببوێرێ؟ لە بنەماڵە و لە پەروەردە و فێرکردنیشدا بارودۆخەکە بەم شێوەیە. تێگەیشتنی هەڵە لە ڕاکانی ڕاهێنانی پێشڕەو پێکهاتنی شێوازێکی ڕاهێنانی لێکەوتۆتەوە کە بانگەشە دەکا لە پێشدا بنەماگەلێک بۆ منداڵ واتا ناکات و بە هۆی کارێکەوە سزای نادات. منداڵ "ئازادیی ڕادەربڕین"ی هەیە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ڕۆژی یەکەمەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە مێشکی دەهاوێن کە دەبێ لەوانی دیکە پێڕەوی بکا، ئەو لەوە کە "جۆرێکی دیکە بێ" و لەوە کە لە ڕێگەی دیاریکراو و فەرمی کۆمەڵگا دوور بکەوێتەوە، دەیترسێنن. مرۆڤ سیستمێک کە بەم شێوەیە لە بنەماڵە و لە قوتابخانەدا پەروەردە دەکرێ ـ ئەم

شـــێـــوە بارهێنانە کـــاتێک منداڵ لەگـــەڵ ئۆرگـــانە گەورەترەکـانی کۆمـەڵگادا دەکەوێتـە پێوەندییەوە هەروا بەرەوپێش دەبرێ ـ دەبێتە خاوەن بڕوا، بەڵام متمانەی بە خۆی نییە. گەشت و سەیران دەکا، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆشحاڵ نییە و ناتوانێ چێژ لە ژیان وەربگرێ. (بەو شێوەیە کە ئەم مرۆڤە) تەنانەت بەرهەڤ دەکەن کە ژیانی خـۆی و منداڵەکـانی لە ڕێگەی ملکەچی ئازادانە لە بەرانبەر باڵادەستی شاراوە و ناتاکەکەسیدا بەخت بکا. ئەو بە سانایی ئەو لێکدانەوانە قبووڵ دەکا. کە لە بارەی ژمارەی قوربانییانی شیمانەکراو دەکرێن، وەک ئەو باسانەی کە لە بارەی شەڕی ناوەکییەوە بوونەتە باو، بۆ نموونە بە سانایی لەوە دەدوێ کە (بە هۆی تێکهەڵچوونی ناوەکییەوە) نیوەی حەشیمەتی وڵاتێک لەنێو دەچێ، یان تەنانەت بە ئاسانی باس لە لەنێوچوونی دوو لە سێی حەشیمەت دەکا و خۆشحاڵە کە ئەگەری زیانەکان لەوە زیاتر نییە!

نموونەی "ئایش مەن"(٢) هێمایەکە بۆ ئەم هەڵکەوتەی تاک تاکی ئێمە و وەها واتایەکی هەیە کە زۆر سەرتر لەو شتەیە کە سکاڵاکەرانی ناوبراو لە دادگای ئورشەلیمدا پێیەوە سەرقاڵن. "ئایش مەن" نموونەی بەرچاوی مرۆڤ سیستمی، بیروکراسی نامۆبوو و نموونەی خویای پیاوان و ژنان و منداڵانێکە کە تەنیا گۆڕدراون بۆ ژمارەیەک. ئەو هێمایەک بۆ تەواوی ئێمەیە. تاک بە تاکی ئێمە دەتوانین خۆمان لەودا ببینینەوە، بەڵام شتێک لەودا کە مرۆڤ تووشی ترس دەکات، ئەوەیە کە ناوبراو دوای ئەوەی کە دانی بە هەموو شتێکدا نا لەوپەڕی بڕوادا خۆی بە بێ تاوان زانی. ڕوونە کە ئەگەر ناوبراو دیسان هەڵکەوتێکی هاوشێوەی بۆ بێتە پێش هەر ئەو کارە دەکا کە تا ئێستا کردوویەتی. ئێمەش هەر واین و وەک ئەو هەڵسوکەوت دەکەین!

مرۆڤ سیستمی توانایی نافەرمانی لەدەست داوە و تەنانەت ناتوانێ لەوە تێ بگا کە گوێڕایەڵە. لەم قۆناخە لە مێژوودا تەنیا هەبوونی توانایی گومانکردن، ڕەخنەگرتن و پێڕەوی نەکردن دەتوانێ داهاتووی مرۆڤ دەستەبەر بکا، جیا لەمە شارستانیەت و شارستانیبوونی مرۆڤ بە کۆتایی دەگات.

**ژێرنووسەکان:**

**(١) وەرگیراو لە کتێبی "گوڵبژێرێکی نوێ لە بەرهەمەکانی مارتن لۆتەر"، دامەزرێنەری لقی پرۆتستان لە مەسیحییەتدا.**

**Luther, M., 1967: (Auch) Wider die räuberischen und mörderischen Rorren der (andern) Bauern. In: Luther Detusch. Die Werke Martin Luthers in neure Auswahl für die Gegenwart, he-Band 7, S. rausgegeben von Kurt Aland, 191-197, Stuttgart/Gottingen 1967 (Ehrenfried Klotz/Vandenhoeck & Rupreccht).**

**(٢) " ئایش مەن"، یەکێک لە ئەفسەرە ناسراوەکانی ئەڵمان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا و لە بەرپرسانی خانووەکانی مرۆڤ سووتاندن لە کاتی ڕژێمی نازییەکان لە ئەڵماندا بوو کە چەندین ساڵ پاش شەڕ لە ئیسرائیلدا برایە بەردەم مێزی دادگایی کردن.**

*** ئەم وتارە وەرگێڕانێکە لە:**

**Fromm’ Erich: “Der Ungehorsam als ein psychologisches und ethisches Problem”, in Erich Fromm Gesamtausgabein 10 Bänden. herausgegeben von Rainer Funk, Bd IX, Stuttgart 1989/1981, Deutsche Verlags-Anstalt.**

# پێویستییەک بەنێوی زمانی زانستی

**ئەنوەر عەرەب**
**(بۆکان)**

لە کاتێکدا کە زمانی یەکگرتوو، تەک ستاندار بوون، یان جووت ستانداردبوونی زمان، بۆتە کێشەیەکی زماننناسانی کورد(١) و تا ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر بڕیارێک کۆک بن، پێویستییەک سەری هەڵداوە بەناوی زمانی زانستی، ئەو وڵاتانەی کە لە ڕەوتی گەشەسەندندا نەبوون، لەگەڵ تەنگژەی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی تووشی تەنگژەی زمانیش هاتوون، یانی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە باری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی تووشی پاشکەوتوویی هاتوون، لە باری زمانیشەوە لە تەنگدەستیدان، بۆ سازبوونی زمانێکی زانستی، دەبێ فەرهەنگێکی مۆدێرن بوونی هەبێت و بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی مۆدێرن سەرهەڵدا، دەبێ لەژێر گوشاری سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی بێینە دەرێ، من پێم وایە ئەو هەلە لە باشووری کوردستان ڕەخساوە، لە کاتێکدا کە پیشە و زانست بێ وچان بەرەو پێشکەوتن دەڕوا، زمانی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا وەک زمانێکی فەرمی و زانستگەیی کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بەڵام تا چەندە کۆمەڵگەی کوردی، یان باشترە بڵێین خوێنەری کورد لە باشووری کوردستان توانیویەتی زمانی کوردی لە دۆخێکی وێژەیی بێنێتە دەرێ و نووسراوەکانی بە شێوەیەکی زانستی بخاتەگەڕ؟ یان با پرسیارەکەمان ئاوا لێ بکەین، ئەکادیمیای زمانەوانی کورد تا چ ئاستێک توانیویەتی خۆی لەگەڵ پێشکەوتن ڕێک بخات، ئاخۆ هەوڵێکی بۆ وروووژاندنەوەی ئەو کێشەیە داوە؟ ئەو پرسیارە و زۆر یەک لە پرسیارەکانی تر ئێمە هان دەدەن بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان و هەنگاونان بەرەو چارەسەری ئەو پێویستییە لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆدا.

مێژووی زمانی زانستی لە ڕۆژئاوادا زۆر کۆن نییە و دەگەڕێتەوە سەدەی ناوەڕاست، پێش ئەو زمانی نووسین و

وێژەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لاتینی بوو، ئەوەش دەگەڕایەوە سەر دەسەڵاتی کڵێسە بەسەر هەموو بوارەکاندا، لە زمانی لاتینیدا بە زمانی خەڵکی سڤیلیان دەگوت Vulgar کە بە مانای زمانێکی هیچەکە و نزم بوو، بەڵام دوای سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و دروست بوونی بیرۆکەی (دەوڵەت- نەتەوە) و پێناسەی شوناس لەسەر بنچینەی زمان، زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەستیان کرد بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی ناوچەیی خۆیان بۆ نووسین و فێرکاری. تا ئەوەی کە دوای شۆڕشی فەڕەنسە، لاڤازیە(٢) بۆ یەکەم جار پێشنیاری کرد بۆ سازکردنی وشە، کەڵک لە زمانی یۆنانی وەرگرن، لەو سەردەمەدا زمانی یۆنانی کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو، بۆیە زۆرێک لە بیرمەندان دژی پێشنیارەکەی لاڤازیە و شاگردەکانی وەستان و بۆ سووکایەتی ناوی «وشە سازانیان» -no-menclateurs لێ نابوون، بەڵام وردە وردە ئەو پێشنیارە وەرگیراو دوای دوو سەد ساڵ بۆ خەڵک، وەک شتێکی ئاسایی لێ هاتووە، تەنانەت لە فەرهەنگستانی دووەمی زمانی فارسی ئێراندا، بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی ئاوێستایی و پەهلەوی دەستیان دایە وشەسازی کە توانی تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بێت، هەرچەندە کێشەی زمانی زانستی لە ئێرانیشدا بە شێوەیەک بەرچاوە، بەڵام لە لایەن ئەوانەوە تاڕادەیەک هەوڵی بۆ دراوە. مەبەست لەو کورتە مێژووە ئەوە بوو کە بڵێین زمانی زانستی وڵاتانی ڕۆژئاوا، زمانێکی دەسکردە و لەلایەن زمانناسان و بیرمەندانەوە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕیشە یۆنانی و لاتینییەکەی سازکراوە و لە زمانی سروشتی و ڕۆژانەی خەڵکی سڤیل نەهاتۆتە دی.

سەرچاوەی ئەندێشە و زانستی مۆدێرن، وڵاتانی ڕۆژئاوایە و ناوخۆیی نییە، بۆیە لەگەڵ خۆی زمانی تایبەت بە خۆی دێنێت، ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە خۆمان لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕێک بخەین و زمانەکەمان لە قەتیس بوون و مردن ڕزگار بکەین. زمانی زانستی زمانێکی دەرهێنراوەیە (اشتقاقی)یە، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی سازبوونی هێندێک وشەی نوێ کە پەرە بە زمانی کوردی دەدات. زمانێک کە جووڵانەوەیەک لە خۆیدا ساز نەکا و چەقبەستوو بێت، پەرەی پێ نادرێت و قەتیس دەمێنێت، بۆیە زمانی زانستی دەتوانێت هەوڵێک بێت بۆ پەرەپێدانی زمانی سروشتی. داریوشی ئاشووری زمانناسی فارس پێی وایە: جیهانی مۆدێرن، جیهانێکی کراوەیە، جیهانێکە هەموو چوارچێوەکان تێک دەشکێنێ، سەرلەنوێ بە هەموو شتێکدا دەچێتەوە [...]. جیهانی مۆدێرن، جیهانی پێشکەوتنە و بۆ بەرەو پێش چوونیش پێویستیمان بە ناسینێکی زانستی هەیە و بۆ ناسینێکی زانستیش، زمانێکی کارا و بەپێز پێویستە.

**تایبەتمەندییەکانی زمانی زانستی بریتین لە:**

١- زمانی زانستی زمانێکی ڕوون و بێ گرێوگۆڵە.

٢- زمانی زانستی، بە پێچەوانەی زمانی وێژەیی، نووسیاری و ئاخافتن، هەڵگری هیچ بارێکی ئەرزشی نییە.

٣- زمانی زانستی، بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی، دەرهێنراوە (اشتقاقی)، دەرفەتی گەشەی زمانی زانستی و هونەری، دەڕەخسێنێ.

**کاریگەرییەکانی زمانی زانستی لەسەر زمانی کوردی:**

١- پاراستنی زمانی کوردی و هەروەها پەرەپێدانی کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد.

٢- فێربوون و فام کردنی زانست بە زمانی زگماکی و هەروەها پەروەردە کردن و ڕاهێنانی نەوەی نوێ بە زمانێکی زانستی کە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی زیاتر لە زانست و کورت بوونەوەی مەودامان لە زانست.

٣- پەرەپێدانی زانست لە کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگە ناتوانێت پێشکەوتوو بێت مەگەر ئەوەی کە ئاستی زانستی خۆی بەرێتە سەرێ.

زمانی زانستی وەک گیاندار لە حاڵی زاووزێدایە، ساڵانە ٢٥٠ هەزار وشە بە زمانی زانستی مرۆڤەوە زیاد دەبێ و ئەگەر ئێمە بمانەوێت هەموو وشە زانستییەکان وەک خۆیان وەرگرین، لە ماوەیەکی کورتدا سەربەخۆیی زمانەکەمان لە ناو دەچێت و شتێکی ئەوتۆی لێ نامێنێتەوە، هێنانی وشە زانستییەکان وەک خۆیان، خوێنەر زیاتر تووشی کێشەکەی زمانی و بیرکردنەوە لە وشەکان دەکات تا تێگەیشتن لە مانای دەق. ڕەنگە تەجروبەی وڵاتی هیند بۆ ئەو باسە پڕ بە پێست بێت کە ئەوان زمانی ئینگلیزییان وەک زمانی زانستی خۆیان هەڵبژارد و نە تەنیا بۆ زانستی نوێ، بەڵکو وەک زمانێکی فەرمیش کەڵکیان لێ وەرگرت تاکو دوای ماوەیەک هەستیان بەوە کرد کە زمانی ئینگلیزی بەری بە

پێشکەوتن و گەشەسەندنیان گرتووە، بۆیە لە ساڵەکانی ١٩٦٥وە دەستیان دایە سازکردنی بنکەی زمانەوانی بۆ توێژینەوە لەسەر زمانی زانستی و دۆزینەوەی وشەی هیندی بۆ زمانی زانستی.

زۆرجار پێمان وایە زمان کەرەسەیە بۆ وتنی شتەکان و ڕاگوازتنی واتاکان، بەڵام ئەو تێگەیشتنە کە زمان وەک کەرەسەیەک چاو لێ بکەین هەڵەیە، کەرەسە بەشێکی زمانە و بەشێکی تری تێفکرینی زمانییە، کەواتە گەشەی تێفکرین و شێوەی تێفکرین پێوەندی بە زمانەوە هەیە و ڕۆڵێکی تایبەتی لەبیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگادا هەیە. هێردێر(٣) پێی وایە زمان تەنیا کەرەسە نییە و بەڵکو زمان ئەمبارێکە و شێوازێکی بیرکردنەوەیە. ئەمبار بەو مانایە کە ئەزموون و زانستی زۆربەی سەردەمەکان لەودا کۆدەبێتەوە و بەو شێوەیە لە ڕێگای پەروەردە کردنەوە بۆ نەوەی دوای خۆی ڕادەگوازرێتەوە. ویلهێلم فوون هۆمبوولت(٤) کە ڕوانگەیەکی نزیکی لە بابەت زمان و تێفکرینەوە لە هێردێر هەیە، پێی وایە کە زمان ergon نییە و بەڵکو energeiaیە و دەبێت جووڵە و دینامیک بوونی زمان تاووتو بکەین و پێمان وا نەبێ کە زمان دەبێ لە چوارچێوەیەکدا قەتیس بمێنێ.

گەشەی زمان، بە واتای دەستێوەردانی ئامانجدار بۆ چالاک کردنی ئەو لە ژیانێکی مودێرندایە، بەڵام ئەو کارە نابێت بە شێوەیەک بێت کە تووشی کێشەیەکمان بکات کە سەردەمی خۆی فارس زمانەکان تووشی بوون بە کەڵک وەرگرتن لە هێندێک وشەی عەرەبی، هەروەها بە ناوەڕۆکی فەرەنسی هەزاران وشەی دەستکردیان سازکرد کە ئێستا بۆتە بەشێک لە زمانی فارسی و زمانناسەکان وەک خەسارێک لێی دەڕوانن.

تەنیا تێگەیشتنی زانستی و تیورێکی پرسەکان و جیاکردنەوەی بوارە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر بەپێی سروشت و نەریتی زمانی لە زمانی سەرچاوە و بیرکردنەوە لە لۆژیکی کارکردی ئەوان دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت، نەک هەستی نەتەوەیی، یان ئایینی.

لە ڕاستیدا ئێمە ناتوانین هاوشانی وڵاتانی پێشکەوتوو هەنگاو بنێین، مەگەر ئەوەی کە ئاوڕێکی جددی لە زمانەکەمان بدەینەوە کە ڕۆڵێکی گرینگی لە شێوەی بیرکردنەوەی ئێمەدا هەیە. بە وتەی ئاشووری:

تێفکرین و زمان پێکهاتەیەکی لێک ئاڵاویان هەیە، بەبێ زمانی مۆدێرن ناتوانین تێفکرینێکی مۆدێرن و تێگەیشتنێکمان هەبێت.

بەداخەوە بەهۆی نەبوونی پێشینەیەکی زانستی گەلی کورد و نەبوونی دەقگەلێک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی و پیشەییدا کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر زاڵبوونی زمانە بیانییەکان بەسەر زمانی کوردیدا، جوگرافیای مێژوویی و فەرهەنگی تایبەت بەسەر کوردستاندا، ناچالاکی بنکەی زمانەوانی، کەڵک وەرنەگرتن لە پسپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی و زمانەوانی و قەناعەت کردن بە ئەدیبان.. خوێنەری ئێمە نەیتوانیوە لەو دۆخە وێژەییە بێتە دەرێ و ئەکادیمیای زمانەوانی کورد تا ئێستا هیچ هەوڵ و تەقەللای بۆ ورووژاندنی ئەو کێشەیە نەداوە، تەنیا بەشێوەی کردەوە چەند کارێک کراوە کە ئەویش بەهۆی نەبوونی تیورییەک لەپشت ئەو کارانە، شکڵی زەوق و سەلیقەی بەخۆیەوە گرتووە.

**پەراوێزەکان:**

**١- بروانە وتارەکانی بەڕێزان: دکتۆر ئەمیر حەسەن پوور، دکتۆر ڕەهبەر مەحموود زادە و فەرهاد شاکەلی و...تاد لەسەر ستانداربوونی زمان.**

**2- Lavoisier Antoine- Laurent de.**

**3- Herder.**

**4- Wilhelm von Humbodt.**

**٥- بروانە:**

**أ- زاراوەسازی پێوانە، مەسعوود محەمەد، ١٩٨٨.**

**ب- فەرهەنگی زاراوە، بەدران ئەحمەد حەبیب، کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠٠٢.**

**ژێدەر:**

**(١) آشوری داریوش، «زبان مدرن زبان باز»، اعتماد ملی، شماره ١٤/ اسفند.**

**(٢) آشوری داریوش، «زبان باز»، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٨٧، ص٦٦.**

**(٣) منصوری رضا «چراو چگونه زبان..». نشر دانش، شماره ٤، ١٣٧٤، ص١٢.**

**(٤) آشوری داریوش- گفتوگو با دویچەوله.**

# خەباتی سەربازێکی ون لەپەراوێزی کوردایەتیدا

ئەحمەد باوەڕ(*)
(کەلار)

ماوەیەکی زۆرە مەلا عەزیزی محەمەد شاواز کەیەکێکە لە کەسایەتییە دیار و خوێندەوارەکانی ناوچەی گەرمیان و خانەقین، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە هەر لەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی لە گوندی (سەوزبلاخ)ی ناوچەی بنکوورەی دەوروبەری خانەقین لەدایک بووە، داوای ئەوەی لێدەکردم کە لە دەرفەتێکداو لەماڵەوە سەردانی بکەم و ئەو کتێبخانەی کە هەر لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە، ڕۆژ بەڕۆژ کتێب و گۆڤار و بابەتی دانسقەی نایابی بۆ کۆکردۆتەوە، بخاتە بەردەستم.

بەڕاستی یەکێک لە کارە خراپ و کەمتەرخەمییەکانی من ئەوەبوو بە زۆری پێشنیارەکەیم فەرامۆش دەکردو زۆرجاریش هەلومەرجی ئەوتۆ دەهاتە گۆڕێ کە نەتوانم داواکاری ئەم پیاوە گەورەیە جێبەجێ بکەم. لەم ماوەیەشدا کە وادەم لە کوڕەکانی وەرگرت و ئاگادارم کردنەوە کە دێم و لە نزیکەوە سەردانی دەکەم. هەرچەندە دانیشتن و سەردانێکی دەوڵەمەندبوو، بەڵام وەکیتر تاڕادەیەک درەنگ و لە کات و شوێنی خۆیدا نەبوو، چونکە بەڕاستی کە چاوم بەو هەموو کتێب و گۆڤار و یاداشتنامە و وێنە دەوڵەمەندانە کەوت، تاسێکی گەورە بردمییەوە و زۆر خەفەتی ئەوەم خوارد ئاخۆ بۆ چەند ساڵێک بەر لەئێستاو لەکاتێکی لەبارترو گونجاوتردا نەچوومە لای. لەلایەک مەلا عەزیز زۆر بەساڵدا چووە و بیرو ئاوەزی وەک جاران نەماوە و ڕووداوو بەسەرهاتەکانی بەجوانی بەبیردا نەدەهاتەوە، لەلایەکی تریشەوە هەموو ئەو گۆڤارو کتێب و یاداشتنامانەی هێندە ئەم دەست و ئەو دەست و ئەم شوێن و ئەو شوێن کراون، زۆربەی زۆریان لەهەر بۆنەو کاتێکی نەهامەتی و ترس و قاتوقڕیدا تێداچوون و زۆرجاریش لەلایەن خەڵکانی جۆربەجۆرەوە دەستیان تێخراوە، واتە براون و بۆ شوێن و خاوەنی خۆی نەیانگەڕاندۆتەوە، یان زۆر

جاری واش هەبووە وەک خۆی دەیگێڕایەوە و کتێبەکان بە خۆشیان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن ئەوەندە لە کاتی پشکنین و مەترسیدا و لە سەردەمی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقدا لە دووتوێی دیوار و تەنانەت ژێر زبڵداندا شاردراونەتەوە زۆربەی زۆریان بەتەواوەتی ڕزیون و کەڵکی خوێندنەوە و بەکارهێنانیان بەباشی نەماوە، بە جۆرێک، گۆڤار و کتێبی وای تێدایە ڕەنگە لە چەند لاپەڕەیەکی کەم نەبێت، هیچی ئەوتۆی نەماوەتەوە و هەر لە شوێنی خۆیدا بووەتە خۆراکی مۆرە و ئەو شوێنانەی کە بەدرێژایی سالانی ڕابردوو تێیدا هەڵگیراون، یان جاری واش هەبووە وەک خۆیشی و کوڕەکانی دەیانگێڕایەوە لە ترسی پشکنیندا دەمانسووتاند و دەمانکردە خۆراکی ئاگردانەکان.

بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەوە بزانین کە مەلا عەزیزی محەمەد شاواز هەرچەندە بەپێی ناسنامەکەی لە ساڵی ١٩٢٨دا لە گوندی (سەوزبڵاخ )ی ناوچەی بنکوورە لە دایک بووە، بەڵام بەخۆی لەگەڵ ئەوەدایە کە لەو مێژووە بەتەمەنتر بێت و ساڵی لەدایک بوونی بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بنەماڵەکەی ئەمان یەکێک بووە، لەو بنەماڵە سەرەتاییانەی کە گوندی سەوزبڵاخیان ئاوەدان کردووەتەوە و شوێنەکەشی پێشتر وەک لە سەرچاوە مێژووییە دێرینەکاندا هاتووە بە (یاسین تەپە) ناسراوە، سەرەتا پلەکانی خوێندنی لە حوجرە و مزگەوتی ئەوکاتەی گوندەکەوە لای مامۆستا ئایینییەکانی ئەو دەمانەوە دەست پێکردووە، لەوانە مەلا عەباسی محەمەد سلێمانی خانەقین (١٩٠٧-١١/١١/١٩٨٣)، مەلا سەید نیزامەدین ئەمین (١٩١٧-٢٣/٥/١٩٧٣) و کەسانی دی بەجۆرێک تا ئەو کاتەی پلەکانی خوێندنی بڕیوە کتێبە باوەکانی ئەو دەمانەی وەک گوڵستان و بووستانی سەعدی شیرازی و ئەحمەدی شێخ کاک ئەحمەدی سلێمانی و هەندێ وردە کتێبی تری بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی خوێندووە و دواتر بووەتە مەلا، بەڵام لە ژیانیدا وەک خۆی دەیگێڕێتەوە بە شێوازێکی زۆر کەم نەبێت مەلایەتی نەکردووە، جگە لەوەش هەر لە سەرەتای لاوێتی و بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٣٩ بەدواوە کە حزبی هیوا (١٩٣٩-١٩٤٥) لە شاری کەرکووک دامەزراوە و دواتر لەسەر دەستی کەسایەتییە ناسراوەکانی وەک مەلا سەید حەکیمی خانەقین (١٨٩٢-١٥/٩/١٩٥٧)، عەزیز پشتیوان (١٩١٢-١٩٩٩)، ڕەشید باجەڵان (١٩٢٠-١٦/٢/٢٠٠١)، شێخ بابا عەلی بێدار (١٨٩٤-١٩٤٩)، شێخ عەتای تاڵەبانی (١٩٢٥-٤/٥/٢٠٠٠) و دکتۆر موکەڕەمی

برای چالاکییەکانی گەیشتووەتە ناوچەی گەرمیان و خانەقین و دەوروبەری بنکوورە، تەنانەت لە ڕێگای ڕەشید باجەڵانەوە لەناو کوردەکانی ئێرانیشدا بڵاوبووەتەوە و کەسانی وەک سەید تاهیری هاشمی و یەدوڵڵای ڕەزایی هاتوونەتە ڕیزی هیواوە و مەلا عەزیزیش یەکێک بووە لەوانەی کە لەگەڵ مەلا شەریف ڕەشید زەنگەنە (١٩١٧-٥/١/١٩٩٦) ی هاوڕێیداو لە ڕێگای هەر یەک لە مەلا سەید حەکیم و عەزیز پشتیوانەوە پێوەندییان بە ڕیزەکانی هیواوە کردووە، دوای سوێندخواردنی باوی ئەو کاتەی هیوا وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە، ئەمیان نازناوی (زیرەک) و مەلا شەریفیش نازناوی نهێنی (پەیوەند)ی دراوەتێ و لە ڕیزەکانی هیوادا کەوتوونەتە چالاکی سیاسی و کۆکردنەوەی خەڵک و کەسانی دی بۆ ناو ڕێکخستنەکانی ئەم ڕێکخراوە حزبییە و تەنانەت زۆر جاریش چاویان بە سەرۆکی حزبی هیوا مامۆستا ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠) کەوتووە، بە جۆرێ هەر لە خۆڕاش نەبووە کە زۆربەی زۆری کتێب و یاداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە ناو کتێبخانەکەیدا و بە مێژووی ئەو ڕۆژگارەوە کە لەسەریان تۆماری کردووە، بەرچاو دەکەون، هەروەها لە بەرپابوونی شۆڕشی١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بەدواوە بەرپرسی (باڵی خەبات)ی یەکێتی جووتیارانی کوردستان (ناوچەی بنکوورە) بووە تاساڵی ١٩٦٣، ئەمە لە کاتێکدا بەرپرسی (باڵی ئازادی) کە سەر بە حزبی شیوعی بووە بە زۆری لەلایەن مەلا عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمانی باریکەوە بەڕێوە براوە کە لەو دەمانەدا لە ئاوایی (ساڵح ئاغا) بووە، جگە لەوەش هەر لەم دەمانەشدا گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی جۆربەجۆر کە لە بەغدا و ئێران و شارەکانی تری باشووری کوردستانەوە دەرچوون لەوانە گۆڤاری بەناوبانگی گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) کە لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەخاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠) و بەڕێوەبەری نووسین و سەرپەرشتیاری عەلائەدین سوجادی (١٩٠٧-١٩٨٥)ەوە دەرکراوە، هەروەها دواتر کە گۆڤار و مانگنامەکانی وەک: نزاری مامۆستا سوجادی، هیوای یانەی سەرکەوتن، هەتاوی گیوی موکریانی، شەفەقی کەرکووک، گۆڤاری ڕوناهی کە خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی حافز مستەفا بووە، هەروەها پێشکەوتن و تەنانەت ڕۆژنامەی ژین-ی پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)یش لەوانەبوون کە زۆر بە ڕێکوپێکی گەیشتووەتە دەستی توێژی ڕووناکبیر و خوێنەری ئەو دەمانەی ناوچەی خانەقین و گەرمیان، سەرەڕای هەموو

ئەو کتێبانەشی کە لێرەو لەوێ بە زۆری لە کتێبخانەکەی (زیرەک)دا بەرچاو دەکەون و تەنانەت زۆربەی زۆریان و ئەوانەی کە ئێستا دەستی من کەوتوون و مێژووی ئەو ڕۆژەیان بە واژۆی خۆی لەسەرە کە کڕیویەتی، یان پێی گەیشتووە، لەم بارەیەشەوە، دەکرێ چەند کەناڵ و دەروازەیەک دەستنیشان بکەین کە ئەم کەسایەتی و ڕووناکبیرەی ئەو دەمانەی گەرمیان و خانەقین کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو دەمانەیان بە ڕێکی پێگەیاندووە، یان هەر بە خۆی بەشداری تێیاندا کردووە و مانگانە و ناو بەناو بۆیان داناوە و لێی وەرگرتوون، بۆ نموونە لە شارێکی ئاوەدانی وەک خانەقینی ئەو کاتەدا کەسایەتییەکی وەک عەزیز پشتیوان و دواتر کوڕەکانی لەگەڵ خوالێخۆشبوو حەبیب نەورۆز (١٩٠٠-١٩٨٥)دا کە لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و ساڵانی دواتری سەدەی ڕابردوودا خاوەنی کتێبخانەی (سیروان) بوون، وەک دەبینین ناویشی لەسەر زۆرێک لە بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی وەک: هەتاو، هیوا و ئەوانی دواتردا هاتووە، لەوانە بووە کە بەبەردەوامی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆربەجۆری لێ کڕیوە، یان زۆرجاری واش بووە کە سەردانی شاری بەغدای ئەو دەمانەی کردووەو لەوێ لە گەلێک کتێبخانە و بەتایبەتی لای خوالێخۆشبوو مامۆستا بەشیر موشیر (١٨٩٣-١٩٦٣) لە شەقامی ڕەشیدی ئەو کاتە کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەی تری لێ کڕیوە، بە جۆرێ خۆی لە سووچی سەرەوەی هەر کتێب و گۆڤارێکدا ئەمەی بۆ تۆمار کردووین و بۆ نموونە نووسیویە: (ئەمڕۆ ئەم گۆڤارەم لای مامۆستا بەشیر موشیر لە بەغدا کڕی) جاری واش هەیە وا ڕێکەوتووە لە ڕێگای شاری کفری و لە لایەن کەسایەتی ناسراوی ئەو دەمانەوە کە سابیری حاجی فەتحوڵڵا ئەمین (١٩١٦-٣٠/١٠/١٩٨٦)بووە و بە(سەڵتەزەرد) لە گەرمیاندا ناسراوە، کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەو دەمانەی پێگەیشتووە و لە ڕێگای ئەوەوە بەناو خەڵک و خوێنەری ئەو سەروەختەدا بڵاوبووەتەوە، یان جاری واش بووە لە ڕێگای ئەو هاوەڵانەیەوە بۆی هاتووە کە بە خۆی لە کاتی ڕۆیشتنیاندا بۆ شار داوای لێکردوون کە گۆڤار و بڵاوکراوەی نوێی بۆ بهێنن وەک دەبینین زۆرجار وا هەڵکەوتووە ناوی ئەوانەشی لەسەر کتێب و گۆڤارەکان کە بەم شێوەیە پێی گەیشتوون تۆمار کردووە و مێژوو و ڕۆژی گەیشتنی لەسەر نووسیون، لەم بارەیەشەوە، زۆرجار ناوی کەسانی وەک: ئەحمەد شاوازی مامی و عەبدولڕەحمان محەمەد فەقێی گلاڵی و محەمەد شاوازی باوکی و مەلا شەریف ڕەشید زەنگەنەی هاوڕێی و شێخ عەلی شێخ مستەفای تاڵەبانی (١٩٢٨-١٩٧٩) خەڵکی سەوزبڵاخ و مامۆستا عەزیز پشتیوان و مەلا سەید عەبدوڵڵای کفری (١٩٠٥-٢٦/١٢/١٩٨٧) کە ماوەیەک لە بنکوورەدا ژیاوە، هەروەها ناوی ئەو مامۆستایانەش بە زۆری دووبارە دەبنەوە کە لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی (سەوزبڵاخ)دا و لەساڵی ١٩٤٧ەوە کە لەناوچەی بنکوورەدا مامۆستایەتییان کردووە، چەندین جار ناویان هاتووە و باسی لێوە کردوون، بۆ نموونە وەک زانیارییەک لەسووچی کتێبێکی دەگمەنی وەک: (نواعير الفرات او بين العرب و الاكراد)دا کە لە نووسینی ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی (مالیپارت) و لە وەرگێڕانی (د. حسين كبە)یەو بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە لە(٢/٣/١٩٥٧)دا نووسراوە (ئەمڕۆ مامۆستا عەبدول سادە ئەم کتێبەی بۆ هێنام لە بەغدا بە ٣٥٠ فلس) وەک دەبینی ئەم مامۆستایە واتا عەبدول سادە شکور یەکێک بووە لەو مامۆستایانەی خەڵکی بەغداو لە ساڵانی پەنجاکاندا لە گوندی (سەوزبڵاخ) دا مامۆستا بووە، یان هەندێ جاریش ناوی کەمال ڕەئووف ئەفەندییەک دێ کە خەڵکی مووسڵ بووەو بە هەمان شێوە لەو قوتابخانەیەدا بووەو ڕۆژانە تێکەڵییەکی بەرچاوی لە گەڵیاندا هەبووە. زۆرجاریش لە یاداشتەکانی ڕۆژانەیدا نووسیویە (ئەمڕۆ لە گەڵ مامۆستاکاندا و لە مەکتەبەکە پێکەوە ڕۆژنامەمان خوێندەوە) یان زۆر دەستەواژەی تر و لێکدانەوەی دی، هەروەها لە سەرەتای پەنجاکاندا ئەم دەستەواژانە لەسەر ئەم کتێبانەی خوارەوەدا هاتوون: (ئەمڕۆ باوکم ئەم کتێبەی بۆم هێنا لە مەککە ٩/٩/١٩٥٢ کە بریتییە لە کتێبێکی ئایینی بە زمانی عەرەبی)، (کتێبی - ئاوی حەیات - کە لە نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەو لە ساڵی ١٩٤٩دا لە بەغدا چاپ کراوە، عەبدلڕەحمانی محەمەد فەقێ بۆی ناردووە)، (دیوانی سافی هیرانی، مامۆستا عەزیز پشتیوان لە ڕێگای ئەحمەد شاوازی مامییەوە بۆی ناردووە و مێژووی ١٢/٤/١٩٥٣ ی بەسەرەوەیە) و زۆری تر هەموو ئەمانەش بۆ خۆیان دەلەلاتی ئەوەمان دەدەنە دەستەوە کە مەلا عەزیزی شاواز لەو دەمانەدا یەکێک بووە لەو چاودێر و خوێنەرە بەردەوامانەی ئەو ڕۆژگارە و هەمیشە سەرگەرمی خوێندنەوە بووە، بە جۆرێک ئەوانەشی کە پێی گەیشتوون تەنیا ئەوە نەبووە کە هەر بیانخوێنێتەوەو کەسانی دی سوودیان لێوەرنەگرتبێ، بەڵکو بەپێی ڕۆژژمێرەکانی کە ڕۆژانە ڕووداو و سەربردەی جۆربەجۆریان تێدا تۆمارکردووە هەموو ئەمانەی نووسیوەو خەڵکانی تری خوێندەواریش لێیان وەرگرتووە و خوێندوویانەتەوە (وەک لە هەلێکی

تردا لەسەر یاداشت و ڕۆژژمێرەکانی دەنووسم...أ.ب)
هەروەها لە کەناڵێکی تریشەوە جگە لە ناوەوەی عیراق و باشووری کوردستان، ناوبەناو کتێب و بڵاوکراوەی جۆربەجۆری پێگەیشتووە و کتێبخانەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە، ئەمەش لە ڕێگای ئێران و بە تایبەتی (قەسری شیرین)ەوە بووە، چونکە لە زێد و شوێنی نیشتەجێبوونییەوە هەر زۆر نزیک بووە و ئەوانەشی کە سەردانی ئەوێیان کردبێت زۆر جار کتێب و بابەتی فارسییان بۆ هێناوە، هەر ئەو زانینی فارسییەشی بووە کە وای لە زۆر لە خەڵکی ناوچەکە کردووە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵ دیوی ئێراندا هەبووە گەلێک جار پێویستییان بە نووسینی نامەیەک یان خوێندنەوەی نووسراوێک کە لە ئێرانەوە بۆیان هاتبێت، پەنایان بردووەتە بەر مەلا عەزیز و بۆیانی یەکلایی کردووەتەوە بە جۆرێک ئەم لایەنەشیان بەتەواوی لە دووتوێی نووسینە ڕۆژانەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرچاو دەکەون، سەبارەت بە تامەزرۆیی ئەم کەسایەتییە بۆ کتێب، هەروەها ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی کە لەلایەن خەڵکانی دی و کەسانی دیبیەوە لەسەر داوای خۆی بۆی هاتوون، لێرەدا من تەنیا بەشێک لە مانگەکانی ساڵی ١٩٥٨ی زایینی دەخەمە بەرچاو بە نموونە دەستنیشانی دەکەم، سەیر دەکەیت چۆن ڕۆژانە لە یاداشتەکانیدا بە وردی تۆماری کردوون، ئەمەش بۆ خۆی تاسووقی و پابەندبوونی ئەم خوێنەرەمان بۆ دەخاتە بەردەست سەبارەت بە خوێندنەوەو بە دواداچوونی بۆ کتێب و گۆڤاری نوێی جۆربەجۆر، جا چ بە زمانی عەرەبی بووبێت یان کوردی، هەر لە خۆڕاش نەبووە کە نامەخانەکەی لە زۆر ڕووەوە دەوڵەمەندبن، وەک دەنووسێ: (ئەمڕۆ حەمەی ئامۆزام ژین و گۆڤاری هەتاوی بۆم هێنا) یان لە١ی نیسانی ١٩٥٨دا دەنووسێت: (وەستا ئیبراهیم ئەمڕۆ دوو پێشکەوتنی بۆ هێنام) بە چەند ڕۆژێ دواتر و لە ٣ی نیسانی هەمان ساڵدا وای تۆمارکردووە کە: (ئەمڕۆ شورتەیەکی عەرەب موجەلەیەکی بۆ هێنام و سەد فلسی برد) لە ڕۆژی ٣٠ نیساندا باس لە یەکێک لە نزیکترین هاوڕێکانی خۆی دەکات کە ئەویش مەلا شەریفی زەنگەنە و باوکی کادیری ناسراو زۆرابی مەلا شەریفە و لە بارەیەوە دەنووسێ: (ئەمڕۆ مەلا شەریف لە شارەوە هات و گۆڤاری هیواو پێشکەوتنی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو)، هەروەها لە شوێنێکی تر و لە ڕۆژێکی تردا باس لە کەسێکی خەڵکی گوندی سەوزبلاخ دەکات و دەڵێت: (ئەمڕۆ ڕەشید بەقاڵ و کوڕەکەی هاتن کتێبێکی - فەتحی قەڵای خەیبەر - یان بۆ هێنابووم) بەڵام لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٥٨یشدا باس لە هاتنەوەی شێخ عەلی کوڕی شێخ مستەفای تاڵەبانی دەکات و دەڵێت: (ئەمڕۆ شێخ عەلی لە خانەقینەوە هاتەوەو گۆڤاری شەفەق و پێشکەوتنی لەگەڵ خۆیا بۆ هێنابوومەوە) دوابەدوای ئەوانە، لە شوێنێکی تر و لە ڕۆژێکی تری نووسراوە ڕۆژانەییەکانیدا کە دەلالەت لە بەدواداچوون و خوێندنەوەی بەردەوامی دەکات و نووسیویە: (ڕۆژنامەی ژینمان بۆ هات وتارێکی زۆر جوانی تیابوو) یان لە شوێنێکدا بە خەمێکی گەورەوە باس لە دوو منداڵی ماڵەکەیان دەکات کە ناویان( نەسرین) و ( پەروین) بووە و چۆن بەرگی کتێبێکی خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٠١-٢٠٠٥/٨/٢٩) یان دڕیوە بە ناوی (بارانی ڕەحمەت)ەوە، ئەوانەی سەرەوە هەموو لەو نموونە زیندووانەن کە بەزۆری سەرگەرمی و پەیوەستبوونی ئەم کەسایەتییەمان بۆ ڕوون دەکەنەوەو هاوکات یەکێکیش بووە لەوانەی کە بە وردی نووسینی ئەو شاعیر و نووسەرانەی خوێندۆتەوە کە خەڵکی گەرمیان و ناوچەکەی خۆی بوون و زۆرجار هێڵی بە ژێر نووسینەکانیاندا هێناوەو لەسەریان وەستاوەو تەنانەت لە تەنیشت و پەراوێزی هەندێکیاندا تێبینی خۆی نووسیوە، لەوانە وەک: نووسەر و شاعیر و وەرگێڕە دیارەکانی ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کە لە گەلاوێژ و هەتاو و هیوادا نووسینیان بڵاوکردووەتەوە، هەندێکیشیانی وەک خۆی دەڵێ: لە نزیکەوە ناسیوەو پێوەندی لە گەڵیاندا هەبووە، لەوانە شێخ ئەحمەدی شاکەلی (١٩٠٤-١٩٨٢)، شێخ بابا عەلی بێدار، حەمە سەعید بەگی جاف (١٩٢٦-١٩٩٦)، موستەفای سەید ئەحمەد واتا مستەفا نەریمان (١٩٢٥-١٩٩٥/٥/٢٧)، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی (١٩١٢-٢٠٠١) کە لەم ماوەیەدا و بەتایبەتی لە پەنجاکانی ئەو کاتەدا بەزۆری لەم ناوچەیەدا ژیاوە و مەلایەتی کردووە، هەروەها کەسانی وەک: مەلا ئەحمەدی خانەقین و محەممەد قەرەداغی کە لە کفرییەوە بابەتی بۆ گۆڤاری گەلاوێژ و بڵاوکراوەکانی تری ئەو دەمانە نووسیوە.

* مامۆستای زانکۆی گەرمیان.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## چاوپێکەوتنی کەمال محێدین ئەسعەد

مامۆستا (کەمال محێدین ئەسعەد) ساڵی (١٩٣٦) لە گەڕەکی قەڵاتی شاری کۆیە چاوی کردۆتەوە. ساڵی خوێندنی (١٩٤١ ــ ١٩٤٢) چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی (سانی)، کاک کەمال بۆی باسکردین کە ئەوسا لە کۆیە دوو قوتابخانە هەبووە، (ئولا) واتە یەکەم و (سانی) واتە دووەم. قوتابخانەی ئولا لە ناو بازاڕی کۆیە و قوتابخانەی سانی لە ماڵی (حەمەشین) لە گەڕەکی (قەڵات) نزیک مزگەوتی (منارە) بووە. کاک کەمال گوتی: (لەو قوتابخانەیە مامۆستایەکی زۆر باشمان هەبوو کوردی (کەرکووک) بوو، ناوی (هاشم ئەفەندی) بوو، سەرەتا وەک مامۆستا و دواتر بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە.

بەهاری ساڵی (١٩٤٣)، یان (١٩٤٤) بوو، نیشتمانپەروەرانی کۆیە هەوڵیان دا لە قوتابخانەی ئولا پرۆڤەی چالاکییە هونەرییەکانی جەژنی (نەورۆز) بکەن، ئەوسا سەردەمی حوکمی (نووری سەعید) بوو، سازدانی ئەو جەژنە نەتەوەییەش بە فەرمی قەدەغە کرابوو، دیارە لە قوتابخانەی ئولا ئەوەیان بۆ نەچووبووە سەر، بۆیە کاک (عەلی عەبدوڵلا) داوای لە هاشمەفەندی کردبوو گەر بکرێت ئەو پرۆڤەیە لە قوتابخانەکەی ئەوان لە سانی بیکەن. هاشمەفەندی یەکسەر گوتبووی: بەڵێ باشە...! ئەوەبوو ڕۆژانە کاتژمێر چوار بۆ پرۆڤەی چالاکییەکانی نەورۆز بۆ قوتابخانەی سانی دەچوون. لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: (ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە: عارف ڕەئووف، ئاورەحمانە شێتە، حسامەددین شەعب و چەندانی دیکەیش و بەرهەمە هونەرییەکانیش بریتی بوون



**کەمال محێدین ئەسعەد**

له ئۆپەریتی (گوڵی خوێناوی) و (داستانی کاوەی ئاسنگەر)، دیارە ئەو ساڵە جەژنی نەورۆز لە (تاتووکان) سازکرا و جەماوەرێکی زۆریش ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون). کاک کەمال لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا گوتی: (بە نسبەت خۆمەوە ساڵی (خوێندنی (١٩٥٦ ـ ١٩٥٧) خوێندنی قۆناغی ئامادەییم تەواو کرد. لە ماڵەوە هەندێ ڕایان وابوو بۆ (سەربازی) بچم و هەندێکی دی ڕایان وابوو بۆ (دارولموعەلمینی عالی) و ئیتر، بەڵام خۆم لەسەرەتاوە حەزم لە کۆلێژی (ماف ـ حقوق) بوو. کاتێکیش بۆ تەقدیمات چوومە بەغدا، هەرچەندە زمانی عەرەبیم بە قسەکردن نەدەزانی، ئەو ساڵە (عەبدولڕەحمان بەزاز) ڕاگری ئەو کۆلێژە بوو، سەرۆکی لیژنەی وەرگرتنی قوتابیانیش بوو، لە چاوپێکەوتنی وەرگرتنی کۆلێژدا لێی پرسیم ناوت چییە و بۆ ئەم کۆلێژەشت هەڵبژاردووە؟ لە وەڵامدا گوتم: بیستوومە لێرە باسی مافەکان و شکات و شکاتکاری دەکرێت و باس لە مافەکانی چین و توێژە جیاجیاکانی جووتیار و ئەوانە دەکرێت. ئەو وەڵامانەم بە عەرەبییەکی شەق و پەق دایەوە، کەچی لە کۆتاییدا پێکەنی و گوتی: بڕۆ تۆ لەم کۆلێژە وەرگیرایت). هەروەها کاک کەمال گوتی: (ئێمە پێش ئەوەی بەم قۆناغە بگەین ڕێکخراوێک هەبوو بە ناوی (کۆمەڵەی قوتابیانی کوردستان) دیارە ئەوسا لە کۆیە (چاپخانە) و (ڕۆنیۆ) و ئەوانە نەبوون، ئێمە کە لە پۆلی دووەم و سێیەمی قۆناغی ناوەندیدا بووین، بڵاوکراوەیەکمان بە ناوی (دەنگی قوتابیان) دەردەکرد، ئەمە بە دەست دەنووسرایەوە و لەسەر (شێلم) بە پێچەوانە ناوی (دەنگی قوتابیان)مان دەنووسی و پاشان (مەرەکەب)مان لەسەر دەکرد و وەک مۆری ئەمڕۆ پێماندا دەکێشا و بەباشی دەردەچوو. تا ئەمڕۆ دوو دانەی ئەم بڵاوکراوە دەستنووسەم ماوە، بەم دواییە کاک (عەدنان نەقشبەندی) پێشکەش بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانی) کردووە، ئەو ژمارەیە دوو نووسینی من و کاک عەدنانی تێدایە.

* مامۆستا باری ئەوسای خوێندن و کەشی ناو قوتابخانەکان بە تایبەتی و شاری کۆیە بە گشتی چۆن بوو؟

– ئێمە کۆمەڵێک قوتابی بووین، لە ناو قوتابخانەدا خۆمان بە شت دەزانی و دەبوو قوتابیانی دی بە قسەمان بکەن و لە قسەمان دەرنەچن، ئەو سەردەمە لە کۆیە شەڕە گەڕەک هەبوو، زۆرجار منداڵانی گەڕەکی بۆ نموونە (قەڵات) هەڵیان دەکوتایە سەر منداڵانی گەڕەکی (بایزئاغا)، ئیتر پێکمان دادەدا و شەڕی بەڕاستی لە نێوانماندا ڕووی دەدا، جارێ لەو جارانە بەدار لێیاندام و سەرم شکا و باش بوو نەمردم! بۆیە ئەوکارە ڕەنگدانەوەی خراپی لەناو قوتابخانەیشدا هەبوو، (عومەر کەریم)ی باشکاتبی کۆنی دادگەی کۆیە پێش ئێمە جموجۆڵی سیاسی هەبوو، دواجاریش هەر ئەو بوو ئێمەی بۆ لای بەڕێز (مام جەلال) برد و پێی ناساندین، من و کەریم ڕەزا و سدیق سادق و بابە کەریم و مەزهەری شێخ سەدر و هەندێ قوتابی دیکە بووین، مام جەلال ڕۆژانە دەربارەی سیاسەت و نیشتمانپەروەری و مارکسیەت و زۆر شتی دی قسەی بۆ دەکردین، ئەوەبوو ماوەی ساڵ و نیو، یان دوو ساڵ لەسەر ئەوە بەردەوام بووین، بەڵام لێت ناشارمەوە ئێمە هێشتا لەسەر ئەوکارە زۆر ڕشت نەبووین، بۆیە هەندێک جار خۆمان لەوە دەدزییەوە! دوکاندارێک هەبوو بە ناوی (مەلا حەسەن حەویزی)، دوکانی بەرانبەر دەرگەی قوتابخانەی ئولا بوو، مام

جـەلال ڕۆژانە لای ئەو پیـاوە دادەنیـشت و چاوەڕێی دەکـردین بۆ ئەوەی بمانبـات و قـسـەمـان بۆ بکات! بۆیە ئێمە لە سیاسەت خۆمان بە قەرزداری ئەو پیاوە دەزانین. تا بە قۆناغی ئامادەییش گەیشتین بەردەوام بووین، بەڵام ئەو ساڵە مـام جەلال بۆ کـەرکـووک چوو. کـاک کـەمـال گوتی: (زۆرجار لای برادەرانم باسم کردووە کە خۆشترین ڕۆژانی ژیانم ئەو چوار ساڵەی کۆلێژی ماف بووە).

* وەک کەسێکی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەرێکی کۆیی حـەز دەکـەین لە ڕێگەی ئەزمـوونی خـۆتەوە هەندێ ڕۆشنایی بخـەیتە سەر ڕەوشی ماوەی خوێندنی کۆلێژ و ئەو سەردەمانەی شاری کۆیە؟

- لەو کـۆلێـژە بە بەرپرسی (یەکـێـتی قـوتابیـانی کـوردسـتـان ) دانرام، دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٥٩) لەو کۆلێژەدا هەڵبژاردنی قوتابیان کرا، ئەوسا نێوانی ئێمەی کـورد و بەعـسـیـیـەکـان زۆر ناخـۆش و مـەترسـیـدار بوو. زەعیم (عەبدولکەریم قاسم) لایەنی شـیـوعـیـیـەکـانی گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە کۆیە لە گەڵ شیوعییەکان نێـوانمان خـۆش نەبوو، بەڵام لەبەر پشـتگـیـری قـاسم لە شیوعییەکان لەلایەک و لەبەر دڕندەیی بەعسییەکانیش لەلایەکی دی ئێمە وەک یەکێتی قوتابیانی کوردسـتـان لەگـەڵ شـیـوعـیـیـەکـاندا بووین بەیەک. لەو هەڵـمـەتی هەڵبژاردنانەدا من و ئەسعەد خەیلانی و محەمەد حەسەن برزۆ نوێنەری (ی. ق. ک) و مـاجـیـد عـەبدولڕەزاق و باسل مـوشـتـاق تالیب و مـەهدی حـافـیـزیش نوێنەری شـیـوعـیـیـەکـان بووین، ئەوەبوو لە بەغـدا ئێـمـە لەگـەڵ شـیـوعـیـیـەکـان بە هەڵـبـژاردن بەسـەر بەعـسـیـیـەکـاندا سـەرکـەوتین، دوای ئەوە هاتین بۆ کـوردسـتـان و لە کـەرکـووک و هەولـێـر و سلێـمـانی و دهۆک و زاخـۆیش سەرکـەوتین، بەڵام لە هەڵـبـژاردنی مووسڵ قـەومـیـیـەکان بەسـەرمـاندا سـەرکـەوتن. ئەمـە لە گـەرمـەی باڵادەسـتـیی شیـوعییـەکان ڕووی دا! ئەوەبوو من و فـوئاد جەلال بووین بە نوێنەری (ی. ق. ک) لە لیـژنەی تەنفـیـزی (ی. ق. عـیراق)دا کە ژمارەمان (٣٢) کەس بوو، دوای ئەوە من بووم بە نوێنەری (ی. ق. ک) لە سکرتاریەتی (ی. ق. عـیـراق) و سـەفـەرێکیش بۆ (مـۆسکۆ) چووم و لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەوێدا گـوتبووم: تا کـێشـەی گەلی کـورد بە چارەسـەر نەگـات، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت! دوای دەرچوونیش لە کۆلێژ بە ئەفسەری یەدەگ دامـەزراین، تا (١٩٦١/٩/١١) ئەو ڕۆژە ئێـمـە کـە (١٧) ئەفسـەری یەدەگی کـورد بووین لە (بازیان) لە ناو چادرێکی گـــەورەدا دایان نـاین و بەیانی ئەو ڕۆژە لە دەنگی ترسناکی تۆپی (خەمسـە خەمسـە) خـەبەرمـان بووەوە، دەنگێکی یەکجار سامناکی هەبوو، دوای ئەوەی سوپای عـیراق بازیان و سلێمانی گرتەوە، بۆیە ئێمەیان بەرەڵڵا کرد و منیش بۆ کۆیە گەڕامەوە.

* ئێـسـتـا وەک دەرچووی کۆلێـژی مـاف بۆ شـاری کۆیە گـەڕایتـەوە ، دوای ئەو مـاوەیە لەو شـارەدا کـاروبار چۆن بەڕێوە دەچوو؟

- کـاتێک لە ئەفـسـەری یەدەگ وەدەرنراین، لە کـۆیە وەک (پارێزەر) ئۆفیـسێکم بۆ خۆم کردەوە، ئەوسا خاڵم (عـەلی عـەبدوڵڵا) بەرپرسی لقی هەولێـری (پارتی دیموکراتی کوردسـتـان) بوو، لە هەمان کاتدا سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی شاری کۆیەشی دەکرد، منیش لە بەغداوە وەک ئەندامێکی پارتی نووسراوی پشتگیریم بۆ ناوچەی کۆیە هێنا ، دوای مانگێک کاک عەلی بەدوایدا ناردم و گـوتی: تۆمـان بە بەرپرسی ناوچەی کـۆیەی پارتی هەڵبژاردووە، گوتم: کاکە عەلی من لە زانکۆی (سۆربۆن) لە فەرەنسا وەک قوتابی خوێندنی باڵا وەرگیراوم، دیارە برادەرێکم هەبوو بە ناوی (عەباس ڕەشید) ئەو قبووڵی بۆ ناردبووم، کـەچی کـاکـە عـەلی گـوتی: نابێ بچیت! ئەوەبوو وەک بەرپرسی ناوچەی پارتی لە کـۆیە دەسـتـم بەکار کرد و ئەندامانی ناوچەش بریتی بوون لە: جـەمال تاهیـر و بابە کەریم و سدیق سادق و حاجی محێدین و مـاوەیەک قـارەمـانی نەجـار و ئەوانە بوون. ئێـمـە لەو ناوچەیەدا هەڵوێستی ئاشتیخـوازانەمـان هەبوو، قـەت لەگەڵ زەبر و کوشتن و بڕین و ئەوانە نەبووینە. ئێمە تا کـوودەتای بەعـسـیـیـەکـان لە (١٩٦٣) لەو ناوچەیە ماینەوە.

* دوای ئەو مـاوەیە مەبەستم دوای کوودەتای بەعس، کە داوای (دانیشتن و دانوستانی) لەسەرکردایەتی کورد کرد؟ چونکە زووتر شۆڕشی کورد لە گەڵ (عەبدولکەریم قاسم) لەشەڕی بەرگریدا بوو، دوای ئەوە چی ڕووی دا؟

- ڕەحـمـەتی مـەلا مـسـتـەفـای بارزانی ڕەزامـەندی بۆ دانوسـتـان لە گـەلـیـان نیـشـان دا، ئەوەبوو لە (٢٠) تا (٢٥)ی مـانگی شـوباتی (١٩٦٣) بارزانی بە خـۆی و

سەدان پێشمەرگەوە هاتنە کۆیە، بەو مەبەستەی کۆنگرەیەکی گەورە لە کۆیە بە ئامادەبوونی بەرپرسانی سەربازی و حیزبی و هۆزەکانیش ببەسترێت، جگە لەوە هەر ئەوکاتە هەموو شیوعیییەکان و ئەوانەیش کە دۆستی کوودەتای بەعسییەکان نەبوون، ئەوانەیش کە بەعسییەکان ڕاوەدوویان دەنان هەمووی بۆ شاری کۆیە هاتن، مەبەستم شیوعی و قەومی و (٣ ـ ٤) هەزار بارزانی لە کۆیە بوون، بۆیە لە شەقام و جادەکانی کۆیە ڕێگە نەبوو پیایدا گوزەر بکەیت، ئەوەبوو کۆنگرەیەکی گەورە لە کۆیە بەسترا، ئێمەش وەک لیژنەی ناوچەی کۆیە ئەو خەڵکە زۆرەمان بۆ نووستن و خواردن بەسەر ماڵە دەوڵەمەند و گوزەران باشەکانی کۆیەدا دابەش کرد. لە کۆنگرەدا لیژنەی دانوستان لە گەڵ بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی مام جەلال دروست کرا، بەڵام وەک دەزانن لیژنەکە لە گەڵیاندا بەهیچ نەگەیشتن و ئەندامانی لیژنەکەش لە لایەن بەعسییەکانەوە گیران و ئەوە بوو جارێکی دی شەڕ دەستی پێکردەوە.

* بەو پێیەی گەلێک جار دەبینم بەرێزتان نووسین و وێنەی دانسقە بلاو دەکەنەوە،لە لایەکی دی تەمەنیشتان یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە دەمی ئێوەوە ببیستین هۆی چی بووە بزاڤی گۆرانی و مەقام و موزیک هەر لە کۆنەوە لە شاری کۆیە بە بەراورد لە گەڵ شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان زەقتر دێتە بەرچاو؟

- لە تەمەنی خۆم ئەوەی پێی ڕاگەیشتووم خاڵم (عومەر عەبدوڵلا) لە گەڵ باوکت (ئەحمەدی حەمە مەلا) لە برا براتر بوون، شەو و ڕۆژ پێکەوە بوون، بە تایبەتی ئێواران خاڵە عومەرم کەسێکی خەڵکی گوندی (سووسێ)ی بە دوای کاکە (غەفوور)مدا دەنارد و هەندێک جار ئێمەش دەچووین، ئەوسا ئێمە منداڵ و مێردمنداڵ بووین، لەو کۆڕانەدا جگە لە باوکت و کاک عومەر، ساڵح شەمس و سۆفی محەمەد ناسراو بە (سەرەخۆرە) و مام ساڵحی ڕیخەڵۆک و مام وەتمان و هی دیکەش ئامادە دەبوون،

جا ئەو دانیشتنانەیان زۆر خۆش بوو، مەلا ئەسعەدیشم دوو سێ جاران لەلایان دیتووە، جار جارە کاک (تایەر تۆفیق)یش دەهات، ئەوانە گۆرانییان دەگوت و قسەی خۆشیان دەکرد و باسی ئەدەب و شیعر و سیاسەتیشیان دەکرد، من لەو دانیشتنانەدا زۆرباش باوکتم ناسی، هەروەها لەبیرمە کاتێک ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی بۆ کۆیە هات، شاندێک لە پیاوماقووڵانی کۆیە بۆ بەخێرهاتنی چوونە لای، کە بریتی بوون لە دەمڕاستی شاندەکە مامۆستای کۆچکردوو (سابیر ئیسماعیل) و عومەر عەبدوڵلا و ئەحمەدی حەمە مەلا و عەونی شاعیر و ئەوانە بوون، من وادەی ئەو زیارەتکردنەم لە (ئەحمەد تۆفیق) بۆیان وەرگرت، ئەو پیاوە سکرتێری حزبی دیموکراتی ئێران بوو، لە ماڵی (کاکەزیاد ئاغا) ئەو ڕۆژە کاژمێر (٥)ی ئێوارە بۆ لای چوون، دوایی کاک (بەکر عەبدولکەریم)م دیت کە هەمیشە لەگەڵ مەلا مستەفا بوو، پرسیاری ئەو شاندەم لێ کرد؟ گوتی: بەڵێ پیاوماقووڵانی کۆیە بۆ لای سەرۆک بارزانی هاتن و بەخێرهاتنیان کرد و قسەیان بۆ کرد و باسی کۆیە و پیتاکیان بۆ کرد و وێنەی یادگاریشیان لەگەڵدا گرت. کاک کەمال گوتی: دیارە زیاد لە جارێک لە کۆیە پارە و کەلوپەل بۆ شۆڕشی (ئەیلوول) کۆکراوەتەوە، باوکت بە ڕەحمەت بێت هەمیشە خەریکی ئەوکارە بوو! جگە لەوە باوکت دەمڕاستی پارتی بوو لە ناو بازرگانەکانی کۆیە و لەگەڵ (حەننای مەرێین و ساڵح شەمس)یش لێپرسراوی دیانەکانی کۆیە بوون.

* ئەو سەردەمە گۆرانیبێژانی شارەکە کێ بوون؟

- جگە لە باوکت مەلا ئەسعەد و حەمەدەمین عەباس و حەمەدەمینی ئێمەن دروو(١) و فەقێ ئەحمەدە کۆرە و هی دی هەبوون. گوتم: ئەدی (سێوە)؟ گوتی: سێوە کەم دەهاتە ناویان! ڕەحمەت لە حەمە زیاد ئاغا بێت، ئەو نەبوایە سێوە ڕەنگە هەر ون دەبوو، چونکە کاکەزیاد داوای لە (سەمەد بەننا) کرد سێوە بیات بۆ بەغدا بۆ ئێزگەی کوردی و بە کاک سەمەدی گوت: هەرچییەکیشی تێچوو من دەیدەم. سەمەد بەننا لە کۆنگرەی سێیەم ئەندامی یەدەگی لیژنەی مەرکەزی پارتی بوو، بۆیە لە بەغدا زۆر کەسی دەناسی، دوای ئەوە سێوە هەژار بوو، کاکە زیاد ئاغا و کەسانی دی یارمەتییان دەدا، هەندێک جار دەهاتە لای کاکاغای باوکم کە دوکانی دانەوێڵە و پێداویستی خواردەمەنیمان هەبوو، باوکم یارمەتی دەدا و دەستی دەگرت. کاک کەمال گوتی: شایانی گوتنە (پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕۆڵێکی جوانی هەبوو لە هێنانی دیانەکانی (هەرمۆتە) و (کۆیە) بۆ ناو

کۆمـەڵگەی کـوردەواری. هەروەها گـوتی: لە کـۆیە نەریتێکی زۆر جوان هەبوو، چەند دەنگخۆشێک دەچوونە سەربانی مـاڵی زاوا و لە کـاتێکدا کـە بووک دەگـەیشت گۆرانییـان دەگـوت، پاشان لەبیرمە لە کۆیە مەلاکانیش رۆڵێکی زۆرجـوانیـان هەبوو، هاوین بوایە، یان زسـتـان ئێواران لە مـزگـەوتەکـان کۆدەبوونەوە و بـاسی شـیـعـر و ئەدەبیـان دەکـرد و هەوڵیـان دەدا پێـوەندی ئەو هۆنراوانە لەگـەڵ مـەسـەلەی ئایینـدا بدۆزنەوە. لە وەڵامی پرسـیـارێکدا گـوتی: ئەوسـا لە کـۆیە لە بۆنەکـانی وەک: جـەژنی نەورۆز و بووک گـواستـنەوە و کـۆڕی مـەینۆشین و مەولوود و نـاو تەکـیـەکـانیـشـدا گـۆرانی و غـەزەل و مـەقـام گوتراوە. کاک کەمال بەردەوامی بە قسەکانی خۆی دا و گـوتی: خـەڵکی کـۆیە بە ئەهلی زەوق نـاسـراون، جـاری وابووە لە گـەڵ کـۆمـەڵێک برادەر بۆ دۆڵی (ئەسـحـابان) دەچووین و لەوێ یەک دوو شەو دەمـاینەوە و حەمەدەمین عەباس و کاکە عەلی شێخ نووری و هی تر دەهاتن و تا بەیانی گۆرانی دەگـوترا. لە وەڵامی پرسـیـارێکی دیکەدا گـوتی: لە کـۆیە خانی گەورەی مـەحـموود ئاغـا و خـانی گـەورەی دیکە هەبوو کـە ئێـسـتـا کـراوەتە باڵاخـانەی (کـتـێـبـخـانەی گـشـتـی کـۆیە). دیارە چونکە کـۆیە کـاروانسـەرا بـووە، خـانی بچـووکـتـریش هەبوون، بۆ نموونە خانێک لە پشت ماڵی (جەمیل ئاغـا) تایبەت بە خۆیان بوو، خـانی (قـادری یاسـینی) و هی تریش هەبوون. کاروانچییەکانیش لە کۆیەوە بۆ (تەق تەق) و لەوێشەوە بۆ (کەرکـووک) و ئینجا بۆ (کفری) و دواتر بەو شـوێنە چۆڵ و ترسناکە دەگەیشتن کە زۆرجار کاروانچییەکان لەو ناوە بزردەبوون، دیارە کـە لێـرەش دەربـاز دەبوون بەرەو بەغدا بەڕێ دەکەوتن. بەم دوایـیەش کـاروانچییـەکـان بۆ (تکریت) دەچوون و لەوێوە بە (قـەیـاغ) و (دوبـبـە) کەلوپەلیان بە ناو (زێ)دا بۆ بەغدا دەبرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی (ئێران)یشەوە یەکەم جار کاروان بۆ (قـەڵادزە) دەهات، چونکە ئەوسـا (ڕانیـە) گـوند بوو، لەوێشەوە یەکسەر بۆ کۆیە.

**تێبینی:**

**ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (١٦/٤/٢٠١٢) لە هەولێر لە (ڕۆیاڵ سیتی) لە ماڵی خۆیان ئەنجام دراوە.**

**پەراوێز:**

**(١) ئێـمەنی: جۆرە پێڵاوێکی تایبەتمەندی شاری کۆیەیە، تا سەردەمی منداڵی، یان مێردمنداڵی منیش مابوو. وریا.**

# کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) و چەند سەرنجێک


**د. فوئاد ڕەشید**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی بنیات)**





کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) لە نووسین و ئامادەکردنی ڕەخنەگر و وەرگێڕ و قوتابی دکتۆرا کاک (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)ـە و لەلایەن (بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبەتە ئەم کارەی کاک (نەوزاد) جێگای دەستخۆشی و بەهەند وەرگرتنە، چونکە لای هەمووان ئاشکرایە کە کتێبخانەی کوردی لە بواری فەرهەنگسازیدا، لە تێکڕای بوارەکانی زانستدا پێویستییەکی زۆری بەم جۆرە کارانە هەیە.

لەم کتێبەدا (٥٥) چەمک و زاراوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی ڕوون کراونەتەوە و نووسەر لەم چوارچێوەیەشدا سوودی لە چەندین سەرچاوەی گرنگ و تۆکمە بینیوە.

ئەدگارێکی زانستیانەی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە نووسەر بۆ پتر ئاشنابوونی خوێنەر لە بارەی هەر چەمکێکەوە، ئاماژەی بە چەند سەرچاوەیەک کردووە، ئەمەش پێچەوانەی چەندین فەرهەنگی دیکەیە کە لەم دواییانەدا لای خۆمان بڵاوکراونەتەوە.

ئەوانە نەک هەر بەم شێوەیە کاریان نەکردووە، بەڵکو لەسەرانسەری کارەکەیاندا ئاماژەیان بە تاقە سەرچاوەیەکیش نەکردووە(*).

لە خوێندنەوەیەکی خێرای (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی)دا چەند بڕگە و دەستەواژەیەک سەرنجیان ڕاکێشام و پێم وایە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و ڕاستکردنەوە هەیە، ئومێدەوارم نووسەر لە چاپەکانی داهاتووی فەرهەنگەکەیدا، سوود لەم سەرنجانە ببینێت، ئەگەر پێی وابوو سوودبەخشن.

**سەرنجەکان:**

**یەکەم:** لە لاپەڕە (١٩)دا نووسراوە:

(تیوری ئەدەبTheory of Literature، بە عەرەبی (نظريه الأدب) یەکێکە لە هونەرە ئەدەبییە نوێیەکان..).

ئەم پێناساندنە لەڕووی زمان و زاراوەوە، پێناسەیەکی زانستی نییە، چونکە تیوری ئەدەب بەشێک، یان لقێک نییە لە هونەرە ئەدەبییە نوێیەکان، بەڵکو لقێکە لە (ئەدەبناسی)، تیوری ئەدەب توێژینەوەیە و هونەرەکانی ئەدەب ئاماژەن بۆ چوارچێوە ئیستێتیکییەکانی وەک (شیعر، چیرۆک...) هونەر ڕوانینە لە سروشت و ژیان و گەردوون، بەڵام

(تیوری ئەدەب) هەروەک نووسەر بۆ خۆیشی لە دێڕی (٢، ٣)ی (ل ١٩)دا دەڵێت (لە بنەماکانی ئەدەب و هونەر و ڕێبازەکانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە...).

**دووەم:** لە لاپەڕە (٣٣)دا نووسەر لە پێناسەی مێژووی ئەدەبدا نووسیویەتی: «مێژووی ئەدەبی، یان مێژووی ئەدەب... بەشێکە لە ئەدەب بە گشتی کە لەتەک تیوری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا دنیای بەرینی ئەدەب پێک دەهێنن».

لێرەدا تێکەڵکارییەک لەنێوان چەمکی (ئەدەب) و (مێژووی ئەدەب) کراوە، چەمکی خودی (ئەدەب) ئاماژەیە بۆ فۆرم و ژانرە ئەدەبییەکان و (مێژووی ئەدەب)یش بەشێکە لە (ئەدەبناسی - علم الأدب - Literaturology)

مێژووی ئەدەب لەچوارچێوەی بەدواداچوونێکی مێژوویی و قۆناغ بەندیدا گرنگی بەسەرهەڵدان و گۆڕانکارییەکانی ژانری ئەدەبی دەدات.

**سێیەم:** لەلاپەڕە (٤٦)دا هەمان هەڵەی پێشوو دووبارە کراوەتەوە و لە پێناسەی (ئەدەبی بەراوردکاریدا) نووسیویەتی «ئەدەبی بەراوردکاری Comparative literature الأدب المقارن بەشێکی نوێیە لە ئەدەب، سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە...»

دیارە (ئەدەبی بەراوردکاری) توێژینەوەیە لە بابەتی سەرچاوەکانی (دەقی ئەدەبی) دەکۆڵێتەوە بەو مانایەی کە ئاخۆ ئەم دەقە ئەدەبییە تەنیا زادەی بیری داهێنەرانەی نووسەرەکەیەتی، یان لەژێر کاریگەری نووسەر و بەرهەمێکی دیکەدایە و چۆن و لەکوێوە ئەم کاریگەری بوونە دروست بووە.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە (ئەدەب) مانایەکی هەیە و (ئەدەبی بەراوردکاری) مانایەکی دیکەی هەیە ، ئەم جیاوازییەش هەر لە خودی ناوەکانیاندا دیارە. لەم چوارچێوەیەدا توێژەر و ڕەخنەگری ئەمەریکی (ڕێنێ وێلێک ١٩٠٣ - ١٩٩٦) لە بەشی یەکەمی کتێبی (تیوری ئەدەب - Theory of Literature) دەڵێت:

«هەر لەسەرەتاوە پێویستە (ئەدەب) و (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەمانە دوو کار و چالاکی جیاوازن...» (١)

(وێلێک) ئاماژە بەوە دەکات کە (ئەدەب) هونەرێکی داهێنەرانەیە و (لێکۆڵینەوەی ئەدەب) ئەگەر بە وردی زانستیش نەبێت، ئەوە جۆرێکە لە مەعریفە(٢).

کەواتە لەڕووی زانستی و (تێرمینۆلۆژی = زاراوەناسی)یەوە دروست نییە بڵێین:

+ تیوری ئەدەب یەکێکە لە هونەرە ئەدەبییەکان....!

+ مێژووی ئەدەب بەشێکە لە ئەدەب.....!

+ ئەدەبی بەراوردکاری بەشێکی نوێیە لە ئەدەب و ئەم چەشنە ئەدەبە...!

ڕەنگە کەسێک بڵێت ئەم هەڵەیە شتێکی وا نییە، تەنیا لە سنووری یەک دوو وشەدایە:

لە وەڵامدا دەڵێین ،لەبواری فەرهەنگسازیدا پێویستە وشە و زاراوەکان بە وردی و لە شوێنی شیاوی خۆیاندا بەکاربهێنین ، چونکە فەرهەنگ نەک هەر جێگای تێکەڵکاری زاراوەکان نییە، بەڵکو لە فەرهەنگدا زۆر بە وردی چەمک و زاراوەکان لە یەکدی جیا دەکرێنەوە، هەر ئەمەش ئەرکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی فەرهەنگسازی.

پێم وایە ئۆباڵێکی زۆری ئەم تێکەڵکارییەی نێوان (تیوری ئەدەب و چەمکی هونەر) یان (ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەب) لە ئەستۆی نەبوونی پێناسەی زاراوەی (ئەدەبناسی)دایە لەنێو ئەم فەرهەنگەدا، لەلایەکی دیکەشەوە فەرهەنگێک تەرخان کرابێت بۆ زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە ناساندنی زاراوەی (ئەدەبناسی - Literaturologoy) لە ڕیزی پێشەوەی زاراوەکاندا بێت.

پێناسەکردنیشی هێندە کارێکی زەحمەت نییە و دەکرێ زۆر بەکورتی بڵێین: ئەدەبناسی ئەو توێژینەوە و مەعریفە جیاوازانەن کە لە ڕەهەندی جیاوازەوە لە چەمکی ئەدەب و دەقی ئەدەبی دەکۆڵنەوە، سەرەکیترینی ئەم توێژینەوانەش بریتین لە (مێژووی ئەدەب، تیوری ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، ئەدەبی بەراوردکاری)، کەواتە دروستتر وایە بڵێین: تیوری ئەدەب و ئەدەبی بەراوردکاری بەشێکن، یان لقێکن لە ئەدەبناسی.

**چوارەم:** تێبینی دەکرێت لە ناساندنی هەندێ لە زاراوەکاندا کورتی و سادەیی پێوە دیارە و لە هەندێ حاڵەتیشدا بەچەند ڕستەیەکی گشتی کۆتایی بە پێناسەکە هێنراوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش تاڕادەیەک بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە بەشێکی زۆری ئەم پێناسانە کاتی خۆی بۆ ڕۆژنامە ئامادەکراون، بەڵام باشتر وابوو نووسەر لەکاتی ئامادەکردنی فەرهەنگەکەی وەک کتێب، پێداچوونەوەیەکی بە پێناسەکاندا بکردایە و زیاتر و زانستییانەتر زاراوەکانی ڕوون بکردایەتەوە.

لێرەدا تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بۆ زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکاری) دەکەین کە نووسەر تێیدا زۆر ورد نەبووە لە ناساندن و ڕوونکردنەوەی زاراوەکە.

لەکاتی باسکردنی قوتابخانەکانی

ئەدەبی بەراوردکاریدا، ئاماژە بە قوتابخانەی ئەمریکی دەکات و ڕۆڵی ئەم قوتابخانەیە لەوە دەخاتەڕوو کە سنووری بەراوردکارییان لەڕووی نەتەوەییەوە فراوانتر کردووە، پێم وایە قەتیس کردنی ڕۆڵی ئەم قوتابخانەیە تەنیا لەم خاڵەدا، نووسەری گەیاندۆتە ئەنجامێک کە زۆر ورد و دروست نییە.

لە ڕاستیدا ئەو هەنگاوە ستراتیژییەی کە قوتابخانەی ئەمریکی لەم بوارەدا هاویشتی، ئەوەبوو کە بازنەی بەراوردکاری زۆر فراوانتر کرد، لە ئاستی ئەدەب و تێکڕای بوارەکانی دیکەی هونەر و مەعریفە. توێژەری ئەمریکی (هێنری ڕیماک) لە دیدێکی جیاواز و تازەوە پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاری بەم شێوەیە کرد کە «ئەدەبی بەراوردکاری.... بریتییە لە لێکۆڵینەوەی نێوان پێوەندییە ئەدەبییەکان و بوارەکانی دیکەی زانست و هونەرەکان، یان زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئابووری و ڕامیاری و سۆسیۆلۆژی، بەکورتی بەراوردکردنی ئەدەب لەگەڵ شێوەکانی دیکەی زانست و هونەر» (٣).

ئەم دیدە نوێیە بووە مایەی هاتنە ئارای چەندین لێکۆڵینەوەی جیاواز لە نێوان ئەدەب و بوارەکانی دیکەی زانست و هونەر و تەنانەت لەگەڵ دەزگاکانی میدیاشدا . لێرەشەوە زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکاری) گۆڕانی بەسەرداهات و زاراوەی (ڕەخنەی بەراوردکاری) جێگای گرتەوە، لەم چوارچێوەیەدا چەندین لێکۆڵینەوەی هەمەچەشن لەنێو کایە جیاوازەکانی مەعریفەدا ئەنجام دراوە. بۆ نموونە بەراوردکاری لەنێوان ڕۆمان و فیلمدا، یان لەنێوان کەڤاڵ (تابلۆ)و ڕۆماندا، چەندین لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی وێناکردنی خود بۆ ئەوی تر لەنێو بەرهەمی سەر بە ژانر و هونەری جیاوازدا کراوە.ئەم کارانە و هاوشێوەکانی بەڵگەن لەسەر بەردەوامی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری، هەڵبەتە ئەم کارانە لەژێر ناوونیشانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا ئەنجام دراون ، نەک ئەدەبی بەراوردکاری، چونکە خودی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری ناوێکی دروست نییە بۆ ئەو توێژینەوانەی کە تەنانەت لەژێر زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریشدا پۆلێن دەکرێن .

**پێنجەم:** لەلاپەڕە (٢٤١)ی فەرهەنگەکەدا کاتێ نووسەر زاراوەی (چیرۆکبێژ – Narrator) ڕوون دەکاتەوە ، لەلاپەڕە (٢٤٣ و ٢٤٤) قسەی دەچێتە سەر جۆر و دۆخەکانی چیرۆکبێژ لەدیدی (جان پۆیۆن)ەوە و دەنووسێت:

«جان پۆیۆن ئەم فۆرمانەی بینین بەشێوەیەکی ماتماتیکی بەم جۆرەی خوارەوەی دادەڕێژێت:

١- چیرۆکبێژ > پاڵەوان
٢- چیرۆکبێژ = پاڵەوان
٣- چیرۆکبێژ < پاڵەوان».

لێرەدا سەرنجمان لەسەر وشەی (پاڵەوان) هەیە، لێرەدا پێم وایە زاراوەی کەسێتی (character) گونجاوترە نەک پاڵەوان، چونکە:

أ – زاراوەی (پاڵەوان) سەر بە ڕەخنەی کلاسیکییە و زیاتریش پاڵەوان لە ڕۆمانی کلاسیکیدا هەبووە، بەو مانایەی تاقە کەسێک ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت و ئەم تاقە کەسە تەوەر و سەروەری دەقەکە بێت.

ب – لەلایەکی دیکەشەوە زۆرێک لە ڕەخنەگرانی عەرەبیش زاراوەی (الشخصیة – کەسێتی)یان بەکارهێناوە، هەر بۆ نموونە(حمید الحمداني) کە ڕاستەوخۆ زانیارییەکانی لەکتێبی(جان پۆیۆن) خۆیەوە وەرگرتووە ، زاراوەی (الشخصیة)ی بەکارهێناوە(٤) نەک (پاڵەوان – البطل) .

هەروەها (سیزا قاسم)یش لە کتێبەکەی خۆیدا (بناء الروایة) لە لاپەڕە (١٨٠ و ١٨١) لە باسکردنی بۆچوونەکانی (جان پۆیۆن)دا زاراوەی (الشخصیة – کەسێتی) بەکارهێناوە.

**شەشەم:** لەلاپەڕە (٣٤٥ – ٣٤٩) لە هەوڵی ناساندنی زاراوەی (دەقی کراوە)دا نووسراوە:

«دەقی کراوە.. بەعەرەبی (النص المفتوح)... زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە و... ڕۆماننووس و سیمۆلۆژیستی ئیتالی ئۆمبرتۆ ئیکۆ (١٩٣١، ....) ئەم زاراوەیەی داهێناوە و کتێبێکیشی بەو ناوونیشانە چاپ کردووە، مانای ئەم زاراوەیە پێوەندی بە ڕاڤەکردن و تەئویلی تێکستی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە، بەو پێیەی تێکست کراوەیە لەوەی چەند مانا و چەند تەئویل هەڵدەگرێت...

لەبەرانبەر (دەقی کراوە) و (دەقی داخراو)ی ئیکۆدا، ڕەخنەگری فەرەنسی ڕۆلان بارت (١٩١٥ – ١٩٨٠) دوو زاراوەی دیکە دادەهێنێت کە بریتیین لە:

(دەقی خوێنراو) و (دەقی نووسراو) دەقی کراوە، لەلای ئیکۆ لە مانادا نزیک دەبێتەوە لە دەقی خوێنراو لەلای ڕۆلان بارت، دەقی داخراویش هاوشانی دەقی نووسراوە».

لە بەرانبەر ئەم ناساندنەی نووسەر بۆ زاراوەی دەقی کراوە، ئەم سەرنجانە دەخەمە ڕوو:

أ - بە ڕوونی دەقی کراوەی پێ نەناساندین و کاتێکیش دەڵێت:
«... بەو پێیەی تێکست کراوەیە لەوەی چەند مانا و چەند تەئویل هەڵدەگرێت...» دوو بۆچوون دێتەبەر زەینی خوێنەر، یەکەمیان کە تێکستی کراوە، واتا ئەو دەقەی چەند خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت، دووەمیشیان ئەوەیە وای نیشان داوە کە دەق بەگشتی کراوەیە، ئەمەش حوکمێکی ڕەهایە، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی دەقێکی کراوە نییە.

ب - تا ناوی (ڕۆلان بارت )ی نەهێنابوو، هیچ ئاماژەیەکی بە (دەقی داخراو) لای (ئیکۆ) نەداوە و کاتێکیش زاراوەکانی دەقی خوێنراو و دەقی نووسراو دێنێتە ئاراوە، هێندەی تر بابەتەکە لای خوێنەر لێڵ و تەماوی دەبێت، چونکە خودی زاراوەکانی ڕۆلان بارتیشی ڕوون نەکردۆتەوە.

**(دەقی کراوە) و (دەقی داخراو) لەڕوانگەی (ئیکۆ)وە:**

نووسەرانی کتێبی (دليل الناقد الأدبي) لە ڕوونکردنەوەی زاراوەی دەقی کراوە و دەقی داخراودا لە دیدی (ئیکۆ)وە دەڵێن:
«دەقی کراوە ئەو جۆرە دەقەیە کە نووسەرەکەی لەکاتی کرداری بنیادی دەقەکەدا،خوێنەرێکی دیاریکراوی لەبەرچاوگرتووە، ئەمەش جۆرە دەقێکە کە لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕێگا بە چەند لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی (تأويل)ێکی دیاریکراو دەدات کە زیاتر دەنگدانەوەی یەکترن...» (٥) کەواتە دەقی کراوە (ئیکۆ) گوتەنی: «هەر ڕاڤەکردنێک هەڵناگرێت» (٦) مەبەستی ئەوەیە پرۆسەی ڕاڤەکردنەکە لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودایە و سنوورێکی دەستنیشانکراوی هەیە، بەڵام (دەقی داخراو) لای ئیکۆ ئەو دەقەیە کە دەرگای بەڕووی هەموو لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێکدا والایە، واتا دەق هەروەکو (ئیکۆ) خۆی دەڵێت «هەموو ڕاڤەکردنێکی گریمانەکراو هەڵدەگرێت» (٧).

**(دەقی خوێنراو) و (دەقی نووسراو) لە ڕوانگەی (ڕۆلان بارت)ەوە:**

(د. محمد عناني) لە بارەی ئەم دوو زاراوەیەوە لە کتێبەکەی خۆیدا (المصطلحات الأدبية الحديثة) نووسیویەتی:
ئەم دوو زاراوەیە وەرگێڕاوی ئەو دوو زاراوەیەیە کە ڕۆلان بارت لە کتێبەکەیدا S/Z بەکاری هێناوە و کە بە فەرەنسییەکەی بریتیین لە (lisible) ، (scriptible).
دەقی خوێنراو، یان (دەقی خوێندنەوە) ئەو جۆرە دەقەیە کە پشتی بە ئەدگار و نەریتە نەگۆڕ و هاوبەشەکانی نێوان خوێنەران و نووسەران بەستووە. بۆ نموونە ڕۆمانە کلاسیکییەکان. لەم جۆرە دەقانەدا (مانا) چەسپاو و داخراوە، بەڵام دەقی نووسراو (دەقی نووسین) ئەو جۆرە دەقانەیە کە ئەم نەریت و ئەدگارانە تێدەپەڕێنێت و دەیبەزێنێت و خوێنەر ناچار دەکات چەند مانایەکی لێ هەڵهێنجێنێت کە نە دوا مانایە و نە دروستیشە (٨). بەو مانایەی دەقێکە وا نووسراوە و بۆ ئەوە نووسراوە کە خوێنەر بتوانێت لە هەر خوێندنەوەیەکیدا دووبارە بینووسێتەوە و بەرهەمی بهێنێتەوە و لە هەر خوێندنەوەیەکدا ڕاڤەکردنێکی تازە هەڵدەگرێت (٩).
لێرەوە زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە کە زاراوەی (دەقی داخراو)یش لە زاراوەی (دەقی نووسراو) نزیکە.
لە کۆتایی ئەم چەند سەرنجەدا دەڵێم ئومێدەوارم خستنەڕووی ئەم سەرنجانە هاندانێک بێت بۆ کاک (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) بۆ ئەوەی لە داهاتوودا فەرهەنگەکەی بە پێزتر و تێروتەسەلتر بکات و کتێبخانەی کوردی بەم جۆرە بەرهەمانەی دەوڵەمەندتر بکات.

**پەراوێزەکان:**

**(*) تەنیا بۆ نموونە (فەرهەنگی پزیشکی) ئامادەکردنی کارینا، ٢٠١٠ سلێمانی، ناوی تاقە سەرچاوەیەکی نەهێناوە.**

**(١) رينية ويلك، اوستن وارين (نظرية الأدب) ت: محي الدين صحبي، ل ١١.**
**(٢) عبدالحكيم حسان، الأدب المقارن بين المفهومين الفرنسي والأمريكي، مجلة (فصول) العدد (٣) ١٩٨٣، ل ١٦.**
**(٣) هەمان سەرچاوەی (٢).**
**(٤) حميد الحمداني، بنية النص السردي، ط ٢، ١٩٩٣، ل ٤٧.**
**(٥) د. ميجان الرويلي، د. سعد البازعي، دليل الناقد الأدبي، ل ٢٧٣.**
**(٦) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.**
**(٧) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.**
**(٨) محمد عناني ،المصطلحات الأدبية الحديثة، ص ٨٣ - ٨٤.**
**(٩) دليل الناقد الأدبي، ص ٢٧٤.**

# تاعوون یارییەکی سیزیفییە

هاشم سەڕاج

ڕۆمانی «تاعوون» لە نووسینی «ئەلبێر کامۆ»یە و «ڕەسووڵ سوڵتانی» لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکییەکی کورتیشی لە بارەیەوە نووسیوە و تێیدا جەختی لەسەر لایەنی خۆپەرستی مرۆڤ و تاعوونی دەسەڵاتی تۆتالیتاری و دەسەڵاتی داگیرکەران کردووەتەوە. سوڵتانی بەم شێوەیە لە چەمکی تاعوون دەدوێت: [شارێک لە نەبوونی عەشق و خۆشەویستی و بیرکردنەوەدا تووشی تاعوون دێ، تاعوونێکی بێ دەرمان بەرۆکی دەگرێ و تەنگی پێ هەڵدەچنێ، میللەتی کورد گەلێک تاعوونی بەسەرداهاتووە، تاعوونی دیکتاتۆری...] هاوکات دکتۆر فەرهاد پیربال لە پێشەکییەکەیدا بۆ ڕۆمانی تاعوون، لە ڕێگەی فیلمی «تاعوون»ـەوە بەشێک لە فەلسەفە و دنیابینی ئەلبێر کامو دەخاتە ڕوو، هەروەها لە چەمکی ئەو گەشبینییە شاراوەیە دەدوێت کە لەودیو فەلسەفەی ناماقووڵ و بێهوودەیی کامودا بوونی خۆی پاراستووە، پێشی وایە [لە هەمبەر چارەنووس و قەدەر، ژیان تراژیدیایە، بێهودەییە، تراژیدیای مرۆڤایەتی...].




هەڵبەتە ڕۆمانی تاعوون وەک تێکستێکی سیمبۆلی چەندین توێژینەوەی لە بارەوە نووسراوە، وشەی تاعوون لەم ڕۆمانەدا زۆر جۆرە ڕاڤەی هێمایی بۆ کراوە. لەوانە شەڕ و خراپە، وێنەی داگیرکەری ئەڵمانی کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دەست بەسەر فەرەنسادا دەگرێت...تاد من لەم خوێندنەوە کورتەدا هەوڵ دەدەم هەندێ لایەنی ئەم تێکستە بخەمە ڕوو، زۆرتریش جەخت لەسەر یارییەکانی هەردوو پیرەمێردەکە دەکەمەوە، مەبەستم پیرەمێردی وردیلە و پیرەمێردی پشوو سوارە، کە لە جەنگەی پەتای کوشندەی تاعووندا بەردەوامی بە یارییەکانیان دەدەن، پیرە وردیلە لە بانیژەکەوە کوتە کاغەزی پارچە پارچە دەکرد و بەسەر پشیلەکانیدا دەباران؟ دواتر تفی لە پشیلەکان دەکرد کە یەکێک لە تفەکانی بە پشیلەکان دەکەوت دەتریقایەوە و لە قاقای دەدا، بەڵام پیرەی پشوو سوار بەشێوەیەکی بەردەوام نۆکەکانی لە قابلەمەیەکەوە دەکردە نێو قابلەمەیەکی دیکەوە، یان دەنکە نۆکە درشتەکانی بژار دەکرد و دەیخستنە نێو قابلەمەیەکەوە و دووبارە بەشێوەی یارییەکی سیزیفی بەردەوامی بەکردەکەی دەدا، ئەم دوو دیمەنە سینەماییە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبن، سەرەڕای ئەوەی فیشەکێک لەنێوان کۆمەڵێک

پشیلەدا دەتەقێتەوە و چەند پشیلەیەک بریندار دەبن، ڕەنگە ئەم دوو دیمەنە تەنزئامێز و ئیرۆتییە چەشنی یارییەکی پڕاوپڕ لەبێ موبالاتی و کۆمێدی لەگەڵ چرکەی بەختەوەری ئەو سەرخۆشانە یەک بگرنەوە کە لە کافتریا و مەیخانەکانی شاری «ئۆران- وەهران»دا لە جەنگەی پەتای تاعووندا دەخۆنەوە و بە مەستی ڕووبەڕووی ئەو پەتا ترسناکە دەبنەوە، مەبەستم ئەوەیە هەردوو دیمەنەکە لەگەڵ چرکەی مەستی لە جەوهەردا جۆرێک لە یارین کە ئاراستەی یارییە سیزیفییەکەی بوون دەکرێن، چونکە تاعوون لە بنەڕەتدا خۆی لە جەوهەری بووندا مەڵاس داوە، هەر کاتێ بیەوێ دەردەکەوێت، «لەوانەیە تاعوون مشکەکانی بنێرێ لە شارێکی بەختەوەردا بمرن» ڕەنگە خەڵکانێک بۆ ماوەیەک بە کەیف و شادی بژین. [بەڵام ڤایرۆسی تاعوون هەرگیز نامرێ و لەنێو ناچێ].

ڕۆمانی تاعوون کۆمەڵێک کەسایەتی و کارەکتەری جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، کردەی گێڕانەوەیش لەلایەن کەسێکەوە جێبەجێ دەکرێت کە لەنێو ڕووداوەکەدا ژیاوە و بەسەرهاتی سەردەمی تاعوونی لە شێوەی یادەوەری نووسیوەتەوە، زۆرجار دەنگێکی شاراوە گێڕەرەوە دەدوێنێت و بەشێوەی جۆراوجۆر ئاراستەی دەکات تا نەهامەتییەکانی پەتای تاعوون بگێڕێتەوە دەکرێ بڵێین دکتۆر بێرنارد ڕیڤۆ سەرەکیترین کارەکتەری دەقی تاعوونە.

ڕیڤۆ دکتۆرێکە بڕوای تەواوی بە ڕەنج و پیشەی پزیشکی خۆی هەیە، هاوکات باوەڕی بە خوداوەند نییە، ڕیڤۆ لە سەرەتاوە هاوسەرەکەی ناردۆتە شارێکی تر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، کەچی خۆی لە شاری وەهران خەریکی چارەسەرکردنی تووشبووانی تاعوونە، سەرەتا «میشێ»ی بە سالاچووی بەردەست، دووچاری تاعوون دێت و سەردەنێتەوە، بەڵام شاری ئۆران- وەهران- کۆمەڵێک خەڵکی بیانی تێیدا دەژیت و لەبەر ئەم پەتایەش بۆیان ناکرێت لەم شارە دەرچن، ڕەیمۆند ڕامبێر کە ڕۆژنامەنووسێکی گەنجە و هاوسەرەکەی لە پاریسە و لە عیادەکەی ڕیڤۆ سەرقاڵی ڕیپۆرتاژێکە لە بارەی ژیانی عەرەبەکانی شاری «وەهرانەوە کە بەشێکە لە جەزائیر» دکتۆر پێی دەڵێت باری تەندروستی و پاکوخاوێنی عەرەبەکانی وەهران باش نییە، شار تادێ پڕ دەبێت لە مشکی تۆپیو، مێرسیبەر سەرۆکی ئیدارەی قەڵاچۆکردنی مشکانە، زبڵدانی گەڕەکەکان پڕە لە مشکی تۆپیو، ڕیڤۆ لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا دەگەڕێ و بە خۆڕایی چارەسەری نەخۆشەکان دەکات «ژۆزیف گرانت» فەرمانبەری شارەوانی شانبەشانی ڕیڤۆ خەریکی کارەکەی خۆیەتی و ئاماری قوربانیانی تاعوون کۆ دەکاتەوە و زۆرجاریش یارمەتی شوفێرەکانی ئەمبولانس دەدات و لە شوێنی ئەوان ئەمبولانس لێدەخوڕێ. شار بەردەوام لوورەی ئەمبولانسی لێ بەرز دەبێتەوە، هەروەها دکتۆر ڕیشارد کە ناودارترین دکتۆری شارە، سەرگەرمی چارەسەری نەخۆشەکانە، دەق بەشێوەیەکی زانستی لە ڕەگوڕیشەی تاعوون دەدوێت و نیشانەکانی پەتاکە و جۆری دەرزی و دەرمان.. وەک دەرزی کامفێر.. یا لوو و بلۆقی لەشی تووشبووانی ئەم پەتایە، هەروەها ژان تارۆ کە لە سەرەتای ئەم بەسەرهاتەوە هاتۆتە ئۆران و لە یەکێک لە هوتێلە گەورەکانی ناوەندی شاردا نیشتەجێ بووە، بەردەوام هاموشۆی گۆرانیبێژ و سەماکەرە ئیسپانییەکانی ئۆرانی دەکرد. تارۆ خەریکی یاداشت و لێکۆڵینەوەیە، تارۆ زۆرجار لەگەڵ ڕیڤۆ گفتوگۆی فەلسەفییان دەکرد و لە بارەی بوون و خودا و تراژیدیای مرۆڤایەتی و شادی و ئازار چەشتنەوە دەدوان، ڕیڤۆ چەشنی ئیڤان کارامازۆڤ لە بارەی مەرگی منداڵ بیری دەکردەوە و پێی وابوو هیچ بەختەوەرییەک بۆی نییە قەرەبووی ئازار و مەرگی منداڵێک بکاتەوە، کەواتە تاعوون لە بنەڕەتدا یارییەکی بەردەوامی سیزیفییە، یارییەکە بە ئامراز و کەرستەکانی مەرگەوە خۆی دەردەخات و بوونی مرۆڤ لە تراژیدیایەکی بێ کۆتا و بێ نرخ و بەهادا دەهێڵێتەوە، کە تاعوون دێ، وەهران دەبێتە وڵاتی تەرمەکان، کوورەکان سەرقاڵی سووتاندنی تەرمەکانن، ئۆردوگا و دابڕگەی پڕاوپڕ لە تووشبووانی تاعوون، تاعوون پێوەندییەکانی ئولفەت و عیشق و هۆگری دەپچڕێنێت، دابڕگە شوێنی دوورخستنەوەی مرۆڤەکانە لە یەکدی، ئەم یارییە سیزیفییە پابەندی واتا و جەوهەری بوونە، هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، تارمایی مەرگ لە ڕێگەی تاعوونەوە دێ و ئاپۆرە و حەشاماتی مرۆڤەکان دروێنە دەکات، ئۆسۆنی لێکۆڵەر کە دەستی کوڕە منداڵەکەی بەدەستەوە بوو، تاعوون دێ منداڵەکەی لێ دەستێنێت، گامب ئەو ژەنیارەی لە ئۆرفیۆن فووی دەکرد بەکەڕەناوە، بە تەوژمی تا بن هەنگڵی ئەستوور دەبێ و سەردەنێتەوە، ئەم مەرگەساتانە بەشێنەیی لە یاداشتەکانی تارۆدا تۆمار دەکرێن، «کۆتارد»ی هیوا بڕاو، لەبەر خەمە دەروونییەکانی، چەندین جار هەوڵی خۆکوشتن دەدات، چونکە بە قەتڵ تۆمەتبار کراوە، کۆتارد پێی خۆشە تاعوون بەردەوام بێت، تا دەسەڵات ڕاوەدووی نەنێت و بە ئارەزووی خۆی سەردانی کافتریا و ئۆپێرای شار و مەیخانەکان بکات و خەریکی قاچاخچێتی بێت، کۆتارد

دوای ڕەوینەوەی تەمی تاعوون، شێت دەبێت و لە ماڵەکەی خۆی یاخی دەبێت و تەقە لە خەڵکی دەکات. دکتۆر «کاستێل»ی هاوکاری «ڕیڤۆ» سیرۆم دروست دەکات، سەرجەم دکتۆرەکانی وەهران خەریکی ڕەنج و کۆشش، سەرقاڵی چارەسەرن، بەڵام بەهای ڕەنج لە گەمەی بەردەوامی تارمایی تاعووندا دیار نامێنێت، یاری سیزیفی تاعوون لەنێو مرۆڤەکاندا جۆرێک لە نامۆیی و ئاوارەیی و دابڕان دروست دەکات، «ژیان»ی هاوسەری گرانت کە چەندین ساڵە بە عیشقەوە لەگەڵ مێردەکەی دەژیت، لێی دادەبڕێت و لێک جیادەبنەوە، چونکە تاعوون خەسڵەتێکی شاراوەی نهیلیستییە و بەشێوەیەکی نادیار بەخودی بوونەوە نووساوە، کە دەردەکەوێت بوون واتای خۆی لە دەست دەدات، ڕیڤۆ لەگەڵ ئەوەی وەک دکتۆرێکی کارامە خەریکی ڕەنج و کۆششە، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە ئاسایی و خەمساردی سەیری کارەساتەکە دەکات، چونکە مردن بۆتە یارییەکی ڕۆژانە و مرۆڤ هیچ بەهایەکی نەماوە، هاوکات ڕیڤۆ لە خودڕا مرۆڤێکی گومانکاری بێهوودەیە، ئەو درکی بەوە کردووە کە بوون لە بنەڕەتدا جەوهەرێکی بێ بنەڕەتە، مرۆڤ لەبۆشاییەکدا لە دایک دەبێت و لە هەمان بۆشاییدا ماڵاوایی لە ژین دەکات، ئایا ئامانج لەو گەمە سیزیفیە چییە؟ کەواتە بوون لە یارییەکانی پیرەی وردیلە و پیرەی پشووسوار زیاتر نییە، بوون چەشنی چێژە، لەو چرکەیەی کە تێیدا دەژیت و چێژیش هەمیشە پابەندی جۆرێک لە ئازارە، تاعوون لەکۆنەوە ژیارگەلێکی لەنێو بردووە، لەوانە یۆنان و ئێران و قوستەنتەنییە... تاد کەواتە ژیان مانەندی پیرەی وردیلە تفکردنە لە پشیلەکان، یان ئەژمارکردنی دەنکەنۆکی ورد و درشتی ناو قابلەمەکانی پیرەی پشووسوارە، کوڕەکەی ئاغای ئۆسۆنی لێکۆڵەرەوەش تاعوون بردییەوە، کەچی کاتێ تەمی تاعوون دەڕەوێتەوە، خەڵک لەبەر دەرکی سینەماکان ڕیز دەبەستن و حەزیان بە بینینی فیلمە، بەڵام دەروازەکانی شار داخراون، کەس بۆی نییە لەم دۆزەخە دەربازی بێت، چونکە تاعوون کێشەی هەمووانە، دوور نییە هەتا نامە گۆڕینەوەش ڤایرۆسی تاعوون بگوازێتەوە، بۆیە نامەخانە و تەلەفۆنخانەکان داخراون، ڕامبێری ڕۆژنامەنووس لە ئۆران عاسێ بووە و بیر لە هاوسەرەکەی دەکاتەوە، هەڵکشانی ڕێژەی مردن بەردەوامە قەشە پانیلۆ خەریکی نزا و سروودی ئایینییە و لە غەزەبی خوداوەند دەدوێت، بەڵام هاوکات قەشەیەکی نیگەرانە و دواتر تاعوون گورزی خۆی لێ دەوەشێنێ.

کافتریاکان بوونەتە مەیخانە، خەڵکی لە ترسی تاعوون دەخۆنەوە و مەست دەبن، تارۆ دەڵێت، جگە لە مەست و سەرخۆشەکان، هیچ کەس بزەی نازێتە سەر لێوان و ئەوانیش لە ڕادەبەدەر پێدەکەنن و کۆڵانەکان گیانیان وەبەر دێتەوە، بەڵام لوورەی ئامبولانس بەردەوامە و تووشبووانی تاعوون دەگوازێتەوە، کۆتارد خەریکی قاچاخچێتی بوو، بازرگانی بە جگەرە و مەشروبی خراپ دەکرد و سامانی زۆر بوو، ڕامبێر پێی وابوو کە مرۆڤ پێویستە بژی و بۆ ئەو شتەش بمرێ کە حەزی لێیەتی و خۆشی دەوێ، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر ئازار بچێژێ، یان بەختەوەر بێ- ڕیڤۆ پێی وایە هیچ شتێک لەسەر ئەم زەوییە لە ئازاری منداڵێک گرنگتر نییە. بەردەوامبوونی شادی چرکەیەک لە ئازارەکانی مرۆڤ قەرەبوو ناکاتەوە، گرانت لە تاعوون نەجاتی بوو، تارۆ بە تاعوون مرد و مەدام ڕیڤۆ، یان دایکی ڕیڤۆ خەفەتی بۆ خوارد، کۆتارد شێت بوو، لە وەهران مەرگ چەشنی ڕووداوێکی ڕۆژانە سەیر دەکرا بەم شێوەیە ڕۆمانی تاعوون وەک تێکستێکی سیبمۆلی هەڵگری دەلالەتگەلێکی بێ وێنەیە و لێوانلێوە لە دیالۆگی فەلسەفی و دنیابینی جۆراوجۆر، بەڵام تێکڕای ڕوانینەکان بە یارییەکی سیزیفی گوزارە لە چەمکی ناماقووڵ و بێهوودەیی و واتای بێ بنەڕەتی بوون دەکەن، لە ڕوویەکی ترەوە ئەم تێکستە بە ڕستەی کورت نووسراوە و تێیدا ڕەگەزی وەسف بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاربراوە و هاوکات لە بواری نووسیندا توخمی ڕەوانبێژی و ئیدیۆم وەلانراون، کەچی جارجارە وەرگێڕی کوردی هەندێ دەستەواژە و ئیدیۆمی کوردی بەکارهێناوە ئەم شێوە نووسینەی کامو ڕستەیەکی «پۆل ڤێرلین»م بیردەخاتەوە کە دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە پشت ملی ڕەوانبێژی بگرین و لە کردەی نووسین وەدەری بنێین، بۆیە ڕووداوەکانی ڕۆمانی تاعوون بە زمانێکی ئاڵۆز و سپی دەگێڕدرێنەوە، هاوکات تێکست لە بنیادی قووڵدا هەڵگری پڕشنگگەلێکە لە فیکر و فەلسەفە و دنیابینی و ئێستێتیکا.

**سەرچاوە:**

**تاعوون**

**- نووسینی: ئەلبێر کامو.**

**- وەرگێڕانی بۆ فارسی: ڕەزا سەید حوسێنی.**

**- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی.**

**- چاپی یەکەم ٢٠٠٩- چاپی دووەم ٢٠١١.**

**- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.**

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.**

**زنجیرەی کتێب ٦٠٤ چاپی دووەم، ٢٠١١.**

**بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە**

# قورسایی گۆڤاری ڕامان

**یووسف عەبدولقادر***

هەمیشە شۆڕشەکانی دنیا بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیون، قۆناغێکیان شۆڕشی چەکداری بووە لەپێناوی بەرگری کردن لە ناسنامە و بوون و بەرەنگاربوونەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی بە قوربانیدانێکی زۆر، قۆناغی دووەمیش بزاڤی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بووە، ئەو دەورەش بە خاوەن قەڵەم و ڕووناکبیران و میدیاکاران دراوە. بۆ ئەوەی لەمەبەست لانەدەین لە دوای ڕاپەڕین و دوای ئازادبوونی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت، دامودەزگا حزبی و ئیدارییەکان، ئەو ڕۆڵە گرنگەیان بەرەوڕوو کرایەوە و هەندێ دامودەزگای حزبی و حکومی و کۆمەڵێک ڕووناکبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیار ئەو ئەرکەیان کەوتە سەرشان و ئەو ئەمانەتەیان پێ سپێردرا. یەکێک لەو کەناڵە هەرە ئەکتیڤ و بەرچاوانەی دوای ڕاپەڕین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕامان بوو، کە سەرنووسەرەکەی برای بەڕێز ئازاد عەبدولواحیدە، ئەو نووسەرە خۆی کەسێکی بە ئەزموون و خاوەن هەڵوێستە، کە من هەر لە زووەوە، بەڵکو لە منداڵییەوە دۆستێکی نزیکی بوویمە و لە نزیکەوە دەیناسم، لەوانەیە ئەوانەی تەعامول لەگەڵ کاک ئازاد دەکەن زۆر لەگەڵی بەحەزەر بن، چونکە لە دە بابەت یەکێکیان بۆ ڕامان پەسند دەکات، ڕەنگە زۆریش لەوانە خەڵکی دیار بن لە بواری نووسیندا، ئەوەش مانای ڕەفزکردن و ڕێزنەگرتن لە بابەتەکانیان ناگەیەنێ، بەڵکو نەگونجانی بابەتەکانە لەگەڵ ڕێباز و سەنگی گۆڤارەکە، کە لە ڕاستیدا سەرنووسەر خۆی ڕامانی کردووە بە گۆڤارێکی دەگمەنی سەنگین، پێم وایە ئەوانەی بابەتیان لە ڕاماندا بڵاودەکرێتەوە، بابەتەکانیان بە هەموو شێوەیەک هەڵسەنگێندراو و گووشراوە و هەوڵدراوە لە ڕەخنەی زبر بەدوور بێ، چونکە کاک ئازاد بۆ خۆیشی ڕەخنەگرێکی دیاری ناو ئەدەبی کوردییە، هەروەها دەیەوێ گۆڤارەکەی لە وشەی نامۆ بەدوور بێ، چونکە کوردی زانێکی چاکە، بایەخ بە لایەنی ڕێنووسیش دەدا. ئەو وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی لێهاتوو و بە ئەزموون، لە هەڵسەنگاندنی چیرۆکێک و دەقێکی شیعریدا تەنیا خۆی بە شاعیر و چیرۆکنووس نازانێ، دەنا هەستێکی شیعریی زۆر بەرزی هەیە، هەندێ جار بە ڕاوێژکردن لەگەڵ خودی شاعیرەکە دەستکاری هەندێ دەقی شیعریشی کردووە. لە بارەی هونەری شێوەکاریشەوە لەوانەیە بە عەمەلیی وێنەکێشان نەزانێ، ئەگینا لە بارەی مێژووی هونەری تەشکیلی و چەرخەکان و وردبوونەوە و تێگەیشتن لە قووڵایی تابلۆ و پۆرترێت و هێلکاری و ستایلی ئەو هونەرە، زانیاری و لێکدانەوە و تێگەیشتنی باشی هەیە، بۆیە ئەستەمە شتێک بەبێ دیراسەت و هەڵسەنگاندن لەبەردەستی تێپەڕێ، لەوانەیە بەرز نرخاندن و سەرکەوتنی گۆڤاری ڕامانیش هەر لەو ڕوانگەیەوە بووبێت. من لێرەدا وەک خوێنەرێک گۆڤاری ڕامان بە چەند خاڵێک بەرز دەنرخێنم:

١- لەوانەیە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار لە ستوونێکیاندا چەندین هەڵەی چاپیان تێدا بێت، بەڵام ئەوەم لە گۆڤاری ڕاماندا بەدی نەکردووە. ڕۆژێکیان پرسیارم لە سەرنووسەر کرد، گوتی دوای هەڵەچنی، خۆم بۆ دڵنیابوون جارێکی دی بە هەمووی دادێمەوە، بۆیە گۆڤارێکە دوورە لە هەڵەی چاپەمەنی.

٢- لە لایەنی ڕێنووسەوە یەکێکە لە گۆڤارە هەرە بەرچاوەکان لە یەکخستنی ڕێنووسدا.

٣- بایەخدانی بە بواری هونەری شێوەکاری چ لە ڕووی هونەرەکەوە، یان بەسەرکردنەوەی هونەرمەندانی شێوەکاری، ئەوەش چ بە نووسین بێت، یان بە گفتوگۆ کردن لەگەڵیان.

٤- شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتی جیاجیا لە بواری مۆسیقا و شێوەکاری و شانۆ و فۆتۆگراف و سینەما.

٥- بەسەرکردنەوەی داهێنەر و پیاوە گەورەکان لە بواری جیاجیای وەک ئەدەب و هونەر و مێژوو و

ڕۆژنامەنووسی و ...تاد چ ئەوانەی لە زووەوە نەماون وەک نالی و سالم و کوردی و مەلای جزیری و خانی و حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و..تاد، یان ئەوانەی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو وەک ڕەفیق حیلمی و تۆفیق وەهبی و پیرەمێرد و قانیع و بێکەس و دڵدار و گۆران...تاد، یان ئەوانەی تا ئێستا لە ژیاندا ماون، یان لەو ماوەیەدا کۆچی دواییان کردووە، وەک مارف خەزنەدار و شوکر مستەفا و مەسعوود محەمەد و مەحموود زامدار و زۆرانی تر.

٦- دەکرێ گۆڤاری ڕامان وەک ئەلبوومێکی داهێنەران لە قەڵەم بدرێ، یان کتێبخانەیەکی گچکە، دڵنیام ئەوەش بە ماندووبوون و شەونخوونی خودی سەرنووسەرەکەی بووە. کەواتە گۆڤاری ڕامان لە هەموو بوارێکدا دەوڵەمەندە. شایانی باسە لەگەڵ لە دایک بوونی گۆڤاری ڕامان ناوێکی خۆشی کوردیش لە دایک بوو، چونکە بە هەزاران خانەوادە ناوی منداڵەکانیان کردە ڕامان، من خۆم کوڕەکەم ناوی ڕامانە کە برای بەڕێزم شەهید شەوکەوت شێخ یزدین لە خۆشەویستی و بایەخی بەو گۆڤارە، کوڕەکەی من و خورزایەکی خۆی ناونا ڕامان و دەیگوت ئەگەر ئەو ناوانەم دانەنایە، نەوەکەی خۆشم دەکردە ڕامان.

گۆڤاری ڕامان لە پەنای ئەوەی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردییە، لە هەمان کاتیشدا هەر بەخۆی کتێبخانەیەکە و دەنگێکی زوڵاڵی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردییە و لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام لە داهێنان دایە و لە بواری ئەدەب و هونەر و زانستدا چالاکانە هاتووەتە مەیدان.

٧- گۆڤاری ڕامان بووەتە مینەرێک بۆ داهێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەبێ جیاوازی، بۆیە ئەوەی داهێنەر بووبێت، سەرنووسەرەکەی بایەخی پێداوە و بابەتەکانیانی بڵاوکردووەتەوە، بە مەرجێ لەگەڵ ڕێبازی ڕامان گونجابێت.

شەهید شەوکەت شێخ یەزدین بایەخی تەواوی بە گۆڤاری ڕامان دەدا و بە وردی هەموو ژمارەکانی دەخوێندەوە و هەمیشە دەیگوت گۆڤاری ڕامان یەکێکە لە گۆڤارە هەرە باش و گرنگ و بەسوودەکان و لە بواری خۆیدا زۆر سەرکەوتووە، بۆیە شایانی ئەوەیە زۆر بایەخی پێ بدرێ و بەچاوی ڕێزەوە تەماشا بکرێت، هەربۆیە هەموو ژمارەکانی لەلای خۆی دەپاراست و جزووبەندی دەکردن، ئەوکاتانەی لە ئەوروپا بووم ئاگاداربووم ژمارەکانی ڕامانی بە پۆست لە تورکیاوە بۆ ئەدیبان و نووسەران و ڕووناکبیران و کەسایەتییە بەرچاوەکان و ئینستیتۆی کورد لە پاریس و مەڵبەند و سەنتەرەکانی کوردی وڵاتان دەنارد، تا وای لێ هات لەوێ ئەرشیفێکی چاکمان لەو گۆڤارە ئازیزە پەیدا کرد. زۆرجاریش لە دانیشتنەکانی شەهید شەوکەتدا کە من یەکێک بووم لە کەسە نزیکەکان لێی و هەمیشە لەو دانیشتنانەدا لەلای دادەنیشتم، دەیگوت لەناو دامو دەزگا ڕۆشنبیرییەکانماندا گۆڤاری ڕامان تەنیا شوێنێکە کەفائەتی چاکی تێدا کۆبووەتەوە، بۆیە شایەنی پشتیوانی لێ کردن و ئیش بۆ کردنە، هەروەها هەمیشە پێداگری لەوە دەکرد کە کاک ئازاد عەبدولواحید کەسێکی دڵسۆز و جدی و وردەکار و ماندوونەناسە و دەیگوت جێگەی ڕێز و شایستەی تەقدیرە و پێویستە هەموو جۆرە پشتیوانییەکی لێ بکرێ چونکە کەسێکی مەغدوورە. ئەو بەم دواییانە دەیگوت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئیش بۆ ئەو پڕۆژەیە بکرێ، ئەو قسانەی پێش چەند هەفتەیەک بەر لە شەهیدبوونی لەبەردەمی من و چەند برادەرێکی ئامادەبووی ئەو دانیشتنە کرد و بڕیاری دا بکەوێتە کارکردن لەسەر ڕامان، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە شەهیدبوونەکەی وای کرد بەدەیان پڕۆژەی وەک ڕامان بێ ناز بکەون، بۆیە باوەڕم وایە دوای شەهیدبوونی شەوکەت شێخ یەزدین گۆڤاری ڕامان بێکەس و بێناز مایەوە، ئەگەر هەیە بە کۆششی بەردەوام و عینادی و سووربوونی سەرنووسەرەکەی توانی لەسەر کارکردن و داهێنانی خۆی بەردەوام بێت.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم کاک ئازاد تا ئێستا گۆڤارەکەی لە نووسینی سیاسیی دوورخستووەتەوە، بەمەش خەڵکێکی زۆری لە گۆڤارەکە کۆکردووەتەوە، چونکە گۆڤارێکی سەد لە سەد ڕۆشنبیری و ئەدەبییە، بەڵام مێژووی گۆڤارەکە بە تێکڕایی، ڕوون و ئاشکرا ئینتیمای بۆ کوردایەتی و پابەندبوون بە خاک و خۆشەویستی وڵاتی تێدا دەدرەوشێتەوە. سەروتارەکانیشی کە خودی سەرنووسەر دەیانووسێتەوە هەندێ جار لەناویاندا هەست بە گلەیی و گازاندە و ئازاردان و حەسرەتێک دەکرێ، کە وەک بورکانێکە لە دڵ و دەروونی سەرنووسەرەکەیەوە دەردەچێ و دەخرێتە سەر ڕووپەڕی گۆڤارەکە و ئیشارەتێکە بۆ بێزاری و لە هەمان کاتدا کوڵنەدان و تەحەدان بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو پەیامە پیرۆزە.

لە کۆتاییدا دەڵێم گۆڤاری ڕامان نەک هەر ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە لە هەموو بوارەکاندا، بەڵکو ئاڵایەکی شەکاوەی بەرزە لە مەیدانی ئەدەب و هونەر و ڕۆژنامەنووسیدا و پشکی شێری لە بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و زانستدا بەرکەوتووە.

ساڵیادی پیرۆز و دەستخۆشی لە کاک ئازاد عەبدولواحید و ستافەکەی دەکەم.

*** (هونەرمەندی شێوەکار)**






# لاپەڕە سپییەکانی یاداشتنامە

سوارە نەجمەدین
(سلێمانی)

گرفت لای ئێمە ئەوەیە یاداشت نووسین وەک هونەر نابینرێت، هەرچی تەمەنێکی هەبێت پێی وایە دەتوانێت یادەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، یان هەر کەس لە دەفتەرۆچکەیەکی بەرباخەڵی ڕووداوەکانی یاداشت کردبێت، ئەورۆ دەیکاتە کتێبێکی مێژوویی، بەبێ ئەوەی گوێ بە هونەر و زمانی گێڕانەوە بدات، بێ ئەوەی بیری لەوە کردبێتەوە وەک چیرۆک و ڕۆمان و پەخشان، یادداشتنامەش هونەرە و پێویستی بە سەلیقە و زاکیرەیەکی باش هەیە. بەپێچەوانەی ئەوەی زۆر لە یاداشتنووسانی ئێمە تێی گەیشتوون، بۆ نووسینەوە بە تەنیا خوێندەواری و کوردی نووسین بەس نییە، هەر چۆن زمانی گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆماندا کۆڵەکەی سەرەکییە، یاداشتیش هەمان پایەی هەیە و بنەمای تایبەت بەخۆی هەس.

بە دەگمەن لە کتێبخانەی کوردیدا یاداشتنامەیەکت بەرچاو دەکەوێت، کە پابەندی خاڵبەندی بێت و ڕەچاوی یاساکانی ڕێزمانی کردبێت، بە تایبەت سیاسییەکان تەنیا کار لەسەر گێڕانەوە دەکەن، گێڕانەوەش بە تەنیا وەک حیکایەتی بەرئاگردانی لێ دێت، بیر لەوە ناکەنەوە چی گرنگە بوترێت و پێویستە ڕووناکی زیاتر بخرێتە سەر چی؟ لەگەڵ ئەوەی بە مەبەست بێت، یان لەبیرچوون بێت، بە یاداشتنامەکانەوە زاکیرەیەکی خراپ و ماندوو دەبینرێت، کە زۆرجار زەمەن پچڕ پچڕ دەکات.

بەڵام مەترسییەکە لەم خاڵانەی سەرەوەش گەورەترە، کێشەی ڕاستەقینە (بوێری وتنە) ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، ناتوانم (نانی ڕووتی محەمەد شوکری و دانپێدانانی ڕۆسۆ) لەبیر بکەم، بە تاوانیشی دەزانم وەها دوو شاکارێک بە یاداشتنامەکانی خۆمان بەراورد بکەم، بەڵام چارم نییە، چونکە من لەو دوو شاکارەوە فێربووم، کە مەرجی سەرەکی گێڕانەوەی ڕابردوو بوێرییە، بوێری بۆ ڕاستی وتن، لێرەدا بوێری دوو ئاراستە وەردەگرێت، لە لایەک بوێری هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردووی کەسانی دیکە، کە نووسەرانی کورد زۆر بەمەیان دەوێرن و پشکی شێریان هەیە، ئاراستەی دووەم بوێری باسکردنی ڕابردووی خۆتە بە جوان و ناشیرینییەوە، کە لەمەیاندا نووسەرانی کورد پشکی هەتیویان هەیە، بەداخەوە ئێمە کە یاداشت دەنووسینەوە، هەمیشە چەندین لاپەڕە بە سپیەتی بەجێ دەهێڵین، ئەو پەڕانە ئەو شتانەن کە توانایی وتنیانمان نییە، زۆری ئەو یاداشتانەی دەیانخوێنینەوە نووسەرەکانت وەک دۆنکیشۆت دێنە پێش چاو، یان وەک مەسیح و پاکتریش، کە لە هەموو ناشیرینی و هەڵەیەک خاڵین کە کردبێتیان، نەمبینیوە نووسەرێکی کورد بڵێت فلان تاوانم کرد، یان هەڵەیەکی خۆی باس بکات، هەمیشە ئەوەی دەیگێڕێتەوە دیوە جوانەکەیەتی، ئەگەر کەمینەش بێت، بۆیە بەر لە هەر شت پێویستە بیر لە پڕکردنەوەی ئەو لاپەڕە سپییانە بکرێتەوە.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ دەدەم، کە پێویستە لە یاداشتدا پەیڕەو بکرێن، یەکەمین یاداشت نووسین کاری نووسەرە و مەرج نییە تەنیا خوێندەواریت هەبوو دەستی بۆ ببەیت، چونکە وەک ئەوەی ئێستا هەیە، شووشەکانی هونەر و ڕابردوو دەشکێنێت، دووەم دەبێت نووسەران لە هەندێک ڕەهەندەوە یاداشت وەک کتێبی مێژوویی تەماشا بکەن و بیر لەوە بکەنەوە زۆرجار ئەو یاداشتنامانە دەبنە سەرچاوەی مێژوویی، پێویستە جوان و ناشیرین، باش و خراپی تێدا بوترێت.